THE POSITION OF MORALITY
AND BEAUTIFUL BEHAVIOR

پێگەی
ڕەوشت بەرزیی و
ڕەفتاری جوانی

نووسینی
عەبدولمەجید خۆشناو

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

پێگەی
ڕەوشت بەرزیو ڕەفتارجوانی

پێگەی ڕەوشت بەرزی و ڕەفتارجوانی

نووسینی: عمر مغدید خۆشناو

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە
چاپی یەکەم ٢٠٢٣- ١٤٤٥ك

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر ـ شەقامی ٣٠مەتری تەلیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice \

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر
خۆشناو، عمر مغدید
پێگەی ڕەوشت بەرزی و ڕەفتارجوانی، عمر مغدید خۆشناو (نووسەر)
٤١٦ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت: ئایینی
ISBN: 978-9922-690-29-2

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٢٣١٠)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێ"

پێگەی
ڕەوشت بەرزیو ڕەفتارجوانی

نووسینی
عمر مغدید خۆشناو

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

پێشکەش کردن

پێشکەشە بە:

- سەروەر و سەردار و خۆشەویست و پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) و هاوەڵانی و ئال و بەیت و خێزانەکانی.
- ئەو مامۆستا و بانگخوازە دڵسۆز و خەمخۆرانەی ئایینی ئیسلام و ڕەوشتە جوانەکانن.
- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لێیانەوە فێری زانست و ڕەوشت و ئەدەب و ڕەفتاری جوان بووم.
- ئەو خوشك و برا موسوڵمانە ڕاستەقینانەی پابەندن بە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .
- ئەو گەنج و لاوانەی بەڕاستی شوێنکەوتەی پێغەمبەرن (ﷺ) وە دەستگرن بە ڕەوشتە بەرزەکان وە خۆ دەپارێزن لە هەموو ڕەوشت و ڕەفتارە ناشرین و ناشیاوەکان.

پێشەکی:

الحمدلله رب العالمين، وصلى الله وسلم على خاتم الانبيـاو والمرسـلين سـيدنا محمـد (ﷺ) وعلى أله و صحبه وأتباعه الى يوم الدين.

خوێنەری بەڕێز:

*ڕەوشت بەرزی پلە و پایەکی زۆر بەرزی هەیە لە ئایینی ئیسلامدا، بـەڵکو ئـایینی ئیسلام هەمووی ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانییە.

*ڕەوشت بەرزی ڕێکخەری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانە لەگەڵ خوا و خـۆت و خـەڵک، هۆکـارە بـۆ ڕێزگـرتنی خـۆت و خـەڵک و بەدەسـتهێنانی ژیـانێکی ئاسـودە و بەختەوەر.

*سەرچاوەی ڕەوشت بەرزی هەڵقوڵاوە لە قورئان و فـەرمووەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵان و پێشینە چاکەکان.

*خوای پەروەردگار مرۆڤی لە گیان لەبەرانی تر جیاکردۆتەوە بەهۆی ئەقل و ڕەوشـتە بەرز و جوانەکان، هەرچەندی ڕەوشتت بـەرزتر بێـت پلـە و پایـەت بـەرزتردەبێت لەلای خوا و خەڵک.

*ڕەوشت بـەرزی پێـوەرە بـۆ هەڵسـەنگاندنی تـاک و خێـزان و کۆمـەڵگا و گـەلان، بنچـینەیە بـۆ ناسـین و خوێندنـەوەی کەسـەکان، چـونکە خـەڵک ڕەفتـار و

هەڵسوکەوتەکان دەبینێت، ئیمان و باوەڕ و پەرستنەکان نابینێت، چونکە خەڵک بەڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکانت زیاتر دڵخۆش دەبێت.

* جوانی راستەقینەی مرۆڤ لەڕەوشت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتە جوانەکانیدا بەدەردەکەوێت نەک لە ڕووخسارووو شێوەو دیمەنیدا.

*بۆیە ئەوکاتە مرۆڤ مرۆڤەکە پابەند و دەستگرێت بەڕەوشت و ئەدەب و ڕێز و بەها بەرزەکان.

*ڕەوشت بەرزی کەسەکان ئاڕاستەدەکات بەرە و چاکە و پیاوەتی و مەردایەتی و ڕەسەنایەتی و شکۆمەندی، هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی ڕێز و خۆشەویستی و پاداشت لەلای خوا و خەڵک.

*یەکێک لە کارەکانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) کە زۆر گرنگی و جەختیان لێ کردۆتەوە ڕەوشت بەرزی بووە، هەروەك پێغەمبەرمان دەفەرموێت: (إِنَّما بُعِثْتُ لأُتَمِمَ صَالِحَ الأَخْلاَقِ)[1] وفی روایە اخری (مَكَارِمَ الأَخلاَقِ).

واتا: بەڕاستی خوای پەروەردگار منی ڕەوانە کردووە بۆ هەموو خەڵک، بۆ ئەوەی ڕەوشت و ڕەفتار و ئاکارە جوانەکانیان بۆ تەواو بکەم، دووریان خەمەوە لە هەموو ڕەوشتێکی خراپ و نەشیاو.

*ڕەوشت بەرزی وشەیەکی گشتگیرە، هەموو گوفتار و کردارێکی چاك و پەسەند دەگرێتەوە، بۆیە جارێکیان (نواس کوڕی سمعان) ڕەزای خوای لێبێت پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) چ چاکەیەك زۆر بەسودە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (الْبِرُّ حُسْنُ الخُلُق)[2].

(١) رواه أحمد (٨٩٥٢) والبخاري في الادب المفرد (٢٧٣) صحيح.
(٢) رواه مسلم (٢٥٥٣) وأحمد (١٧٦٦٨)صحيح .

واتا: چاکەکردن ئەوەیە ڕەوشت بەرز و ڕەوشت جوان بیت لەگەڵ خەڵکیدا، واتا هەموو کردەوەیەکی چاك و پەسەند لەوکەسەدا کۆبۆتەوە کە ڕەوشت بەرز و ڕەوشت جوانە.

خوای پەروەردگار شایەتی و گەواهی دەدات بۆ ڕەوشت بەرزی پێغەمبەر (ﷺ) لە قورئاندا: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ)[1]

واتا: ئەی محمد (ﷺ) بەڕاستی تۆ لەسەر خوو ڕەوشتێکی یەکجار بەرز و پەسەند و جوان و بێ وێنەی.

بۆیە هەرکاتێك ڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبیستیت یان دەخوێنییەوە سەرسام دەبیت لە ڕەفتارە بەرزەکانی وەك: نەرم و نیانی و هێمنی و لێبوردەیی و میهرەبای و ئارامی و سوپاسگوزاری و شەرم و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و.... هتد.

(أنس کوڕی مالك) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَحْسَنَ النَّاسِ خُلُقاً)[2]

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کەس ڕەوشت بەرزتر و ڕەفتار جوانتر بوو، لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕەوشت بەرزبوو بەبێ جیاوازی، لەگەڵ موسوڵمان و ناموسڵمان و دۆست و دوژمن گەورە و بچووك ژن و پیاو... هتد.

هەموو ڕەوشتە بەرز و جوانەکان لە پێغەمبەردا (ﷺ) ڕەنگیان دابویەوە و بەرجەستەبوون، پرسیاریان لە دایکە عائیشە کرد (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بوو، گوتی: (كَانَ خُلُقُهُ القُرآن)[3].

---

(١) سورة القلم، أية (٤)

(٢) رواه البخاري، (٦٢٠٣) ومسلم (٢١٥٠).

(٣) رواه مسلم (٧٤٦) وأبو يعلى (٤٨٦٢) صحيح.

واتا: ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) قورئان بوو، واتا ئەوەی خوا فەرمانی کردبوو لە قورئان جێ بەجێی دەکرد، ئەوەی خوا قەدەغەی کردبوو لە قورئان وازی لێ دەهێنا.

هەموو پەرستنەکان (نوێژ ڕۆژ و زەکات حەج) پەیوەستن و پەیوەندیان لەگەڵ ڕەوشت بەرزیدا هەیە، واتا بە ئەنجامدانی پەرستنەکان بەندەکان پایەبەرز و ڕێزدار و خۆشەویست ڕەوشت بەرز دەبن لەلای خواو خەڵک.

ڕەوشت بەرزی دوو جۆرە:

یەکەم: حاڵەتێکی سروشتیە و لە بنەڕەتدا کەسەکە خوو ڕەوشت و ڕەفتاری وابووە، خوا پێی بەخشیوە بەبێ هەوڵ و ماندووبوونی خۆی.

دووەم: بەهەوڵ و کۆشش و ماندووبوون و خۆڕاهێنان بەدەست دێت ئینجا دەبێە ڕەوشت.

پێویستە ئێمەی موسوڵمان گەنج و پیر و ژن و پیاو و هەموو چین و توێژەکان هەوڵ و کۆشش ئەنجام بدەین ڕەوشتە بەرز و جوانەکان لە خۆماندا بەرجەستە و پیادەی بکەین، لە گوفتار و کردار و هەڵسوکەتەکاماندا ڕەنگبداتەوە، بۆ ئەوەی کەسی موسڵمان لەناو هەموو خەڵکیدا دیاربێت و بناسرێت، چونکە یەکێك لە بەخشش و خەڵاتەکانی خوا بۆ موسوڵمانان ڕەوشت بەرزیە.

هەروەك (أسامه كوڕی شریك) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی لە هەموو شتێك چاکترە بە مرۆڤ و خەڵکی بەخشرابێت فەرمووی: (خُلُقٌ حَسَن)[1].

واتا: ڕەوشت و ڕەفتارێکی جوان و چاك.

---

(١) رواه أحمد (١٨٤٧٧) وابن ماجه (٣٤٣٦) صحيح

لەم کتێبەدا ڕەچاوی ئەم بابەتانەم کردووە، لەم خالانەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

یەکەم: مەبەستم لە نوسینی ئەم کتێبە لە دوای ڕەزامەندی خوا خزمەتێکی بچوك پێشکەش بە موسوڵمانان بکەم لە بواری ڕەوشت و ئەدەب و ڕەفتارە جوانەکان.

دووەم: ئەم کتێبە کتێبێکی بە سوودە بۆ مامۆستا و وتارخوێنان و بانگخواز و پەروەردەکاران بۆ هەموو ئاستەکان بە تایبەتی بۆ بابەتەکانی پەروەردە و ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتە جوانەکان.

سێیەم: پیناسە و شیکردنەوەی ڕەوشتەکانم بە کورتی و بە پوختی کردووە، نە زۆر درێژ و نە زۆر کورت بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوونەکات و بێزارنەبێت.

چوارەم: لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانم لە تەفسیرە متمانە پێکراوەکان وەرگرتووە، ئەگەر پێوستی بە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان بووبێت ئاماژەم پێ کردووە بە گوێرەی سەرچاوەکان.

پێنجەم: هەتا کرابێت فەرمودەی (صحیح و حسن)م هەڵبژاردووە و ئاماژەم بەسەرچاوەکانیان کردووە، ژمارەی فەرمودەکانم نوسیوە بۆ دڵنیابوون و بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان.

شەشەم: بۆ زۆربەی ئایەت و فەرمودەکان ڕوونکردنەوەی پێویستم کردووە و باسی سوودەکانی و ئەوەی لێی بەهرەمەند دەبین باسم کردووە.

داوا لە خوا دەکەم ئەم کتێبەم لێ وەربگرێ و بیکاتە تێشووی ڕۆژی دوایی، داواکارم لە ئێوەی بەڕێزیش لە دوعای خێر بێبەشم نەکەن، ئەگەر کەم و کوڕییەك و

هەڵەیەك هەبوو بۆم ڕاست بکەنەوە و چاوپۆشیم لێ بکەن لەوەی نەمپێکاوە.

وصلى الله على حبيبنا وسيدنا محمد (ﷺ) وعلى اله وصحبه وسلم.

عمر مغديد خۆشناو

هەولێر

٢٠/ ربيع الاول/ ١٤٤٤ کۆچی

٢٨/ ڕەزبەر/٢٧٢٢ کـــوردی

١٦/تشرینی یەکەم/٢٠٢٢ زایینی

ڕەوشت بەرزی - ڕەوشت جوانی
(حسن الخلق)

ڕەوشت بەرزی واتا: کەسێکی گوێڕایەڵ و سادە و ڕەفتار جوان، نەرم و نیان لە هاوڕێیەتیدا، ڕووخۆش و دەم بەخەندە، کەم تووڕەیی و هەڵچوون، قسە خۆش و زمان شیرین.(١)

عبدالله کوڕی مبارك (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: ڕەوشت بەرزی ئەوەیە: ڕووخۆش و قسەخۆش بێت، چاکەکار و بەخشەری خێربی، ئەزیەت و ئازاری خەڵکی نەدەیت.(٢)

ڕەوشت بەرزی: بە دڵ و ڕوحی ئایینی ئیسلام دادەنرێت، زۆر گرنگی پێدراوە لە قورئان و فەرموودەکان، سیفەتی هەموو پێغەمبەران و هاوەڵان و چاکەکارانە.

پێغەمبەرمان (ﷺ) پێشەوای هەموو ڕەوشت بەرزانە، بۆیە پێویستە لەسەرمان شوێنکەوتەی ئەوبین لە هەموو ڕەوشت و کردار و گوفتار و سونەتەکانی، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾(٣)

واتا: بەڕاستی پێغەمبەری خوا چاکترین نمونەی تەواوی و ڕێکوپێکی و سەرمەشقە بۆتان دەسا ئێوەش چاوی لێبکەن و شوێنی بکەون.

خوا دەفەرموێ: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾(٤)

---

(١) أدب الدنيا والدين، للماوردي(٢٩٨).
(٢) رواه الترمذي (٢٠٠٥).
(٣) سورة الاحزاب، آية (٢١).
(٤) سورة الاعراف، آية (١٩٩).

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیمانداران، کاری ئاسان لە خەڵکی داوابکە و چاوپۆشی لەهەڵە و کەم و کوڕییەکانیان بکە، فەرمان بە چاکە و کردەوەی پەسەند بدە، ڕووش وەرگێڕە و پشت لە نەفام و تێنەگەیشتوان بکە.

پێغەمبەر (ﷺ) هەموو فەرمانەکانی خوای جێبەجێ دەکرد، لە ڕەوشت جوانی و بەرزیدا وێنەی نەبوو، بۆیەخوا شایەتی بۆدەدا و دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾[1].

واتا: ئەی محمد (ﷺ) بەڕاستی تۆ لەسەر خوو ڕەوشتێکی یەکجار بەرز و پەسند و بێ وێنەی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً)[2]

واتا: تەواترین ئیمان ئەو ئیمانداراییە کە ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان بێت، لەناو خەڵکیدا بەڕەوشت بەرزی بناسرێت.

لەم فەرموودەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە: کەس ئیمانی تەواو نابێت هەتا ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان نەبێت، چونکە ڕەوشت بەرزی بەشێکە لە ئیمان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا مِنْ شَيْءٍ أَثْقَلُ فِي مِيزَانِ الْمُؤْمِنِ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ خُلُقٍ حَسَنٍ)[3]

واتا: هیچ گوفتار و کردەوەیەك پاداشتی گەورەتر نییە و قورستر نییە لە تەرازوی ڕۆژی قیامەتدا وەکو ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ مِنْ أَحَبِّكُمْ إِلَيَّ وَأَقْرَبِكُمْ مِنِّي مَجْلِساً يَوْمَ القِيَامَةِ أَحَاسِنَكُمْ أَخْلَاقاً)[4]

---

(١) سورة القلم، آية (٤).
(٢) رواه الترمذي (١١٦٢) وابوداود (٤٦٨٢) واحمد (٧٣٥٤) صحيح.
(٣) رواه ابوداود (٤٧٩٩) والترمذي (٢٠٠٢) وأحمد (٢٧٥١٧) صحيح.
(٤) رواه الترمذي (٢٠١٨) وأحمد (١٧٢٨٩) والطبراني (٥٨٨) صحيح.

واتا: لە هەموو کەس زیاتر خۆشەویست بێت لەلای من لە دونیادا، لە هەموو کەس زیاتر پلە و پایەی لە من نزیکتربێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوکەسانەن ڕەوشت و ڕەفتاریان بەرز و جوانە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ)[1]

واتا: ئیماندار بەڕەوشتە بەرز و جوانەکانی پلە و پاداشتی دەگاتە پلە و پاداشتی ئەو ئیماندارانەی بەردەوام شەونوێژدەکەن و بەردەوام ڕۆژوە سوننەتەکان بەڕۆژو دەبن.

لەو فەرموودانەی ڕابردوو ئەوەمان بۆ ڕوون دبێتەوە ئەو ئیماندارەی دەیەوێ تەرازوی چاکەی لە ڕۆژی قیامەت قورس بێت، ئەوەی دەیەوێ پلە و پایەی لە قیامەتدا لە پێغەمبەر (ﷺ) نزیك بێت، ئەوەی دەیەوێ پلە و پاداشتی ئەوکەسانەی هەبێت کە بەردەوام شەونوێژ و ڕۆژوی سوننەت دەگرن، با ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان بێت.

(سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَكْثَرِ مَايُدْخِلُ النَّاسَ الْجَنَّةَ؟ فَقَالَ: تَقْوى اللَّهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ)[2]

واتا: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا، بەزۆری چ شتێك دەبێتە هۆی چوونە ناو بەهەشت؟ فەرمووی: لە خوا ترسان و پارێزکاری و ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (إِنَّكُمْ لَنْ تَسَعُوا النَّاسَ بِأَمْوالِكُمْ، وَلَكِنْ يَسَعُهُمْ مِنْكُمْ بَسْطُ الْوَجْهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ)[3]

واتا: ئێوە ناتوانن مالّ و سامانتان ببەخشنە هەموو خەڵکی، چونکە بەشی هەموو

---

(١) رواه أبوداود (٤٧٩٨) وأحمد(٢٤٠٧٣) حسن.
(٢) رواه الترمذي (٢٠٠٤) وابن ماجة (٤٢٤٦) وأحمد (٧٨٤٨) صحيح.
(٣) رواه البزار (٩٣١٩) وحسنه الألباني في صحيح الترغيب، حسن.

خەڵکی ناکات، بەڵام ڕووخۆشی و ڕەوشت بەرزی دەتوانن ببەخشنە هەموو خەڵکی، ڕووخۆشی و ڕەوشت بەرزیتان بەشی هەموو خەڵکی دەکات

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (أَرْبَعٌ إِذَاكُنَّ فِيكَ فَلا عَلَيْكَ مَا فَاتَكَ مِنَ الدُّنْيا، صِدْقُ الحَدِيثِ، وَحِفْظُ الأَمَانَةِ، وَحُسْنُ الْخُلُقِ، وَعِفَّةُ مَطْعَمٍ)[1]

واتا: چوار سیفەت و خوو ڕەفتار ئەگەر لەتۆدا هەبوون، وە ئەم سیفەتانەت ئەنجام دەدا، ئەوە هیچ خەفەت مەخۆ لەوەی بەدەستت نەهێناوە و لە دەستت چووە لە دونیادا:

یەکەم: ڕاستگۆیی، پابەند بوون بە ڕاستی لە گوفتار و لە کردار.

دووەم: سپاردە و ئەمانەت پارێزی لەهەموو ڕوویێکەوە.

سێیەم: ڕەوشت بەرزی و هەڵسوکەوت جوانی.

چوارەم: مالّ و سامان و ڕۆزی و خواردنت پاك و حەڵاڵ بێت.

لەم فەرموودەیەدا بۆمان ڕوونەدەبێتەوە، ئەوی ئەم چوار سیفەت و ڕەوشتانەی تێدا هەبێت با خەفەت لەوە نەخوات لە دونیادا دەسکەوتی زۆری بەدەست نەهێناوە، بەڵکو ئەگەر ئەم چوار سیفەتانەی تێدا هەبێت ئەوە هەموو دونیا هی ئەوە و هیچی لەدەست نەچووە لە دونیادا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (اتَّقِ اللهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ)[2]

واتا: لە خوا ترس و پارێزکاربە لەهەموو کات و ساتێك و لەهەموو سەردەم و

(١) رواه حاكم (٧٨٧٦) والبيهقي (٥٢٥٧) وأحمد (٦٦٥٢) حسن

(٢) رواه الترمذي (١٩٨٧) وأحمد (٢٠٨٤٧) والدارمي (٢٧٩١) حسن.

ڕۆژگارێکدا، لەکاتی تەنیای و لەناو خەلکیدا، ئەگەر خراپەیەکت کرد چاکەیەکی بەدوادا بکە بۆ ئەوەی خراپەکە بسڕێتەوە، لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی هەڵسوکەوت بکە.

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، چۆن بین لەگەڵ خوا و خەڵك و خۆمان.

١ - لەگەڵ خوادا: لە خواترس و پارێزکار و کردەوەی چاك ئەنجام بدەین، لە هەموو کات و سەردەمێك و لە تەنیایی و لە ناوخەڵکیدا.

٢ - لەگەڵ خۆماندا: خۆمان لە خراپە و گوناح و بێ فەرمانی خوا بپارێزین، ئەگەر خراپەیەکمان لێ ڕوودا خێر و چاکەی بەداوادا بکەین هەتا خراپەکە بسڕێتەوە.

٣ - لەگەڵ خەڵکیدا: زۆر بەڕێز و ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان و بەحورمەت بین، وەبەئەدەب و نەریتێکی ڕەسەن هەڵسوکەوت بکەین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (صِلَهُ الرَّحِمِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ وَحُسْنُ الجِوَارِ يَعْمُرْنَ الدِّيارِ وَيَزِدْنَ فِي الأَعْمَارِ)[1].

واتا: پەیوەندی و سەردان و چاکە لەگەڵ خزم و کەس و کار، ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی، چاکە لەگەڵ دراوسێدا، ئەمانە دەبنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ کۆمەڵگا و وڵات و مالّ و سامان و ژیان و تەمەن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (أَللَّهُمَّ أَحْسَنْتَ خَلْقِي فَأَحْسِنْ خُلُقِي)(٢)

واتا: ئەی خوای پەروەردگار بە جوانترین و ڕێکوپێکترین شێوە منت دروستکردووە، ئاوەهاش ڕەوشت و ڕەفتارم جوان و ڕێکوپێك بکە.

---

(١) رواه أحمد (٢٥٢٥٩) وابن أبي الدنيا في مكارم الاخلاق (٣٢٩) حسن.

(٢) رواه احمد (٣٨٢٣) وابن حبان (٥٥٩)وصححه الالباني.

پێویستە ئێمەش وەکو پێغەمبەر (ﷺ) داوا لە خوا بکەین ڕەوشت و ڕەفتارمان بەرز و جوان بکات، چونکە مرۆڤ بەڕەوشت بەرزی جوان دەبێت نەك بەڕوخسار.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾[1] .

واتا: لەگەڵ هەموو خەڵکیدا گوفتاری چاك بکەن، ڕوو خۆش و قسە خۆش و ڕەوشت و ڕەفتار جوان بن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ صَالِحَ الأَخْلاَقِ) وفي رواية (مَكَارِمَ الأَخْلاَقِ) [2]

واتا: بەڕاستی خوای پەروەردگار منی ڕەوانەکردووە بۆ هەموو خەڵکی، بۆ ئەوەی ڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکانیان بۆ تەواو بکەم، لەهەموو ڕەوشت و ڕەفتارێکی خراپ و ناشیرین دووریان بکەمەوە.

غزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: پێویستە کەسی موسڵمان پەیوەندی هەبێت و تێکەڵ بێت لەگەڵ خەڵکیدا، بەڵام ئەگەر هەر ڕەوشت و ڕەفتارێکی خراپی بینی خۆی لێیان دەپارێزێت.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَنَا زَعِيمٌ بِبَيتٌ فِي رَبْضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاء وَإِنْ كَانَ مُحِقّاً، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطَ الْجَنَّة لِمَنْ تَرَكَ الْكَذِبَ وَإِنْ كَانَ مَازِحاً، وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسَّنَ خُلُقَهُ)[4]

واتا: من زامنو کەفیلی کۆشکێکم لە چواردەورەی بەهەشت بۆ ئەو موسوڵمانەی وازدەهێنێت لە مشتومڕو دەمەقاڵێ (مناقشه) ئەگەر لەسەر هەقیش بێت، وە

---

(١) سورة البقرة، آية (٨٣)

(٢) رواه أحمد (٨٩٥٢) والبخاري في الأدب المفرد (٢٧٣)صحيح.

(٣) احياء علوم الدين، للغزالي (٣/٧٠).

(٤) رواه ابوداود (٤٨٠٠) والترمذي (١٩٩٣) وابن ماجة (٥١) صحيح.

بە کۆشکێك لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ ئەو موسوڵمانەی وازدەهێنێت لە درۆکردن ئەگەر بۆ گاڵتە و گەپیش بێت، وە بە کۆشکێك لە پلە بەرزەکانی بەهەشت بۆ ئەو موسوڵمانەی ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوانە.

(شافعی) دەڵێ: [1]

إِنَّ الَفقِيــةَ هُــوَ الْفَقِيــةُ بِفِعْلِــةِ لَــيْسَ الَفقِيُــة بِنُطْقِــةِ وَمَقالِــةِ
وَكَــذا الــرَّئيسُ هُــوالَّرئيسُ بِخُلُقِــةِ لَــيْسَ الَّــرئيسُ بِقَوْمِــةِ وَرِجَالِــةِ
وَكَــذالَغنِيُّ هُــوَ الْغنِــيُّ بِحَالِــةِ لَــيْسَ الَعــنيُّ بُمِلْكِــةِ وَبِمَالِــةِ

واتا: زانا و شەرعزانی ڕاستەقینە ئەو زانایەیە کار بە زانستەکەی دەکات نەك قسەزان و ڕەوان بێژ بێت.

هەروەها سەرۆك و سەرکردە ئەو سەرۆکەیە ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان بێت نەك هێز و هۆز و پیاوی زۆر بێت.

هەروەها دەوڵەمەند ئەو کەسەیە دەستکراوە و بەخشەر و چاو تێر و خێر و مەند و هەژار دۆست بێت دەوڵەمەندی ئەوە نییە مالّ و سامان و موڵك و دارایی زۆربێت.

معاذ کوڕی جبل (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: دواهەمین وەسیەت و ئامۆژگاری پێغەمبەر (ﷺ) کە پێی ڕاگەیاندم فەرمووی: (أَحْسِنْ خُلُقَك لِلنَّاسِ يَا مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ)[2]

واتا: ئەی (موعاذ) ڕەوشت و ڕەفتار و ئاکارت جوان و چاك و بەرزبێت لەگەڵ هەموو خەڵکیدا.

(علی کوڕی أبی طالب) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ:

---

(١) ديوان الامام الشافعي، جمع و تعليق، أحمد شتيوي (١٣٩)
(٢) رواه مالك في الموطأ (١٦٢٧) وضعفه الألباني.

لـــــيس الفقـــــير مـــــن فقـــــد الـــــذهب.
وإنمـــا الفقـــير مـــن فقـــد الأخـــلاق والأدب

واتا:

هەژار ئەوەنییە مالّ و سامان و زێر و زیوی نەبێت

بەڵکو هەژار ئەوەیە ڕەوشتی جوان و ئەدەبی نەبێت.

هەروەها دەڵێ: (أَكْرم الْحَسَبِ خُلُقٌ حَسَنٌ)[1].

واتا: بەرێزترین حەسەب و نەسەب بۆ مرۆڤ ڕەوشت بەرزی و ئاکار و ڕەفتاری جوانە.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دێنم (أسامه كوڕی شریك) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو شتێك چاکتر بە مرۆڤ بەخشرابێت چییە؟ فەرمووی (خُلُقٌ حَسَنٌ)[2].

واتا: ڕەوشت و ڕەفتارێکی جوان و چاك.

---

(١) نهج البلاغة، لعلي بن أبي طالب، (٣٨).
(٢) رواه أحمد (١٨٤٧٧) وابن ماجة (٣٤٣٦) صحيح.

دڵسۆزی
(الاخلاص)

دڵسۆزی، واتا: (نیاز و مەبەستت ڕاستبێ لەگەڵ خوا لەهەموو گوفتارێك و کردارێك و هەڵسوکەوتێکدا).

ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ (دڵسۆزی ئەوەیە، تەنیا مەبەستت خوابێ لە پەرستن و بەندایەتی و گوڕایەڵیدا).[1]

لەوتەیەکی تردا، دڵسۆزی واتە: (کردەوەکانی بەندە وەك یەك بێ لەکاتی ئاشکرا و نهێنیدا).

پرسیار لە سهل التستری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کرا (چ شتێك لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ زۆر قورس و زەحمەتە، گوتی دڵسۆزی، چونکە نەفس و دەروونی مرۆڤ هیچ بەشی تێدا نییە).[2]

لەبەر پلە و پایەی دڵسۆزی، شەیتان دەسەڵاتی نییە بەسەر ئەوانەی دڵسۆزن بۆ خوا، هەروەك خوا لە قورئاندا لە باسی شەیتان دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾[3]

---

(١) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (١/ ٤٧٦).
(٢) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.
(٣) سورة ص، آية (٨٢-٨٣).

واتا: (شەیتان گوتی، سوێند بەعیزەت و دەسەلاّتی تۆ ئەی پەروەردگار من هەموو بەندەکان فریو دەدەم و لە خشتەیان دەبەم، جگە لە بەندە دلّسۆزەکانت، کە هەلّبژاردەی خۆتن، من دەسەلاّتی ئەوانم نییە).

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝٢ ﴾[1]

واتا: (بێگومان ئێمە ئەو قورئانەمان ڕەوانەکردووە بۆ تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تا حەق و ڕاستی ڕوون بکەیتەوە، کەواتە هەرخوا بپەرستە و هەر ملکەچ و دلّسۆزبە بۆئاین و بەرنامەی خوا).

لەئایەتێکی تردا خوا فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکا (قُلْ إِنِّي أُمِرتُ أَنْ أَعْبُدَالله مُخلِصَا لَهُ الدِّين)[2]

واتا: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەخەلّکی بلّێ، بەڕاستی من فەرمانم پێدراوە هەر خوا بپەرستم و دلّسۆز و ملکەچی ئاین و بەرنامەی ئەو بم).

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ الله لاَيَقْبَلُ مِنَ العَمَل إلاّ مَاكانَ لَهُ خالِصاْ وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ)[3].

واتا: (خوا هیچ کردەوەیەك وەرناگرێ و قەبولی ناکا تەنها ئەو کردەوەیە نەبێ کە بەدلّسۆزی بۆ خوا ئەنجام درابێ وە مەبەستی ڕەزا مەندی خوا بێ).

بۆیە هیچ خێر و خواپەرستیەك قەبول ناکرێ لەلایەن خواوە، هەتا دوو مەرجی تێدانەبێت.

---

(١) سورة الزمر، آية (٢).
(٢) سورة الزمر، آية (١١).
(٣) رواه النسائي (٣١٤٠) وحسنه الالباني.

١ - دڵسۆزی (تەنها بۆ خوا کارەکەت ئەنجام دابێت).

٢ - شوێنکەوتەی پێغەمبەرێ (ﷺ) موافقی شەرعی ئیسلام بێ).

لێرەدا ئەمەمان بۆ ڕوون بوبەوە هەر گوفتار و کردارێك ئەگەر ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبوو ئەوە خوا قەبولی ناکات و ڕەنج بەخەساردەبی.

لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (إِنَّما يَنصُر اللهَ هذِهِ الأُمةَ بِضَعِيفِها، بَدِعَوتِهِم، وصَلاتِهِمْ و إِخلاصِهِم)[1]

واتا: خوای پەروەردگار ئومەتی ئیسلام سەردەخا بەهۆی هەژار و بێ هێز و بێ دەسەلاتان، ئەوانەی خەڵك بە چاوێکی کەم تەماشایان دەکەن و ڕێزیان ناگرن، بەهۆی نزاو پاڕانەوەیان لەخوا بۆ ئەوەی ئەم ئومەتە سەر بخا، بەهۆی نوێژە پوختەکانیان وەملکەچیان بۆ خواو دڵسۆزیان لە پەرستن و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا، ئەم هەژار و بێ دەسەلاتە باوەڕدارانە لەبەرنزیك بوونیان لەخوا، خوا دەیان کاتە هۆکاری سەرکەوتن.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَومَ القِيَامَةِ، مَنْ قَالَ لاَ اِلهَ إلاّ اللَهُ، خَالِصاً مِنْ قَلْبِهِ أَوْنَفْسِهِ)[2]

واتا: (لە هەموو کەس شادومانتر بە شەفاعەت و تکای من لە ڕۆژی دوایی و زیند و بوونەوەدا، کەسێك بە دڵێکی ساف و پاك و بەدڵسۆزی گوتبی هیچ خوایێکی بەهەق نییە تەنها (اللە) نەبێت و محمد (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی خوایە).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (إِنَّ اللهَ لاَيَنْظُرُ الى صُوَرِكُمْ وأَمْوالِكُمْ وَلكنْ يَنْظُرُ الِى قُلُوبِكُمْ واَعْمالِكُمْ)[3].

واتا: (خوا تەماشای وێنە ولاشە و مالّ و سامانتان ناکات بەڵکو تەماشای دڵ و دەروون و کردەوە و هەڵسوکەوتان دەکات)

---

(١) رواه النسائي (٣١٧٨) صححه الالباني.

(٢) رواه البخاري (٩٩).

(٣) رواه مسلم (٢٥٦٤).

لەم فەرمایشتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنج و بایەخ و گرنگەیە لای خوا، دڵ و دەروونو کردەوەکانە، نەك ڕوخسار و ولاشە و ماڵ سامان)

ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ (کارکردن بەبێ دڵسۆزی بۆ خواو شوێن کەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) وەکو ڕێبواریێك وایە، تورەکەیەکی پڕ خۆڵ کردبێ بە کۆڵیەوە بێ و لەگەڵ خۆی هەڵیبگرێ، هیچ سودی لێ نابینێ تەنها ماندووبوون نەبێت)[1]

قال الشاعر:

إِذَا السِّـــــرُّ والإِعـــــلاَنُ فِي الْمُـــــؤْمِنِ اسْـــــتَوَى
فَقَـــــدْ عَـــــزَّ فِي الـــــدَّارَيْنِ وَاسْـــــتَوْجَبَ الثَّنَـــــا
فَـــــإِنْ خَـــــالَفَ الإعـــــلاَنُ سِـــــرًّا فَمَـــــا لَـــــهُ
عَلَـــى سَـــعْيِهِ فَضْـــلٌ سِـــوَى الْكَـــذِبِ والعَنَـــا[2]

واتا:

ئەگـــەر بـــاوەردار نەبـــێنی و ئاشـــکرای وەك یـــەك بـــوو ڕێـــزدار دەبـــێ لـــە دونیـــا و دواڕۆژ شـــایەنی ســـتایش کردنـــە. ئەگەر نەبێنی و ئاشکرای وەك یەك نەبوو هیچ پاداشتێکی دەست ناکەوێ لەســـەر کۆششـــەکەی تـــەنها درۆ و مانـــدووبوون نـــەبێت

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (أَخْلِصْ دِينَكَ يَكْفِكَ الْعَمَلُ الْقَلِيلُ)[3]

واتا: ئایین و ئیمانێکی ڕاست و دڵسۆزت هەبێ بەسە بۆت ئەگەر کردەوە چاکەکانیشت کەم بێت.

---

(١) الفوائد، لابن القيم الجوزية (٦٧).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (١٩١/٤).
(٣) رواه الحاكم (٧٨٤٤) والبيهقي (٦٥٩٣).

(مصطفى السباعي) دەڵێ (ئەو هەورەی بارانی لەگەڵ نەبێ گیا سەوز ناکات، ئاواش کردەوە بەبێ أخلاص و دڵسۆزیێ هیچ خێر و بەرهەمی نابێت.

لە فەرموودەیەکدا، پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا (يَارَسُولَ اللهِ، مَا الإِيمَانُ؟ قَالَ ألإخلاَصُ)[1]

واتا: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا ئیمان چیە؟ فەرمووی، ئیمان ئەوەیە لەهەموو کردار و گوفتارتدا دڵسۆزبی بۆ خوا، تەنیا نیاز و مەبەستت خوابێ لەوەی ئەنجامی دەدەی.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (إِنَّمَا يُبْعَثُ النَّاسُ عَلَى نِيَّاتِهِمْ)[2]

واتا: بێگومان هەموو خەڵك لەسەر ئەو نیەت و نیاز و مەبەستە زیندوو دەکرێنەوە کە لە دونیا هەیانبووە.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (ثَلاثٌ لايُغِلُّ عَلَيْهِنَّ قَلْبُ مُؤمِنٍ: إِخْلاص الْعَمَلِ للهِ، وَالنَّصِيحَةُ لِوُلاةِ الْمُسْلِمِينَ، وَلُزُومُ جَمَاعَتِهِمْ فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَا ئِهِمْ)[3] .

واتا: هەرکەسێك دەستگرێت بەم سێ سیفەتانە، دڵ و دروونی پاك دەبێ لە ڕق و قین و خراپە و گوناح، کەسی ئیماندار شتێك ناخاتە دڵی کە دووری خاتەوە لە حەق و ڕاستی.

یەکەم سیفەت: دڵسۆز بێ بۆ خوا لەهەموو کردار و گوفتارتدا وە تەنیا مەبەستت ڕەزامەندی خودا بێت ئەوەی ئەنجامی دەدەی.

---

(١) رواه البيهقي، الترغيب والترهيب (٢٩/١)
(٢) رواه ابن ماجة (٤٢٢٦) و صحه الالباني.
(٣) رواه ابن ماجة (٢٤٩٨) وصحه الالباني.

دووەم سیفەت: ئامۆژگاری فەرمانڕەوایانی موسوڵمان بکەی بۆ کاری خێر و چاکە، گوێڕایەڵیان بکەی بەو مەرجەی پێچەوانەی شەرعی خوا نەبێ، ئامۆژگاری موسوڵمانان بەگشتی بکەی بۆ سود و خێر و بەرژەوەندی دین و ژینیان.

سێیەم سیفەت: لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانان بیت لەو کارانەی بەدەستە جەمعی دەکرێن، خۆت لە موسوڵمانان جیا نەکەیتەوە، چونکە دوعای موسوڵمانان بەکۆمەڵ دەیانپارێزێ لە گومڕایی و فێڵ و فریودانی شەیتان.

لەم فەرمودەیەئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە، هەر کار و کردەوەیەکمان کرد بە دڵسۆزی بۆ خوا ئەنجامی بدەین، موسوڵمانان لە هەر پلە و پایەکدا بوون ئامۆژگاری یەکتری بکەن، ئامۆژگاری قبوڵ بکەن مادام بەرژەوەندی بۆ دین و ژیانیان تێدایە، لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمان بین خۆت لەوان جیانەکەیتەوە، بۆ ئەوەی لە خێر و بەرەکەتی دوعا کانیان بێ بەش نەبی، وەدڵ و دەروونمان پاك بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ قَالَ لا إِلَه إلا الله مُخْلِصاً دَخَلَ الْجَنَّةَ)[1]

واتا: هەرکەسێك بڵێ هیچ خوایەکی بەحەق نییە تەنها الله نەبێ بە دڵسۆزی و بەڕاسی، دەچێتە بەهەشت.

ئەگەر تەماشای ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین هەموو ژیانی دڵسۆزی بووە، لە گوفتاری و کرداری و خواپەرستی و بانگخوازی و ئامۆژگاری، هەموو شتێکی بۆ مەبەستی ڕەزامەندی خواو رزگاری خەڵك بوو.

نمونەیەك لەسەر خوا پەرستی بەنهێنی و بەدڵسۆزی ابن أبی عون (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ، داود بن أبی هند (ڕەحمەتی خوای لێبێت) چل ساڵ بەڕۆژووبوو، منداڵ و خێزانی پێیان نەزانیوە هەتا مرد، ئەم پیاوە پیشەی دورین و کونکردنی پێستە بوو، بەیانیان خواردنی نیوەڕۆی لەگەڵ خۆی دەبرد لە ڕێگادا دەیبەخشیە هەژاران، ئێوارانی

(١) رواه البزار، وقال الهيثمي رجاله ثقات، فيض القدير (٦/ ٢٤٥).

کە دەگەڕایەوە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی نانی دەخوارد، نەی دەهێشت هەستی پێ بکەن بە ڕۆژوو بووە، لە ماڵەوە وایان دەزانی لە دوکانەکەی نیوەڕۆ نانی خواردووە، خەڵکی بازار وایان دەزانی لەماڵەوە نانی نیوەڕۆی خواردووە.[1]

نمونەی ئەو پیاوانە کەمە، بەراستی خوا پەرستی و دڵسۆزی بۆ خوا ئاوادەکرێ، ئەمانە لەلای خوا خۆشەویستن .

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بەو ڕاسپاردەی ئیمامی غەزالی دێنم (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، یەکێك لە هاوەڵەکانی ئیمامی غەزالی پێی دەڵێ وەسیەتم بکە و ڕام بسپێرە، ئەویش گوتی: بە دڵسۆزی و پوختی خوا بپەرستە، هەردووبارەی دەکردەوە کە ئەم ڕاسپاردەیە جێ بەجێ بکا هەتا گیانی دەرچوو.[2]

(١) كتاب التذكرة الحمدونية، لمحمدبن الحسن-(٥١/١).
(٢) المنتظم، لإبن الجوزي (١٧/ ١٢٧).

ڕاستگۆیی- ڕاستی
(الصدق)

ڕاستگۆیی، واتا (ئەوەی دەیڵێی و لە ناخ و دڵت دایە و ئەوەی هەوالّی لە بارەوە دەدەیت وەك یەك بێ و هاوەڕەق بن)[1]

(إبن القيم) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ (ڕاستی: گوتنی حەقە لەلای ئەو کەسی لێی دەترسێی، وە ئەو کەسی ئومێد و هیوات پێی هەیە)[2].

خوا داوامان لێ دەکات لەگەڵ کەسانی ڕاستدا بین: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾[3].

واتا: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن و پارێزکارین، هەمیشە لەگەڵ ڕاستان و ڕاستگۆیاندا بن).

خوا لەم ئایەتە باسی وەسفی باوەڕداران دەکات: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾ ﴾[4]

---

(١) مفردات ألفاظ القران، لراغب الأصفهاني، (٤٧٨).
(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (١/ ٢٦٢) .
(٣) سورة التوبة، آية (١١٩).
(٤) سورة الحجرات، آية (١٥).

واتا: (بێگومان باوەڕدارانی ڕاست ئەوانەن: کە باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر هێناوە، لەپاشان دوودڵیان نەبووە لە باوەڕەکەیاندا، بەسەر و ماڵیان تێکۆشاون لە پێناوی خوادا، هەر ئەوانە ڕاستن و ڕاستگۆن لە ئیمان و باوەڕەکەیاندا)

پێغەمبەر (ﷺ) پێشەوای ڕاستگۆیانە، چونکە هەموو ژیانی ڕاستی بووە لە گوفتار و کردار و هەڵسوکەوتیدا، پێش پێغەمبەرایەتیش ناوبانگی دەرکردبوو بە (ڕاستگۆیی و دەستپاکی) لەلای دۆست و دوژمن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (فَإِنْ أَحْبَبْتُمْ أَنْ يُحِبَّكُمُ اللهُ وَرَسُولُهُ، فَأَدُّوا إِذَا ائْتُمِنْتُمْ، وَاصْدُقُوا إِذَا حَدَّثْتُمْ، وَأَحْسِنُوا جِوَارَ مَنْ جَاوَرَكُمْ)[1]

واتا: ئەگەرپێتان خۆشە خوا و پێغەمبەر ئێوەی خۆش بوێ، ئەوە ئەم سێ شتانە ئەنجام بدەن:

یەکەم: ئەمانەت و سپاردەکان بپارێزن و جێ بەجێیان بکەن، هەر ئەمانەتێکیتان پێ سپێردرا.

دووەم: ڕستگۆبن لە قسەکانتان.

سێیەم: چاکە کار و هاوکاری دراوسێیەکانیتان بن هەر کەسێك بووە دراوسێتان.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (دَعْ مَايُرِيبُكَ إِلَى مَالَا يُرِيبُكَ، فَإِنَّ الصِّدْقَ طُمَأْنِينَةٌ، وَالْكَذِبَ رِيبَةٌ)[2]

واتا: واز لەو کردار و گوفتارانە بێنە کە گەومانت هەیە ئایا باشەیان خراپە حەڵاڵە یان حەڕامە، بەڵکو ئەو کار و کردەوانە ئەنجام بدە کەلێی دڵنیای و گونامت لێی نییە، بەڕاستگۆیی دڵ و دەروون ئارام و ئاسودە دەبێت، بەدرۆکردن دڵ دەروون توشی ناڕامی و پەشێوی دەبێت.

---

(١) رواه الطبراني، وحسنه الالباني، صحيح الجامع (١٤٠٩).
(٢) رواه الترمذي، (٢٥١٨) وصححه الالباني.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەر کار و گوفتارێك ئەگەر لێی دوودڵ و بەگومان بووی و لێی دڵنیا نەبووی ئەنجامی مەدە و وازی لێبێنە، بەڵکو ئەو کارە ئەنجام بدە کە دڵنیای کە دروست و حەڵاڵە، چونکە دڵی مرۆڤ هەستیارە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ بِالْحَدِيثِ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ فَيَكْذِبُ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ)[1].

واتا: تیا چوو بە هیلاك چوو، یان (ویل) دۆڵێکی قوڵە لەناو دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی قسەدەکەن بە درۆ بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی خەڵکی بە درۆیەکانی پێبکەنن، ئەو جۆرەکەسانە بە هیلاکچوونە و تیا چوونە، پێغەمبەر (ﷺ) دووجار دووبارەی کردەوە لەبەر گەورەیی و هەڕەشەی سزاکەی.

لەم فەرموودەیە باسی سزای ئەو کەسانە دەکات کە درۆ دەکەن تەنها بۆ ئەوەی خەڵك بە قسەکانیان پێبکەنن، دەکرێ قسەی خۆش بکەی و خەڵك پێبکەنی، ئەمە گوناح نییە، چونکە پێغەمبەریش (ﷺ) قسەی خۆشی بۆ هاوەڵەکانی کردووە و پێکەنیون، بەڵام تەنیا ڕاستی و حەقی گوتووە، چونکە درۆکردن حەڕامە بە هەموو شێوەیەك، موسڵمان دەبێ کەسێکی ڕاستگۆ و نەفس بەرز بێ، خۆی لەهەموو درۆیەك دووربگرێت.

لەم فەرموودەیە دا پێغەمبەر (ﷺ) باسی چاکترین کەس دەکات: عَنْ عَبْدِاللَّهِ بِنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه) قال: قيل لرسول الله (ﷺ) أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ؟ قالَ (كُلُّ مَخْمُومِ القَلْبِ، صَدُوقِ اللِّسانِ) قَالُوا صَدُوقُ اللِّسانِ نَعْرِفُهُ، فَمَا مَخمُومُ القَلْبِ؟ قَالَ (هَوَ التَّقِيُّ النَّقِيُّ، لاَ إِثْمَ فِيهِ وَلاَبَغْيَ، وَلاَغِلَّ وَلا حَسَدَ)[2]

واتا: (عبدالله)ی کوڕی عەمر (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێ لە پێغەمبەریان پرسی

(١) رواه الترمذي (٢٣١٥) وحسنه الالباني.
(٢) رواه ابن ماجه (٤٢١٦) وصححه الالباني.

کێ لە هەموو کەس چاکترە؟ فەرمووی (هەموو کەسی دڵ مەخموم و ڕاستگۆ، گوتیان ڕاستگۆیی دەزانین، بەڵام دڵ مەخموم کێیە؟ فەرمووی (کەسێکی لەخوا ترس و پارێزکار و دڵ پاك بێ، گوناح و ستەمی لە دڵدانەبی، ڕەق و قینە و حەسودی و ئێرەیی لەدڵدا نەبێ).

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (إِرْبَعٌ إِذَا كُنَّ فِيكَ فَلاَ عَلَيكَ مَا فَاتَكَ مِنَ الدُّنيا، حِفْظُ أَمانَةٍ، وَصِدْقُ حَدِيثٍ، وَحُسْنُ خُلُقٍ وَعِفَّةٌ فِي طُعْمَةٍ)[1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (هەرئیمانداربێك ئەم چوار سیفەت و ڕەوشتەی هەبێ، باهیچ خەم لە دونیا نەخوا و بڵێ دونیام لە کیس چووە، ئەم چوار ڕەوشتەت بەسە.

یەکەم: پاراستنی سپاردە و ئەمانەت.

دووەم: ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی.

سێیەم: ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی.

چوارەم: خواردنی پاك و حەڵاڵ و موچە و کەسابەتی حەڵاڵ).

خوا دەفەرمووێ: ﴿ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ ﴾ [2]

واتا: (خوای گەورە فەرمووی ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ڕاستگۆیان ڕاستیەکەیان سوود و کەڵکیان پێدەگەیەنێت) واتە لە ڕۆژی دوای.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (اضْمَنُوا لِي سِتًّا مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَضْمَنْ لَكُمُ الجَنَّةَ: اصْدُقُوا إِذَا حَدَّثْتُمْ، وأَوْفُوا إِذَا وَعَدْتُمْ، وَأَدُّوا إِذا ائْتُمِنْتُمْ، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ، وَغُضُّوا أَبْصَارَكُمْ، وَكَفُّوا أَيْدِيَكُمْ)[3]

---

(١) رواه أحمد (٦٦٥٢) و اسناده حسن.

(٢) سورة المائدة، آية (١١٩)

(٣) رواه احمد(٢٢٧٥٧) وابن حبان (٢٧١)، وصححه الالباني.

واتا: (پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ئێوە شەش ڕەفتار و ڕەوشت بۆ من زامن و دەستەبەر بکەن و بەردەوام بن لە سەری، منیش چوونە بە هەشت بۆ ئێوە زامن و دەستە بەردەکەم:

یەکەم: ئەگەر قسەتان کرد ڕاستگۆبن.

دووەم: ئەگەر بەڵێن و پەیمانێکتان دا بیبەنە سەر و مەیشکێنن.

سێیەم: ئەگەر ئەمانەت و سپاردەیەکتان پێ سپێردرا بە چاکی بەجێ بهێنن و جێ بەجێی بکەن.

چوارەم: نەورەت و دامێنی خۆتان لە حەڕام بپارێزن.

پێنجەم: چاوتان داخەن لە تەماشاکردنی حرام.

شەشەم: دەست هەڵگرن لە هەموو خراپە و حرام و ستەمێك.

هەرکەسێك دەیەوێ پێغەمبەر (ﷺ) زەمانەتی بداتێ بۆ چوونە بەهەشت، با ئەم شەش ڕەفتارانە بە چاکی ئەنجام بدات.

لەم فەرموودەیە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ (إِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلى البِرِّ، وإِنَّ البِرَّ يَهدِي إِلى الجَنَّةِ، وإِنَّ الرَّجُلَ لَيَصْدُقُ حَتى يُكْتَبَ عِنْدَالله صِدِّيقاً)[1] .

واتا: (پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: بێگومان ڕاستی و ڕاستگۆیی خاوەنەکەی دەگەیەنێتە هەموو کارێکی چاك و نزیکی دەکاتەوە لە خوای گەورە، کاری چاك و بەردەوام بوون لە سەری خاوەنەکەی دەگەینێتە بەهەشتی خوا، بێگومان ئەو کەسەی ڕاستی دەڵێ و پابەندە بە ڕاستی، لەلای خوای گەورە ناوی بە ڕاستگۆ دەنوسرێت و تۆمار دەکرێ).

فضیل کوڕی عیاض (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ (هیچ پارچە گۆشتێك خۆشەویستر نییە لەلای خوای گەورە لە زمانێکی ڕاستگۆ)[2] .

---

(١) رواه البخاري (٦٠٩٤) ومسلم (٢٦٠٧).

(٢) روضة العقلاء، لمحمد بن حبان البستي (٥١).

إسماعيل كوڕی عبدالله (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: عبدالملك كوڕی مەروان (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمانی پێدەكردم، منداڵەكانی فێری ڕاستی و ڕاستگۆیی بكەم وەكو چۆن فێری قورئانیان دەكەم)[1].

(مارك توين) دەڵێ (هەستی كەسێك بریندار بكە بە ڕاستگۆیی، بەڵام دڵخۆشی مەكە بە درۆ).

جنيد البغدادی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ ((ناوەڕۆكی ڕاستی ئەوەیە (ڕاستی بڵێی لە شوێنێك كە تەنها بە درۆ رزگارت دەبێ)[2]

(أحنف به كوڕەكەی دەڵێ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەی كوڕی خۆشەویستم، بەسە بۆت لە پلە و پایە و شكۆی ڕاستی، كەسی ڕاستگۆ دوژمن قسەی لێ وەردەگرێ، كەسی درۆزن دۆست قسەی لێ وەرناگرێ و باوەڕی پێناكات)[3]

گوتوویانە: (ڕاستی بڵێن: دەترسن ڕاستی زیانت پێبگەێنێ، بەڵكو سودی بۆت دەبێ، واز لە درۆ بهێنن" وا دەزانن سودت پێدەگەێنێ، بەڵكو زیانی هەیە بۆت)[4]

بەڕێزان ڕاستگۆین لە ژیانتاندا، چونكە كەسی ڕاستگۆ هەموو كات سەربەرز و شكۆدار و باوەڕپێكراوە، كەسی درۆزن سەر شۆڕ و زەبوون و بێ نرخە لەلای خوا و خەڵك.

قال الامام علي (رضي الله عنه) (إِنَّ الصَّادِقَ لَمُكْرَمٌ جَلِيلٌ- وإِنَّ الكَاذِبَ لَمُهَانٌ ذَلِيلٌ)[5]

واتا: (بێگومان كەسی راستگۆ ڕێزدار و پایە بەرزە، كەسی درۆزن ڕیسوا و زەبوون و سەرشۆڕە).

---

(١) روضة العقلاء، لمحمد بن حبان البستي (٥١).
(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٣/٢٠).
(٣) نهاية الأرب في فنون الأدب، للنويري (٣/ ٢٢٤).
(٤) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٣/٢٢).
(٥) غرر الحكم ودرر الكلم، لعبد الواحد الآمدي (١٦).

هەروەها ئیمامی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ (ڕاستی هەموو شتێك بەڕێزو چاك و باش دەکات)[1]

(پێویستە ڕاستگۆ بین لەو بڕیار و بەڵێنانەی کە دەیدەین بە خوا و بە خەڵك بۆ ئەوەی پایە و پاداشتمان دەستکەوێ لە دونیا و دواڕۆژ).

ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێ، مامم ((ئەنەسی کوڕی نەضر) (خوا لێیان ڕازی بێت) لە جەنگی بەدر ئامادە نەبووبو خۆی زۆر بە زیانمەند دادەنا، بۆیە بڕیاریدا بە خوا لە جەنگی داهاتوو دەبێ جێی دەستی دیار بێ، لە دوای سالێك بەشدار بوو لە شەڕی ئوحد، لەم جەنگەدا قارەمانانە جیهادی کرد و بەرگری لە ئیسلام و پێغەمبەر (ﷺ) کرد هەتا شەهید بوو، ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ لە کۆتایی جەنگەکە لەناو کوژراواندا دۆزیمانەوە، تەماشامانکرد (٨٣) برینی پێوەیە، سوکایەتی بە جەستەی کرابوو، نەمان ناسیەوە هەتا پورم بە نیشانەی سەرە پەنجەکانی ناسیەوە))[2].

ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی دەربارەی قارەمانییەتی مامم: ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾﴾[3]

واتا: لەناو باوەڕداراندا پیاوانێکی مەرد هەن ڕاستیان کرد لەو پەیمانەی کە دابوویان بەخوا، پابەندبوون پێوەی، جا هەیانە پەیمانو بەڵێنەکەی جێ بەجێ کردو (شەهیدبوو) هەندێکشیان چاوەڕوانن، هیچ گۆڕانێکیان لەبەڵێن و پەیمانی خۆیاندا نەکردووە.

---

(١) غرر الحكم ودرر الكلم، لعبد الواحد الآمدي (٢٥).
(٢) أسباب النزول، لأبي الحسن الواحدي (٢٩٣- ٢٩٤).
(٣) سورة الاحزاب، آية (٢٣).

عبدالواحیدی کوڕی زەید (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ (ڕاستگۆیی ئەوەیە بە وەفا و پەیمان پارێز بی لە کار و کردەوەکانت بۆ خوای گەورە)[1].

بزانن بناغەی ئیمان و باوەڕ ڕاستگۆییە، بناغەی نیفاق و دووڕوویی درۆیە، بۆیە هەرگیز باوەڕ و دووڕوویی پێکەوە کۆنابنەوە، مەگەر یەکێکیان شەڕ لەگەڵ ئەویتر دەکات.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دەهێنم دەفەرموێ (كَبُرَتْ خِيَانَةً أَنْ تُحَدِّثَ أَخَاكَ حَدِيثًا هُوَ لَكَ بِهِ مُصَدِّقٌ، وَأَنْتَ لَهُ بِهِ كَاذِبٌ)[2].

واتا (ناپاکی گەورە ئەوەیە، تۆ قسە بۆ برایەکی موسوڵمان دەکەی ئەو قسەکەت بەڕاست دەزانێ و باوەڕت پێدەکا،تۆش درۆیو ناپاکی لەگەڵدا دەکەی).

(١) مدارج السالكين، لابن الجوزية (٢/ ٢٩٠).
(٢) رواه أحمد في مسنده (٣/ ٤٨٧) وإسناده ضعيف.

دەستپاکی- سپاردەپارێزی- ئەمانەت (الأمانة)

ئەمانەت، واتا: (پاراستنی هەموو ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە خوای گەورە لەسەربەندەکانی پێویست کردووە، وەك: (نوێژ و ڕۆژ و زەکات و دانەوەی قەرز، و پاراستنی نهێنییەکان).[1]

هەروەها گوتویانە (ئەمانەت/ جێگیرە لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا، خۆی پێ دەپارێزی لەوەی کە مافی خۆی نییە، ئەگەر بۆشی ڕەخسا دەسکاری ناکات)[2]

(ئەمانەت) لە ئایینی ئیسلام پلە و پایە و گرنگی خۆی هەیە لە چەندەها ئایەت و فەرموودە جەختی لێکراوەتەوە

﴿ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ ﴾[3]

واتا: (خوا دەفەرمووێ: بێگومان ئێمە سپاردە و ئەمانەتمان پێشنیار کرد بۆ ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان، (هەڵگرتنی ئەمانەت و سپاردەی قورئان و دینداری بگرنە ئەستۆ) بەڵام هیچیان ڕازی نەبوون هەڵیگرن لە خۆیان ڕانەدی و ترسان لەوەی ئەم ئامانەتەیان پێ جێ بەجێ نەکرێ، کەچی ئادەمیزاد ئەم ئەمانەتی هەڵگرت، بەڕاستی ئادەمیزاد زۆر ستەمکار و نەفام و نەزان بوو (ناهەقی لە خۆی کرد) لە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار کە باسی سیفەتی و ڕەوشتی باوەڕدارە سەرکەوتوو

(١) الكليات، لأبي البقاء الكوفي (٢٦٩).
(٢) من أخلاق الرسول، لمحمد بن عبدالعاطي البحيري ، (٢٩٠).
(٣) سورة الأحزاب، آية (٧٢).

سەرفرازەکان دەکا دەفەرموێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ..... ۝٧ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ۝٨﴾ (١)

واتا: (ئەو بڕوادارانە سەرکەوتوو سەرفراز بوون (کە خاوەنی ئەم سیفەتە بەرزانەن) یەکێك لەم سیفەتە بەرزانەی (ئەوانەی کە پارێزەری سپاردە و پەیمانەکانیانن. **واتا:** ڕێز و بایەخ بۆ ئەمانەت و بەڵێن و قسەی خۆیان دادەنێن).

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسلِمُونَ مِن لِسَانِهِ وَيَدِهِ، وَالْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ النَّاسُ عَلَى دِمَائِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ)(٢)

واتا (موسڵمان ئەوکەسەیە، کە موسڵمانان لە دەست و زمانی سەلامەت و پاریزراوین، باوەڕدار ئەو کەسەیە: کە جێی باوەڕی خەڵك بێت بۆ پاراستنی سەروماڵیان).

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (أَدِّ الأَمَانَةَ إِلى مَنِ ائْتَمَنَكَ، وَلاَ تَخُنْ مَنْ خَانَكَ)(٣)

واتا: (ئەمانەت پارێزە و جێ بەجێی بکە ئەوەی بە ئەمین و دەسپاکی زانیوی، ناپاکی لەگەڵ کەسێك مەکە کە ناپاکی لەگەڵدا کردووی).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاث، إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ)(٤)

واتا: (نیشانەکانی کەسانی دوو ڕوو سێ سیفەتن:

---

(١) سورة المؤمنون، آية (١-٨).
(٢) رواه الترمذي (٢٦٢٧)، حسن صحيح.
(٣) رواه الترمذي (١٢٦٤)وصححه الالباني.
(٤) رواه البخاري (٣٣).

یەکەم: ئەگەر قسەی کرد درۆدەکا.

دووەم: ئەگەر بەڵێنێکی دا نایباتە سەر.

سێیەم: ئەگەر ئەمانەت و سپاردەیەکی لابوو ناپاکی تێدا دەکات).

بۆ ئاگاداریتان، دووڕوویی دوو جۆری هەیە:

١-دووڕوویی بیر و باوەڕ، واتا بە ڕووکەش موسڵمانە بەڵام بە دڵ بێ باوەڕە، ئەم کەسانە بە ئیماندار هەژمار ناکرێن.

٢- دوو ڕوویی کردەوەیی، **واتا:** لە کردەوە و ڕەوشتدا دووڕوون (النفاق العملي)، ئەم کەسانە لە ئیماندا دەرناچن بەڵام گوناهێکی زۆر گەورەیان ئەنجامداوە، ئەم سێ کەسانەی لە فەرمودەکەی ڕابردوو باسکراون لە دووڕوویی کردەوەین.

میمونی کوڕی مهران (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گوتوویەتی (سێ شت بۆ کەسی چاك و کەسی خراپ جێ بەجێ دەکرێن:

یەکەم: سپاردە (ئەمانەت).

دووەم: پەیمان و بەڵێن.

سێیەم: پەیوەندی خزمایەتی)[1]

لەم فەرموودەیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِذَا حَدَّثَ الرَّجُلُ الحَدِيثَ ثُمَّ الْتَفَتَ فَهِيَ أَمَانَةٌ)[2]

واتا: ئەگەر کەسێك قسەی بۆ کەسێك کرد، ئینجا ئاوڕی بەلای ڕاست و چەپ دایەوە، بە ئاوەڕدانەوەکەی مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسەی قسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە کەس ئەم قسەیە نەزانێ و نهێنی بێت لە نێوان من و تۆ، پاراستنی

(١) التفسير الكبير، للفخر الرازي (١٠/ ١١٢).
(٢) رواه الترمذي (١٩٥٩) وحسنه الالباني.

ئەم قسەیە ئەمانەتە، نابێ ئاشکرای بکات.

لەم فەرموودەیە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر کەسێك قسەیەکی لەلاکردی و گوتی ئەمە با لە نێوان من و تۆ بێ، لەلای کەس باسی مەکە، ئەم قسەیە ئەمانەتە و دەبێ بیپارێزی.

(عَن اَبي هُرَيرَة (رضي الله عنه) قالَ: بَينَما النبيُّ (ﷺ) فِي مَجْلِسٍ يُحَدِّثُ القَومَ جَاءَهُ أعرَابِّي فقالَ: مَتَى السَاعَةُ؟ فَمضَى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يُحَدِّثُ، فَقالَ بَعضُ القَومِ سَمِعَ مَا قَالَ فَكَرِهُ مَا قَالَ،وَقَالَ بَعضهُمْ: بَل لَم يَسْمَعْ، حَتَي قَضَى حَدِيثَهُ قَالَ: أينَ أراهُ السَائِلُ عَن السَّاعَةِ؟ قَالَ هَاأنَا يَارَسُولَ الله (ﷺ) قَالَ: فَإِذَا ضُيِّعَتِ الأَمَانَةُ فَانْتَظِرِ السَّاعَةِ، قَالَ: كَيفَ إضَاعَتُهَا؟ قَالَ: إذا وُسِّدَ الأَمُر الى غَيرِ أهلِهِ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ)[1]

واتا: ابو هریرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) جارێکیان لە شوێنێك دانیشتبوو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، لەو کاتەدا پیاوێکی دەشتەکی هات پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، گوتی: کەی قیامەت دادێت، پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی، هەندێك لە ئامادەبووان گوتیان پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لە قسەکەی پیاوە دەشتەکییەکە بوو بەڵام قسەکەی بە ناپەسەند زانی لەو کاتەدا، هەندێکی تر گوتیان بەڵکو گوێی لە قسەکەی نەبوو، پاشان کە قسەکەی تەواو کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کوا ئەوەی پرسیاری کرد دەربارەی قیامەت، پیاوەکە گوتی ئەوەتام لێرە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر ئەمانەت بزر بوو چاوەڕوانی قیامەت بکە، پیاوەکە گوتی: چۆن ئەمانەت بزر دەبی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر کار و باری خەڵکی و فەرمانڕەوایەتی کە وتە دەستی کەسانی

(١) رواه البخاري (٥٩).

نەزان، کەشایەنەی ئەو کارە و ئەو شوێنە نین ئەوە چاوەڕوانی قیامەت بکە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (الْمُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ)[1]

واتا: (ڕاوێژ پێکراو ئەمینداره).

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەر کەسێك ڕاوێژی پێکرا دەربارەی شتێك، دەبێ بەڕاستی و بە ئەمانەتەوە شتەکە ڕوون بکاتەوە بەبێ زیاد و کەم، نابێ خیانەت و درۆ لەگەڵ ئەو کەسە بکات کە ڕاوێژی پێ کردووە.

لە بەسەرهاتێکدا، هەندێك سەحابە (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێن (پیاوێکی دەشتەکیمان بینی بە سواری وشترێك گەیشتە بەرامبەر مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) ، دابەزی و وشترەکەی بەستەوە، چوە ناو مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژ و دوعای کرد، کە هاتە دەرەوە وشترەکەی نەمابوو، پیاوەکە دەستەکانی بەرز کردەوە و دوعای کرد، گوتی: ئەی پەروەردگار من ئەمانەتەکەی تۆم جێبەجێ کرد، ئەی کوا ئەمانەتەکەی من، پاش کەمێك وشترەکە هاتەوە بەردەستی خاوەنەکەی، سواری بوو ڕۆیشت).[2]

ئەمەش نمونەی ئەمانەت و دەستپاکی (عبدالله ی کوڕی مسعود) (ڕەزای خوای لێبێت) عبدالله دەڵێت: گەنجێکی هەرزەکار بووم شوانی (عقبة كوڕی أبي معيط) بووم لە شاری (مەککە)، ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) و أبوبەکر(ﷺ) بەلامدا تێپەڕین، گوتیان شیرت لا هەیە بماندەیتێ، گوتم بەڵێ بەڵام من ئەمیندارم ناتوانم بتاندەمێ، گوتیان گیسکی کەڵ نەخواردوت لایە گوتم بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بە گوانی داهێناو پڕبوو لە شیر دۆشی و خواردییەوە و أبوبکریش خواردییەوەو

(١) رواه الترمذي (٢٨٢٢) وابن ماجه (٣٧٤٦).
(٢) موسوعة الاخلاق الاسلامية، لسعد يوسف (٣/ ٤٧٥).

فەرمووی تۆش بیخۆوە منیش خواردمەوە، ئەم ڕووداوە بوە هۆی موسڵمان بوونم [1]

لەم ئایەتەدا خوا دەفەرمووێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾ [2]

واتا: (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگرێنەوە دەست خاوەنەکانیان).

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کاتەی کۆچی کرد لە مەککە بۆ مەدینە فەرمانی بە (علی کوڕی ابی طالب) کرد (ڕەزای خوای لێبێت) لە جێگای ئەو بخەوێ، لەشاری مەککە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەمانەتانەی کە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) دانرابوون بیانداتەوە خاوەنەکانیان، لەگەڵ ئەوەی هەر خاوەنی ئەمانەتەکان بوون دژایەتی و ئازاری پێغەمبەریان دەدا، بەڵام گرنگی ئەمانەت لەلای پێغەمبەر (ﷺ) ژیانی إمامی (علي) خستە مەترسی بۆ گەڕاندنەوەی ئەمانەتەکان بۆ خاوەنەکانیان).

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (أَوَّلْ مَا تَفْقِدُونَ مِنْ دِينِكُمْ الأَمَانَة)[3]

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (یەکەم شت کە بزر دەبێت لە ئاینتان ئەمانەتە).

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بە ووتەیەکی (علی کوڕی ابی طالب) دێنم (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: (نهێنیەکانی خۆت مەسپێرە بە کەسێك کە ئەمانەت ناپارێزێ).

---

(١) رواه أحمد في مسنده (٤٤١٢) وصححه الالباني.

(٢) سورة النساء، آية (٥٨).

(٣) رواه الطبراني، وصححه الألباني.

دادگەری - دادپەروەری
(العدل)

دادگەری، واتا: (بەکارهێنانی هەموو شتێك لـە شـوێنی خـۆی، لـەکاتی خـۆی، بەشێوەی خۆی، بەئەندازەی خۆی، بەبێ زیـادەڕەوی و کـەم تەرخـەمی، بـەبێ پـێش خستن و پاش خستن)[1]

یەکێك لەناو و سیفەتەکانی خوا (دادگەر)ە، هەر کەسـێك دەیـەوێ لـە سـیفەتی (دادگەر)ی خوا تێبگات با بڕوانێـت و بیربکاتـەوە لـە بوونـەوەر و دروسـتکراوەکانی خوای پەروەردگار، لـە چـۆنیەتی دروسـتکردنیان، ژیانیـان، ڕزق و ڕۆزیـان، شـوێنی حەوانـەوەیان، وێنـە و شـێوە و لاشـەیان، تەمـەنیان، یاسـا و نـەریتیان، شـێوازی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری، ئەوکاتە کەمێك لە دادگەری خوات بۆ بەدیار دەکەوێت.

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآئِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ ۚ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾﴾[2].

واتا: بێ گومان خوا فەرمان دەدات بە دادگەری و چـاکە کـردن و یارمەتیـدان و بەخشـــندەیی لەگـــەڵ خزمـــان، قەدەغـــە لەهـــەموو گوناهوتـــاوان و

(١) تهذيب الاخلاق، لعمروبن بحر الجاحظ (٢٨).
(٢) سورة النحل، آيه (٩٠).

دەستدرێژی دەکات (بۆ سەرمالّ و نەفس و ناموس)و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی پەند وەربگرن وتێفکرن و (هەرچاکە بکەن).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: إِمَامٌ عَادِلٌ.....)[1]

واتا: حەوت کەس لە ژۆژی دوایدا خوا لە ژێر سێبەری عەرشی خۆی دایاندەنێ، کە هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەری عەرشی خوا، یەکێك لەو حەوت کەسانە (پێشەوایەکی دادگەر).

(پێشەوای دادگەر) هەموو ئەو فەرمانڕەواو سەرۆك و بەرپرسانە دەگرێتەوە، کە کار و بار و دین و ژین و بەرژەوەندی موسولّمانانی لە ئەستۆ دایە لە دونیادا.

ئەم پلە و پایە بەوە دەست ئەم پێشەوایانە دەکەوێ، کە بە دادپەروەری و یەك چاو فەرمانڕەوایی هەموو هاولاّتیانی بکات، جیاوازی لەنێوان کەس نەکات.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (إِنَّ أَحَبَّ النَّاسِ إِلى اللَّهِ يَوْمَ القِيامَةِ، وَأَدْنَاهُمْ مِنْهُ مَجْلِسَاً، إِمَامٌ عَادِلٌ، وَأَبْغَضَ النَاسِ إِلى اللَّه، وأَبْعَدَهُمْ مِنْهُ مَجْلِسَاً، إِمَامٌ جَائِرٌ)[2]

واتا: خۆشەویسترین کەس لەلای خوا لە ڕۆژی دواییدا، لە هەموو کەس لەلای خوا پلە و پایەی نزیکتر و بەرزتربێت، پێشەوایەکی دادگەرە، لە هەموو کەس زیاتر خوا ڕقی لێبێت، لەهەموو کەس زیاتر دوورتربێت لە سۆز و بەزەیی خوا پێشەوایەکی ستەمکارە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (ثَلاثَة لاَ يَرُدُّ اللهُ دُعَاءَهُمْ، الذَّاكِرُ اللهَ

(١) رواه البخاري (٦٦٠) ومسلم (١٠٣١).
(٢) رواه الترمذي (١٣٢٩)و قال حسن غريب.

كَثِيراً، وَالمَظْلُومُ، وَالإِمَامُ المُقْسِطُ)[1].

واتا: سێ کەس دوعایان ڕەتناکرێتەوە لەلای خوا:

یەکەم: ئەو موسوڵمانەی زۆر یاد و ستایشی خوا دەکات.

دووەم: ئەوەی ستەم لێکراوە.

سێیەم: ئەو پێشەوا موسوڵمانەی بە دادپەروەری فەرمانڕەوای دەکات.

ئەو فەرموودانەی باسم کردن، بۆ ئەوەی ئەو پێشەواو دەسەڵاتدارە موسڵمانانەی کە بەحەق و دادپەروەری فەرمانڕەوایی هاوڵاتیان دەکەن بزانن کە چ پلە و پایە و پاداشتیان هەیە لەلای خوا لە دونیا و دواڕۆژدا، هەروەها ئەو پێشەوا ستەمکارانەی ستەم و ناحەق لە هاوڵاتیان دەکەن بزانن چ سزا و ڕق و تووڕەیی خوایان لەسەرە لە دونیا و دواڕۆژدا.

خوای پەروەردگار لە قورئاندا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا ﴿١٠٥﴾ ﴾[2]

واتا: ئەی موحەمەد (ﷺ) ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ دابەزاندووە کە هەموو حەق و ڕاستیە، بۆ ئەوەی بە دادپەروەری دادوەری بکەیت لەنێوان خەڵکیدا بەو شێوەیەی کە خوا نیشانی داویت و ڕێنموویی کردویت، نەکەی بەرگری لە خائین و ناپاکان بکەیت.

لەم ئایەتەدا خوا بە ئیماندان دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟

(١) رواه البيهقي، وحسنه الالباني في صحيح الجامع (٣٠٦٤)

(٢) سورة النساء، آية (١٠٥).

قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ [1].

واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن، زۆر بەچاکی و دادپەروەرانە هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەسێك هەڵتان نەنێت و واتان لێ نەکات کە لە دادپەروەری لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، کەواتە لەخواترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەوکارو کردەوانەی کە دەیکەن.

هەرکەسێك سیفەتی تێدابێت و دادگەری جێبەجێ بکا، ئەوە ڕەزامەندی خوا و خەڵك بەدەست دێنێ، ئەمین دەبێ لە دونیا و دوارۆژی، ئەم دادپەروەرییە دەگەیێنێتە بەهەشت.

(إبن حزم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ (چاکترین نیعمەت و بەخششی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە، لەسەر دادپەروەری و حەق و ڕاستی و خۆ نەویستی ڕایهێنابن و ئەم سیفەتەیان خۆش بوێت.[2]

نمونەی دادپەروەری پێغەمبەر (ﷺ) زۆرن، چونکە دادپەروەری لەگەڵ خوێن و ڕوحی پێغەمبەر (ﷺ) تێکەڵ ببوو، لەوکاتەی شیرە خۆر بوو.

حلیمة السعدیة (ڕەزای خوای لێبێت) کە دایەنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەڵێ، شیری مەمکی ڕاستەم دەدایە پێغەمبەر (ﷺ) دەیمژی و دەیخوارد، بەڵام کە شیری مەمکی چەپەم دەدایێ نەیدەمژی و نەیدەخوارد، چەندەها جار تاقیم کردەوە هەر مەمکی ڕاستەی دەمژی و شیری مەمکی چەپەی نەدەخوارد، چونکە (حلیمە)

---

(١) سورة المائدة، آية (٨).

(٢) الأخلاق والسير، لابن حزم الاندلسي (٩٠).

منداڵێکی خۆی هەبوو لە تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، برای شیری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) شیری مەمکی چەپەی بۆ ئەو جێ دەهێشت و مافی ئەوی نەدەخوارد، خوا هەر لە منداڵییەوە فێری دادپەروەری کردبوو.[1]

نمونەیەکی تری دادپەروەری پێغەمبەر (ﷺ) دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت ئافرەتێکی هۆزی بەنی مەخزوم دزی کردبوو، ئەم هۆزەش لەناو عەرەبەکان ناودار و بەناوبانگ بوون، نەیاندەویست دەستی ببڕێت (لە ئاینی ئیسلام هەرکەسێ لەسەری ئاشکرابێت دزی کردووە دەستی دەبڕێت) بەدوای یەکێکدا دەگەڕان کە تکا و شەفاعەتیان بۆ بکات لەلای پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی دەستی ئەم ئافرەتە نەبڕێت، أسامەی کوڕی زەیدیان (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵبژارد بۆ شەفاعەت، چونکە (أسامە) زۆر خۆشەویست بوو لەلای پێغەمبەر (ﷺ) ، (أسامە) چوو بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) و تکای کرد دەستی ژنەکە نەبڕێت، پێغەمبەر (ﷺ) لە (أسامە) زۆر تووڕە بوو، پێی فەرموو: تکادەکەی بۆ تاوانێك کە خوا حەدد و تۆڵەی بۆ داناوە، ئینجا خەڵکی کۆکردەوە و وتاری بۆ دان و فەرمووی: خەڵکانی پێش ئێوە بەوە لەناو چوون ئەگەر یەکێکی ناودار دزی بکردایە چاو پۆشیان لێ دەکرد و وازیان لێ دەهێنا و تۆڵەیان لەسەری جێبەجێ نەدەکرد، ئەگەر کەسێکی هەژار دزی بکردایە ئەوە حەدد و تۆڵەیان لەسەری جێبەجێ دەکرد، سوێند بەخوا، ئەگەر فاطمەی کچی محمد (ﷺ) دزی بکات دەستی دەبڕم)[2]

لەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دادپەروەریە ڕاستەقینەی پێغەمبەرمان بۆ دەردەکەوێ کە جیاوازی لە نێوان کچی خۆی و هەژارترین کەس ناکات لە دادوەری نێوان خەڵکیدا.

---

(١) من أخلاق الرسول، لمحمد عبد العاطي البحيري (٤٠٠) بەدەستکاریەوە.
(٢) رواه البخاري (٣٤٧٥) و مسلم (١٦٨٨).

دادگەری زۆر بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە لەوانە:

١ - لەکاتی نوسینی مێژوی سەردەم و ڕۆژگارێك حەق وایە نوسەر ئەم سەردەمە چۆن بووە ئاوا بنوسێتەوە بەدادگەری و ئەمانەتەوە بەبێ زیادو کەم.

٢ - دادگەری لە نێوان منداڵەکانتدا، جیاوازی نەکەی لە نێوانیاندا لەو شتانەی دەبینرێن بە ئاشکرا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللهَ واعْدِلُوا بَيْنَ أَوْلاَدِكُمْ)[1]

واتا: لەخوا بترسن ئەی دایك و باوکان، دادپەروەرین لە نێوان منداڵەکانتاندا.

٣ -دادگەری لە نێوان خێزانەکاندا، جیاوازیان لە نیواندا مەکەن لەو شتانەی لەسەر مێردەکە پێویستە بە دادپەروەری ئەنجامیان بدات، خوای دادپەروەر دەفەرموێ:

﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً ﴾[2]

واتا: (ئەگەر ترسان دادپەروەریتان پێناکرێت لە نێوان خێزانەکانتاندا، ئەوە یەك ژن مارەبکەن و بهێنن)

٤ - کەسانی دادگەر بەشەهیدبگرن بۆ ئیش و کارەکانتان، خوا دەفەرموێ:

﴿ وَأَشْهِدُوا۟ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾[3]

واتا: (دوو کەسی دادپەروەر لە خۆتان بکەنە شاهید) زۆر بواری تریش هەن بۆ دادگەری، بەڵام لێرەدا کۆتایی بەم ڕەوشتە بەرزە دەهێنین.

کۆتایی ئەم ڕەوشتەبەم وتەیە دێنم:

بەدادپەروەری هەموو کەسەکان دەگەنە مافی خۆیان، بەدادپەروەری دڵو دەروون ئاسوودە دەبن، ئەگەر داد پەروەری جێبەجێ نەکرا ژیان دەبێتە ژانو ناڕەحەتی.

---

(١) رواه البخاري، (٢٥٨٧).
(٢) سورة النساء، آية (٣).
(٣) سورة الطلاق، آية (٢).

بەوەفایی- وەفاداری
(الوفاء)

وەفاداری **واتا:** ئەنجامدانی پەیمان و بەڵێنەکان بە تەواوی و نەشکاندی پەیمان و پاراستنی)[1]

وەفاداری یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکان، وەفاداری بەرهەمی متمانە بەیەکترییە، متمانە بەدەست نایەت هەتا هەموو مرۆڤێك ئەو بەڵێنەی داویەتی جێبەجێ نەکات، وەخۆی پێوە پابەند نەکات.

بەسە بۆ پلە و پایە و شکۆمەندی وەفاداری خوای خاوەن دەسەڵات و شکۆ، خۆی پێ وەسف دەکات، دەفەرموێ:﴿وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ﴾[2]

واتا: کێ هەیە بەقەدەر خوا بەوەفا و بە ئەمەك بێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی.

(١) مفردات الفاظ القران، الراغب الأصفهاني (٨٧٨).
(٢) سورة التوبة، آية (١١١).

جۆرەکانی وەفاداری:

١ - وەفاداری لەگەڵ خودا:

بەوەفابوون لەگەڵ خودا پێویستە (فرض)ە، چونکە چاکە و بەخششەکانی خوا ناژمێردرێن لەبەر زۆری.

ئێمەی کردۆتە مرۆڤ بەجوانترین شێوە دروستی کردووین:

﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾﴾ (١)

واتا: بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان بە جوانترین و ڕێکترین شێوەدا دروست کردووە لە هەموو ڕوێکەوە.

ئینجا ئێمەی گێڕاوە بە موسڵمان، بۆیە پێویستە بەچاکی بیپەرستین و بەندایەتی بکەین و بێ فەرمانی خوا نەکەین.

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ (٢)

واتا: من پەری و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە من بپەرستن و فەرماندارم بن.

خوا ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەی پێ بەخشیوین، لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و ماڵ سامان و خێزان و منداڵ جۆرەها میوەجات و پێخۆرو پێخەف و هۆیەکانی گەرم کەرەوە و ساردکەرەوەو گواستنەوە و ڕووناکەرەوە و پەیوەندیکردن..... هتد.

هەروەك خودا دەفەرموێ:

(١) سورة التين، آية (٤).
(٢) سورة الذآريات، آية (٥٦).

﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾﴾[1]

واتا: هەر شتێك داواتان كردبێت و پێویستان بووبێت خوا پێی بەخشیون، خۆ ئەگەر بتانەوێ ناز و نیعمەتەكانی خوا بژمێرن، ناتوانن بیانژمێرن ئەوەندە زۆرن، بەڕاستی زۆربەی مرۆڤەكان زۆر ستەمكار و سپڵە و بەدنەك و خوانەناسن.

لە ئایەتێكی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ﴾[2].

واتا: هەرچی ناز و نیعمەتێكتان هەیە هەمووی بەهرە و بەخششی خوایە.

ئەگەر ئێمە تەماشای ئەو هەموو نیعمەت و بەخشش و خەڵاتانەی خوا بكەین كە لەگەڵ ئێمەی كردووە، ئەوجا بۆمان بەدیار دەكەوێ كە ئێمەی مرۆڤ چەند سپلە و بەدنەك و بێ وەفاین بەرامبەر ئەو خوایە بەخشندەیە، وەكو پێویست بەندایەتی و سوپاسگوزاری خوا ناكەین.

٢-وەفاداری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)

هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری چاكەكانی پێغەمبەرن (ﷺ) چونكە ئەو پێغەمبەرە خەمخۆر و ڕزگار كەری هەموو مرۆڤایەتی بوو، ئەو زۆر میهرەبان و دڵسۆز و نەرمونیان و هاوكاربوو لەگەڵ هەموو مرۆڤەكان، هەروەك خوا دەربارەی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾﴾[3]

واتا: ئەی محمد (ﷺ) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەكردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە ببێتە

---

(١) سورة ابراهيم، آية (٣٤).
(٢) سورة النحل، آية (٥٣).
(٣) سورة الانبياء، آية (١٠٧).

ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری..... هتد).

چەند نمونەیەك لە وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) :

أ- وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خودا:

دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ شەوانە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەستا ئەوەندە زۆر شەونوێژی دەکرد هەتا پێیەکانی ئەستور دەبوو، ئینجا دادەنیشت دەگریا هەتا ڕیشی موبارەکی زەوی تەڕدەکرد، هەتا بیلال (ڕەزای خوای لێبێت) بانگی بەیانی دەدا، دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) پێی دەگووت: ئەوە بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت، ئەی خوا لە هەموو گوناحی پێشی و دوایت خۆش نەبووە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أفَلا أكُونُ عَبْداً شَكُورا)[1]

واتا: ئەدی نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزار و وەفادار بم بەرامبەر چاکەکانی خوا.

ب- وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی:-

ابو هریرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت ((پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هەرکەسێك چاکەی لەگەڵ کردوم چاکەم لەگەڵی کردۆتەوە و پاداشتم داوەتەوە، تەنها أبوبکر (ڕەزای خوای لێبێت) نەبێت چاکەکانی ئەوەندە زۆرن لەگەڵ منداا (بەمانی- بە گیانی- بە منداڵەکانی- بە کەس و کاری) من ناتوانم پاداشتی چاکەکانی أبوبکر (ڕەزای خوای لێبێت) بدەمەوە، خوا پاداشتی چاکەکانی دەداتەوە لە دوارۆژدا)).[2]

بڕوانن پێغەمبەر (ﷺ) چەند وەفادار بووە بەرامبەر بە أبوبکر (ڕەزای خوای لێبێت)، یارمەتی و چاکەکانی لەبیر نەکردوون، داوای لە خوا کردووە پاداشتی چاکەکانی بداتەوە.

---

(١) رواه البخاري، (٤٨٣٧) وابن حبان في صحيحه (٦٢٠).
(٢) رواه الترمذي، (٣٦٦١)

ئێمەش پێویستە وەفادار بین لەگەڵ هەرکەسێك چاکە و پشتیوانی و هاوکاریان کردووین، با ئێمەش چاکەیان لەگەڵدا بکەینەوە، هەر وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ ﴾[1]

واتا: مەگەر پاداشتی چاکە تەنها چاکە نییە؟

ج- وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خێزانەکانی.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر وەفادار بوو لەگەڵ خێزانەکانی، دایکە خدیجە (ڕەزای خوای لێبێت) بە نمونە دێنینەوە، چونکە یەکەم خیزانی بوو، زۆر پشتیوان و هاوکاری بوو پێش پێغەمبەرایەتی و پاش پێغەمبەرایەتی، بە خۆی و بەماڵ و سامانی پشت و پەنای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەگەر خەفەتێکی هەبوایە دڵنەوایی دەکرد، ئەگەر کێشە و ناڕەحەتێکی هەبوایە بۆی چارە دەکرد، بەهەموو جۆرێك لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پەیامەکەی دابوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر وەفادار بوو لەگەڵی لە کاتی ژیانیدا و لە دوای مردنیشی، کاتی لە ژیاندا بوو زۆر لێی ڕازی بوو ئاسودە بوو لەگەڵی، هیچ ژنێکی بەسەر نەهێنا لەگەڵ ئەوەی (پانزە ساڵ) لە پێغەمبەر (ﷺ) گەورەتر بوو، لەدوای مردنیش زۆر باسی چاکەکان و هەڵوێستەکان و هاوکارییەکانی دەکرد، ئەگەر ئاژەڵێکی سەر بڕیایە بە شێکی گۆشتەکەی بۆ دەستە خوشکەکانی خەدیجە دەنارد و لە بیری نەدەکردن، زۆر باسی چاکەکانی خدیجەی دەکرد لەلای خیزانەکانی، دایکەی عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت).

دەڵێ، ڕۆژێکیان تورە بووم و غیرەگرتمی بە پێغەمبەرم (ﷺ) گوت: ئەوە چییە ئەوەندە مەدح و باسی چاکەکانی ئەو پیرێژنە دەکەی، خوا هاوسەری لەو باشتری پێ بەخشیوی، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دایەوە و فەرمووی (خوا لە خەدیجەی باشتر پێ نەبەخشیوم، لە کاتێکدا ئەو باوەڕی پێهێنام خەڵکی بێباوەڕ بوون پێم، ئەو بە

(١) سورة الرحمن، آية (٦٠).

ڕاستگۆی دازانیم و خەڵکی بە درۆزنیان دەزانیم، ئەو بە مـاڵ و سامانی خۆی هاوکاری دەکردم و خەڵکی هیچ هاوکاریان نەدەکردم، خوا لەو منداڵی پێی بە خشیم لە هاوسەرەکانی تردا منداڵم پێ نەبەخشراوە).[1]

د- فاداری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خاك و نیشتیمان و زێدی لە دایك بوونی:

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر مەککەی خۆشدەویست چونکە ماڵی خوا و کەعبەی پیرۆزی تێدایە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ لە دایك بووە و گەورە بووە، لەوێ پەیامی پێغەمبەرایەتی بۆ هاتووە، لەو کاتەی کافرەکانی مەککە ناچاریان کرد مەککە بەجێ بهێڵێ، لە کاتی جێ هێشتنی مەککە لەسەر بەرزاییەك ئاوڕی لە مەککە دایەوە و فەرمووی (ئەی مەککە وەڵاهی تۆ لە هەموو شوێنێکی سەرزەوی بەخێر و بەرەکەت تـری، لەهـەموو شـوێنێکی سـەر زەوی خۆشەویسـتری لـەلای خـوا، ئەگـەر منیـان دەرنەکردایە لێت بە فەرمانی خوا، ئەوە قەت نەدەڕۆیشتم لێت و جێم نەدەهێشتی)[2]

پێویستە ئێمەش خاك و نیشـتیمان و زێـدی بـاب و باپیرمـان خۆشـبوێ و جێـی نەهێڵین، بەڵکو لە هەموو بوارەکان خزمەتی بکەین، هەر وەك چـۆن پێغەمبـەر (ﷺ) سۆز و خۆشەیستی بۆ خاك و زێدی خۆی هەبووە.

هـ- وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ دووژمنەکانی:

(خدیفە بن الیمان) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: ئەوەی منی قەدەغە کرد بەشداری جەنگی بەدر نەبم، ئەوە بوو من و باوکم (حسیل) (ڕەزای خوای لێبێـت) لـە مەککـە دەرچووین بۆ ئەوەی بگەینـە مەدینـە و خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) بـەڵام لـەڕێگادا کافرەکان ئێمەیان گرت، گوتیان ئەوە دەتانەوێ بڕۆنە لای محمد (ﷺ) لەگەڵی بجەنگن لە دژی ئێمە، گوتمان ئێمە دەچینە مەدینە ناچینە لای ئەو ئینجا کافرەکـان بـەڵێن و

(١) رواه احمد في مسنده (٢٤٨٦٣) وبخاري ومسلم مختصرا.
(٢) رواه الترمذي (٣٩٢٥) وغيره.

پەیمانیان بەخوا لێ وەرگرتین کە چووینە مەدینە لەگەڵ محمد (ﷺ) نەجەنگین لە دژی ئێمە، ئینجا ئێمەیان بەر هەڵدا، هاتینە مەدینە لەکاتی جەنگی (بەدر) ویستمان بەشداری لەم جەنگەدا بکەین، هاتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەم بەسەرهاتەمان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی بگەڕێنەوە بەشدار مەبن، وەفدار دەبین بەو بەڵێنەی بەکافرەکانتان داوە داوای یارمەتی و کۆمەك لە خوا دەکەین لەسەریان)[1]

بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چەند وەفادار و پەیمان پارێز بووە هەتا لەگەڵ دوژمنەکانی، لەو کاتە ناسکەدا کەکاتی یەکەم جەنگ بوو لەگەڵ نەیارەکانی، بەدوای یەك جەنگاوەردا دەگەڕا چونکە ژمارەیان کەم بوو، بەڵام نەیهێشت حوزەیفەو باوکی (ڕەزای خوایان لێبێت) بەشدارین لەبەر بەڵێنەکەیان، ئەمەیە پێشەوای وەفاداران.

٣-وەفاداری لەگەڵ خەڵکدا:

ئەگەر هەرکەسێك چاکەی لەگەڵ کردین، پێویستە لە سەرمان وەفادارین و چاکەکانیان لەبیر نەکەین، هەروەك خوا دەفەرمووێ: ﴿وَأَوْفُواْ بِٱلْعَهْدِ ۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا﴾[2]

واتا: وەفا بکەن بەو بەڵێنانەی بە خوا و بەخەڵکی دەدن، چونکە بەر پرسیارن لەبەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکانتان.

ئەو خەڵك وکەسانەی دەبێت لەگەڵیان وەفادارین:

أ- وەفاداری لەگەڵ دایك و باوکدا:

لەسەر هەموو کەسێك پێویستە چاکە لەگەڵ دایك و باوکی بکات و ڕێزیان بگرێو وەفادار بێ لەگەڵیان، ئەم هەموو نارەحەتی و ماندووبوونەیان لەبیر نەکات، هەر

(١) رواه مسلم (١٧٨٧) وابن أبي شيبة (٨/ ٤٨١).
(٢) سورة الاسراء، آية (٣٤).

لەوکاتەی لەناو ڕەحمی دایك دانو شیرخۆرن هەتا قۆناغی هەرزەکاری و گەنجی دایك و باوك بە منداڵەکانیان زۆر ماندوون، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (رِضَى اللَّهِ فِي رِضَى الوَالِدَينِ، وَسَخَطُ اللَّهِ فِي سَخَطِ الْوَالِدَينِ)[1]

واتا: رازیبوونی خوا لە ڕازیبوونی دایك و باوکدایە، هەر موسڵمانێك دایك و باوکی لێ رازیبێت، خواش لەو ڕازی دەبێ، هەر موسڵمانێك دایك و باوکی لێی تورەبێ ئەوا خواش لەو کەسە تورەیە.

ب- وەفاداری لەگەڵ هاوسەردا:

هاوسەران زۆر ئەرك و مافیان لەسەر یەك هەیە، زۆر چاکەیان لەگەڵ یەکدا ئەنجام داوە، زۆر خزمەتی یەکتریان کردووە لەهەموو کات و بوارەکانی ژیانیاندا، بۆیە دەبێ زۆر وەفادار و بە ئەمەك بن لەگەڵ یەکتری، چاکەی ڕۆژگارە سەختەکانی تەمەنیان لە بیر نەکەن هەر وەك خوا دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[2]

واتا: ئەی هاوسەران چاکە و پیاوەتی نێوان یەکتری لە بیر نەکەن، بەڕاستی خوا بینایە بەو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن)

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوەدەبێ هاوسەران چاکەکانی یەکتری فەرامۆش نەکەن، لەو کاتەی هاوسەرن چاکەکانی یەکتری فەرامۆش نەکەن، لەکاتی ئەگەر لێکیش جیابوونەوە، لەدوای مردنیش چاکەکانی یەکتری لەبیر نەکەن، واتا دەبێ وەفادار بن و نهێنییەکانی یەکتری بپارێزن.

---

(١) رواه ابن حبان (٤٢٩) والبيهقي (٧٨٣٠) واللفظ له.

(٢) سورة البقرة آية (٢٣٧).

ج- وەفاداری لەگەڵ خزم و دۆستان.

یەکی تر پێویستە لەبیریان نەکەین و بەوەفابین لەگەڵیان، خزم و دۆستە باشەکانن، حەیفە پیاوەتی و چاکەی ئەو خزمە مەردانە فەرامۆش بکەین ئەگەر هاتوو موسڵمانیش نەبن.

عباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ئایا هیچ سودێکت بە (أبوطالب) مامت گەیاندووە، لەگەڵ ئەوەی بە موسڵمانی نەمرد، بەڵام زۆر لەسەرت بە خەم بوو دەپاراستی لە کافرانی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ سودم هەبووە بۆی (هُوَ فِي ضَحْضَاحٍ مِنَ النَّارِ، وَلَوْلاَ أَنَا لَكَانَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ)[1]

واتا: (ئەو لە لێوارێ جەهەنەم دایە، لە سزایەکی سوکدایە، ئەگەر لەبەر من نەبوایە لە چینی هەرەبنەوەی جەهەنەمدا دەبوو).

لەبەر ئەوەی (أبو طالب) هاوکار و پشتوانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو وەفائەن لەبەر ئەم چاکەیەخوا سزای لەسەر سوک کردووە.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتدا دەڵێم:

خوا و پێغەمبەر وەسیەتمان دەکەن کە وەفادارین لەگەڵ ئەوکەسانەی کە چاکە و پیاوەتیان بەسەرمانەوە هەبووە لەهەر بوارێکدا بوو بێت، چونکە کەسی ئیماندار دەبێ بەوەفا بێ، نابێ سپڵە و بەدنەك بێ لەگەڵ کەسدا.

---

(١) رواه البخاري (٣٨٨٣) ومسلم (٢٠٩)

پشت بەستن بە خوا
(التوكل على الله)

پشت بەستن: واتا ڕازیبوون بەوەی لەلای خوایە، خوات بەسە پشتی پێببەستی، وەمتمانەی تەواوت بەخوا هەبێ)[1].

پشت بەستن بە خوا پلە و پایەکی زۆر گەورەی هەیە لە ئایینی ئیسلامدا، ئیمان و باوەڕی کەس تەواو نابێ هەتا پشت بەخوا نەبەستێ و متمانە بەخوا نەکات.

ابن القیم (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: (پشت بەستن بەخوا نیوەی دینە، نیوەی تری دین تەوبە و پەشیمانییە) ئایین بریتییە لە داوای یارمەتی لە خوا و بەندایەتییە بۆ خوا، پشت بەستن بە خوا داوای یارمەتییە لە خوا، تەوبە و پەشیمانی بەندایەتییە بۆ خوا)[2].

دەستگرتن بە هۆکارەکان پێچەوانەی پشت بەستن بە خوا نییە، بۆیە لەسەرمان پێویستە هەموو هۆکارەکان جێبەجێ بکەین و بەکاریێنین ئینجا پشت بەخوا ببەستین.

هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە (عمری کوڕی أمیە) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ (پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ئایا وشترەکەم بەرهەڵدەم و پشت ببەستم بەخوا یان ببەستمەوە ئینجا پشت ببەستم بەخوا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اِعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ)[3].

واتا: وشترەکەت ببەستەوە ئینجا پشت بەخوا ببەستە.

---

(١) الرسالة القشيرية، لعبدالكريم بن هوزان (١٦٦).
(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٢/ ١١٨).
(٣) رواه ابن حبان (٧٣١)، حسنه الأرنا ؤوط.

خوا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾[1]

واتا: ئەی محمد (ﷺ) ئەگەر بڕیارتدا بۆ ئەنجامدانی کارێك، کارەکەت جێبەجێ بکە و پشت بەخوا ببەستە، بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشدەوێ کە پشتی پێ دەبەستن.

لەم ئایەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هۆکارەکان بەکار بهێنین ئینجا بڕیاری ئەنجامدانی کارەکە بدەین، بۆ هەموو کارێك پشت بەخوا ببەستین.

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ۝٢ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥ ۚ﴾[2]

واتا: هەرکەسێ لەخوا بترسێ و پارێزکاربێت، ئەوە خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە، وە رزق و ڕۆزی لە شوێنێکەوە دەداتێ کە خۆی حسابی بۆ نەکردبێت، وە هەرکەسێك پشت بەخوا ببەستێ، ئەوە خوای بەسە بۆ ئەوەی کاروباری بۆ ئاسان بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لَوْ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَوَكَّلُونَ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ لَرُزِقْتُمْ كَمَا تُرْزَقُ الطَّيْرُ تَغْدُو خِمَاصاً وَتَرُوحُ بِطَاناً)[3]

واتا: ئەگەر ئێوەش پشت بەخوا ببەستن و دڵنیابن کە هەموو شتێك بەدەست خوایە، ئێوەش هەوڵ بدەن و هۆکارەکان جێبەجێ بکەن بەچاکی، ئەوە خوا ڕزق و ڕۆزیتان دەدات، هەروەك چۆن رزق و ڕۆزی باڵندەکان دەدات، بەیانیان زوو بەسکی

(١) سورة آل عمران، آية (١٥٩).
(٢) سورة الطلاق، آية (٢-٣).
(٣) رواه الترمذي، (٢٣٤٤) وابن ماجه (٤١٦٤) وأحمد (٢٠٥)

بەتاڵ و برسی دەڕۆن وە ئێواران بەسکی پڕ و تێر دەگەڕێنەوە هێلانەکانیان.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خوا ڕۆزیدەری هەموو بوونەوەرێکە، دەبێ ئەو دڵنیاییەمان هەبێت، وەدەبێ هەوڵبدەین و بەدوای هۆکارەکانی رزق و ڕۆزیدا بگەڕێن، ئینجا پشت بەخوا ببەستین، هەروەك چۆن باڵندەکان هەوڵدەدەن و دەگەڕێن و دەڕۆن هەر لەهێلانەکانیان نامێنەوە، ئینجا ڕزق و ڕۆزیان دەستدەکەوێ و بەتێری دەگەڕێینەوە.

واتا: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی رزق و ڕۆزی ئەمە یاسا ودەستوری خوایە بۆ هەموو بونەوەرەکان، خواش ڕۆزی هەموو گیانلەبەران دەدات هیچیان لەبیرناکات، خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ (١)

واتا: هیچ گیانلەبەرێك و زیندەوەرێك نییە لەم زەویەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت، ئاگاداری بەشوێنی حەوانەوە و شوێنی دەرچوونیان (لەکوێ دەژین و لەکوێ دەمرن) هەموو شتێك تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرادا (له لوح المحفوظ)دا.

خوا لەم ئایەتەدا باسی نیشانەکانی موسوڵمانە ڕاستەقینەکان دەکات:

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ (٢)

واتا: بێگومان ئیمانداڕانی ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن:

یەکەم: هەرکاتێك ناوی خوا هێنرا ئەوە دڵەکانیان دەهەژێت و ترسی لێدەنیشێت.

---

(١) سورة هود، آية (٦).

(٢) سورة الانفال، آية (٢).

دووەم: کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێندرێتەوە ئیمان و باوەڕیان زیادو بەهێزتر دەبێت.

سێیەم: لەهەموو کار و بارێکیشیاندا هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن).

چەند نمونەیەکی پشت بەستنی پێغەمبەران بەخوا.

یەکەم: پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ) :

ئەوکاتەی بێباوەڕەکانی مەکە پێغەمبەریان دەکرد و ناچاریان کرد کۆچ بکات بۆ مەدینە، لەگەڵ ابوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) بەرەو مەدینە بەڕێ کەوتن، سێ ڕۆژ لەئەشکەوتی (ثور)مانەوە، ابوبەکر دەڵێ کە بێ باوەڕەکان گەیشتنە بەردەم ئەشکەوتەکە دڵتەنگ بووم لەوە ترسام بمانبینن و ئاشکرا بین، بە پێغەمبەرم (ﷺ) گووت، ئەگەر یەکێکیان تەماشای بەر پێیەکانی خۆیان بکەن ئێمە دەبینن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (يَا أَبَابَكْرٍ مَا ظَنُّكَ بِاثْنَيْنِ اللهِ ثَالِثُهُمَا)[1]

واتا: ئەی أبوبکر گومانت هەیە کە ئێمە دوانین وە سێهەمان خودایە) **واتا:** ئەی أبوبکر هیچ خەمی منت نەبێ چونکە خوامان لەگەڵە و دەمانپاریزێت، ئەو پشت و پەنای ئێمەیە.

هەر وەك خواش دەربارەی ئەم ڕووداوە دەفەرموێ: ﴿إِذْ هُمَا فِي ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا﴾[2]

واتا: لەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و ابوبکر (ڕەزای خوای لێبێت)) لەناو ئەشکەوتدا بوون (ابوبکر خەمی پێغەمبەری بوو) پێغەمبەریش (ﷺ) دڵی ابوبکری دایە و پێی گووت خەم مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە.

---

(١) رواه البخاري (٣٦٥٣) ومسلم(٢٣٨١) والترمذي(٣٠٩٦).

(٢) سورة التوبة، آية (٤٠).

دووەم: پێغەمبەر ابراهیم (سەلامی خوای لێبێت):

ئەم پێغەمبەرە گەروەیە زۆر ئازار و نارەحەتی بینیوە لە سەر ئایینی خوا، زۆر روداوی ناخۆشی بەسەر هاتووە لە ژیانیدا.

یەکێك لە بەسەرهاتەکانی، هەروەك (عبد الله کوڕی عباس) (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێ (دوا قسەی ابراهیم لەوکاتەی فڕێدرایەناو ئاگرە مەزنەکە ئەوە بوو گوتی: (حَسْبِيَ اللَّهُ وَنِعْمَ الوَكِيلُ)[1]

واتا: خوای مەزنم بەسە پشتیوانم بێت، چاکترین پشتیوان وهاوکار هەر خوایە.

ئینجا خواش فەرمانی بە ئاگر کرد کە سارد و سەلامەت بێ و پێغەمبەر ابراهیمی ڕزگار کرد لەو ئاگرە مەزنە، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴾[2]

واتا: خوای گەورە دەفەرموێ، فەرمانمان دەرکرد و وتمان ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر أبراهیم.

عبدالله کوڕی عباس وأبوالعالیة (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێن: ئەگەر خوا بە ئاگری نەگوتبا ساردیکی سەلامەت بە، ئەوە ابراهیم لەسەرمان زیانی پێدەگەیشت)[3]

(هەندێك لە پێشینە چاکەکان باسدەکەن لەوکاتەی ابراهیم فڕێدرایە ناو ئاگرەکە جبریل (سەلامی خوای لێبێت) پێی گووت: هیچ پێویستیەکت نییە، گوتی: هیچ پێویستیەکم بەتۆ نییە، تەنها پێوسیتیم بە خوا هەیە)[4]

---

(١) رواه البخاري (٤٥٦٤).
(٢) سورة الأنبياء، آية (٦٩).
(٣) تفسير ابن كثير، لابن كثير (٣/ ٢٤٦).
(٤) هەمان سەرچاوە (٢٤٥).

تەماشای ئیمان و دڵنیایی و پشت بەستن و متمانەی ابراهیم (سەلامی خوای لێبێت) بکەن بە خوا، کە زۆر دەگمەنە ئەم ئیمان و باوەڕە.

سێیەم: پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێبێت):

پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێبێت) لە ژیانیدا زۆر ڕووداوی ناخۆشی بەسەرهاتووە، لە هەموویاندا زۆر خۆڕاگر بووە و پشتی بەخوا بەستووە، یەکێك لە بەسەرهاتەکانی، ئەو کاتەی موسا و ئەوەی لەگەڵی بوون لە بەنی ئیسرائیل (میسر)یان جێهێشت لەترسی فیرعەون، بۆیە فیرعەون و سوپاکەی کەوتنە دوایان بۆئەوەی بیانگرن، کاتێك گەیشتنە سەر دەریا و ڕێگای دەرباز بوونیان نەماو سوپای فیرعەونیان لێ نزیك بوویەوە گوتیان: ئەی موسا ئێمە تیاچوین، موسا بە دڵنیایی و بە پشت بەستن بە خوا پێی گوتن: ﴿ قَالَ كَلَّآ ۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ ۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾ وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْـَٔاخَرِينَ ﴿٦٤﴾ وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْـَٔاخَرِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾ (١)

واتا: موسا گوتی: نەخێر وانییە من بەڕاستی پەروەردگارم لەگەڵ دایە و ڕێنموویم دەکا بۆ ڕزگار بوون، جا دەست بەجێ، نیگا و وحیمان بۆ موسا کرد بە دار دەستەکەت لە دەریا بدە، هەر کە لەدەریایی دا شەق بوو، هەر لایەك وەك کێوێکی گەورەی لێهات، دوانزە ڕێگای لێ دروست بوو، بە ئەندازەی دوانزە تایفەکەی نەوەی ئیسرائیل، ئینجا فیرعەون و سوپاکەی لەو شوێنەمان نزیك کردنەوە، چوونە ناو دەریا بەشوێنیاندا، موسا و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون ڕزگارمان کردن، پاشان فیرعەون و سوپاکەمان نقوم کردن و خنکان لەدەریادا.

پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) ئەو ئیمان و متمانە و یەقین و پشت بەستن

(١) سورة الشعراء، اية (٦٢- ٦٦).

بەخوایان هەبووە، بۆیەش خوا لە هەموو تەنگانە و ناخۆشێکدا پاراستونی و ڕزگاری کردوون، هەرکاتێك ئیمانداران ئەم ئیمان و متمانەیان بەخوا هەبێت، ئەوە خواش ئەوان ڕزگاردەکات، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾﴾[1]

واتا: هەربەم شێوەیە بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئیمانداران ڕزگار بکەین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ قَالَ) يَعني إِذَا خَرَجَ مِنْ بَيتِه، بِسْمِ اللَّهِ تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ لاَحَولَ وَلاَ قُوَةَ اِلاَّ بِاللَّهِ، يُقَالُ لَهُ، كُفِيتُ وَوُقِيتَ وَتَنَحَّى عَنْهُ الشَّيْطَانُ)[2]

واتا: هەر موسڵمانێك کە لەماڵ دەرچوو بڵێ (بەناوی خوا دەرچم، پشت دەبەستم بەخوا بۆ هەموو کار و کردەوەکانم، هیچ هێز و پەنایەك نییە پەروەردگار نەبێت، لەلایەن (خوا یان فریشتە) پێی دەگوترێ:

هەموو شەڕ و خراپەیەکت لێ دوور خرایەوە، لەهەموو شتێکی زەرەرمەندی نادیار پارێزراوی، وەشیتان ناچێت بەلایدا.

هەموو کەس پێویستە پشت بەخوا ببەستی نەك پشت بەخەڵك ببەستێ، وە هۆکارەکان ئەنجام بدەین ئینجا پشت بەخوا ببەستین، وە هەر خوا جێگای ئومێدە.

جارێکیان (عمر کوری خطاب) خوا لێی ڕازیبێت، کۆمەڵە کەسێکی دیت لە مزگەوت خواپەرستی دەکەن وە هیچ کارێك ناکەن، لێی پرسین ئێوە کێن؟ گوتیان ئێمە پشتمان بەخوا بەستووە، گوتی بەڵکو ئێوە پشتان بەخەڵك بەستووە، پشت

(١) سورة يونس، آية (١٠٣).
(٢) رواه الترمذي، (٣٤٢٦) وابوداود (٥٠٩٥)

بەستوو بەخوا ئەو کەسەیە زەوی تۆ دەکا ئینجا پشت بەخوا دەبەستێ).[1]

ئیمامی عمر (ڕەزای خوای لێبێت) ئەوەمان فێر دەکات، نابێ لە مزگەوت دابنیشین و خواپەرستی بکەین هیچ کارێك نەکەین، بەڵکو دەبێ خواپەرستی بکەین و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی بدەین و چاومان لەدەستی کەس نەبێ.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بەو قسە جوانەی (سلمان العوده) دێنم دەڵێ (بنچینەکانی سەرکەوتن چوارن:

١ - پلان دانان، ٢ - کار کردن و هەوڵدان، ٣ - ئارام گرتن، ٤ - پشت بەستن بەخوا).

هەرکەسێك ئەم بنچینانە جێبەجێ بکات سەردەکەوێ و دەگاتە ئامانج.

(١) التوكل على الله، لابن أبي الدنيا (١١).

هێمنی - نەرم و نیانی
(الحلم)

نەرم و نیانی: واتا وازهێنان لە تۆڵە سەندن لەکاتی گەرمەی تووڕەیی، وەدان بەخۆداگرتن، لەگەڵ هەبوونی توانا لەسەر ئەنجامدانی.[1]

نەرم و نیانی، ڕەوشتێکی ئەوەندە گەورە و گرنگە و بەڕێزە هەرکەسێك ئەم ڕەوشتەی هەبێ لەلای خوا و خەڵك خۆشەویست و ڕێزدار دەبێ، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤەکان لەهەر ئاست و تەمەن و پیشە و پلە و پایەکدا بوون ئەم ڕەوشتە لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن.

بەسە بۆ گەورەیی وشکۆ و پایەی لەسەر خۆیی خوای گەورە کردوویەتیە یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی خۆی:

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿١٢﴾﴾[2]

واتا: وە خوای گەورە زۆرزانا و بەحیلم و حەوسەڵە و لەسەر خۆیە.

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾﴾[3]

واتا: خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو هێمن و لەسەر خۆیە.

﴿وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٧﴾﴾[4]

واتا: خوای گەورە زۆر سوپاسگوزار و لەسەر خۆ و خۆراگرە.

---

(١) تهذيب الاخلاق، لعمروبن بحرالجاحظ (٢٣).
(٢) سورة النساء، آية (١٢).
(٣) سورة المائدة، آية (١٠١).
(٤) سورة التغابن، آية (١٧).

لەم ئایەتانە و ئایەتی دیکەش خۆڕاگری و لەسەر خۆی و هێمنی خوامان بۆ ڕوون دەبێتەوە، خوا پەلە و تۆڵە لەو کەسانە ناکات کە گوناح بێ فەرمانی ئەو دەکەن.

خوای گەورە تەنها باسی دوو پێغەمبەران دەکات (سەلامی خوایان لێبێت) بەسیفەتی هێمنی و خۆڕاگری ابراهیم واسماعیل (سەلامی خوایان لێبێت).

دەربارەی إبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ: ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ﴿٧٥﴾﴾ (١)

واتا: بەڕاستی ابراهیم (سەلامی خوای لێبێت) زۆر لەسەر خۆ و بەئارام و خەمخۆر و گەڕاوەیە بۆ لای خوا.

دەربارەی إسماعیل (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ ﴿فَبَشَّرْنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾ (٢)

ئێمەش موژدەی کوڕێکی بە ئارام و هێمن و لەسەر خۆ و ژیرمان بە إبراهیم بەخشی کە (إسماعیل)ە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرعَةِ، إِنَما الشَّدِيدُ الْذِي يَمْلِكُ نَفْسَه عِنْدَ الْغَضبِ)(٣)

واتا: هێز و ئازایەتی ئەوە نییە کەسانی بەهێز بدەی بەزەویدا، بەڵکو کەسی بەهێز و ئازا ئەوەیە لەکاتی تورەبووندا دان بەخۆیدا دەگرێ و خۆڕاگر و هێمنە.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (يَاعَائِشَةُ: إِنَّ اللَّهِ رَفِيقٌ

(١) سورة هود، آية (٧٥).
(٢) سورة الصافات، آية (١٠١).
(٣) رواه البخاري، (٦١١٤) و مسلم (٢٦٠٩).

يُحبُّ الرِّفْقَ فِي اَلأَمْرِ كُلِه)[1]

واتا: ئەی عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) بەڕاستی خوا نەرم و نیان و هێمنە، نەرم و نیانی و هێمنی خۆش دەوێ لە هەموو کردار و گوفتارێکدا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ الرِّفْقَ لايَكُونُ فِي شَيٍ إِلاَ زَانَتْهُ، وَلايُنْزَعُ مِنْ شَيٍ إِلاَشَانَهُ)[2]

واتا: نەرم و نیانی و هێمنی لەهەر شتێکدا بێت هەر جوان و ڕازاوەی دەکات، وەلە هەرشتێکدا دابڕنێت ناشرین و ناتەواوی دەکات.

لە فەرموودەیەکی تر پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ يُحْرَمِ الرِّفْقَ يُحْرَمِ الْخَيْرَ كُلَهُ)[3]

واتا: هەرکەسێك بێ بەش بێ لە نەرم و نیانی و هێمنی ئەوە لە هەموو خێر و بەرەکەتێك بێ بەشە.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِذَا أَرَادَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ بِأَهْلِ بَيْتٍ خيراً أَدْخَلَ عَلَيهِمُ الرِّفْقَ)[4]

في رواية اخري: (إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ خَيْراً أَدْخَلَ عَلَيهِمُ الرِّفْقَ)[5]

واتا: ئەگەر خوا بیەوێت خێر و بەرەکەت بە خێزان و گەلێك بدا، ئەوە نەرم و نیانیان بەسەردا دەڕێژێ.

لەم فەرموودانەی رابردوو پێغەمبەر (ﷺ) داوامان لێ دەکات نەرم و نیان بین لە

(١) رواه البخاري، (٦٩٢٧).
(٢) رواه مسلم، (٢٥٩٤).
(٣) رواه ابوداود، (٤٨٠٩).
(٤) رواه أحمد في المسند (٦/ ٧١، ١٠٤).
(٥) رواه البزار، مختصر زوائد مسندالبزار (٢/ ١٩١).

کارەکانمان لەگەڵ هەموو خەڵکیدا، چونکە مایەی خێر و بەرەکەت و سەربەرزیە.

لقمانی حەکیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: سێ کەس ناناسرێن تەنها لەسێ کاتاندا نەبێت.

یەکەم: کەسی نەرم و نیان و هێمن ناناسرێ لەکاتی توڕەبوونداا نەبێت.

دووەم: کەسی ئازا و جەسور ناناسرێ لەکاتی شەڕ و جەنگدا نەبێت.

سێیەم: دۆست و برای ئاینی ناناسرێ لەکاتی پێویستیت پێی دەبێت.[1]

پیاوێك جوێنی بە (عبدالله ی کوڕی عباس)دا (ڕەزای خوایان لێبێت) (عبدالله) بەعکریمەی) گووت: (ڕەزای خوایان لێبێت) بزانە ئەم پیاوە چ پێویستێکی هەیە بۆی جێبەجێ بکە، پیاوەکە سەری شۆڕکرد لە شەرمی نەرم و نیان و هێمنی (عبدالله)ی کوڕی عەباس(ڕەزای خوایان لێبێت)[2]

وقال الشافعي:

إِذَا نَطَقَ السفِيهُ فَلا تَجِبهُ فَخَيرٌ مِنْ إِجَابَتِهِ السُّكُوتُ

فَإِنْ كَلَّمْتَهُ فَرَّجْتَ عَنْهُ وَإِنْ خَلَّيتَهُ كَمَداً يَمُوتُ[3]

واتا:

ئەگەر کەسێکی گەوج و گەمژە قسەیەکی پێی گوتی وەڵامی مەدەوە.

لە وەڵام دانەوە باشتر بۆی بێدەنگ بی بەرامبەری.

چونکە ئەگەر وەڵامت دایەوە ئەوە دەمی شڕی دەکەیەوە.

ئەگەر وازی لێی بێنێ ئەوە لە خەفەت و پەژارەدا دەمرێ.

پێویستە هەموومان لەسەر خۆ و هێمن و نەرم و نیان بین، چونکە بەم ڕەوشتە جوانە

(١) المستطرف، لشهاب الدين الأبشيهي (١/ ٢٠٣).

(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ١٧٨).

(٣) ديوان الشافعي (٥٢).

خێر و خۆشی و سودی دونیا و دواڕۆژمان دەستەکەوێ، بەهۆی چەند خولەکێك هێمن و لەسەر خۆیی لە زۆر بەلاّ و کێشە و ئاشوبی گەورە ڕزگارمان دەبێت و دوورەکەوینەوە.

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) **(عَلِّمْنِي شَيْئاً ولا تُكَثِر عَلَيَّ لَعَلِّي أَعِيهُ، قَالَ لاَتَغْضَبْ فَرَدَّدَ مِرَاراً، كُلُّ ذَلِكَ يَقُولُ، لاَ تَغْضَبْ)**[1]

واتا: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: شتێکم فێربکە کە سودی بۆ دین و ژینم هەبێ و لە ڕەزامەندی خوا نزیکم بکاتەوە، با کورت و پوخت بێ، با زۆر نەبێت بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەم و لە بیرم نەچێ، فەرمووی: تورە مەبە، لەوانەیە پیاوە پرسیارکەرەکە کەسێکی تورەوتوند بووبێ، پێغەمبەریش (ﷺ)بە گوێرەی پێویستی کەسەکان وەلاّمی دەدانەوە، پیاوەکە هەرپرسیارەکەی دووبارە دەکردەوە، بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ)وەلاّمێکی تری بداتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) هەموو جارێك هەر پێی دەگووت تورەمەبە

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ)کە دەفەرموێ تورەمەبە، مەبەستی تورە بوونێکی زۆرە، چونکە هەموو کەس تورە دەبێ، تورەبوون شتێکی سروشتی و خۆڕسکە لەناخی مرۆڤدا، مەبەست ئەوەیە لە هۆکارەکانی تورەبوون خۆت بپارێزی، چونکە لەکاتی تورەییدا زۆربەی خراپە و گوناح و تاوانەکان ڕووەدە

خوا باس و وەسفی نەرم و نیانی و هێمنی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) لەوپەڕی نمونە بەرزی بووە لە نەرمونیانی و لەسەر خۆیدا، خوا دەربارەی دەفەرموێ: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ﴾[2]

---

(١) رواه الترمذي (٢٠٢٠) والبخاري (٦١١٦) واحمد (٢٧٣١١).

(٢) سورة ال عمران، آية (١٥٩).

واتا: بەهۆی ڕەحمەت و بەزەیی خواوەیە، تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە نەرم و نیان و هێمن بووی لەگەڵیان، خۆ ئەگەر تووڕە و قسە ڕەق و دڵ ڕەق بای، ئەوە لەدەورەت بڵاوەیان دەکرد و لێت دوور دەکەوتنەوە.

عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ کۆمەڵە جولەکەیەک هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتیان: (السَّامُ عَلَيْكَ، قَالَ وَعَلَيْكُمْ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: السَّامُ عَلَيْكُمْ وَلَعَنكُمُ اللهُ وَغَضِبَ عَلَيْكُم، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَهلاً يَا عَائِشَةِ، عَلَيْكَ بِالْرِّفْقَ، وَإِيَّاكَ وَالْعُنْفِ- أَوالفُحْشِ- قَالَتْ: أَوَلَمْ تَسْمَع مَاقَالُوا؟ قَالَ أَوَلَمْ تَسْمَعِي مَا قُلْتُ؟ رَدَدْتُ عَلَيْهِمْ، فَيُسْتَجَابُ لِي فِيهِمْ وَلايُسْتَجَابُ لَهُمْ فِيَّ)[1]

واتا: کۆمەڵە جولەکەیەک هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتیان: مردن لەسەر تۆ بێت، وایان نیشاندا گوایە سڵاویان کرد، پێغەمبەریش لە ماناکەی تێگەیشت، لە وڵامیاندا فەرمووی: لەسەر ئێوەش بێت، ئینجا عائیشە گوتی، مردن و نەفرین و ڕق و خشمی خوا لەسەر ئێوە بێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی فەرموو: لەسەر خۆ و هێمن و ئارامگر بە، خۆت دوورېگرە لە تونـد و تیژی و قسەی زیادە و ناشیرین، عائیشە گووتی: ئەی نەتبیست چیان گووت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی نەتبیست چۆن وەڵامم دانەوە، خوا دوعای من لەسەر ئەوان گیرا داکات، دوعای ئەوان لەسەر من گیرا ناکات.

لە فەرموودەیەکی تردا (قَدِمَ طُفَيْلُ بنُ عَمْرٍو الدَّوْسِيُّ وأَصْحَابُهُ عَلَى النَّبِّي (ﷺ) فَقَالوا يَارَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ دَوْساً عَصَتْ وَأَبَتْ، فَادْعُ اللهَ عَلَيْهَا، فَقِيلَ هَلَكَتْ دَوْسٌ، قَالَ: اللَّهُمَّ اهْدِ دَوْساً وَأْتِ بِهِمْ)[2].

(١) رواه البخاري (٦٤٠١).
(٢) رواه البخاري (٢٩٣٧)وابن حبان في صحيحة (٩٧٩).

واتا: طفیل لەگەڵ هاوەڵەکانی (ڕەزای خوایان لێبێت) هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەشاری مەدینە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆزی (دەوس) نایانە ناو ئاینی ئیسلام و ئیسلام ڕەت دەکەنەوە، داوات لێی دەکەین دوعایان لێی بکە، ئەوەی لەوێ بوون گووتیان تازە (دەوس) لەناو چوو، وایان زانی پێغەمبەر (ﷺ) دوعایان لێی دەکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لە جیاتی دوعایان لێبکات، دوعای بۆ کردن، فەرمووی ئەی پەروردگار (دەوس) هدایەت و ڕێنمویان بکە بۆ ئایینی ئیسلام، وە بەرەو شاری مەدینەیان بهێنە.

ئەمەیە گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) و ڕەوشت و میهرەبانی و نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی، دوعای پێغەمبەر (ﷺ) گیرابوو هەر وەك لە ڕیوایەتی (بەیهەقیدا) هاتووە، هۆزی (دەوس) موسڵمان بوون وە حەفتا بۆ هەشتا مانڵ هاتنە مەدینە و لێی نیشتەجێ بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (أَلتَّأَنِي مِنَ اللَّهِ وَالْعَجَلَةُ مِنَ الشَّيطَانِ)[1].

واتا: هێمنی و لەسەرخۆیی لە خواوەیە، وە پەلەکردن لە شەیتانەوەیە.

مانای وایە پێویستە لەسەرمان هێمن و لەسەرخۆ بین، پەلە نەکەین لە کردار و گوفتارماندا، بەچاکی بیر بکەینەوە یان ڕاوێژ بەکەسانی زانا و دانا بکەین، بۆنەوەی پەشیمان نەبینەوە لەوەی ئەنجامی دەدەین.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

دێنم بەم ئامۆژگارییە، پەلەکردن لەشیتانەوەیە تەنها لە پێنج کردەوەدا پەلەکردن خێر و سونەتە:

---

(١) رواه البيهقي (٢٠٧٦٧) وحسنه الألباني.

١- خواردن دان به کەسی برسی.

٢-ناشتنی مردوو.

٣- بەشوودانی کچ لەکاتی خۆی.

٤-دانەوەی قەرز.

٥- تۆبەو پەشیمانی لە گوناح[1]

(١) المقاصد الحسنة، لمحمد بن عبدالرحمن السخاوي (١/ ٨٤).

لێبوردەیی- چاوپۆشی (العفو)

لێبوردەیی: واتا: دەستهەڵگرتن لە زیان پێ گەیاندن لەکاتی دەسەڵات هەبووندا ، ئەوەی شایەنی سزادانە وازی لێ بهێنرێت ئەمە لێبوردەییە.[1]

لێبوردەیی یەکێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە، هەر خوایە خراپەکان دەسڕێتەوە، وە چاوپۆشی لە گوناحەکان دەکات، لێبوردن نزیکە لە لێخۆشبوون، بەڵام لێبوردن گرنگترە لە لێخۆشبوون، چونکە لێخۆشبوون هەوڵدانە لە داپۆشین، لێبوردن هەوڵدانە لە سڕینەوە، وە سڕینەوە گرنگترە لە داپۆشین.[2]

لێبوردن یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خوا (چاوپۆشی کەر) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾﴾[3]

واتا: بێگومان خوا هەمیشە لێبوردە و چاوپۆشی دەکات و لێخۆشبووە.

لەئایەتێکی تردا: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾﴾[4]

---

(١) الكليات، لأبي البقاء الكوفي (٥٣).
(٢) المقصد الاسنى، للغزالي (١٤٠).
(٣) سورة النساء، آية (٤٣).
(٤) سورة الشورى، آية (٢٥).

واتا: خوا ئەو زاتەیە کەپەشیمانی و تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت، چاوپۆشیش لە هەڵەو گوناهەکانیان دەکات، وە دەزانێت چ کردەوەیەك ئەنجام دەدەن.

خوا فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ ﴾ (١)

واتا: ئەی محمد (ﷺ) کاری ئاسان لە خەڵکی داوا بکە، فەرمان بە کاری چاك و پەسەند بدە، وە ڕووش وەرگێڕە و پشت بکە لە نەفام و نەزانان.

لە ئایەتێکی تر خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (٢)

واتا: هەرکەسێك لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی و چاکسازی بکات، ئەوە پاداشتی مەزنیان هەیە لای خوا.، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێ .

خوا باسی سیفەتی پارێزکاران و بەهەشتیان دەکات.﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِى ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ (٣)

واتا: ئەوانەی لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا، لە کاتی هەرزانی و گرانیدا مالّ و سامانیان دەبەخشن، وە رق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆراگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکار و چاکە خوازانی خۆش دەوێت.

---

(١) سورة الاعراف، آية (١٩٩)

(٢) سورة الشورى، آية (٤٠).

(٣) سورة ال عمران، آية (١٣٤).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَا زَادَ اللهُ عَبْداً بَعِفْوٍ إِلا عِزاً، وَمَا تَوا ضَعَ أَحَدٌ لِلهِ إِلاَّ رَفَعَهُ اللهُ)[1].

واتا: مالّ و سامان بە خێر و بەخشین کەم ناکات، هەر بەندەیەك لێبوردە و چاوپۆش بێ، ئەوە خوا جگە لە شکۆداری و پایەداری هیچی تری بۆ زیاد ناکات، هەرکەسێك بێ فیز و خۆی بە بچوك بزانێ بۆ خوا، ئەوە خوا هەر بەرز و بەڕێزی دەکات.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەبێتەوە، ئەوەی دەیەوێ مالّ و سامانی زیاد بێ و بەرەکەتدار بێ، با خێر و بەخشین ئەنجام بدات، وە ئەوەی دەیەوێ پایەدارو مەزن بێ لەلای خەڵکی با لێبوردە و چاوپۆشیان لێی بکات، وە ئەوەی دەیەوێ بەرز و بەڕێز بێ با بێ فیز و خۆی بە بچوك بزانێ لەگەڵ خەڵکیدا.

عەلی کوڕی ئەبی تالب (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أَلا أَدُلُّكَ عَلَى أَكْرَمِ أَخْلاقِ الدُّنْيَا وَالاخِرَةِ: أَنْ تَصِلَ مَنْ قَطَعَكَ، وَتُعْطِيَ مَنْ حَرَمَكَ، وَأَنْ تَعْفُوَ عَمَّنْ ظَلَمَكَ)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، ئەی (عەلی) ئایا بەڕێزترین ڕەوشتی دونیا و دوارۆژت پێ ڕابگەینم:

یەکەم: پەیوەندی خزمایەتی بگەینە لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ تۆ پچڕاندووە.

دووەم: ببەخشە بەو کەسەی کە بەتۆی نەبەخشیوە،

سێیەم: لێبوردە و چاوپۆشی لەو کەسانە بکە کە ستەمیان لێکردوویت.

عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ بە پێغەمبەرم (ﷺ) گووت: ئەی پێغەمبەری

(١) رواه مسلم (٢٥٨٨) والترمذي (٢٠٢٩).
(٢) رواه الطبراني، الترغيب والترهيب (٣٦٠٨).

(ﷺ) خوا پێم بڵێ ئەگەر زانیم کامە شەو شەوی پیرۆزە (لیلە القدر)ە، چ دوعایەك بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (قُولِي اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ (كَرِيمٌ) تُحِبُّ العَفْوَ فَاعْفُو عَنِي)[1].

واتا: ئەی عائیشە بڵێ (ئەی پەروەردگار بەڕاستی تۆ لێبوردە و چاو پۆشیکەری (بەخشندەی)، تۆ لێبوردن و چاوپۆشیت خۆشدەوێ، داوات لێ دەکەم لێم ببورە و چاوپۆشیم لێ بکە.

نمونەیەك لە لێبوردەیی و چاو پۆشی پێغەمبەر (ﷺ) : جابر (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوین لە جەنگی (ذات الرقاع) لە گەڕانەوەماندا نیوەڕۆمان بەسەرداهات لە دۆڵێکی پڕ داری دڕکاوی لاماندا بۆ پشودان، بڵاوەمان کرد لەژێر سێبەری دارەکان، پێغەمبەریش(ﷺ) لەژێر سێبەری دارێکی گەورە شێرەکەی هەڵواسی و خەوت و ئێمەش خەوتین، کەسێکی بێباوەڕ شێرەکەی پێغەمبەری(ﷺ) لە دارەکە هێنایە خوارەوە و لەسەر سەری پێغەمبەری ڕاگرت، گووتی: کێ هەیە لەدەستم ڕزگارت بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (اللە) ڕزگارم دەکات، دەڵێ شێرەکەی لەدەستی کەوتە خوار، پێغەمبەر (ﷺ) شێرەکەی دەستدایە و فەرمووی: ئەی تۆ کێ لەدەستم ڕزگارت دەکات، گووتی: تۆ چاکتر و میهرەبانتر بە لە من، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووی: شایەتمان دەهێنی و موسڵمان دەبی، گووتی: نەخێر بەڵام پەیمان بێ جەنگت لەگەڵدا ناکەم و لەگەڵ هیچ هۆزێکدا نابم جەنگت لەگەڵدا بکەن، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی بووری و چاوپۆشی لێ کرد و بەڕێی کرد، پیاوە بێباوەڕەکە کە گەڕایەوە ناو هۆزەکەی گووتی: لەلایەن چاکترین کەس هاتووەوە.[2]

(واقدی) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ ئەم پیاوە موسوڵمان بوو، وە گەڕایەوە ناو هۆزەکەی، لەسەر دەستی ئەو زۆر کەس موسوڵمان بوو.

---

(١) رواه الترمذي (٣٥١٣) وقال هذا حديث حسن صحيح.

(٢) رواه البخاري (٣٩٠٥) ومسلم (٨٤٣) وأحمد(١٤٩٢٩).

لە ئایەتێکدا خوا دەفـەرموێ: ﴿إِن تُبْدُواْ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُواْ عَن سُوٓءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾﴾[1]

واتا: ئەگەر ئێوە کردار و گوفتار و بەخشش و چاکەکانی خۆتان ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە، یان چاوپۆشی لە هەڵە و خراپەکان بکەن، ئەوە بێگومـان خـوا هەمیشـە لێبوردە و لێخۆشبووە و بەدەسەڵاتیشە).

نمونەیەکی تری لێبوردەیی پێغەمبـەر (ﷺ) ، ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خـوای لێبێت) دەڵێ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشـتم عەبایـەکی نـەجرانی لەبـەردا بـوو لێواری عەبایەکە ئەستور بوو، کابرایەکی دەشتەکی گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ) یەخەی پێغەمبەری گرت و بەتوندی بە عەبایەکەی ڕایکێشا، تەمەشای گەردەنی پێغەمبـەرم کرد (ﷺ) شوێنەواری لێواری عەبایەکـەی پێوەبـوو لەبـەر بـەهێزی ڕاکێشـانەکەی، ئینجا کابرا بە پێغەمبەری (ﷺ) گووت، لەو مالّ و سامانەی خوا کە لەلاتـە بەشـم بدە، پێغەمبەر (ﷺ) ئاوڕی لە کابرا دایەوە و لەگەڵیدا پێکـەنی، ئینجـا فەرمانیـدا پێی ببەخشن و بەشی بدەن.[2]

مجاهد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ ڕۆژێکیـان عمـری کـوڕی عبـدالعزیز (ڕەزای خوای لێبێت) پێی گوتم: ئەی مجاهد: خەڵك دەربارەی نەخۆشییەکەی من چـی دەڵـێن، گوتی: دەڵێن جادووی لێکراوە، گوتی وانییە، بانگی خزمەتکارێکی خۆی کـرد، پێـی گوت: چی وای لێکردی ژەهرم دەرخوارد بدەی، گوتی هـەزار دینـار و ئـازاد بکـرێم، عمر گوتی: هەزار دینارەکە بهێنەو بیخەرە (بیت المال) وە پێی گوت برۆ با کەس ئەم ڕووداوە نەزانێت)[3]

(١) سورة النساء، آية (١٤٩).
(٢) رواه البخاري (٣١٤٩) ومسلم (١٠٥٧).
(٣) سيراعلام النبلاء، الإمام الذهبي (٤/ ٤٥٣).

(أبو نعيم) لە (علی کوڕی حسین (زین العابدین) (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)) دەگێڕێتەوە، دەڵێ (علی کوڕی حسین) گوتوبەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا بانگەواز دەکرێت، کامەتان خاوەن چاکە و بەخشندە و پیاوەتین؟ هەندێك لەخەڵکی هەڵدەستن پێیان دەڵێن بڕۆن بۆ بەهەشت، فریشتەکان پێیان دەڵێن بۆ کوێ دەچن، دەڵێن بۆ بەهەشت، پێیان دەڵێن پێش دەستپێکردنی لێ پێچینەوە و حیساب؟ دەڵێن بەڵێ پێیان دەڵێن ئێوە کێن؟ دەڵێن ئێمە خاوەن چاکە و بەخشندە و پیاوەتین، پێیان دەڵێن چاکە و پیاوەتیتان چی بوو؟ دەڵێن ئەگەر نەزان و نەفامان شتێکی ناڕەوایان لەگەڵ کردباین لەگەڵیان هێمن دەبووین، ئەگەر ستەمان لێ کرابا ناڕامان دەگرت، ئەگەر خراپەمان لەگەڵ کرابا لێبوردە و چاوپۆشیمان لێ دەکردن،پێیان دەڵێن بڕۆنە بەهەشت، باشترین پاداشتە بۆ ئێوەو ئەوانەی کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە.(١)

(عبدالله ی کوڕی مسعود) (ڕەزای خوای لێبێت)چوو بۆ بازار بۆ ئەوەی خواردن بکرێت، خواردن و پێویستییەکانی کڕی ویستی پارە بداتە فرۆشیارەکە، دەبینێ پارەکەی نەماوە، لێیان دزیوە، خەڵکی بازار دووعایان لە کابرای دز دەکرد، خوایە دەستی دزەکە ببڕی و ئاوا و ئاوای بەسەربێ، (عبدالله ی کوڕی مسعودیش) (ڕەزای خوای لێبێت) گوتی: خوایە ئەگەر ئەم دزییەی لەبەر هەژاری و پێویستی کردووە خوایە بەرەکەت بخەیە پارەکە بۆی، وە ئەگەر ئەم دزیەی لەبەر نەترسانی لە گوناح و سزا کردووە، خوایە ئەم دزیەی بکەیە دوا گوناحی.(٢)

ئەگەر سەرنجی ژیانی پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بدەین ئەم هەموو ستەمەی لێکراوە، هەر لە منداڵییەوە لەلایەن برایەکانیەوە، ئینجا خستیانە ناو بیرێکی قوڵ و بەجێیان هێشت، پاشان فرۆشتیانە کاروانچییەکان بە پارەیەکی کەم، گوتیان بەندەی ئێمەیە، ئینجا ستەم و بوختانی زوڵەیخا بۆی، وە بەندکردنی لە

(١) موسوعة الاخلاق الاسلامية، لسعد يوسف (٢/ ٤٠٣).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ١٩٦).

بەندینخانە بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەبێ تاوانی، پاشان لە برایەکانی بوری و چاوپۆشی لێکردن و چاکەی لەگەڵ کردن، لە زولەیخاش چاوپۆشی کرد، بەهۆی ئەم سیفەتە بەرزانە خوا بەرز و بەڕێزی کرد و کردییە پێغەمبەر و گەورە و دەسەڵاتداری وڵاتی (میسر).

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

ئەگەر ئێمەش دەمانەوێ لەلای خوا و خەڵك خۆشەویست و ڕێزدار بین، با لێبوردە بین، چونکە لەم ڕۆژگارەدا زۆر پێویستمان بەم ڕەوشتە هەیە، هەروەك چۆن نەخۆش پێویستی بەدەرمان هەیە.

بەزەیی- میهرەبانی
(الرحمة)

بەزەیی: واتا ویستنی گەیاندنی خێر و چاکەیە [1].

(فیروز ئابادی) دەڵێ: بەزەیی هۆکاری گەیاندنە لە نێوان خوا و بەندەکانی، وە بەبەزەیی خوا پێغەمبەرانی بۆ خەڵك ناردوون، وە کتێبەکانی بۆ ناردونە خوارەوە، وە بە بەزەیی ڕێنمایی کردوون، وە بە بەزەیی دەیانخاتە بەهەشت، وە بە بەزەیی ڕزق و ڕۆزیان دەدات و دەیانپارێزێت.[2]

لەبەر گەورەیی میهرەبانی، یەکەم ئایەت لە قورئانی پیرۆز بە ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١﴾ [3]

دەست پێدەکات، کە دوو ناون لە ناوە پیرۆزەکانی خوا، **واتا:** بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان).

خوا وەسفی خۆی دەکا بەبەزەیی و میهرەبانی، ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾ [4]

---

(١) التعريفات، للجرجاني (١١٠)
(٢) بصائرذوي التميز، للفيروزآبادي (٣/٥٥).
(٣) سورة الفاتحة، آية (١).
(٤) سورة أنعام، آية (٥٤).

واتا: خوای پەروەردگار لەسەر خۆی فەرزکردووە کە بەڕەحم و بەزەیی بێت لەگەڵتان.

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾﴾ [1]

واتا: بەڕاستی خوا بۆ خەڵکی زۆر بە سۆز و بە بەزەیی و میهرەبانە.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ [2]

واتا: بەزەیی و میهرەبانیم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئەوەندە زۆرە بەزەیم بەشی هەموو شتێك دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لَمَّا خَلَقَ اللهُ الْخَلْقَ كَتَبَ فِي كِتَابِهِ- فَهُوَ عِنْدَهُ فَوْقَ الْعَرْشِ- إِنَّ رَحْمَتِي تَغْلُبُ غَضَبِي) [3].

واتا: کاتێك خوا دروستکراوەکانی دروست کرد، لە (لوح المحفوظ) دا نوسی کە لەلای خۆیەتی لەسەر عەرش، بێگومان ڕەحم و بەزەییم زاڵە بەسەر تووڕەییم.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ اللهَ خَلَقَ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ مِائَةُ رَحْمَةٍ، كُلُّ رَحْمَةٍ طِبَاقَ مَابَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، فَجَعَلَ مِنْهَا فِي الأَرْضِ رَحْمَةً، فَبِهَا تَعْطِفُ الْوالِدَةُ عَلَى وَلَدِهَا، وَالْوُحُوشُ وَالطَّيْرُ بَعْضُهَا عَلَى بَعْضٍ، فَإِذَا كَانَ يَوْمَ القِيَامَةِ أَكْمَلَهَا بِهَذِهِ الرَّحْمَةِ) [4]

واتا: بێگومان خوا کە ئاسمان و زەوی دروستکرد سەد ڕەحم و بەزەیشی دروستکرد، هەر ڕەحمێك نێوانیانی وەکو نێوانی زەوی و ئاسمانە، خوا یەك ڕەحمی ناردووە بۆ سەر زەوی، بەم یەك ڕەحمەی خوا دایکەکان بەزەییان بە منداڵەکانیاندا

---

(١) سورة البقرة، آية (١٤٣).

(٢) سورة الاعراف، آية (١٥٦).

(٣) رواه البخاري (٣١٩٤) ومسلم-(٢٧٥١).

(٤) رواه مسلم (٢٧٥٣)

دێتەوە، وە هەموو گیانلەبەران و درندە و باڵندەکان بەم بەزەییە ڕەحم بەیەکتری دەکەن، وە نەود و نۆ ڕەحمی هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی دوایی، لەگەڵ یەك ڕەحمی دونیا سەد ڕەحمەکە تەواو دەکات، بەهەر سەد ڕەحمەکە خوا ڕەحم و بەزەیی بەئیمانداران دەکات.

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ (١)

واتا: بەڕاستی ڕەحمەت و بەزەیی خوا نزیکە لە چاکەکاران و چاکە خوازان.

وە خوا وەسفی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات بەڕەحمەت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ (٢)

واتا: ئەی محمد (ﷺ) ئێمە هەر بۆیە تۆمان ڕەوانە کردووە کە ببیتە ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ هەموو جیهانەکان، (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری و.....هتد)

لەئایەتێکی تردا دەربارەی پێغەمبەر (ﷺ) خوا دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ (٣)

واتا: ئەی خەڵکینە سوێند بە خوا پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان و چاك دەیناسن، هەر ناڕەحەتیەکتان توش بێت زۆر سەختە لەلای و سەخڵەت دەبێ، وە زۆریش سورە لەسەر بڕوا هێنانتان، وە بەرامبەر بڕوادارانزۆر دڵسۆز و بە بەزەیی و دلۆڤانە).

---

(١) سورة الاعراف، آية (٥٦).
(٢) سورة الأنبياء، آية (١٠٧).
(٣) سورة التوبة، آية (١٢٨).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێ (مَنْ لا يَرْحَمُ النَّاسَ، لا يَرْحَمهُ اللّه)[1].

واتا: هەر کەسێك بەڕەحم و بە بەزەیی نەبێ لەگەڵ خەڵکیدا، خواش ڕەحم و بەزەیی پێی ناکات.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێ (لاتُنْزَعُ الرَّحْمَةُ إلاَّمِنْ شَقِيٍّ)[2].

واتا: ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی لە دڵ و دەروونی کەسدا لانابرێت، تەنها لەو کەسانەی گومڕا و شەڕانگێزن.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی ڕەحم و بەزەیی نەبێت ئیمانی تەواو نییە و کەسێکی گومڕا و نەزان و دڵڕەق و بێ وێژدانە، چونکە ڕەحم و بەزەیی بەشێکە لە ئیمان.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە (لَنْ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَرَاحَمُوا)[3].

واتا: ئێوە نابنە ئیماندارێکی تەواو هەتا ڕەحم و بەزەیی بەیەکتری دەکەن.

ڕەحم و بەزەیی خوا بۆ هەموو کەسێك لە دونیادا، موسڵمان بێت یان موسڵمان نەبێ، ئەمەش هەموو کەس دەیبینێ، زۆر لە خەڵکی باوەڕ بەخوا ناهێنن و هاوبەشی بۆ دادەنێن و جۆرەها گوناح و تاوان ئەنجام دەدەن و دژایەتی خوا و شەریعەتەکەی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خوا ڕزق و ڕۆزی و تەندروستی و منداڵ و دەسەڵات و هێزیان دەداتێ، چونکە دونیا لەلای خوا نرخی کەمە دەیداتە هەموو کەس، بۆیە ئەگەر خوا ڕزق و ڕۆزی و مااڵ و سامان و دەسەڵاتی لەکەس قەدەغە بکردایە، ئەوە (فیرعەون و هامان و قارون و هاوشێوەیان)ی بێ بەش دەکرد.

---

(١) رواه الترمذي (١٩٢٢) والبخاري (٧٣٧٦) ومسلم (٢٣١٩).
(٢) رواه الترمذي (١٩٢٣) وأبوداود (٤٩٤٢).
(٣) رواه الحاكم(٧٤١٨) والطبراني، حسن لغيره.

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا ﴾[1]

واتا: هەموو گیانلەبەرێکی ئەم زەوییە ژیان و ڕزق و ڕۆزیان لەسەر خوایە) بەڵام لە ڕۆژی دوایدا ڕەحم و بەزەیی خوا تایبەتە بە ئیمانداران و موسڵمانان، بێ باوەڕان ناگرێتەوە : ﴿ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴾[2]

واتا: بێ باوەڕان کەمێك ماوەیان دەدەین لەدونیادا تا تاوێك ڕابوێرن، پاشان ناچاریان دەکەین کە بچنە ناو سزایەکی توند و سەختەوە لەڕۆژی قیامەتدا.

با هەموومان بە ئاگا بێینەوە بۆ خۆشیەیکی کەمی دونیا خۆشیەکانی بەهەشت لە دەست نەدەین.

با سەرنجی ڕەحم و بەزەیی خوا بدەین بۆ هەموو خەڵکی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە هەموو جۆرە گوناح و تاوانێکیان ئەنجام داوە، با بزانین خوا چیان پێی دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾[3]

واتا: ئەی محمد (ﷺ) بە بەندەکانی من بڵێ، خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانی من ئەی ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە و زیادە ڕەویتان کردووە لە گوناه کردن، ئێوە نائومێد مەبن لە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا، چونکە ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لەهەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بەسۆز و میهرەبانیشە).

---

(١) سورة هود، آية (٦).
(٢) سورة لقمان، آية (٢٤).
(٣) سورة الزمر، آية (٥٣).

(عبدالله کوڕی مسعود) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ لەهەموو ئایەتەکانی قورئان زیاتر دڵخۆشتر بێ، ئەم ئایەتەیە:

(يَاعِبادِيَ الَّذِينَ أَسرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لاَ تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ)[1]

(عبدالله)ی کوڕی عباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ هەر کەسێك خەڵکی نائومێد بکات لە تەوبەکردن لە پاش دابەزینی ئەم ئایەتە: (قُلْ يَا عِبادِيَ الَّذِينَ أَسرفُوا.....) .

واتا: (ئەوە ئینکاری قورئان دەکات و باوەڕی پێ نییە) [2]

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ أَخْطَأْتُمْ حَتى تَمْلأَ خَطَايَاكُمْ مَا بَيْنَ السَّماءِ وَالاَرْضِ ثُمَ اسْتَغْفَرْ تم اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَغَفَرَ لَكُمْ)[3]

واتا: سوێند بەوەی گیانی (محمد)ی (ﷺ) بەدەستە ئەگەر گوناهو هەڵەتان ئەوەندە زۆر بێت نێوان ئاسمان و زەوی پڕ بکات، پاشان تۆبەیەکی ڕاست و دروست بکەن و داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن، خوا لێتان دەبوورێت و لێتان خۆش دەبێت.

(الطِّيبي) (ڕەحمەتی خوای لێبێت): دەڵێ: ئەم فەرموودەیە ڕێخۆشکەر نییە بۆ ئەوانەی خەریکی گوناهو ڕابواردنن، هەروەکو ئەوانەی بێ ئاگان لە خوا بەم خەیاڵانە بیر دەکەنەوە، بەڵکو ئەم فەرموودەیە بۆ ڕوونکردنەوەی لێبوردن و لێخۆشبوون و چاوپۆشی خوایە بۆ گوناهباران، بۆ ئەوەی حەز بکەن تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە[4].

نمونەیەکی تری بەزەیی و ڕەحمی پێغەمبەر (ﷺ) ، ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ)

---

(١) تفسير ابن كثير، لابن كثير (٤/ ٧٦).
(٢) تفسير ابن كثير، لابن كثير (٤/ ٧٦)
(٣) رواه أحمد في مسنده (٣/ ٢٣٨).
(٤) قول الطيبي في شرحه علي مشكاة المصابيح (٦/ ١٨٤٠).

چووە ناو باخێکی دار خورمای پیاوێکی ئەنساری، لەناو باخەکە وشترێکی لێبوو، وشترەکە کە چاوی بە پێغەمبەر (ﷺ) کەوت گریا و فرمێسک لەچاوەکانی هاتنە خوار، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆلای وشترەکە و فرمێسکەکانی سڕیەوە، وشترکە چیتر نەگریا و ساکن بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ خاوەنی ئەم وشترەیە، گەنجێکی ئەنساری هات و گوتی من خاوەنیم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێی فەرموو: ئەوە بۆ لە خوا ناترسی دەربارەی ئەم وشترەی کە خوا خستوتیە ژێر دەستت، وشترەکە شکایەتت لێ دەکا لەلای من کە برسیە و تێری ناکەی و زۆر ماندووی دەکەی لەکار کردندا.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (إِنَّما أَنَا رَحْمَةٌ مُهْداةٌ)[2]

واتا: خوا منی بە ڕەحمەت و میهرەبانی کردۆتە دیاری بۆ هەموو خەڵکی.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بەم وتەیە دێنم (قیامەت هەڵناستێت و دونیا وێران نابێت هەتا ڕەحم و بەزەیی لە دڵەکاندا هەبێت).

واتا: هەتا بەندەکان ڕەحم و بەزەیی بەیەکتردا بکەن، ئەوە خواش ڕەحمیان پێ دەکات و دونیایان بۆ فەراهەم دەکات.

(١) رواه ابوداود (٢٥٤٩) وأحمد (١٧٤٥) والحاكم (٢٤٨٥).
(٢) رواه الحاكم (١٠٠) والدارمي (١٧) وصححه الالباني.

بێ فیزی- خۆ بە بچوک زان (التواضع)

بێ فیزی: ئەوەیە (ڕازیبوونی مرۆڤ بە پلە و پایەك نزمتربێت لەوەی کە شایەنیەتی هەیبێت)[1]

پرسیار کرا لە (فضیل ی کوڕی عیاض) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەربارەی بێ فیزی گوتیَ: بێ فێزی ئەوەیە ملکەچی حەق بێت، وەحەق قەبول بکەی هەر کەسێك بیلێت.[2]

بێ فیزی سیفەتێکی خۆشەویستە لەلای خوا و خەڵك، دەبێتە مایەی بەرزی و بەڕێزی لە دونیا و دواڕۆژدا.

(جوریری کوڕی عبدالله) دەڵێ (سلمانی فارسی) (ڕەزای خوایان لێبێت) پێی گوتم: (ئەی جورەیر خۆ بەکەم زان و بێ فیز بە بۆ خوا، هەر موسڵمانێك بێ فیز بێ بۆ خوا لە دونیا، خوا پلە و پایەی بەرز دەکات لە دوا ڕۆژدا.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَازَادَ الله عَبْداً بِعَفْوٍ إلاَّ عِزًّا، وَمَاتَواضَعَ أَحَدٌ لله إلاَّ رَفَعَهُ الله)[4].

.واتا مالّ و سامان بەخێر و بەخشین کەم ناکات، بەڵکو زیاد دەکات و بەرەکەتی دەبێت، هەر کەسێك لێبوردەبێت و چاوپۆشی لەخەڵکی بکات شکۆدار و پایەدار دەبێ، هەرکەسێك بێ فیز و خۆ بەکەم زانبێ خوا بەرز و بەڕێزی دەکات لە دونیا و دواڕۆژدا.

---

(١) الذريعة الي مكارم الشريعة، لراغب الاصفهاني- (٢١٣).
(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٢/ ٣٢٩).
(٣) الزهد- لوكيع بن الجراح (٢/ ٤٦٦) ورجاله ثقات.
(٤) رواه مسلم (٢٥٨٨).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەمرووێ: (إِنَّ اللهَ أَوْحِی إِلَیَّ أَنْ تَوَاضَعُوا، حَتَی لاَیَفْخَرَ أَحَدُ عَلی أَحَدٍ، ولا یَبْغِ أَحَدٌ عَلی أَحَدٍ)[1]

واتا: بەڕاستی خوا وەحی و سروشی بۆ کردم کە بێ فیز و خۆ بەکەم زان بن، بۆ ئەوەی کەس شانازی بەسەر کەسدا نەکات، وە کەس ستەم و دەست درێژی بەسەر کەسدا نەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێ (أَنَا سَیِّدُ وَلَد آدَمَ وَلاَفَخْرَ)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێ (من گەورەی هەموو نەوەکانی ئادەمم، بەبێ شانازی بەخۆکردن و خۆ هەڵکێشان).

پێغەمبەر (ﷺ) گەورە و پێشەوای هەموو پێغەمبەران و مرۆڤەکانە لە دونیا و دواڕۆژدا.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموویێ (مَنْ مَاتَ وَهُوَ بَرِیئٌ مِنْ ثَلاثٍ: الکِبْرِ وَالْغُلُولِ وَالدَّیْنِ، دَخَلَ الجَنَّةَ)[3]

واتا: هەر موسڵمانێك بمرێ و ئەم سێ ڕەوشت و ڕەفتارەی تێدا نەبوو بێت دەچێتە بەهەشت:

یەکەم: خۆ بەگەورە زان و لووت بەرزی.

دووەم: خیانەت و ناپاکی.

سێیەم: قەرزاری خەڵکی.

لەم فەرموودەیە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە کە خۆمان لەم سێ سیفەتە و ڕەفتارە خراپانە بپارێزین، کە هۆکارن بۆ نەچونە بەهەشت.

---

(١) رواه مسلم (٢٨٦٥).
(٢) رواه ابن ماجه (٣٤٩٦) وصححه الالباني.
(٣) رواه الترمذي (١٥٧٢) وصححه الالباني.

خـوا دەفـەرمووێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾ (١)

واتا: بەندە ڕاستەکانی خوای میهرەبان ئەوانەن کە زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆ و بێ فیز بەسەر زەویدا دەڕۆن، کاتێکیش نەزان و نەفامان بەقسە و قسەلۆکی ناخۆش و ناشرین بەرەنگاریان دەبنەوە، لە وەڵامیاندا. دەڵێن: سڵاو (ڕەوشت بەرزی خۆیان دەنوێنن).

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەندە چاك و ڕاستەکانی خوا دەبێ نەرم و نیان و لەسەرخۆ و بێ فیز و ئارامگرین، ئەگەر کەسانی نەزان و نەفام بەقسەی ناشرین بەرەنگاریان بوونەوە، دەبێت ئەوان بە قسەی جوان و چاك و شیرین وەڵامیان بدەنەوە.

لەم ئایەتێکی تردا خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ ﴾ (٢)

واتا: ئەی محمد (ﷺ) باڵی میهرەبانی خۆت نەوی بکە بۆ ئەو باوەڕدارنەی کە شوێنت کەوتوون. (لەگەڵیان بێ فیز و سادە و بە بەزەیی و ڕووخۆش بە).

شاعیر دەڵێ:

وَلا تَمْشِ فَوْقَ الأرضِ إلاَّتواضُعاً
فَكَمْ تَحْتَها قَومٌ هُمْ مِنْكَ أَرْفَعُ
فَإِنْ كُنْتَ فِي عِزٍّ وَ خَيْرٍ وَمَنْعَةٍ
فَكَمْ مَاتَ مِن قَوْمٍ هُمْ مِنْكَ أَمْنَعُ (٣)

---

(١) سورة الفرقان، آية (٦٣).
(٢) سورة الشعراء، آية (٢١٥).
(٣) رواه ابن حبان، في روضة العقلاء (٦٢)، عن الشاعر منصور بن محمد الكريزي.

واتا:

بەسەر زەویدا مەڕۆ تەنها بێ فیز و خۆ بەکەم زان بە.
چەندەها کەس لە ژێر زەویدایە لە تۆ پلە و پایەی بەرز تر بوو.
ئەگەر خاوەن خێر و چاکە و هێز و توانا و دەسەلآت بووی.
چەندەها کەس مردن لە تۆ زیاتر خاوەن هێز و دەسەلآت بوون.

قال أبوبكر الصديق (رضي الله عنة)) (وَجَدنا الكَرَمَ في التَّقوَى، والغِنى فِي اليقين، والشَّرَفَ فِي التَّواضُع)[1]

(أبوبکر) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ (پیاوەتی و بەخشندەیان لە خوا پەرستی و پارێزکاریدا دۆزیەوە، دەوڵەمەندی لە دڵنیایی بەخوا، وەشکۆمەندی و پایەداری لە بێ فیزی و خۆبەکەم زانیندا.

نمونەیەك لەسەر سادەیی و بێ فیزی پێغەمبەر (ﷺ) (عمری کوڕی خطاب) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ، پێغەمبەرم (ﷺ) دیت خەوتبوو لەسەر حەسیرێك، کە خۆی خستە سەر تەنیشتەکەی تری، لەبەر ڕەقی حەسیرەکە، شوێنەواری حەسیرەکە بەلاشەی موبارەکی پێغەمبەر(ﷺ) دیار بوو، بۆیە گریام، کە پێغەمبەر (ﷺ) بەخەبەر هات فەرمووی ئەوە بۆ دەگری ئەی عومەر، گوتم، کیسرا و قەیسەر لە چ ناز و نیعمەت و خۆشیدان تۆش پێغەمبەری خوای لەم ژیانە ناخۆشەدایت، فەرمووی (ئایا ڕازی نابیت خۆشیەکانی دونیا بۆ ئەوان بێت و خۆشیەکانی دواڕۆژیش بۆ ئێمە بێت.[2]

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ٣٤٣).
(٢) رواه البخاري (٤٩١٣).

عبدالله ی کوڕی عباس (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێ (كَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يَجْلِسُ عَلَى الارْضِ، وَيَأ كُلُ عَلَى الارْضِ، وَيَعْتَقِلُ الشَّاةَ، وَيُجيبُ دَعْوَةَ الْمَمْلُوكِ عَلَى خُبْزِ الشَّعِيرِ) [1]

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر زەوی دادەنیشت، لەسەر زەوی خواردنی دەخوارد، مەڕی دەدۆشی، وەڵامی دەعوەتی بەندە هەژارەکانی دەدایەوە بۆ خواردنی نانی جۆ لەگەڵیاندا.

تەماشای بێ فیزی و سادەیی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن لەسەر زەوی دادەنیشت بەبێ ڕایەخ، لە سەر زەوی خواردنی دەخوارد بەبێ مێز و کورسی، مەڕی دەدۆشی و جلەکانی و نەعلەکانی خۆی دەدوریەوە، هاوکاری خێزانەکانی دەکرد لە ئیش و کاری ماڵەوە، دەچوو بۆ دەعوەتی بەندە هەژارەکان و نانی جۆی لەگەڵدا دەخواردن و دڵی خۆش دەکردن، کێ هەیە ئاوا بێ فیز و سادە بێت.

(عوقبەی کوڕی عەمر) (ڕەزای خوای لێبێت)دەڵێ (پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ، پێغەمبەریش قسەی لەگەڵ دەکرد، پیاوەکە لە ترس و سامی پێغەمبەر (ﷺ) گیانی دەلەرزی، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو، ئارام و لەسەرخۆبە مەترسە، من پاشا و ستەمکار نیم، بەڵکو من کوڕی ئافرەتێکم کە گۆشتی وشکراوەی بەر ڕۆژمان دەخوارد.[2]

تقول عائشة رضي الله عنها: (اِنَّكُمْ لَتَّغْفِلُونَ أَفْضَلَ الْعِبَادَةِ التَّوَاضُعَ)[3]

واتا: عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ (ئێوە بێ ئاگان لە باشترین خوا پەرستی" کە بێ فیزی و خۆ بەکەم زانینە.

---

(١) رواه الطبراني في الكبير (١٢٤٩٤) وصححه الالباني.
(٢) رواه ابن ماجه (٣٣١٢) وصححه الالباني.
(٣) رواه أحمد في الزهد (٣٠٤) والزهد لابن مبارك (١/١٣٢).

ڕۆژێکیان (عومەری کوڕی خەتاب) (ڕەزای خوای لێبێت) لەگەڵ چەند کەسێك دەڕۆیشتن لەو کاتەی کە خەلیفە بوو، لە ڕێگادا گەیشتنە ئافرەتێك، ئافرەتەکە (عومەر)ی ڕاگرت ماوەیەکی زۆر و ئامۆژگاری کرد، پێی گوت، ئەی (عومەر) جاران پێیان دەگوتی (عومەرۆکە) کاتێ منداڵبووی، پاشان پێیان دەگوتی (عومەر)، پاشان پێیان گوتی (ئەمیری ئیمانداران)، لەخوا بترسە و پارێزکاربە، بەڕاستی هەرکەسێك دڵنیابێ لە مردن، خوا پەرست دەبێت و کات بەفیڕۆ نادات، هەرکەسێك دڵنیا بێ لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ ئەوە لە سزای خوا دەترسێ، (عومەر)یش ڕاوەستاوە گوێی لە قسەکانی گرتووە، گوتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران پێویست دەکات ئەم هەموو کاتە ڕابوەستێ بۆ ئەم پیرەژنە، گوتی: وەڵاهی ئەگەر ڕامبگرێت لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە ئەوە لە دیاری ڕادەوەستم، تەنها بۆ نوێژە فەرزەکان نەبێت، ئایا دەزانن ئەو پیرەژنە کێیە؟ ئەوە (خەولەی کچی سەعلەبەیە) (ڕەزای خوای لێبێت) خوا گوێی بۆ قسەکانی گرت لەسەر هەر حەوت ئاسمانەکان هەروەك لەسەرەتای سورەتی (المجادلة) باسی ئەم بەسەرهاتە دەکات، ئایا خوای هەموو جیهانیان گوێی بۆ بگرێت (عومەر) گوێی بۆ نەگریت.[1]

دەگێڕنەوە شەوێك خەلیفە (عمر کوڕی عبدالعزیز) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) میوانێکی هات، چراکەی خەریك بوو دەکوژایەوە لە بەر زەیتی، میوانەکە گوتی: دەچم زەیتی تێدەکەم، عومەر گوتی: پیاوەتی ئەوە نییە خاوەن ماڵ بە میوان ئیش بکات، گوتی خزمەتکارەکە بەخەبەر دێنم، عومەر گوتی لێی گەڕێ تازە خەوی لێکەوتووە با لەخەو هەڵنەستێ، عومەر بەخۆی چوو زەیتی تێکرد، میوانەکە گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران بەخۆت هەستای ئیشەکەت کرد، عومەر گوتی: چووم بۆ ئیشەکە عومەر بووم کە گەڕامەوەش هەر عومەر بووم، باشترین کەس لەلای خوا خۆ بەکەم زانەکانن.[2]

---

(١) تفسير الجامع لأحكام القرآن ، للقرطبي (٩/ ٢٢٣)، بداية سورة المجادلة.
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ٣٥٥).

جارێکیان قازی (یحیی کوڕی أکثم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) میوانی خەلیفە (مأمون) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بوو، (مأمونی) خەلیفە، بەخۆی ئاوی بۆ قازی (یحیی) هێنا و خزمەتی دەکرد، بانگی کەسی نەکرد بۆ خزمەتکردنیان، قازی (یحیی) سەری سوڕما لە خەلیفە (مأمون) گوتی: چۆن دەبێ من دابنیشم و خەلیفەش خزمەتم بکات، (مأمون) گوتی: پێت سەیر نەبێت میوان ڕێزداره، گەورەی موسڵمانان دەبێ خزمەتکاری موسڵمانان بێت.[1]

شاعیر دەڵێ:

تواضع تكن كالنجم لاح لناظر
على صفحات الماء وهو رفيع
ولا تكن كالدخان يعلو بنفسهِ
على طبقات الجو وهو وضيع.

واتا:

بێ فیز بە وەکو ئەستێرە دەدرەوشێیەوە بۆ بینەر
لەسەر ڕووی ئاودا دەبینرێ بەڵام ئەستێرە شوێنی زۆر بەرزە.
وەکو دووکەڵ مەبە. خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان
بەڵام شوێنی دووکەڵ هەر خوارەوە و سوك و نزمیە

(ثابت کوڕی أسلم) دەڵێ (سلمانی فارسی) (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەمیری شاری (المدائن) بوو، دەڵێ پیاوێکی بازرگان خەڵکی ولاتی شام بوو، هاتبوو بۆ (مدائن) بارێکی زۆری (کای) ئاژەڵانی هێنابوو، (سلمانی فارسی) دیت بانگی کرد و پێی

(١) سلسلة أعلام المسلمين، صادرة عن دارالقلم بدمشق (٤٥).

گوت: ئەم فەردە (کایانەم) بۆ بگوازەوە، سەلمانیش فەردەکانی بە کۆڵی دا دەدا و دەیگواستەوە، بازرگانەکە نەی دەزانی ئەمە (سەلمانی فارسیە) و ئەمیری ئەم شارەیە، خەڵك کە (سەلمانیان) دێت گوتیان: ئەوە چۆن دەبێ ئەمیری شارەکەمان ئەم کارە بکات، بازرگانەکە داوای لێبوردنی لە سەلمان کرد و گوتی: نەمزانی تۆی بمبورە فەردەکە دابنێ، سەلمان گوتی: داینانێم هەتا ئەو شوێنەی دەتەوێت.(١)

با تەماشای بێ فیزی و خۆ بەکەم زانین و سادەیی پێغەمبەر(ﷺ) و ئەسحاب و پیاوچاکان بکەین و پەندیان لێی وەربگرین، با ئێمەش وەك ئەوان بێن بۆ ئەوەی وەك ئەوان بەرز و بەڕێز و خۆشەویست بین لەلای خوا و لەلای خەڵك.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە:

بە وتەی (سلێمان التیمی) دێنم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) پرسیار لە (سلێمان التیمی) کرا، ئەو گوناحە کامەیە ئەگەر هەر چاکەیەك بکەی لەگەڵ ئەو گوناحەدا سودت پێ ناگەێنێ، گوتی خۆ بەزل زانین و فیزکردنە.(٢)

واتا: هەر چەندی چاکە بکەی بەڵام ئەگەر کەسێکی خۆ بەزل زان و بە فیز و لووت بەرز بیت، ئەوا ئەم چاکانەت هیچ سودت پێ ناگەێنن.

---

(١) الطبقات الكبرى، لابن سعد (٤/٨٨).

(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ٢٤٥).

شەرم- ئابڕوو
(الحياء)

شەرم:- ئابڕوو: خوو ڕەوشتێکی هاندرە بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو کردەوە و گوفتارێکی ناشرین و نابەجێ، وە قەدەغەکەرە لە کەمتەرخەمی کردن بەرامبەر مافی خاون ماف.[1]

ئیبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ (ڕەوشتی شەرم لە چاکترین و گەورەترین و بەڕێزترین ڕەوشتە جوانەکانە، لەهەموو ڕەوشتەکان زیاتر سودی هەیە، تایبەتمەندە بە مرۆڤ، هەرکەسێك شەرمی نەبوو ئەوە تەنها بە وێنە و ڕواڵەت مرۆڤە، هیچ خێر و چاکەی پێی وە نییە.[2]

بەسە بۆ پلە و پایە شەرم و حەیا کە سیفەتێکی خوای گەورەیە وەکو لە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە:

(إِنَّ اللهَ حَيِيٌّ كَرِيمٌ يَسْتَحْيِي إِذَا رَفَعَ الرَّجُلُ إِلَيْهِ يَدَيْهِ أَنْ يَرُدَّهُمَا صِفْراً خَائِبَتَيْنِ)[3]

واتا: بەڕاستی خوا زۆر بە شەرمە (شەرمێك کە شایەنی خوا بێت، شێوە و چۆنیەتی ئەم شەرمە نازانین، بەڵام ئیمانمان پێی هەیە) وە زۆر بەخشندەیە، شەرم دەکات کەسێك داوای لێ بکات و دەستەکانی بەرز بکاتەوە بۆ داواکارێك بە بەتاڵی و نائومێدی بیان گەڕێنێتەوە.

---

(١) فتح الباري، لابن حجرالعسقلاني (١/ ٧٣).

(٢) مفتاح دارالسعادة، لابن القيم الجوزية (٢٢٧).

(٣) رواه الترمذي (٣٥٥٦) وابوداود (١٤٨٨) وابن ماجه (٣٨٦٥).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ حَيِيٌّ سَتِيرٌ يُحِبُّ الْحَيَاءَ والسَّتْرَ فَإِذَا اَغْتَسَلَ أَحَدكُمْ فَلْيَسْتَتِرْ)[1]

واتا: بەڕاستی خوا زۆر بەشەرم و داپۆشەرە، خوا بەندەی بە شەرم و ئەوانەی عەیب و عاری خۆیان و خەڵکی دەشارنەوە خۆش دەوێ، هەرکەسێکتان ویستی خۆی بشوات با لاشەی خۆی لەخەڵکی بشارێتەوە، لەبەر چاوی خەڵك خۆی ڕووت نەکاتەوە بەبێ پەردە.

لەبەر گەورەیی شەرم و حەیا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ لِكُلِّ دِينٍ خُلُقاً، وَإِنَّ خُلُقَ الإِسْلامِ الْحَيَاءُ)[2]

واتا: بێگومان هەموو ئایینێك بە خوو ڕەوشتێك تایبەتمەندە، ئایینی ئیسلام بەشەرم و حەیا تایبەتمەندە، زۆربەی موسڵمانە ڕاستەقینەکان بەشەرم و ئابڕوون.

پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری هاوەڵەکان و ئومەتەکەی دەکات و دەفەرموێ: (اسْتَحْيُوا مِنَ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ، قَالَ قُلْنَا، يَارَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّا نَسْتَحيي وَالْحَمدُ للهِ، قَالَ لَيْسَ ذَاكَ، وَلَكِنَّ الاسْتِحْيَاءَ مِنَ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ أَنْ تَحْفَظَ الرَّأْسَ وَمَا وَعَى، وَالبَطْنَ وَمَا حَوَى، وَتَتَذَكَّرِ الْمَوتَ وَالْبِلَى، وَمَنْ أَرادَ الاخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدُّنْيَا، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ اسْتَحْيَا، يَعني: مِنَ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ)[3]

واتا: شەرم لە خوا بکەن، بەشێوەیەکی وا کە ئەم شەرمە شایستەی زاتی خوای پەروەردگارییت، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە هەموومان شەرم لە خوا دەکەین سوپاس بۆ خوا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەم شەرم کردنەی ئێوە جیاوازە لەو شەرم کردنەی من مەبەستمە، بەڵکو شەرم کردن لە خوا کە شایستەی

(١) رواه أحمد (١٧٩٧٠) وأبوداود (٤٠١٢) والنسائي (٤٠٦) وصححه النووي، في خلاصة الاحكام (٥١٤)، وصححه الالباني..

(٢) رواه ابن ماجه (٤١٨١)، وحسنه الألباني.

(٣) رواه الترمذي (٢٤٥٨) واحمد (٣٦٦٢).

خوابێت ئەوەیە: سەرت بپاریزی و بەکاری نەهێنی بۆ غەیری خوا، ئەوەی سەر لە خۆی دەگرێت لە (عەقل و زمان و گوێ و چاو)، ئەمانە گوناحیان پێ ئەنجام نەدەی، سك و ورگت بپارێزی لە هەموو خواردنێکی حەرام، ئەو ئەندامانەی بەسکتەوەن، لە (عەورەت و قاچ و دەست و دڵ و گەدە)، بەم ئەندامانە گوناح نەکەی، مردنت هەموو کات لەبیربێت، وەبزانە لاشەکەت دەڕزێت و دەبێتەوە خۆڵ، هەرکەسێك خۆشی و نیعمەتەکانی بەهەشتی بوێت، واز لە ڕازاندنەوەی دونیا دێنێت، هەر کەسێك ئەمانە ئەنجام بدات کە باسمان کرد، ئەوە بەڕاستی شەرمی لە خوا کردوە کە شایستەی زاتی خوای پەروەردگار بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الحَيَاءُ لايَأْتِي إلاّ بِخَيْر)[1]

واتا: شەرم و حەیا تەنها خێر و خۆشی لەگەڵ خۆی دێنێ، شەرم و حەیا جگە لە خێر و بەرەکەت هیچی تر نییە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (الحَيَاءُ وَالإيَمانُ قُرِنَا جَمِيعاً فَإِذَا رُفِعَ أَحَدُهُمَا رُفِعَ الآخَرُ)[2]

واتا: شەرم و ئیمان پەیوەستن پێکەوە لە یەکتر جیا نابنەوە، ئەگەر یەکێکیان بەرز بۆوە، ئەوی تریش بەرز دەبێتەوە، وە ئەگەر یەکێکیان هەبوو، ئەوی تریش هەیە، وە ئەگەر یەکێکایان لاواز بوو، ئەوی تریش لاواز دەبێ، چونکە شەرم و حەیا بەشێکی گرنگن لە ئیمان، واتا شەرم و ئیمان دەبێ پێکەوەبن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ مِمِا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلامِ النبُوَةِ الأُولَى: إِذَا لَمْ تَسْتَحيْي فَاصنَعْ مَا شِئْتَ)[3]

واتا: بەڕاستی ئەوەی بەخەڵکی گەیشتووە لە ووتەکانی پێغەمبەرانی پێش (محمد) (ﷺ) ، ئەگەر شەرم و حەیات نەبوو، حەزت لەچییە بیکە، ئەم قسەیە دوو مانای هەیە:

---

(١) رواه البخاري (٦١١٧) ومسلم (٣٧).

(٢) رواه الحاكم في المستدرك (٢٢/١) والبيهقي في الشعب (١٠/ ١٦٦).

(٣) رواه البخاري (٣٤٨٤) وأبوداود (٤٧٩٦) وابن ماجه (٤١٨٣).

یەکەم: بە مانای هەڕەشەیە، واتا ئەگەر شەرم و حەیات نەبوو چی دەکەی و حەزت لە چییە بیکە، پاشان خوا سزای ئەو کردەوانەت دەداتەوە کە ئەنجامت داون.

دووەم: بەمانای هەواڵ پیدانە، واتا ئەو کەسەی شەرم و حەیای نەبوو هەموو کارێك دەکات، چونکە ئەوەی مرۆڤ قەدەغە دەکات لەکردەوەی ناشرین و نارەوا شەرم و حەیایە.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی شەرم و حەیایی نەبوو هەموو کارێکی خراپ و نارەوای لێی دەوەشێتەوە، واتا ئەوانەی بەشەرم و حەیان لەلای خوا و خەڵك پایەدار و شکۆدارن، وە ئەوانەی بێ شەرم و حەیان بێ ڕێزن لەلای خوا و خەڵك، چ پیاوبن یان ئافرەت.

شەرمو حەیا لە مرۆڤدا سێ جۆرە:

١- شەرم کردنی مرۆڤ لە خوا.

٢- شەرم کردنی مرۆڤ لە خەڵکی.

٣- شەرم کردنی مرۆڤ لە خودی خۆی.

شەرم کردنی مرۆڤ لە خوا، بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خواو وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی دەبێت.

شەرم کردنی مرۆڤ لە خەڵکی، بە ئازار نەدانیان وە نەکردنی کاری نارەوا بەئاشکرا.

شەرم کردن لە خودی خۆت ئەوەیە دەستپاك و داوێن پاك بێت لە نهێنیدا.

هەرکاتێك شەرم و حەیای مرۆڤ لە هەرسێ ڕووە وە تەواو بوو، ئەوە کەسێکی بەخێرە، وە لە هەموو خراپەیەك دوورە، وە بەچاکەکار و ڕەوشت جوان بەناو بانگ دەبێت.[1]

---

(١) أدب الدنيا والدين، لأبي الحسن الماوردي (٣٠٨).

(فضيل كوڕی عياض) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ پێنج شت نیشانەی کەساسی و نەگبەتین لە هەرکەسێکدا هەبن:

١- دڵ ڕەقی. ٢-چاوی بێ گریان. ٣-بێ شەرمی.٤- خۆشەویستی دونیا. ٥- ئومێد و هیوا درێژی بەدونیا.[١]

کەواتا: کەسی ئیماندار و ژیر و هۆشمەند، پێویستە کەسێکی نەرم و نیان و دڵ فراوان و بەبەزەیی بێت، وەناوە ناوە بگرێت لەترسی خوا و فرمێسک بڕێژێ لەپێناوی خوا، هەر خەریکی پێکەنین نەبێ، زۆر شەرم و حەیا و ئەدەبی هەبێ بەرامبەر خوا و خەڵک، خۆشیەکانی دونیا سەرقاڵی نەکات لە خۆشیەکان و نیعمەتەکانی بەهەشت، ئومێد و هیوای درێژی نەبێ بەدونیا چونکە دونیا بۆ کەس نامێنێ و سەرەنجام هەر مردنە.

(عمر كوڕی خطاب) (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ (هەرکەسێك شەرم و حەیایی کەم بی، خواپەرستی و دینداری و خۆ پاراستنی لە گوناح کەم دەبێ، هەرکەسێك خوا پەرستی و دینداری کەم بێ، ئەوە دڵ و دەروونی دەمرێ.[٢]

بابڕوانینە شەرم و حەیای (دایکە عائیشە) (ڕەزای خوای لێبێیت) دەڵێ، کە دەچوومە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) و (ابوبکر)ی باوکم (ڕەزای خوای لێبێت) ، لەو ژورەی تەنیشت ماڵەکەم کە لەوێ بە خاك سپاردرا بوون، هەرجارێك دەچووم بۆ سەردانیان خۆم باڵا پۆشی نەدەکرد،چونکە یەکێکیان هاوسەرم بوو، ئەوەی تر باوکم بوو، بەڵام کاتێك (عمر كوڕی خطاب) (ڕەزای خوای لێبێت) لە تەنیشت ئەوان بەخاك سپێردرا، هەرجارێك دەچووم بۆ سەردانیان خۆم باڵا پۆش دەکرد بە چاکی، لە شەرم و حەیای (عمر كوڕی خطاب) (ڕەزای خوای لێبێت)، چونکە ئەو بێگانە بوو[٣].

---

(١) مدارج الساكين، لابن القيم الجوزية (٢/ ٢٧١).

(٢) رواه البيهقي، في شعب الايمان (٧/ ٥٩).

(٣) رواه أحمد (٢٥١٣٢) والحاكم في المستدرك (٦٣/٣) وصححه.

تەمەشای شەرم و حەیای (دایکە عائیشە) (ڕەزای خوای لێبێت) بکەن، چۆن لەبەر مردوێك لەناو گۆڕدا عەبای دەپۆشی و خۆی باڵا پۆش دەکرد، بەڵام بەشێکی ئافرەتانی ئەم ڕۆژگارە، شەرم و حەیا لە زیندوان و لە مردوان و لە پیران و لە گەنجان و لە خوا و خەڵك ناکەن، بەشێکی جەستەیان ڕووتە، ئەمەش نیشانەی ناحاڵی و لاوازی ئیمان و نزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەتە.

نمونەیەك بۆ ئەو ژن و پیاوانەی بەشەرم و حەیان چۆن خوا دەروی خێریان لێ دەکاتەوە، پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێبێت) کە میسری جێ هێشت و ڕووی کردە شاری (مەدیەن) چووە سەر ئاوی (مەدیەن) خەڵکی بۆ ئاودانی مەڕ و ماڵات دەهاتنە سەری، خەڵکێکی زۆری دیت لەسەر ئاوەکە بوون، دوو ئافرەتیش لە دووری ئاوەکە ماڵاتەکەیان ڕاگرتبوو، موسا (سەلامی خوای لێبێت) پێی گوتن: ئەوە بۆ دوور وەستاون، گوتیان: دەمانەوێ سەر ئاوەکە چۆڵ بێت و شوانەکان بڕۆن ئینجا ئێمە مەڕەکانمان ئاودەدەین، وە باوکمان پیرە و ئێمە بەناچاری ئەم کارە دەکەین، موسا (سەلامی خوای لێبێت) مەردانە مەڕەکانی بۆ ئاودان و بەڕێی کردن، موسا (سەلامی خوای لێبێت) چووە ژێر سێبەری دارێك و گوتی: ئەی خوایە من ئاتاجی هەر خێر و چاکەیەکم بۆم بنێری، کچەکان گەڕانەوە ماڵەوە و بەسەرهاەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، باوکیان بەکچێکی گوت: بڕۆ بانگی ئەم گەنجە مەردە بکە (کچەکە زۆر بەشەرم و حەیا دەڕۆیشت بۆ لای موسا) بە موسای گوت: باوکم داوات دەکات بۆ ئەوەی پاداشتی چاکەکەت بداتەوە، موسا لەگەڵی چوو، باوکی کچەکە پێغەمبەر (شعیب) بوو (سەلامی خوای لێبێت) موسا بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ (شعیب) شعیب گێڕایەوە، پێی گوت مەترسە تۆ لەستەمکاران ڕزگارت بووە، پاشان کچێکی لە موسا مارە کرد بەوشەرتەی هەشت ساڵ شوانەتی مەڕەکانی بۆ بکات، موسا ڕازی بوو، بەهۆی شەرم و حەیا خوا دەرگای خێری لە موسای غەریب و کچە شوانەکەی (شعیب) کردەوە و کردنی بەهاوسەری یەکتری.[1]

(١) تفسيري ڕامان ، لأحمد كاكه محمود، سورة القصص، آية (٢٢- ٢٨).

دەربارەی شەرم و حەیایی عثمان کوڕی عفان (ڕەزای خوای لێبێت) دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر جێگای خۆی پاڵی دابوویەوە، أبوبکری باوکم (ڕەزای خوای لێبێت) هات و داوای ڕووخسەتی هاتنە ژوورەوەی خواست پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وەرە ژوورەوە،هەر لەسەر جێگاکەی پاڵی دابوویەوە، پاشان (عمر کوڕی خطاب) ڕەزای خوای لێبێت) هات و داوای ڕوخسەتی هاتنە ژوورەوەی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بابێت هەر پاڵی دابویەوە، پاشان (عثماني کوڕی عفان) (ڕەزای خوای لێبێت) هات و وەکو ئەوان داوای ڕوخسەتی هاتنە ژوورەوەی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر جێگاکەی هەستایەوە و خۆی ڕێك و پێك کرد و دانیشت، دایکە عائیشە دەڵێ: کە عوسمان ڕۆیشت، بە پێغەمبەرم (ﷺ) گوت: ئەوە بۆ لەکاتی هاتنی أبوبکر و عمر هەر پاڵت دابویەوە وخۆت ڕێك نەخست، بەڵام لەکاتی هاتني (عثمان) هەڵسایەوە و خۆت ڕێك خست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی عائیشە: عوسمان پیاوێکی زۆر بەشەرم و حەیا و ئەدەبە، ترسام ئەگەر بەم شێوەیە بمبینێت، بگەڕێتەوە شەرم بکات ئەو ئیشەی بۆی هاتووە داوای بکات، بۆیە وام کرد بۆئەوەی شەرم نەکات.[1]

لە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چۆن شەرم نەکەم لە کەسێك فریشتەکان شەرم وحەیا لە (عوسمان) دەکەن.[2]

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتە دەڵێم:

هەرکەسێك شەرم و حەیا بکاتە ڕەوشت و پۆشاکی خۆی، ئەوە خوا عەیب و عاری دادەپۆشێ و شەرمەزار نابێت لەلای خوا و خەڵکیدا.

---

(١) رواه مسلم(٢٤٠٢) وابن حبان (٦٩٠٦).

(٢) رواه مسلم (٢٤٠١) وابن حبان (٦٩٠٧).

ئارامگرتن- دان بەخۆداگرتن (الصبر)

ئارامگرتن: واتا قەدەغە کردنی نەفس و دەروون لە دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایی، گرتنی زمان لە سکالاّ و شکایەت، گرتن و قەدەغەکردنی ئەندامەکان لە شڵەژان و کاری نابەجێ و نادروست.(١)

یەکێك لە سیفەتەکانی خوا ئارامگرتنە، ئایا (صبور) ناوێکە لە ناوەکانی خوا، ئەمە یەکلانە بۆتەوە، ڕای جیاواز دەربارەی هەیە.

علی کوڕی إبی طالب (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ (بێگومان گرنگی ئارامگرتن لەناو ئیمان و خواپەرستیدا، وەکو گرنگی سەر وایە بۆ لاشەی مرۆڤ، هەرکاتێك سەر نەما لاشەش لەناو دەچێ، پاشان دەنگی بەرزکردوە و گوتی: بەڕاستی کەس ئیمانی تەواونییە، ئەگەر ئارامگرنەبێ.(٢)

عبدالله کوڕی مسعود (ڕەزای خوا لێبێت) دەڵێ (ئیمان دوو نیوەن، نیوەیەکیان ئارامگرتنە، نیوەی تری ستایش کردنی خوایە، بۆیە خوا لە چوار سورەتدا (٣) پێکەوە باسی کردوون و پێکەوە کۆی کردونەتەوە.(٤)

لە قورئاندا (٩٠) جار باسی ئارامی و ئارامگرتن کراوە، هەندێك ئایەت وەك نمونە دێنینەوە، کە باسی پاداشت و پلە و پایەی ئارامگران دەکات

(١) مدارج السالكين، لإبن القيم الجوزية (١/ ٥٢٤).
(٢) الصبر والثواب عليه، لإبن أبي الدنيا (٢٤).
(٣) سورة ابراهيم (٥) سورة لقمان(٣١) سورة سباء (١٩) سورة الشوري (٣٣).
(٤) عدة الصابرين و ذخيرة الشاكرين، لإبن القيم الجوزية (١٧٦).

١- ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ (١)

واتا: ئەی (محمد) (ﷺ) مژدە بدە بەوکەسانەی خۆگر و ئارامگرن، هەرکاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن ئێمە مولکی خوایین و سەرنجامیش هەربۆلای خوا دەگەڕێینەوە، ئا ئەوانە دەکەونە بەر درودوو ڕەحمەتی پەروەردگاریان، وە ئەوان هیدایەتیان وەرگرتووە.

٢- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾﴾ (٢)

واتا: بێگومان خوا لەگەڵ خۆگر و ئارامگران دایە.

٣- ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾﴾ (٣)

واتا: خوای گەورە ئارامگرانی خۆش دوێت.

٤- ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾﴾ (٤)

واتا: بەڕاستی خۆڕاگرو ئارامگران پاداشتی بێ سنورو بێ ئەندازە و بێ ژمارەیان هەیە لە دوا ڕۆژدا.

﴿وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴿١٢﴾﴾ (٥)

---

(١) سورة البقرة، آية (١٥٥- ١٥٧)

(٢) سورة البقرة، آية (١٥٣).

(٣) سورة ال عمران، آية (١٤٦).

(٤) سورة الزمر، آية (١٠).

(٥) سورة الإنسان، آية (١٢).

واتا: خوا پاداشتی چاکەکاران بەبەهەشتێکی هاتا هەتایی دەداتەوە، وە بە ئاوریشم دەیانپۆشێت، بەهۆی ئارامگرتنیان لە دونیادا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (عَجَباً لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لأَحَدٍ إلا لِلْمُؤْمِنِ، أَنْ أَصَابَتْهُ سَرَاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْراً لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ، فَكَانَ خَيراً لَهُ)[1]

واتا: جێی سەرسوڕمانە کار و کردەوەکانی کەسی ئیماندار، ئەوەی بەسەری دێت بۆی دەبێتە مایەی خێر و چاکە، ئەمەش تەنها بۆ کەسی ئیماندارە، ئەگەر خوا خۆشی و ناز و نیعمەتێکی پێ ببەخشێت، لەسەر ئەم خۆشی و نیعمەتە سوپاسی خوا دەکات، بۆی دەبێتە خێر و چاکە، وە ئەگەر ناخۆشی بەلاّو زەرەرێکی بەسەر هات، ئارامدەگرێت لەسەر ئەم بەلاّو ناخۆشیە، بۆی دەبێتە خێر و چاکە.

عَنْ أَنَسٍ (رض الله عنة) قَالَ: مَرَّ النَبِيُ (ﷺ) بِامَرأَةٍ تَبْكِي عِندَ قَبْرٍ، فَقَالَ (اتَّقِي اللَّهِ وَاصبرِي) فَقَالَتْ إِلَيكَ عَنِّي، فَإِنَكَ لِمْ تُصَبْ بِمُصِيبَتِي، وَلَمْ تَعْرِفْهُ، فَقِيلَ لَهَا: إِنَّهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَأَتِتْ بَابَ النَّبِي (ﷺ) فَلَمْ تَجِدْ عِنْدَهُ بَوَّابِينَ، فَقَالَتْ: لَمْ أَعرِفْكَ، فَقَالَ: (إِنَّمَا الصَّبرُ عِندَ الصَّدْمَةِ الأُولى)[2]

واتا: (ئەنەسی کوڕی مالیك) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: (پێغەمبەر (ﷺ) بەلای ئافرەتێکدا ڕۆیشت دەگریا لەسەر گۆڕی منداڵێکی ، کەزۆری خۆشدەویست، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئافرەتەکەی فەرموو: لەخوا بترسە و بێ فەرمانی خوا مەکە و ئارامگربە، ئافرەتەکە گوتی وازم لێ بێنە و لێم دوورکەوە، ئەو کارەساتەی بەسەر من هاتووە بەسەر تۆ نەهاتووە، ئافرەتەکە پێغەمبەری (ﷺ) نەناسی، پاشان کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت پێیان گووت، ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئافرەتەکە

(١) رواه مسلم، (٢٩٩٩).

(٢) رواه البخاري (١٢٨٣) ومسلم (٩٢٧).

پەشیمان بۆوەلەوەی قسەی پێغەمبەری (ﷺ) شکاندووە، ئافرەتەکە هاتە بەر دەرگای مالّی پێغەمبەر (ﷺ) ، دیتی هیچ پاسەوان و دەرگاوانی نییە قەدەغەی بکەن بۆ چوونە لای پێغەمبەر (ﷺ) ، ئافرەتەکە بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت: داوای لێبوردنت لێ دەکەم من تۆم نەناسی، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ئەو ئارامییەی پاداشتی هەیە، ئارامگرتنە لەکاتی ڕووداني کارەسات و لەساتی یەکەمدا.

لەم فەرموودەیەدا چەند سوودێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: فەرمان بە چاکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئافرەتەکە، بۆ وازهێنانی لە گریان، بەشێوازێکی جوان و نەرم و نیان، پێغەمبەر (ﷺ) لە ئافرەتەکە تورە نەبوو کە پێی گووت بڕۆ لێم گەڕێ، چونکە زانی تووشی بەڵاو کارەساتێکی گەورە بووە و خۆی پێ ڕانەگیراوە، بۆیە زۆری لێ نەکرد و لەسەر گۆڕەکە دەری نەکرد، چاوپۆشی کردن لە هەڵەی کەسانی بەرامبەر، پێویستە کەسانی بەرپرس خەڵکی قەدەغەنەکەن لە چوون بۆلایانو چاوپێکەوتنیان، پاداشتی ئارامگری لەساتی یەکەمی ڕووداني کارەساتەکاندایە، لەکاتی سەردانی گۆڕی مردوان لە جیاتی گریان باشترە دوعا و نزای خێر بۆ مردووەکان بکەین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ، خَيرٌ مِنَ الَّذِي لاَيُخَالِطُ النَّاسَ، ولاَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)[1].

واتا: ئەو ئیماندارەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵە و هاموشۆیان دەکات، وە ئارام دەگرێت لەسەر ئەو ئازار و ناخۆشیانەی پێی دەگات لەوان، باشتر و چاکترە لەو ئیماندارەی کە تێکەڵ نییە لەگەڵ خەڵکی و ئارام ناگرێ لەسەر ناخۆشیەکانی پێی دەگات لەوان.

لەم فەرموودەیە ڕوون دەبێتەوە، ئەو کەسانەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵن و هەڵسوکەوتیان جوانە لەگەڵ خەڵکی و سوود بەخەڵکی دەگەێنن، چاکتر و باشترن لەو

(١) رواه ابن ماجه (٤٠٣٢) والترمذي (٢٥٠٧) حسن.

کەسانەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ نین و هـەقیان بەکەسـدا نییـە، ئەوانـەی ئـارامگرن لەسەر ناخۆشییەکانی پێیان دەگات لە خەڵکی چاکترن لەوانەی ئارام ناگرن لەسەر ئەو ناخۆشیانەی پێیان دەگات لەخەڵکی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (مَا يُصِيبُ الْمسْلِمُ مِنْ نَصَبٍ وَلا وَصَبٍ، وَلاهَمّ وَلاحُزْنٍ ولا أَذَىً وَلاغَمٍ، حَتَى الشَّوْكَةٍ يُشَاكُهَا، إلا كَفَّرَ الله بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ)[1]

واتا: هەر بەڵاو کارەساتێك بەسـەر موسـڵمانێك دێـت، گـەورەبێت یـان بچـوك، ماندووبون بێت یـان ئـازار و ژانێـك بێـت، یـان خـەم و خەفـەتێك بێـت، یـان هـەر ناڕەحەتییەك و دڵ تونديەك بێت، هەتا دڕکێـك ئـازاری بـدات ، ئەمانـە دەبنـە هـۆی سڕینەوەی گوناحەکانی، بەومەرجەی ئارامی گرتبێ و ناڕەزایی دەرنەبڕیبێ.

قَالَـتْ عائشَـة (رضـي الله عنهـا) سَـأَلْتُ رَسُـولَ اللهِ (ﷺ) عَـنِ الطَّـاعُونِ، فَأَخْبَرَنِي أَنَّهُ عَذَابٌ يَبْعَثُهُ اللهُ عَلَى مَن يَشَـاءُ، وَأَنَّ اللهَ جَعَلَـهُ رَحْمَـةً لِلْمُـؤْمِنِينَ، لَيْسَ مِنْ أَحَدٍ يَقَعُ الطَّاعُونَ، فَيَمْكُثُ فِي بَلَدِهِ صَابِراً مُحْتَسِباً، يَعْلَمُ أَنَّـهُ لاَيُصِـيبُهُ إلاّ مَاكَتَبَ اللهُ لَهُ، إلا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ شَهِيدٍ)[2]

واتا: عائیشە (ڕەزای خوای لێبێـت) دەڵـێ پرسـیارم لـە پێغەمبـەر (ﷺ) کـرد دەربارەی نەخۆشی (طاعون)، دەڵێن: (طـاعون) نـاوێکی گشـتییە بـۆ هـەموو ئـەو پەتایانەی خێرا بڵاو دەبنەوە، وە چارەسەری زۆر ئەستەمەو نەخۆشییەکی قورسە.

پێغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی فەرموو (طاعون) نەخۆشییەکە دەبێتە سزاو ئـازار خوا بۆ بێباوەڕانی دەنێرێ، وە دەبێتە سۆز و ڕەحمەت خـوا بـۆ بـاوەڕدارانی دەنێـرێ، هەر موسڵمانێك توشی ئەم نەخۆشییە بوو، لەهەر شوێن و شارێك بوو، لـەم شـوێن و شارە بمێنێتەوە و نەچێتە دەر، بۆ ئەوەی کەسی تر تووشی ئـەم نەخۆشـییە نـەبێ، وە

(١) رواه البخاري (٥٦٤١/ ٥٦٤٢) ومسلم (٢٥٧٣).
(٢) رواه البخاري (٣٤٧٤، ٥٧٣٤).

ئارام بگرێ لەسەر نەخۆشییەکە، بەئومێدی ئەوەی خوا پاداشتی بداتەوە، وە باوەڕی وابێ هیچی بەسەر نایەت مەگەر ئەوەی خوا بۆی نوسیوە، ئینجا بەم (طاعونە) بمرێ، ئەوە لەدواڕۆژدا پاداشتی وەکو ئەو موسڵمانە وایەکەشەهید بووە لەپێناوی خوادا).

ئارامگری سێ جۆرە:

١- ئارامگری لەسەر خوا پەرستی:

هەموو خوا پەرستییەك و کاری چاك پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، چونکە خوا پەرستی و کردەوە چاکەکان ماندوبوونی هەیە، لەسەر دەروونی مرۆڤ زەحمەتە.

خوا دەفەرموێ: ﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ ۚ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾﴾ (١)

واتا: پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی‌و هەرچی لەنێوانیاندایە، وە خوا ئاگاداری هەموو بوونەوەرە، کەواتە تۆش ئەی (محمد) (ﷺ) هەر ئەو بپەرستە و، بەرامبەر ئەرکەکانی پەرستنی خوا زۆر خۆڕاگر و ئارامگربە، ئایا کەس شك دەبەیت هاوتاو هاوناوی ئەوبێت؟

٢- ئارامگرتن لەسەر گوناح نەکردن:

لەسەر موسڵمان پێویستە خۆ ڕاگرێ و گوناح و بێ فەرمانی خوا نەکات، چونکە خوا گوناحی بۆیە حەرام و قەدەغە کردووە بۆ ئەوەی بەندەکانی لەکاری ناڕەوا و نابەجێ بپارێزێت، کەسی ڕێزدار و پایەدار خۆی شەرمەزار و ڕیسوای خوا و خەڵك

(١) سورة مريم، آية (٦٥).

نەکات بەهۆی گوناح کردن، گوناح کردن دەبێتە هۆی لەدەستدانی تـام و چـێژی خـوا پەرستی، بزانن هەموو گوناحێـك گونـاحێکی تـر بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت، هـەتا خاوەنەکەی بەهیلاك دەبات.

٣- ئارامگرتن لەسەر بەڵاو کارەساتەکان:

دەبێ بزانین دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە، وەدەبێ زۆر ئارامگرین لەسەر ئەو بەڵایانەی بەسەرمان دێن، لە نەخۆشی و مردنی کەس و کار و هەژاری و کێشە و ئازار و ترس، هەروەکو خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ﴾ (١)

واتا: سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە تـرس و بـیم و برسـییەتی و کەمبوونی مالێ و سامان و مردنی کەسوکار و تیاچوونی بـەروبوومی کشـتوکاڵ و ڕەز و باغ، جا موژدە بدە بەوکەسانەی خۆگر و ئارامگرن.

با هەموومان پێغەمبەر (ﷺ) بکەینە پێشەوا و پێشەنگی خۆمان لە ئـارامگری و خۆڕاگریدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم هەموستەم و ئازارە درا لەشاری مەککە، پێیان دەگووت: (ساحیر و شێت و کـاهینو درۆزن)، زۆربـەی کـچ و کوڕەکـانی پـێش خـۆی مردن، بوختانیان بۆ خێزانی کرد، لە زێدی باب و باپیرانی دەربەدەرکرا، زۆر هـەژار و نەدار و بێ مالێ بوو، عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵـێ: جـاری وابـوو دوو مـانگ ئاگر لەمالّی پێغەمبەر (ﷺ) نەدەکرایەوە، چێشت نەبوو لێی بنێین، دەڵێ پێغەمبـەر (ﷺ) وەفاتی کرد تێری نانی جۆ نەخوارد، بەزۆری خواردنی مـالّی پێغەمبـەر (ﷺ) خورما و ئاوبوو، زۆر ئارامگر و ڕازی بوون بەو بەشەی خوا پێی دابوون.

خوا مەدحی ئارامگران دەکـات لەچـەندەها ئایـەت یـەکێك لـە ئایەتـەکان خـوا

(١) سورة البقرة، آية (١٥٥).

دەفـــــــەرموویێ: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾ (١)

واتا: ئەوانەی لەکاتی نەداری و هەژاری و نەخۆشی و ناخۆشی و لە کاتی جەنگ لەگەڵ دوژمندا ئارامگرن، ئائەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردووە و هەرئەوانیشن پارێزکار و خواناس و دیندارن.

لەسەرمان پێویستە ئارامگربین لەسەر هەرشتێك بەسەرمان دێت، لەوانەیە ئەو ناخۆشیەی بەسەرمان دێت خێر و حکمەتێکی تێدابێت ئێمە نایزانین، بێگومان هەر خوا دەزانێت خێر لەچی دایە، هەروەکو خوا دەفەرموویێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾﴾ (٢)

واتا: بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت خێر لە چی دایە ئێوە نایزانن.

لێرەدا داوا دەکەم لەوکەسانەی، هەژارن، قەردارن، نەخۆشن، پەککەوتەن، نابینان، کەم ئەندامن، بێ منداڵن، بێ خانوون، ستەم لێکراون، بە ناحەق گیراون، کەسانی خۆشەویستیان مردوون، یان هەر بەڵاو کارەساتێکی تریان بەسەر هاتووە، با خۆگر و ئارامگرین بۆ ئەوەی پاداشتە گەورەکەی لای خوایان لەکیس نەچێت کە بەڵێنی داوە بە ئارامگران.

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

ئەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بەبیر خۆم و ئێوە دێنەمەوە، کە دەفەرموویێ: (وَمَا أُعْطِيَ أَحَدُ عَطَاءً خَيراً وَأَوْسَعَ مِنَ الصَّبْرِ)(٣)

---

(١) سورة البقرة، آية (١٧٧).

(٢) سورة البقرة، آية (٢١٦).

(٣) رواه البخاري (١٤٦٩) والنسائي (٢٥٨٧).

واتا: خوا هیچ بەخشش و خەڵات و هیچ ڕەوشتێکی بەڕێزتر و مەزنتر و فراوانتری بەکەس نەداوە لە ئارامگرتن باشتر و چاکتر بێت، چونکە بەئارامگرتن سەرکەوتن بەدەست دێت.

سوپاسکردن- ستایش کردن (الشکر)

سوپاسکردن: واتا دەرکەوتنی شوێنەواری بەخشندەیی خوا لەسەر زمانی بەندەکانی بەستایشکردن و دانپێهێنان، وە بەدڵ پێی خۆشحاڵ بی، بەئەندامەکانی ملکەچ و گوێڕایەڵ بی [١].

(جنید) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: سوپاسکردن ئەوەیە: بێ فەرمانی خوا نەکردن بە نعمەت و چاکە و بەخششەکانی خوا[٢].

سوپاسکردنی خوا بەم جۆرەیە:

١- ستایشی خوا بە زومان بکەی لەسەر ئەم هەموو بەخششانەی پێی داوی.

٢- باوەڕت وابێ ئەم بەخششانەی خوا بە تۆی داوە لە چاکە و بەخشندەیی خۆیەتی.

٣- بەم نیعمەت و بەخششانە گوناح و بێ فەرمانی خوای پێ ئەنجام نەدەی، بەڵکو خوا پەرستیان پێ ئەنجام بدەی.

٤- بزانی بەخشش و نیعمەتەکانی خوا زۆرن بەسەرتەوە شەرم بکەی بێ فەرمانی خوا بکەی.

غزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: (الشکور) یەکێکە لەناوەکانی

(١) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٢/ ٢٤٤).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، القرطبي (١/ ٣٦٣)، تفسير آية (٥٢) سورة البقرة.

خوا، ماناکەی: ئەو خوایەی لەسەر خوا پەرستێکی کەم پاداشت و پلەیەکی زۆر دەدات، لەسەر کردەوەی چاکی چەند ڕۆژێکی کەمی دونیا، ناز و نیعمەت و خۆشێکی زۆر و بێ سنور دەدات لە ڕۆژی دوایدا.(١)

بەرهەم و پاداشتی ئارامگرتن.

١- زیاد بوونی بەخششەکانی خوایە.

خوا دەفەرموێ: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾(٢).

واتا: ئەگەر سوپاسگوزار بن لەبەرامبەر ناز و نیعمەتەکانی من، ئەوا منیش نیعمەت و بەخششی خۆمتان بۆ زیاد دەکەم.

(علی کوڕی ابی طالب) ڕازای خوای لێبێت دەڵێ: ناز و نیعمەت پەیوەندی بەسوپاسگوزارییەوە هەیە، سوپاسگوزاریش پەیوەستە بەزیادبوونداً، وە هەردووکیان پێکەوەن و لێك جیانابنەوە، زیادبوونِ ناپچڕێت لەلایەن خواوە هەتا سوپاسگوزاری نەپچڕێ لەلایەن بەندەکانەوە(٣).

٢- پاراستنی بەخششەکانی خوایە.

(حسن البصری) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: بێگومان خوا نیعمەتەکانی خۆی دەبەخشێتە ئەوەی حەزبکا، ئینجا ئەگەر خوا ناز و نیعمەتەکانی بەخشییە کەسێك ئەویش سوپاسگوزاری نەکرد، ئەوە بۆی دەبێتە سزا، بۆیە بە سوپاسگوزاریان دەگووت (پارێزەر)، چونکە نیعمەتەکانی ئێستات دەپارێزێت، پێیان دەگووت: (هێنەر)، چونکە نیعمەتە بزرەکانی بۆ دەهێنێ.(٤)

---

(١) المقصد الاسنى، للغزالي (١٠٥).
(٢) سورة ابراهيم، آية (٧).
(٣) كتاب الشكر، لابن ابي الدنيا(١٨).
(٤) عدة الصابرين، لابن القيم الجوزية (١٢٢).

٣- بەڵگەیە لەسەر ئیمانداری.

خوا ئیمان و سوپاسگوزاری پێکەوە گرێداوە، هیچ مەبەستی نییە لە سزادانی بەندەکانی ئەگەر ئیمانی پێ بێنن و سوپاسگوزار بن.

خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾﴾[1]

واتا: خوا چ پێویستی بە سزادانی ئێوە هەیە؟ ئەگەر سوپاسگوزار و شوکرانە بژێرین و ئیمان و باوەڕی دامەزراوتان هەبێت

٤- بەرزبوونەوەی پلەی بەندەکان لە دوارۆژدا.

(کعب الاحبار) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: خوا هەر ناز و نیعمەتێك بداتە بەندەکانی لە دونیا ئەویش سوپاسگوزاری خوا بکات، وە خۆ بەکەم بزانێ بەرامبەر بە خوا، ئەوە هەر لە دونیادا سودی ئەم شوکرانەی پێ دەبەخشێتەوە، لەدوارۆژیشدا پلە و پایەی پێ بەرزدەبێتەوە.[3]

٥- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيهَا)[4]

واتا: بێگومان خوا ڕازی دەبێ لەبەندەکانی ئەگەر خواردنێکی خوارد و سوپاسی خوای کرد لەسەر خواردنەکە، یان ئەگەر خواردنەوەیەکی خواردەوە و لەسەر خواردنەوەکە سوپاس و ستایشی خوای بەخشندەی کرد.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: ڕەزامەندی خوا پەیوەستە بە سوپاس و

(١) سورة النساء، آية (١٤٧).
(٢) عدة الصابرين، لابن القيم الجوزية (١١٨).
(٣) هەمان سەرچاوە (١٤٥).
(٤) رواه مسلم (٢٧٣٤).

ستایشی خوا کردن لەسەر نـاز و نیعمەتـەکانی کـە بـە بەنـدەکانی داوە، وە هـەموو نیعمەت و بەخششەکان بەهی خوا بزانێ، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا بە چاکەیەکی کەم لەبەندەکانی ڕازی دەبێت.

٦- بەدەستهێنانی پاداشتی ڕۆژوەوان (ئەو موسڵمانەی بەڕۆژووە).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الطَّاعِمُ الشَّاكِرُ بِمَنْزِلَةِ الصَّائِمِ الصَّابِرِ)[1].

واتا: ئەو موسڵمانەی شوکرانە و سوپاسی خوا دەکات لەسەر ناز و نیعمەت و ئەو خواردنانەی دەیخوات، پاداشتی زۆرە وەکو ئەو موسـڵمانەی بـەڕۆژووە و ئارامـدەگرێ لەسەر ناڕەحەتییەکانی بەڕۆژوو بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (التَّحَدّثُ بِنِعْمَةِ اللَّهِ شُكْرٌ، وَتَركُهَا كُفْرٌ، وَمَنْ لَمْ يَشْكُرُ الْيَسِيرَ لَمْ يَشْكُرِ الْكَثِيرَ، وَمَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّـاسِ لَـمْ يَشْـكُرِ اللهَ عَـزَّ وَجَـلَّ، وَالْجَمَاعَةُ بَرَكَةٌ وَالْفُرقَةَ عَذَابٌ)[2]

واتـا: بەچـاکە باسـی نـاز و نیعمەتـەکانی خـوای بەخشـەر ئـەوە شـوکرانەو سوپاسگوزاری کردنی خوایە، بـەڵام بەچـاکە باسـنەکردنی خـوا ناشـوکری و سـپڵەیە بەرامبەر خوا، ئەوەی سوپاسی خوا ناکات لەسەر ناز و نیعمەتی کەم، ئەوە سوپاسـی خوا ناکات لەسەر ناز و نیعمەتی زۆریش، ئەوەی سوپاسی خەڵکی نەکات لەسەر ئـەو چاکانەی لەگەڵیان کردووە، ئەوە سوپاسی و شوکرانەی خواش ناکات لەسەر ئەو ناز و نیعمەتانەی لەگەڵی کردووە، لەگەڵ کۆمەڵی موسـوڵمانان بیـت مایـەی ڕەحمـەت و بەرەکـەت و ڕزگاربوونـە لـە ناڕەحەتییـەکانی دونیـا و دواڕۆژ، پەرتـەوازەیی لـەناو موسوڵمانان و پشتی یەك نەگرتن و دەسنەگرتن بە قورئان و سـونەتەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) دەبێتە مایەی سزا و ئازار لە دونیا و دواڕۆژدا.

پێغەمبەر (ﷺ) گەورەی سوپاسگوزارانە، لە هەمووکات و لە خۆشی و ناخۆشیدا

---

(١) رواه الترمذي (٢٤٨٦) وابن ماجه (١٧٦٤).

(٢) رواه احمد (١٨٦٥) والبزار (٢٧٩١).

هەر شوکر و سوپاسی خوای کردووە، دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: (پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەستا بۆشە و نوێژ، ئەوەندە شەونوێژی دەکرد هەتا قاچەکانی هەڵدەئاوسا، پێم گووت: بۆ ئەوەندە خۆت ماندووەکەی، خوا لە گوناحی پێشوت و پاشوت خۆش بووە، واتا هیچ گوناحت نییە، فەرمووی (أَفَلاَ أُحِبُّ أَنْ أَكُونَ عَبْداً شَكُوراً)[1]

واتا: ئایا پێم خۆش نەبێ بەندەیەکی سوپاسگوزاربم، چۆن سوپاسی خوا نەکەم لەسەر ئەو پلە و پایەی بە منی داوە.

پێغەمبەر (ﷺ) بە (معاذ کوڕی جبل) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێ: (يَا مُعَاذُ وَاللَّهِ إِنِّي لأُحِبُّكَ، وَللَّه إِنِّي لأُحِبُّكَ، فَقَالَ: أُوصِيكَ يَامَعَاذُ لاتَدَعَنَّ فِي دُبُرَ كُلِّ صَلاَةٍ تَقُولُ: أَللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)[2].

واتا: ئەی (موعاذ) سوێند بەخوا تۆم خۆش دەوێ، سوێند بەخوا تۆم خۆش دەوێ، سوێند بەخوا تۆم خۆش دەوێ، فەرمووی ئامۆژگاریت دەکەم ئەی (موعاذ) لە دوای هەموو نوێژەکان ئەمە بڵێ و وازی لێی نەهێنی (ئەی پەروەردگار یارمەتیم بدە بۆ ئەوەی بەچاکی یاد و ستایش و سوپاس و شوکرانەی تۆ بکەم، وە بەجوانترین شێوە بەندایەتی تۆ بکەم. واتا بەزمان و بەدڵ و بە ئەندامەکان پەرستن و گوێڕایەڵی تۆ بکەم.

(ثوبان) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: پرساریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد (لَوْ عَلِمْنَا أَيُّ الْمَالِ خَيرٌ فَنَتَّخِذَهُ؟ فَقَالَ (أَفْضَلُهُ لِسَانٌ ذَاكِرٌ، وَقَلْبٌ شَاكِرٌ، وَزَوْجَةٌ مُؤْمِنَةٌ تُعِينُهُ عَلَى إِيْمَانِهِ)[3].

واتا: پرساریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ئەگەر زانیبامان کامە مالّ و سامان بەخێروبەرەکەتە هەتا هەوڵی بۆ بدەین و پەیدای بکەین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی،

(١) رواه البخاري (٤٨٣٧) ومسلم (٢٨١٩).
(٢) رواه ابوداود (١٥٢٢) وصححه الالباني.
(٣) رواه الترمذي (٣٠٩٤).

لەمالّ و سامان پەیدا کردن باشتر ئەوەیە، زمانێك زیکر و یادی خوا بکات بەهەموو جۆرەکانییەوە، دڵێك سوپاسگوزار و شوکرانە بژێر بێت لەسەر ناز و نیعمەتەکانی خوا، هاوسەرێکی ئیماندار و لەخوا ترس و ڕەوشت بەرز، یارمەتیدەرت بێت لەسەر خواپەرستی و دینداری.

ئەگەر بمانەوێ سوپاس و شوکرانەی خوا بکەین لەسەر ئەم هەموو ناز و نیعمەت و بەخششانە، ئەوە ناتوانین چونکە ئەوەندە زۆرن، وەکو خوا دەفەرموێ ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ﴾[1]

واتا: ئەگەر ناز و نیعمەتەکانی خوا بژمێرن ناتوانن بیانژمێرن لەبەر زۆری،

خوا گلەیی لە بەندەکانی دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾[2]

واتا: کەمێك لەبەندەکانم سوپاسگوزار و شوکرانە دەکەن.

لەئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ:﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾﴾[3]

واتا: بەڕاستی خوا خاوەنی چاکە و بەخشش و فەزلی زۆرە بەسەر خەڵکیەوە، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی سوپاسی خوا ناکەن و سپڵەن و بێ ئەمەکن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ: اللَّهُمَّ مَاأَصْبَحَ بِي مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنْكَ وَحْدَكَ لاَشَرِيكَ لَكَ، فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُكْرُ فَقَدْ أَدَّى شُكْرَ يَومِهِ، وَمَنَ قَالَ ذَلِكَ حِينَ يُمْسِي فَقَدْ اَدَّى شُكْرَ لَيلَتِهِ)[4]

واتا: هەر موسڵمانێك هەموو بەیانییەك بڵێ: ئەی خوایە هەر ناز و نیعمەتێکم

---

(١) سورة ابراهيم، آية (٣٤).

(٢) سورة سباء، آية (١٣).

(٣) سورة البقرة، آية (٢٤٣).

(٤) رواه ابوداود (٥٠٧٣) وابن حبان (٢٣٦١)، اسناده حسن.

لەم بەیانییەدا بۆ هاتبێ، ئەوە لەلایەن تۆیە بەتەنها و هیچ هاوبەشێکت نییە، سوپاش و ستایش تەنها بۆتۆ، هەر موسڵمانێك ئەم ویردە بڵێ ئەوە سوپاسگوزاری خوای لەم ڕۆژەدا ئەنجام داوە، ئەوەی ئێواران ئەم ویردە بڵێ، ئەوە سوپاسگوزاری خوای لەم شەوەدا ئەنجام داوە.

وهب کوڕی منبه (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەلای کەسێکی کوێر و پەککەوتەی دەست و پێ و گەڕ و گۆڵ دا ڕۆیشت ، تەنها زمانی دەگەڕا، دەیگوت سوپاس بۆ خوا لەسەر ناز و نیعمەتەکانی، پیاوێك لەگەڵ (وهب) بوو بە کابرای پەککەوتەی گووت: چ ناز و نیعمەتێکت ماوە هەتا سوپاسی خوای لەسەر بکەی، کابرای پەککەوتە پێی گوت: تەماشای خەڵکی ئەم شارە بکە چەند زۆرن، لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا خوا منی هەڵبژاردووە بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە، جا چۆن سوپاسی خوا نەکەم کەمنی دەستنیشان کردووە لەناو هەموواندا.[1]

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

زانایان گوتویانە: ئەوەی دەست کورت بوو نەیتوانی چاکەی خەڵکی بداتەوە، با زمانی دریژبێ لە سوپاس و ستایش کردنیان، واتە ئەگەر نەتتوانی چاکە بکەی لەگەڵ ئەوانەی چاکەیان لەگەڵ کردووی ئەوە زۆر سوپاسیان بکە و دوعای خێریان بۆ بکەو لەگەڵیان بەئەمەك بە[2].

(١) حلية الأولياء، لأبونعيم الاصبهاني (٤/ ٦٨).
(٢) بصائرذوي التميز، للفيروزآبادي (٣/ ٣٣٩).

قایلبوون- ڕازیبوون
(القناعة)

قایلبوون: واتا ڕازیبوون بەوەی خوا پێی داویت.[1]

(مناوی) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: قایلبوون ئەوەیە (کورتکردنەوەی مرۆڤ بۆ ژیانی دونیای ئەوەندەی بەشی بکات بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی).[2]

قایلبوون و ڕازیبوون بەو بەشی خوا پێی داوی، سیفەت و ڕەوشتی پێغەمبەران و پیاوچاکانە، بۆیە پێویستە ئیماندارانیش ئیقتدا بە ئەوان بکەن، وەکو ئەوان قایل بن بەوەی خوا پێیان دەدات، هەر ناز و نیعمەتێك بێت کەم بێت یان زۆر بێت، بەدڵ پێی ڕازیبن و سوپاسگوزاری خوا بکەن.

(ابوحاتم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: قایلبوون بە دڵ و دەروون دەبێت، ئەوەی دڵی دەوڵەمەند بوو دەستەکانیشی دەوڵەمەند دەبێت، ئەوەی دڵی هەژار بێت هەرچەندە دەوڵەمەندیش بێت هیچ سودی پێی ناگەێنێ، ئەوەی قایلبێ و ڕازیبێ بەوبەشەی خوا پێیداوە، بەژیانێکی ئاسودە و بەختەوەر دەژی لە دونیادا.[3]

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ﴾[4]

---

(١) مشارق الانوار، لعياض بن موسى السبتي (٢/ ١٨٧).

(٢) فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب، لمحمد نصرالدين محمد عويضة (٤٤٢) بەدەستکاریەوە.

(٣) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، لمحمد بن حبان السبتي (١٥٠)

(٤) سورة النحل، آية (٩٧).

واتا: هەرکەسێك کردەوەی چاك ئەنجام بدات، پیاوبێ یان ئافرەت وە ئیمانداریش بێت، بەڵێن بێت بە ژیانێکی بەختەوەر و پاك و کامەران و ئاسوودە دەیژیێنێت لەدونیادا.

دەربارەی مانای (حیاة الطیبة) ابن کثیر (رەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی لە کۆمەڵێك لە سەحابە و زانایان کە مەبەستی (ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ و قەناعەتە).[1]

لەئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿ لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا ﴾[2]

واتا: خێر و بەخشین شیاوی ئەو هەژارانەیە کە لە پێناوی ئایینی خوا ڕێیان لێ گیراوە و ناتوانن بگەڕێن بەزەویدا بۆ کاسبیو بازرگانی کردن، چونکە ئەوان خۆیان تەرخان کردووە بۆ بانگەوازی و گەیاندنی پەیامی خوا، ئەوەی نەیانناسێت (لەبەر عیففەت و نەفس بەرزیان) وا دەزانێت ئەمانە دەوڵەمەندن، تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) یان ئەی ئیماندار بە سیما و ڕوخسار دەیانناسێت، وە داوای هیچ شتێك لە خەڵکی ناکەن بەزۆری، ئەگەر چی هەژارن و شیاوی هاوکاری وەرگرتنن.

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەسی ئیماندار دەبێ زۆر نەفس بەرز و بە عیففەت و بەعیزەت بێ، داوای شت لە خەڵکی نەکات بە زۆری، خەڵکیش با لە شەرمان مانۆ و سامان نەبەخشن، بەڵام ئەگەر موسوڵمانێك هەژار بوو کەسێکی بەڕێزیش هاوکارێکی پێ بەخشی بەبێ ئەوەی داوای لێ کردبێت ئەوە دروستە و شیاوە وەری بگریت.

---

(١) تفسير ابن كثير، لابن كثير (٢/ ٤٠٣).

(٢) سورة البقرة، آية (٢٩٣).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (لأَنْ يَأْخُذِ اَحَدُكُمْ حَبْلَهُ فَيَأْتِيَ بِحُزْمَةِ الحَطَبِ عَلَى ظَهْرِهِ فَيَبيعَهَا، فَيَكُفَّ اللهُ بِهَا وَجْهَهُ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يسَأَلَ النَّاسَ: أَعْطَوْهُ أَوْ مَنَعُوه)[1]

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (ئەگەر یەکێکتان گوریسێك یان پەتێك لەگەڵ خۆی ببات و بڕوات بۆ دەشت و کێوەکان و کۆڵێك دار بە پشتی خۆی بێنێت و بیفرۆشێت، پێویستییەکانی خۆی و خێزانی پێ دابین بکات، چاوی لە دەستی کەس نەبێت و بەسەر بەرزی بژی، زۆر باشترە نەوەك داوای خێرو یارمەتی لە خەڵك بکات، ئایا خەڵکیش یارمەتی دەدات یان نایدات.

مرۆڤ ماندووبێ و ڕەنج بکێشێ و ژیانی خۆی دابین بکات و بەسەر بڵندی بژی، زۆر باشترە لەوەی داوا لەم و لەو بکات و سەرشۆڕ و زەبوون بێت، زۆر جاریش ئەوەی داوای لێ دەکەیت پێت نابەخشیت، بەدڵ شکاوی دەگەڕێیتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ، وَرُزِقَ كفافا، وَقَنَّعَهُ اللهُ بِمَا آتَاهُ)[2]

واتا: ئەو کەسە سەرکەوتوو سەرفرازە کە موسڵمانێکی ڕاست و دروستە و ملکەچی فەرمانەکانی خوایە، رزق و ڕۆزیەکەی حەڵاڵە، بەشی پێویستییەکانی دەکات، وە قایلە و ڕازیە بەوەی خوا پێی داوە، بەقەناعەتە.

عن أبي عمر الشيباني: قال سَأَلَ مُوسَى (عليه السلام) رَبَّهُ (أَيُّ عِبَادِكَ أَحَبُّ اِلَيكَ: قَالَ أَكْثَرُهُمْ لِي ذِكْراً، قَالَ يَارَبِّ فَأَيُّ عِبَادِكَ أَغْنَى: قَالَ أَقْنَعُهُمْ بِمَا أَعْطَيتُهُ، قَالَ يَارَبِّ فَأَيُّ عِبَادكَ أَعْدَلُ: قَالَ مَنْ دَانَ نَفسَهُ)[3]

---

(١) رواه البخاري (١٤٧١).

(٢) رواه مسلم (١٠٥٤) والترمذي (٢٣٤٨) وابن ماجة (٤١٣٨).

(٣) رواه ابن السني، في القناعة، برقم (٢١).

واتا: أبی عمری الشیبانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ): پێغەمبەر موسی (علیه السلام) پرسیاری لە خوای پەروەردگار کرد، ئەی پەروەردگار کامە بەندەکانت لەلای تۆ خۆشەویسترە، فەرمووی: ئەوانەی زۆر یادی من دەکەن، گووتی: ئەی پەروەردگار کامە لە بەندەکانت دەوڵەمەندە، فەرمووی: ئەوانەی بە قەناعەت و قایلن بەو بەشەی پێم داون، گووتی ئەی پەروەردگار کامە بەندەکانت زۆر دادپەروەرن، فەرمووی: ئەوانەی لێپێچینەوە (موحاسەبە) لەگەڵ نەفسی خۆیان دەکەن.

موسڵمانان ئەوەی دەیەوێ لەلای خوا خۆشەویست و ڕێزداربێ، با زۆر یادی خوا و خوا پەرستی ئەنجام بدات، ئەوەی دەیەوێ دەوڵەمەندبێ، با بەدڵ و دەروون دەوڵەمەندبێت و ڕازیبێت بەبەشی خۆی و بە قەناعەت بێ، ئەوەی دەیەوێ دادپەروەر بێ، با لێپێچینەوە لە نەفسی خۆی بکات، چی بۆ خۆی پێی خۆشە با ئەوەشی بۆ موسڵمانان پێ خۆش بێ، ئەم سێ شتانەش زۆر ئاسانن، هیچ زەحمەتێکیان تێدانییە، هەموو کەس دەتوانێ ئەنجامیان بدات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (لَيسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ العَرَضِ، وَلَكِنَّ الغِنَى غِنَى النَّفْسِ)[1]

واتا: دەوڵەمەندی ئەوە نییە مالێ و سامان و دارایت زۆربێ، بەڵکو دەوڵەمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە دڵ و دەرونت دەوڵەمەند بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کەس بە قەناعەت تر بوو، دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) ژیانو حاڵ و گوزەرانی مالّی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ (عُرَوة کوڕی زُبیر) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەگێڕێتەوە، (عوروة) دەکاتە کوڕی خوشکی عائیشە، (عروة) کوڕی (أسماء کچی أبوبکرە) ڕەزای خوای لێبێت، عائیشە دەڵێ ئێمە هەندێك جار دوو مانگی تەواو ئاگر لە ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) نەدەکرایەوە، واتا هیچ چێشت

(١) رواه البخاري (٦٤٤٦) ومسلم (١٠٥١).

و نانێك ئاماده نەدەکرا، (عروه) دەڵێ به عائیشەم گووت: ئەی پووری ئێوه بەچی دەژیان لەماوەی ئەم دوومانگەدا، عائیشه دەڵێ، بەخورما و ئاو دەژیاین، لەگەڵ ئەوەدا زۆرجار دراوسێیەکانی مالّی پێغەمبەر (ﷺ) کە خەڵکی مەدینە بوون، مەڕومالاّت و وشتر یان هەبوون شیر و ماستیان بەدیاری بۆ مالّەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەهێنا و دەمانخوارد.[1]

عائیشه (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت (مَا شَبَعَ آلُ مُحَمَّدٍ مِنْ خُبزِ الشَّعِيرِ يَومَينِ مُتَتَابِعَينِ حَتَى قُبِضَ رَسُولُ اللَّهِ)[2]

واتا: مالّ و خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) تێر نانی جۆیان نەخواردووە دوو ڕۆژ لە دوای یەکتری، هەتا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و دونیای جێهێشت.

هەروەها عائیشه (ڕەزای خوای لێبێت)دەڵێ: (تُوفِيَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلى الله عَلَيهِ وَسَلَّمْ) وَدِرْعُهُ مَرهُونَةٌ عِنْدَ يَهُودِيٍ. بِثَلاثِينَ صَاعَاً مِنْ شَعِيرٍ لأَهْلِه)[3]

واتا: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد، زرێپەکەی بارمتە بوو لەلای کەسێکی جوولەکە، لە جیاتی سی ساع لە جۆ بۆ خێزانەکانی هێنابووی.

(نعمان کوڕی بشیر) ڕەزای خوای لێبێت، دەڵێت (لَقَدْ رَأَيْتُ نَبِيَّكُمْ (صَلَى الله عَلَيهِ وَسَلَّمْ) وَمَا يَجِدُ مِنَ الدَّقْلِ مَايَمْلأُ بِهِ بَطْنَهُ)[4]

واتا: (نعمان) دەڵێت پێغەمبەری (ﷺ) ئێوەم دیت خورمای خراپ و ڕزیوی دەست نەدەکەوت کە برسیەتی سکی تێربکات.

ئیمانداران ئەوە حاڵ گوزەران و ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، نانی جۆ و خورما و

(١) رواه البخاري (٢٥٦٧) ومسلم(٢٩٧٢).
(٢) رواه مسلم (٢٩٧٠) وابن ماجه (٣٣٤٦) والترمذي (٢٣٥٧).
(٣) رواه الترمذي (١٢١٤) والنسائي (٤٦٥١) وأحمد (٣٤٠٩).
(٤) رواه مسلم- (٢٩٧٧) وابن حبان- (٦٣٤٠)

قەسپی باشی نەبووە پێغەمبەر (ﷺ) بیخوات، بە مانگ و دوومانگ ئاگر لە مااڵنکانی پێغەمبەر (ﷺ) نەکراوەتەوە، لەبەر هەژاری و نەبوونی زرێیەکەی بەبارمتە لەالی جولەکەیەک داناوە بۆ ئەوەی هەندێك جۆی دەسکەوێ بۆ خێزانەکانی، خۆ ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ویستبای ئەوە خوا کێوەکانی بۆ دەکرد بە زێڕ، بەاڵم پێغەمبەر (ﷺ) ژیانێکی هەژارانە و سادەی هەڵبژارد، ڕازی بوو وەك هەژارانو لەگەڵ هەژاراندا بژی.

شعر

(رَغِيفُ خُبْزٍ يَابسٍ تَأْكُلُهُ فِي زَاوِيَة
وَكُوزُمَاءٍ بَارِدٍ تَشْرَبُهُ مِن صَافِية
وَغُرفَةٌ ضَيِّقَةٌ نَفْسُكَ فِيهَا خَالِيَة
خَيْر مِنَ السَّاعَاتِ فِي فَيءِ القُصُورِ العَالِيَة
تَعْقُبُهَا عُقُوبَةٌ تَصلَى بِنَارٍ حَامِيَة
طُوبَي لِمَنْ يَسْمَعُهَا تَلِكَ لَعمَرِي كَافِيَة)[1]

واتا:

کولێرەنانێکی وشك بخۆی لە سوچ و قوژبنێکدا ئاوێکی ساردوسازگار لە کوپ و گۆزەیەکدا بخۆیتەوە. لە ژورێکی تەسك بژی بەاڵم دەرونت تێیدا ئاسودەبێت. باشترە لەوەی لەژێرسێبەری کۆشك و تەالری بەرز و بڵند بژیت. سەرەنجامی سزایەك بێت بتگەینێتە ئاگرێکی سوتێنەر. خۆشی بۆ ئەوەی گوێ بۆ ئەمە دەگرێت سوێند بێت ئەمانەی بەسە.

(١) ديوان أبي العتاهية- لأبي العتا هية- (٣٠٧).

ابن عیینه (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: (خلیفه هشام کوڕی عبدالملك) ڕەحمەتی خوای لێبێت هات بۆ مەککه بۆ حەج کردن، له نزیك کەعبه چاوی بە (سالم کوڕی عبدالله کوڕی عمر کوڕی خطاب) کەوت ڕەزای خوایان لێبێت، هیشام بە سالمی گوت: چیت دەوێت داوام لێ بکه، سالم گوتی: من شەرم دەکەم لەناو مالّی خوا داوا له غەیری خوا بکەم، ئەوکاتەی سالم چووە دەروەی کەعبه هشام پێی گوت: ئێستا پێم بڵێ چ داوا یەکت هەیه بۆت جێ بەجێ بکەم، سالم گوتی: داوای پێویستیەکانی دونیا بکەم یان دواڕۆژ، هیشام گوتی، پێویستییەکانی دونیا داوابکە، سالم گوتی: داوای دونیام لەخوانەکردووە که خاوەنی دونیایه چۆن داوا له تۆ دەکەم.(١)

ئیمانو قەناعەت ودونیا نەویستی وەك (سالم)ە، لەبەر دونیا ڕای دەکرد نەك بۆ بەدەست هێنانی دونیا ڕابکات بۆ لای دەسەلاّتداران.

کثیر کوڕی یەحیا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) له باوکی دەگێڕێتەوە، دەڵێ (سلیمان کوڕی عبدالملك) (ڕەحمەتی خوای لیبێت) خەلیفه بوو، هات بۆ شاری مەدینه ئەو کات (عمر کوڕی عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لێبێت والی و بەرپرسی شاری مەدینه بوو، سلێمان پێش نوێژی نیوەڕۆی بۆ موسڵمانان کرد، لەدوای نوێژ ڕووی کردە موسڵمانان، چاوی به پیاوێکی شێوە جوان و بە نور و نەزەر کەوت، سلێمان بە (عمری) گوت: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتی ئەمە سەفوانی کوڕی سولەیمە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) سلێمان بەخزمەتکارەکەی گوت برۆ ئەم کیسه پارەیه (٥٠٠) دینار بوو، بۆ (سەفوان)ی ببە، خزمەتکارەکه هاتە تەنیشت (سەفوان) دانیشت و پێی گوت ئەم کیسه پارەیه ئەمیری ئیمانداران (سلیمان) بۆتۆی ناردووە، بۆ مەسروفاتی خۆت و مالّ و منداڵت، (سەفوان) پێی گوت: تۆ سەهوی بۆ من نەنێردراوە، گوتی تۆ (سەفوانی کوڕی سولەیم) نیت گوتی: بەڵێ هەوم، بەڵام برۆ دڵنیابە بزانە ئەم پارەیە بۆمن نێردراوە، خزمەتکارەکە گەڕایەوە بۆلای (سلیمان) هەتا خزمەتکارەکە

(١) صفة الصفوة، لابن الجوزي (١/ ٣٥٢).

گەڕایەوە (سەفوان) لە مزگەوت چووە دەرەوە بۆ ئەوەی پارەکە لە (سلیمان) وەرنەگرێت، (سەفوان) نەهاتەوە مزگەوت هەتا (سلیمان) گەڕایەوە بۆ شام و مەدینەی جێهێشت. (١)

ئەم دوو نمونەی گێڕامانەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەم پیاوە پایەدارانە چەند زاهید و بە قەناعەت و ڕازیبوون بە ژیان و گوزەرانیان و چاویان لە دەستی کەس نەبووە، لەبەر پارە و دونیا هەڵدەهاتن، مەبەستیان تەنیا ڕۆژی دوایی بووە.

پێویستە ئێمەش وەکو ئەوان بە قەناعەت و بە عیزەت بین و ڕازیبین بە بەشی خۆمان، داوا لەکەس نەکەین و خۆمان بۆ خوا زەلیل و ملکەچ بکەین، بۆ هەموو پێویستییەکانی دونیا و دوارۆژ هەر لە خوا داوا بکەین و بەسەر بەرزی بژین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (انْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَلا تَنظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيكُمْ)(٢)

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ئێوە تەماشای ئەوانە بکەن کە لەخوار ئێوەن و لە ئێوە هەژارتر و پێویستن لە دونیادا، چاو لەوانە مەکەن کە لە ئیوە لەسەر تر و دەوڵەمەندتر و هەبوون ترن، چونکە ئەم چاو لێکردنە باشتر و شیاوترە بۆ ئەوەی ناز و نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار بەکەم نەزانن کە بەئێوەی داوە.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا

پێویستە خۆمان و خێزانمان ڕابێین لەسەر قەناعەت و ڕازیبوون بە بەشی خۆمان، چاو برسی و چاوچنۆک نەبین، بۆ ئەوەی لە دونیادا ئاسوودە بین و بەسەر بەرزی بژین و لە دوارۆژیشدا پاداشتمان دەستکەوێت.

---

(١) سير أعلام النبلاء، لشمس الدين الذهبي (٥/ ٣٦٨).
(٢) رواه مسلم (٢٩٦٣) والترمذي (٢٥١٣).

بەخشندەیی- سەخی بوون
(السخاء)

بەخشندەیی: واتە بەخشینی مالّ و سامان بە کەسانی پێویست بەبێ داواکردن و مانی خۆی بێت[1].

(عبدالله ی کوڕی عباس) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ (گەورە و ڕێزدارانی خەڵکی دونیا بەخشندە و سەخیەکانن، گەورە و ڕێزدارانی دواڕۆژ پارێزکار و لەخوا ترسانن)[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إن اللهَ كريمٌ يحبُ الكرمَ، ويُحِبُ مَعَالي الأخلاقِ، ويكرهُ سَفْسافَها) [3].

واتا: بەڕاستی خوا بەخشندەو سەخییە، بەخشندەیی و سەخاوەتی خۆش دەوێ، ڕەوشتە بەرزەکانی خۆش دەوێ، ڕقی لە هەموو ڕەوشتە نابەجێ و ناشیرینەکان دەبێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (السَّخيُّ قريبٌ منَ الله قَريبٌ منَ الجنَّةِ قريبٌ منَ النَّاسِ بعيدٌ منَ النَّارِ ، والبَخيلُ بعيدٌ منَ الله بعيدٌ منَ الجنَّةِ بعيدٌ منَ النَّاسِ قريبٌ منَ النَّارِ ، والجاهِلُ السخيُّ أحبُّ إلى الله عز وجل مِن عابدٍ بخيلٍ) [4].

---

(١) تهذيب الأخلاق، لإبن الجاحظ (٢٦).

(٢) أدب الدُنيا والدين، لأبي الحسن الماوردي (٢٢٦).

(٣) رواه الحاكم (٤٨/١) والطبراني في الكبير (١٨١/٦).

(٤) رواه الترمذي (١٩٦١) والبيهقي (١٠٨) والطبراني في الأوسط (٢٣٦٣) قال المناوى بأسانيد يقوي بعضها البعض.

واتا: موسڵمانی بەخشندە و سەخی نزیکە لە ڕەحمەت و سۆز و پاداشتی خوا، نزیکە لە بەهەشت بە هۆی کردوە چاکەکانی و ڕەوشتە جوانەکانی و بەخشینی مالّ و سامانی، نزیکە لە خەڵکی چونکە خەڵك کەسانی بەخشندە و سەخیان خۆش دەوێ، دوورە لە سزا و ئاگری دۆزەخ، کەسی ڕەزیل و قرچۆك دوورە لە ڕەحمەت و سۆزی خوا، دوورە لە خەڵکی چونکە خەڵك کەسانی ڕەزیلیان خۆشناوێت، نزیکە لە سزا و ئاگری دۆزەخ. موسڵمانێکی کەم زانستو سوننەت کەم دەکات بەڵام بەخشندە و سەخیە، لەلای خوا خۆشەویسترە لە خوا پەرستێکی زۆر سوننەت دەکات بەڵام ڕەزیل و قرچۆکە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (تَجاوزوا عنْ ذَنْبِ السَّخي، فإنّ الله تعالى آخذٌ بِيَدِهِ كُلَّما عَثَر) [1].

واتا: لێبوردن و چاوپۆشیتان هەبێ بۆ هەڵە و گوناهی موسڵمانی بەخشندە و سەخی، بێگومان هەر کاتێك ئەگەر ساتەی کرد و کەوت، خوا دەستی دەگرێ و هەڵیدەستێنێتەوە.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خوا کەسانی بەخشندە و سەخی خۆش دەوێ و یارمەتیان دەدات، هەروەها کاتێك توشی بەڵا و ناڕەحەتیەك بوو خوا ڕزگاری دەکات و بەهانای دەچێت.

(١) رواه الطبراني في الأوسط (١١٩٩) وأبو نعيم (١٠٨/٤).

شاعیر دەڵێ:

وَيَظْهَرُ عَيبَ المَرءِ فِي النَّاسِ بُخلُهُ وَيَستُر عَنْهُمْ جَميعاً سَخَاؤه[1].

واتا:

عیب و کەموکوڕی مرۆڤ دەردەکەوێ لەناو خەڵکی ئەو کاتەی کەسێکی ڕەزیل و ڕژدە.

هەموو عەیب و کەموکورتی مرۆڤ دادەپۆشی ئەو کاتەی **کەسێکی سەخی و بەخشندەبێ.**

مالیك کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێ هەژارێك داوای خواردنی لە (عائیشە) (ڕەزای خوای لێبێت) کرد، هیچیان نەبوو لە مالّەکەی جگە لە یەك کولێرە، عائیشە بانگی خزمەتکارەکەی کرد، پێی گوت کولێرەکەی بدەرێ. گوتی تەنها یەك کولێرەمان هەیە و تۆش بەڕۆژووی، ئەدی بە چی فتار دەکەیەوە، گوتی بیدەرێ خوا کەریمە. کاتی ئێوارە داهات مالێك گۆشتی کاوڕی برژاوی بە نانی گەنم داپۆشراو بوو بۆیان هێنراین، خزمەتکارەکە دەڵێ عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) بانگی کردم و پێی گوتم بیخۆ لەم گۆشت و نانە گەنمە، ئەمە لە کولێرەکەت باشترە و خۆشترە[2].

عروەی کوڕی زوبێر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ عائیشەم بینی (ڕەزای خوای لێبێت) حەفتا هەزار دیرهەمی دابەشکرد بەسەر هەژاراندا، کراسی خۆشی پینە دەکرد، جارێکی تر سەد و هەشتا دیرهەمی دابەش کرد بەسەر هەژاراندا، بەڕۆژوو بوو فتاری ئێوارەی نان و زەیت بوو[3].

پیاوێکی هەژار هاتە لای سەعید کوڕی العاص (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) داوای

---

(١) رَوضة العُقلاء ونزهة الفُضلاء، لإبن الحبان السبتي (٢٢٧).

(٢) جامع الأصول في أحاديث الرسول، لإبن الأثير الجزري (٤٥٢/٦)؟

(٣) مختصر منهاج القاصدين، لإبن قدامة المقدسي (٢٠٣).

لێی کرد شتێکی بداتێ، بە سەرکارەکانی گوت پێنج سەد دینـاری بـدەنێ، پیاوەکـە گڕیا لە خۆشیان، سەعید پێی گووت ئەوە بۆ دەگڕی، گوتی بۆ ئەوە دەگڕیم پیـاوێکی وەک تۆ دەمری و خۆڵ دەیڕزێنی لە ناو گۆڕدا[1].

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾[2].

هەروەک بوخاری و موسلیم ڕیوایەتی دەکەن پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی زۆر برسیمە خواردنێکم بدەنێ، پێغەمبەر (ﷺ) یەکێکی نارد بۆ مالّی خێزانەکانی، تا بزانێ خواردنیان هەیە بیدەنە ئەم پیاوە، خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) گوتبویان وەڵاهی هیچمان نییە جگە لە ئاو نەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ ئەم پیاوە ئەم شەو میوان دەکات و خواردنی دەداتێ، پیاوێکی ئەنساری مەردانە هەستاوە و گوتی من میواندارى دەکەم. ئەنساریـیەکە پیاوەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە، بە خێزانەکەی گوت هیچ خواردنمان هەیە، گوتی تەنها بەشی منداڵەکانمان هەیە، گوتی منداڵەکان بخافڵێنە و ئەگەر خواردنەکەت هێنا چرایەکە بکوژێنەوە و بڵێ زەیتی تێدا تەواو بوو، منیش وا خۆم نیشان دەدەم کە خواردن لەگەڵیدا دەخۆم، میوانەکە خواردنەکەی هەموو خواردو تێر بوو، بەیانی کە هاتنەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوە ئەنساریـیەکەی گوت (خوا سەری سوڕما لەو کاری کردتان بۆ میوانەکەتان ئەمەشەو) ئەم ئایەتەی دابەزاند دەربارەی ئێوە ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾[3]. لە هەندێك ڕیوایەت دەڵێن پیاوە ئەنساریـیەکە

(١) تَنبيه المغترين، لِعبدالوهاب الشعراني (٢٢٣).
(٢) سورة الحشر، آية (٩).
(٣) سورة الحشر، آية (٩).

ناوی (أبو طلحة) بوو[1].

لَیث کوڕی سعد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) یەکێك بوو لە بەخشندەو سەخییەکان، هەموو ڕۆژێك خێر و سەدەقەی دەدایە (٣٦٠) هەژار، دەڵێن هەموو ڕۆژێك (١٠٠٠) دیناری دەست دەکەوت، زەکاتیشی لەسەر واجب نەدەبوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی پارەکەی دەبەخشیەوە بەسەر هەژار و نەدارانداا. دەڵێن ڕۆژێك ئافرەتێك داوای کەمێك هەنگوینی لێ کرد، بە سەرکارەکانی گوت سەتڵێك هەنگوینی بدەنێ، گوتیان بە کەمێك هەنگوین ڕازی دەبوو، سەتڵێك هەنگوینی بۆ دەدەیێ، گوتی ئافرەتەکە بە گوێرەی پێویستی خۆی داوای کرد، ئێمەش بە گوێرەی ئەو ناز و نیعمەتەی هەمانە پێی دەبەخشین[2].

ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) داوای هەر شتێکی لێ کرابێت پەیوەست بوو بێت بە ئیسلامەوە داویەتیە داواکارەکە، ئەنەس دەڵێ پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی ئەو ڕانە مەڕەی لە نێوان ئەم دوو کێوپە پێم ببەخشە؟ پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ڕانە مەڕەکەی پێی بەخشی، بۆ ئەوەی دڵی ڕابکێشی بۆ ناو ئیسلام و پێی هۆگر بێ. کابرا گەڕایەوە ناو هۆز و گەلەکەی و گوتی: ئەی گەلەکەم موسڵمانبن سوێند بە خوا (محمد) (ﷺ) ئەوەند زۆر بەخشین دەبەخشێت، هیچ پاشایەك ئاوا نابەخشێت، هیچ لە هەژاری ناترسێت و زۆر سەخیە[3].

ئیبن قدامە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ڕۆژێکیان عبدالله ی کوڕی جەعفەر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەچوو بۆ ناو کێڵگەکەی لە ڕێگادا لەلای باخێکی دارخورما لایدا بۆ پشوودان، دیتی لەناو باغەکەدا پیاوێکی ڕەش پێست خزمەتی

---

(١) رواه البخاري (٣٧٩٨) وابن حبان في صحيحه (٥٢٨٦).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/٢٥٠).
(٣) رواه مسلم (٢٣١٢).

باغەکەی دەکرد، کەسێك نانو خواردنی بۆ خزمەتکارە ڕەشپێستەکە هێنا، لەو کاتە سەگێك چووە ناو باغەکە و لە خزمەتکارەکە نزیك بوویەوە، خزمەتکارەکەش کولێرەیەکی دایە سەگەکە و خواردی، کولێرەیەکی تری دایە، ئەویشی خوارد، کولێرەی سێیەمیش دایە، عبدالله ش تەماشای دەکات، عبدالله چوو بۆ لای خزمەتکارەکە و پێی گوت خواردنی ڕۆژانەت چەندە؟ گوتی سێ کولێرەیە، پێی گوت هەر سێ کولێرەکەت دایە سەگەکە بۆچی! گوتی لەم ناوچەیە هیچ سەگی لێ نییە، ئەم سەگە لە دووڕا هاتووە و دیار بوو زۆر برسی بوو، سەگەکە ڕووی لە من کرد بۆ ئەوەی شتێکی بدەمێ، منیش بەزەییم پێ هاتەوە و خواردنەکەی خۆمم دایە سەگەکە، گوتی ئەی تۆ چی دەکەی بۆ خواردنی ئەمڕۆ، گوتی ئەمڕۆ خۆم بە برسیەتی دەهێڵمەوە، لەبەر خاتری خوا تێرکردنی ئەم سەگەم خستە پێش تێرکردنی نەفسی خۆم، عبدلالله نەفسی خۆی سەرزەنشت کرد. گوتی خەڵك پێت دەڵێن عبدالله بەخشندە و سەخیە. ئەم خزمەتکارە هەژارە لە تۆ سەخی تر، ئەو خواردنەی هەیبوو هەموو دایە سەگەکە، لە خزمەتکارەکەی پرسی ئەم ڕەز و باغە هی کێیە؟ گوتی هی فلآنە کەسە، عبدالله چوو بۆ لای خاوەنی باغەکە و گوتی بۆ کارێك هاتووم ئەگەر بۆم بکەی، گوتی هەر کارێك بە من بکرێ بە چاوان بۆ تۆ دەیکەم قوربان، گوتی: ئەو ڕەز و باغ و بەندە خزمەتکارەی هەتە لەفلآنە شوێن پێم بفرۆشی، گوتی باشە و پێی فرۆشت، عبدالله گەڕایەوە لای خزمەتکارە باغەوانەکە و پێی گوت: ئەم ڕەز و باغە و ئەوەی تێدایە هەمووم لە خاوەنەکەی کڕی، هەموویم بەخشیە تۆ بەبێ بەرامبەر، تۆش ئازادی چی دەکەی بیکە. ئەم بەخششەش لەبەر ئەو هەڵوێستە مەردانە و سەخاوەتی کردت لەگەڵ ئەو سەگە بەستەزمانەی هاتەلات[1].

سەخاوەتی عبدالله کوڕی عامر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، عبدالله خانووی خالیدی کوڕی عقبەی کڕی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە (٩٠٠٠٠) درهەم، خالید

(١) المنتقى من المكارم الأخلاق، للخرائطي (٢٠٦).

دراوسێی عبدالله بوو، شەوێ عبدالله گوێبیستی گریان بوو لە مالّی خالید. بە خێزانەکەی گوت ئەو گریانە چییە لە مالّی خالیدی دراوسێمان، خێزانەکەی گوتی ئەوە منداڵ و خێزانی خالیدن دەگرین بۆ خانوەکەیان کە تۆ لێت کڕیون، چونکە لەبەر پێویستی خانوەکەیان فرۆشتووە، عبدالله بانگی سەرکار و خزمەتکارەکەی کرد و پێی گوتن برۆن بۆ مالّی خالیدی دراوسێمان، پێیان بڵێن خانوو و پارەکە بۆ خۆیان و گەردەنیان ئازاد بێت نە خانووم دەوێت و نە پارەکەم دەوێتەوە هەموو بەوان بەخشی[1].

إبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خوا وەحی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) (إبراهیم) کرد (سەلامی خوای لێبێت) پێی فەرموو: ئایا دەزانی بۆ تۆم کردۆتە دۆستی خۆم! گوتی نەخێر نازانم، خوا فەرمووی چونکە دیتم بەخشینت پێی خۆشترە لە وەرگرتن و دەسکەوت[2].

بەڕاستی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) زۆر بەخشەر و سەخی بوو، بە گیانی خۆی سەخی بوو بۆ خوا خستیانە ناو ئاگر، بە گیانی ئیسماعیلی کوڕی سەخی بوو بۆ خوا ئامادە بوو بیکاتە قوربانی و سەری ببڕێ لە پێناوی خوا، سەخی بوو گوێرەکە سەر ببڕێ بۆ میوانی، سەخی بوو شار و ولاّتی خۆی جێبهێڵێ بۆ ڕەزامەندی خوا، توخوا شایەنی ئەوە نییە خوا بیکاتە دۆستی خۆی.

سەخاوەتی سەرەمەرگ لە شەڕی (یەرموك) موسڵمانان شەهید و بریندارییان هەبوون، خەڵك بە دوای کەسوکارياندا دەگەڕان لە شوێنی شەڕەکە، بۆ ئەوەی بزانن کێ بریندارە و کێ شەهید بووە، (عیکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل)یان دیت (ڕەزای خوای لێبێت) بریندارە و لە سەرەمەرگە، ئاویان بۆ هێنا بۆ ئەوەی قوڕگی تەڕ بکات پێش مردنی، خەریك بوو ئاو بخواتەوە گوێی لە نالّەی (سهیل کوڕی عەمر) بوو

(١) مختصر منهاج القاصدين، لإبن قدامة المقدسي (٢٦٤).
(٢) موسوعة الأخلاق الإسلامية، لِسعد يوسف (٤٥١/١).

(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش برینـدار بـوو داوای ئـاوی دەکـرد، گـوتی بـڕۆن بـۆ (سهیل)ی ببەن با ئەو ئاوەکە بخواتەوە، ئاوەکەیان برد بۆ (سهیل) ئـەویش گـوێی لـە نالّەی (حارسی کوڕی هشام) بوو ڕەزای خوای لێ بێت ئەویش بریندار بوو داوای ئاوی دەکرد، گوتی بڕۆن ئاوەکە بۆ (حارس) بەرن، هەتا ئاوەکەیان بۆ حـارس بـرد شـەهید بوو بوو، هەتا گەڕانەوە لای (سهیل) ئەویش شەهید بوو، گەڕانـەوە لای (عیکرەمـە) ئەویش شەهید بوو، ئاوەکە وەك خۆی مایەوە، هیچیان لەبەر ئـەوی تریـان ئاوەکـەی نەخواردەوە (خالیدی کوڕی وەلید) ڕەزای خوای لێ بێـت بەلایانـدا تێپـەڕی و گـوتی خۆزگەم بەخۆتان[1].

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

بەڕاستی سەخاوەت و خۆنەویستی وەك ئەوانە دەبێت، دەبـا ئێمـەش بەخشـندە و سەخی بین بە ئەندازەی توانینمان.

(١) مختصر منهاج القاصدين، لابن قدامة المقدسي (٢٠١).

دونیا نەویستی-دونیا بەکەم زانین
(الزُهد)

دونیانەویستی واتا: وازهێنان لەو حەز و ئارەزوانەی کە سودیان نیە بۆ ڕۆژی دوایی[1].

وەهیب کوڕی الورد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: واتا خەفەت نەخۆی لەوەی نەتبوە لە دونیادا، دڵخۆش نەبی بەوەی هەتە لە دونیادا[2].

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: دونیانەویستی ئەوە نیە حەلال لە خۆت حەرام بکەیت، مالّ و سامانت بەفیڕۆ بدەیت، بەڵکو دونیانەویستی ئەوەیە دەبێ ئەوەی لەلای خوایە زیاتر متمانەت پێ هەبێت لەوەی لەلای خۆتەو لە دەستدایە[3].

لە چەندەها ئایەت خوا باسی دونیا بەکەم زانین دەکات:

﴿ قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ ﴾[4].

واتا: ئەی محمد (ﷺ) بڵێ خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دونیا زۆر کەم و کورتە، ژیانی قیامەت خۆشتر و چاکتر و نەبڕاوەترە بۆ کەسێك لە خوا دەترسێت و پارێزکارە.

---

(١) مجموعة الفتاوى، لإبن تيمية (٢١/١٠).
(٢) موسوعة الأخلاق الإسلامية، لِسعد يوسف (١٢٦/١).
(٣) هەمان سەرچاوە، (١٢٧/١).
(٤) سورة النساء، آية (٧٧).

﴿وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾[1].

واتا: هەرچیتان پێدراوە ئەوە خۆشی و ناز و نیعمەت و زینەتی ژیانی دونیایە، بەڵام دڵنیابن ئەو بەشەی لای خوایە چاکتر و باشتر و نەبڕاوەیە، ئایا عەقڵ و ژیریتان ناخەنەکار؟

﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْءَاخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾[2].

واتا: ئەوەی بەرهەم و پاداشتی قیامەتی دەوێت، لە دونیادا کار و کردەوەی چاک دەڕوێنێت، ئێمە پاداشتی هەوڵ و کۆششەکەی بە زیادەوە پێدەبەخشین، ئەوەی بەرهەمی دونیای دەوێت، هەندێك لە دونیای پێدەبەخشین، بەڵام لە قیامەتدا هیچ جۆرە بەشێکی نیە.

خوا خۆشی و ناز و نیعمەت و پۆشاکی جوان و زینەت و ڕۆزی و خواردنی خۆش و چاکی لە کەس حەرام نەکردووە، بەڵام زیادەڕۆیی لە دونیاویستی و خواردن و خۆشی و زینەت ئەمە نادروست و ناڕەوایە، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ﴾[3].

واتە: ئەی (محمد) (ﷺ) بڵێ ئەوە کێیە پۆشاك و زینەت و جوانیە خوایەکانی لە بەندەکانی حەڕام کردوە، کە خوا بەخۆی بۆ بەندەکانی بەدیهێناون، هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزیە چاك و پاك و خۆشیەکانی حەرام کردووە.

---

(١) سورة القصص، آية (٦٠).

(٢) سورة الشورى، آية (٢٠).

(٣) سورة الأعراف، آية (٣٢).

واتا خوا هەموو خواردن و شتی چاك و پاکی دروستکردووە بۆ مرۆڤەکان و حەلاڵیشی کردووە بۆیان، کەواتە دونیا لەخۆ حەرامی کردن دروست نیە، هەروەك (عبدالله کوڕی عمر) ڕەزای خوایان لێ بێت دەڵێت (ئەوەندە هەوڵ بدە بۆ دونیا وابزانە هەر دەمێنیتەوە و نامری و ئەوەندەش هەوڵ بدە بۆ قیامەت وابزانە سبەی دەمریت) [1].

پێویستە مافی دونیا و قیامت بدەین بە ئەندازەی تێیدا دەمێنێیتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) **دەفەرمووێ** (صَلاحُ أَوّلِ هَذِهِ الأُمّةِ بِالزُّهْدِ وَالْيَقِينِ، وَيَهْلِكُ آخِرُهَا بِالْبُخْلِ وَالأَمَلِ) [2].

واتا: چاکی و پاکی و باشی سەرەتای ئۆمەتی ئیسلامەتی بەهۆی دونیانەویستی و دونیابەکەم زانینیان بوو، بە هیلاك چوون و لەناوچوونی کۆتایی ئۆمەتی ئیسلامەتی بەهۆی ڕەزیل و نەبەخشینی مالّ و سامانیان و هیوا درێژیان و ئومێد بوونیان بە دونیا و دونیاویستی.

(عَنْ أَبي العَباس سَعدِ بنِ سَهلٍ السَّاعِدي رضي الله عنه قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النبي (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُول الله: دُلَّني عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلتُهُ أَحَبَّني اللهُ وَأَحبَّني النَاسُ؟ فَقَالَ: (ازهَد في الدُّنيَا يُحِبَّكَ اللهُ، وازهَد فيمَا عِندَ النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاس) [3].

واتە: سهل (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێنماییم بکە و فێری کردەوەیەکم بکە ئەگەر ئەم کردەوەیەم ئەنجامدا خوا و خەڵك خۆشیان بوێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دونیا

(١) رواه ابن المبارك في الزُهد (٢/٢١٨) وغيرهُ.
(٢) رواه أحمد في الزُهد (٥٢) وحسنهُ الألباني.
(٣) رواه إبن ماجة (٤١٠٢) والطبراني في الكبير (٥٩٧٢) والحاكم (٧٨٧٣) وحسنهُ النووي والألباني.

بەکەم بزانە و ئەوەی پێویست نییە بۆ ژیانی دونیا وازی لێبێنە و زۆر هەوڵی بۆ مەدە خوا خۆشی دەوێت، ئەوەی خەڵك هەیەتی لە مااڵ و سامانی دونیا دڵیان پێی خۆشە، تۆ چاوت لە دەستی ئەوان نەبێ و بێ نیازبە و داوایان لێ مەکە، ئەو کات خەڵك خۆشی دەوێت.

سودەکانی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە: ئەوەی دەیەوێت خوا خۆشی بوێت، با دونیا نەویست بێت و زۆر گرنگی بە خۆشیەکانی دونیا نەدات، بەڵکو ئەوەی پێویستە بۆ ژیانی دونیا ئەوەی هەبێت بەسە، ئەو کاتە خوا خۆشیدەوێت، ئەوەی دەیەوێ خەڵك خۆشی بوێت، با چاوی لە دەستی کەس نەبێت و داوای مااڵ و سامانیان لێی نەکات و بە عیزەت و سەربەرزی بژی ئەو کات خەڵکی خۆشیان دەوێت و ڕێزی دەگرن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ آمِنًا فِي سِرْبِهِ مُعَافًى فِي جَسَدِهِ عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا بِحَذَافِيرِهَا)[1].

واتا: هەر موسڵمانێك ئەمین بوو لە گیانی و مااڵ و منداڵ و سامانی واتا هیچ دوژمن و ناحەزێکی نەبوو، دڵنیا بوو لە سەر و مااڵی، جەستەی تەندروست بوو لە هەموو نەخۆشی و دەرد و بەاڵیەك، ڕزق و ڕۆزێکی ڕۆژانەی بەحەاڵڵی هەبوو، کە بەشی خۆی و منداڵەکانی بکات و پێی ڕازی بێ، ئەمە وەکو ئەوە وایە هەموو دونیا هی ئەو بێت، هەموو دونیا لەبەر دەستی ئەوە بە گشتی.

سودەکانی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە: هەر موسڵمانێك لە گیان و سەر و مااڵی خۆی ئەمین و دڵنیا بوو، هیچ دوژمنێکی نەبوو لێی بترسێ، خوا جەستە و لاشەیەکی ساغ و تەندروستی پێی بەخشیبوو، ڕزق و ڕۆزێکی حەاڵڵی هەبوو کە بەشی بکات و بەو بەشەی خۆی ڕازی بێت کە ڕۆژانەیان مانگانە دەستی دەکەوێت، ئەوە ئەو موسڵمانە وەکو ئەوە وایە هەموو دونیا هی ئەو بێت و هەموو دونیا دراوەتە ئەو.

---

(١) رواه الترمذي (٢١٤٦) وابن ماجة (٤١٤١) حسن.

موسڵمانان ئەگەر خوا مـاڵ و سـامان و دەسـەڵات و پۆسـت و پلەیـەکی دا بـە کەسێك، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە ئەم کەسە حەز و ئارەزووی لە دونیایە و دونیای لا گرنگ و مەبەستە، ئەوەتا خوا دوو پێغەمبەر (داود و سلیمان) علیهما السلام (قَدْ ملکا الدُّنیا وکان عِندَ اللهِ من الزَاهدین)[1].

ئەم دوو پێغەمبەرە (داود و سلیمان) سەلامی خوایان لێبێت هەردووکیان پاشـا و دەسەڵاتدار و خاوەن مـاڵ و سامانێکی زۆر بوون، بەڵام لە لای خوا زۆر زاهید و دونیا نەویست و دونیا بە کەمزان بوون، چونکە دەسەڵات و مـاڵ و سامان کاریگەری لێـی نەکردبوون و بێ ئاگای نەکردبوون لە خوا، بەم دەسەڵات و مـاڵ و سامانە دادپـەروەری و خزمەتی ئاین و بەرنامەی خوایان دەکرد، بۆیـە هـەر کەسـێك دەسـەڵات و مـاڵ و سامان بێ ئاگای نەکات لە خوا، خێر و چاکەی پێی ئەنجام بدات، ئەوە زاهید و دونیا نەویستە.

(عائیشـە) ڕەزای خـوای لێبێـت، دەڵـێ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وەفـاتی کـرد زرێیەکەی ڕەهن و بارمتە بوو لەلای جولەکەیەك لەجیاتی بیست ساع خواردن کە بـۆ خێزانەکانی هێنابووی[2].

وە لە ڕیوایەتی بوخاریدا (لە جیاتی سی ساع جۆی وەرگرتبوو)[3].

واتا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە هەژار و پێویستی بە خواردن هەبوو بۆ خێزانەکانی و پارەی نەبوو خواردن بکڕێ زرێیەکەی بە ڕەهن و بارمتە داوەتە جولەکەیەك بۆ ئـەوەی خواردنی بداتێ بۆ خێزانەکانی، ئەمە بەڵگەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دونیـا نەویسـت و زاهید بووە، چاوی لە دەستی کەس نەبووە، ڕازی بووە بـە ژیـان و گـوزەرانی خـۆی، ئەگەرنا خوا پێی فەرموو بوو کێوەکانی شاری مەدینەت بۆ دەکەم بە زێـڕ بـا لەگـەڵ

(١) الزهد الكبير، للبيهقي (٧٤).
(٢) رواه الترمذي (١٢١٥).
(٣) رواه البخاري (٢٩١٦).

بن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نامەوێت، ژیانێکی هەژارانەم پێ خۆشترە.

ڕیوایەت دەکرێ لە (لیث) دەڵێ پیاوێك بە پێغەمبەر عیسای گووت (سەلامی خوای لێ بێت) پێم خۆشە لەم گەشتەدا هاوڕێیەتیت بکەم و لەگەڵت دابم، عیساش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی باشە، پێکەوە ڕۆیشتن، گەیشتنە کەناری ڕووبارێك و دانیشتن بۆ پشوو دان و نان خواردن، سێ کولێرەیان پێ بوو، هەریەکەو کولێرەیەکیان خوارد، عیسا (سەلامی خوای لێبێت) چوو بۆ سەر ڕوبارەکە بۆ ئاوخواردنەوە، کە هاتەوە کولێرەکە نەمابوو، بە هاوڕێیەکی گوت کوا کولێرەکە، گوتی نازانم، ڕۆیشتن لە ڕێگادا مامزێکیان دیت دوو بەچکەی لەگەڵدا بوون، بانگی بەچەکەیەکی مامزەکەی کرد و کوشتیانەوە و خواردیان، پاشان بە ئێسك و پروسکەکانی گوت بە ئیزنی خوا زیندوو ببەوە، ئێسك و پروسکەکان زیندوو بوونەوە، بێچوەکە چۆوە لای دایکی، عیسا (سەلامی خوای لێبێت)بە هاوڕێیەکەی گوت، بەو خوایەی ئەم موعجیزەی نیشاندای کێ کولێرەکەی بردوە، گوتی نازانم، ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە سەر دەریاێك، عیسا (سەلامی خوای لێبێت) دەستی هاوڕێیەکی گرت و بەسەر ئاوی دەریایەکەدا ڕۆیشتن و پەڕینەوە، عیسا بە هاوڕێیەکەی گوت، سوێندت دەدەم بەو خوایەی ئەم موعجیزەی نیشاندای کێ کولێرەکەی بردووە، گوتی نازانم ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە ئەشکەوتێك و دانیشتن، عیسا(سەلامی خوای لێبێت) کۆمەڵە خولێکی کۆکردەوە، بە کۆمەڵە خۆڵەکەی گوت ببە بە زێڕ بە ئیزنی خوا، خۆڵەکە بوو بە زێڕ، عیسا(سەلامی خوای لێبێت) خۆڵەکەی کردە سێ بەش، گوتی بەشێك بۆ تۆ، بەشێك بۆ من، بەشەکەی تر بۆ ئەوەی کولێرەکەی بردوە، هاوڕێیەکی گوتی من بردومە، عیسا(سەلامی خوای لێبێت) گوتی هەموو زێڕەکە بۆ تۆبێ من دەڕۆم و هاوڕێیەتیت ناکەم. پاشان هاوڕێیەکەی عیسا دوو کەسی لێ پەیدا بوون کە دیتیان ئەم هەموو زێڕەی پێیە ویستیان بیکوژن، گوتی مەمکوژن دەیکەین بە سێ بەش، گوتیان باشە، بەڵام ئێمە برسیمانە یەکێك بچێ بۆ ئەم گوندە خواردنمان بۆ بێنێ، یەکێکیان چوو بۆ خواردن هێنان، گوتی من بۆ ئەم دووانە بکەم بە بەش لەگەڵ خۆم،

ژەهریان بۆ لە خواردنەکە دەکەم، دوو کەسەکەی تر گوتیان بۆ ئەو لەگەڵ خۆمان بکەین بە بەش ئەگەر خواردنەکەی هێنا دەیکوژین و زێرەکە دەکەین بە دوو بەش، کابرا گەڕایەوە و ژەهری لە خواردنەکە کردبوو، دوو کەسەکەی تر کوشتیان و خواردنەکەیان خوارد، ئەوانیش بە خواردنەکە مردن، هەرسێ کەسەکە مردن و زێرەکە لەوێ مابوویەوە بەبێ کەسی، عیسا(سەلامی خوای لێبێت) و کۆمەڵە هاوڕێکەی بەلای ئەشکەوتەکدا گەڕانەوە، بینیان وا هەرسێ کەسەکە مردون و زێرەکە بەبێ کەس ماوەتەوە، عیسا (سەلامی خوای لێبێت) بە هاوڕێکانی گوت، ئەمە سەرەنجامی ئەو کەسانەیە کە بە تەماع و چاوبرسی و دونیاویست و دونیا پەرستن[1].

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، خەڵکانێکم دیت دونیا لەلای ئەوان بێ نرختر بوو لەو خۆڵەی ئێوە بەسەریدا دەڕۆن،ئەوەندە دونیانەویست بوون[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (لَيْسَ الغِنَى عن كَثْرَةِ العَرَضِ، ولكن الغِنَى غِنَى النَّفس)[3].

واتا: دەوڵەمەندی ئەوە نیە مااڵ و سامانت زۆر بێ، بەڵکو دەوڵەمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە دڵ و دەرونت دەوڵەمەند بێ.

سودەکان ئەم فەرموودەیە ئەو کەسە دەوڵەمەندە دڵ و دەروونی دەوڵەمەند بێت و قەناعەت و ڕازی بێت بەو بەشەی خوا پێی داوە، ئەو کەسە دەوڵەمەند نییە مااڵ و سامانی زۆر بێت، ئەگەر دڵ و دەروونی هەژار بێت و تەماع و چاوبرسی بێت ئەو کەسە لە هەموو هەژاران هەژارترە.

(حسن کوڕی عەلی) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (عومەر کوڕی خەتتاب) ڕەزای

---

(١) رواه إبن أبي الدنيا، في ذم الدُنيا (٨٧) والغزالي، في إحياء علوم الدين (٤٩٩/٤).
(٢) تسلية أهل المصائب، لمحمد بن المنبجي (٣٢٨).
(٣) رواه البخاري (٦٤٤٦) ومسلم (١٠٥١).

خوای لێ بێت وتاری بۆ خەڵکی دەدا لەو کاتەی خەلیفە و گەورەی موسڵمانان بوو جلوبەرگەکەی دوانزە پێنەی پێوەبوو، واتا ئەوەندە دونیانەویست و زاهید و خۆنەویست بوو، دەنا دەیتوانی چاکترین پۆشاك بپۆشی چونکە هەموو (بیت المال)ی لەبەر دەست بوو، بەڵام وەکو هەژاران دەژیا[1].

لە کۆتایی ئەو ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئەو کەسە نەزانە و ناحاڵییە کە هەموو ژیانی بۆ کۆکردنەوەی مااڵ و سامان تەرخان کردووە و بە دوای دونیایەوە، بێئاگایە لە دواڕۆژ و لە مردنێك هەموو کات بە دواوەیەتی، مااڵ و سامانەکەش بەجێ دێڵێت.

(١) الزُهد، لأحمد بن حنبل (٩٤).

ئامۆژگاری
(النصيحة)

ئامۆژگاری: واتا دڵسۆزی‌و خۆشەویستی بۆ کەسی بەرامبەرت بە دەربڕینی خێر و چاکە بۆی[1].

بەسە بۆ گەورەیی و پلە و پێگەی ئامۆژگاری کە ڕەوشت و سیفەتی هەموو پێغەمبەران و پیاوچاکانە.

پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لێ بێت) بە گەلەکەی دەڵێ وەکو لە قورئاندا هاتووە:﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾[2].

واتا نوح دەڵێ: هاتوومە ڕاسپاردە و پەیامەکانی پەروەردگارتان پێی ڕابگەیەنم، ئامۆژگاری خێرتان بکەم، ئەوەی من دەیزانم دەربارەی زاتی خوای گەورە نێوە نایزانن.

وە پێغەمبەر هود (سەلامی خوای لێبێت) بە گەلەکەی دەڵێ وەکو لە قورئاندا هاتووە ﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴾[3].

---

(١) الذريعة إلى مكارم الشريعة، لِراغِب الأصفهاني (٢٩٥).
(٢) سورة الأعراف، آية (٦٢).
(٣) سورة الأعراف، آية (٦٨).

واتا: هود دەڵێ: هاتووم بۆ ئەوەی پەیامەکانی پەروەردگارمتان پێ ڕائەگەیێنم، من ئامۆژگارێکی دڵسۆز و ئەمینم بۆتان.

وە پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لێ بێت) بە گەلەکەی دەڵێ وەکو لە قورئاندا هاتووە: ﴿ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴾ [1].

واتا: صالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەی هۆز و گەلەکەم بەڕاستی من پەیامی پەروەردگارم پێ ڕاگەیاندن، زۆر بە چاکی ئامۆژگاریم کردن، بەڵام بەداخەوە ئێوە دڵسۆز و ئامۆژگاریکەرانتان خۆش ناوێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، قُلْنَا: لِمَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ : للهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ)[2].

واتا: ئایینی ئیسلام کۆڵەگەکەی دڵسۆزی و ئامۆژگارییە، هاوەڵان گوتیان ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بۆ خوا: واتا باوەڕ بە خوا بێنی و بەندایەتی بکەی و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەی و قەدەغەکانی نەشکێنی و سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەی، ئامۆژگاریی و دڵسۆزی بۆ کتابی خوا، ئەوەیە باوەڕی پێی بێنی و بیخوێنیەوە وکاری پێ بکەی، ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە باوەڕ بە پەیام و بە گشت ئەوەی هێناویەتی و خۆشت بوێ و شوێنی بکەوی و سوننەت و وەسیەتەکانی جێبەجێ بکەی، و ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆ پێشەوایانی موسڵمانان ئەوەیە یارمەتی و گوێڕایەڵیان بکەی لەسەر حەق و ڕاستی و ئامۆژگاری چاکیان بکەی، ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆ هەموو موسڵمانان بە گشتی ئەوەیە ڕێنموییان بکەی بۆ خێر و چاکە و خواپەرستی و بە بەزەیی بی لەگەڵیان و

(١) سورة الأعراف، آية (٧٩).
(٢) رواه مسلم (٥٥) وأبو داود (٤٩٤٤).

زەرەر و خراپەت نەبێ بۆیان، و چیت بۆ خۆت پێ خۆشە بۆ ئەوانیش ئەوەت پێ خۆش بێ، پێویستیەکانی دین و ژیانیان بۆ جێبەجێ بکەی.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (حَقُّ الْمُسْلِمِ علَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ قيلَ: ما هُنَّ يا رَسولَ اللهِ؟ قالَ: إذا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عليه، وإذا دَعاكَ فأجِبْهُ، وإذا اسْتَنْصَحَكَ فانْصَحْ له، وإذا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ، وإذا مَرِضَ فَعُدْهُ وإذا ماتَ فاتَّبِعْهُ)[1].

واتا: مافی موسڵمان بەسەر موسڵمانانەوە شەش مافن، هاوەڵان گوتیان کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ئەگەر بە موسڵمانێك گەیشتی سڵاوی لێ بکە، ئەگەر داوای یارمەتی لێ کردی یان بانگی کردی بۆ نانخواردن ئەوە وەڵامی داواکارییەکەی بدەوە ئەگەر بێ فەرمانی خوا نەبوو، ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێ کردی ئامۆژگاری چاکی بکە، ئەگەر پژمی و گوتی (الحمد لله) تۆش پێی بڵێ (یرحمُك الله) با ئەویش بڵێ (یهدیکم الله ویصلح بالکُم)، ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە و دوعای خێری بۆ بکە، ئەگەر مرد بەشدار بە لە نوێژ لەسەر کردن و چوون بۆ گۆڕستان و ناشتنی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (مَا مِن عَبْدٍ يَسْترعيهِ اللهُ رَعِيَّةً، فَلَمْ يَحُطْها بنَصْحِهِ، لَمْ يَجِدْ رائِحَةَ الجَنَّةِ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك ببێتە بەرپرس و کاربەدەست و کاروباری خەڵکی لە ژێر دەستی بێت، ئاگادار و هاوکار و ئامۆژگاری و دڵسۆز نەبێت بۆیان، ئەوەی لە توانایدا هەبێت لە کاری خێر و چاکە بۆ دین و ژینیان بۆیان ئەنجام نەدات، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات، کە بۆنی بەهەشت لە دووری حەفتا ساڵە ڕێ بۆنی دەڕوات.

---

(١) رواه مسلم (٢١٦٢) والترمذي (٢٧٣٧).

(٢) رواه البخاري (٧١٥٠) ومسلم (١٤٢).

هەموو کەسێك پێویستی بە ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە هەیە، لە هەر پلە و پایە و پۆست و تەمەنێك بێت، چونکە زۆر جار مرۆڤ شتی لەبیردەچێ، یان شعور و هەستی پێناکات، دەبێ ئامۆژگاری چاك لە هەموو کەسێك وەربگیرێ، هەر کەسێك بێ، ئەگەر ئامۆژگارییەکەی چاك و بەسوود بێ.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لە رێکەوتنی (صلح) حودەیبییە لەگەڵ قورەیشیەکان چەند بڕیارێکیان مۆرکرد، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو ئەم سااڵ دەگەڕێینەوە بۆ شاری مەدینە و ناچینە شاری مەککە بۆ عومرە کردن، هەموتان قوربانیەکانتان سەر ببڕن و سەرتان بتاشن و عومرەکە بشکێنن، ئەمەی فەرموو سێ جار، کەس لە هاوەڵان هەڵنەستان قوربانی بکەن و سەریان بتاشن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە خەمباری چووە لای (أُم سلمه)ی خێزانی لەناو خێمەکەیدا، باسەکەی بۆ گێڕایەوە ام سلمه (ڕەزای خوای لێ بێت) گووتی ئەگەردەتەوێ هاوەڵەکان فەرمانەکەت ئەنجام بدەن، برۆ دەرەوە لەگەڵ کەسدا قسە مەکە هەتا قوربانیەکەی خۆت سەر دەبڕی و سەرت دەتاشی. پێغەمبەر (ﷺ) بە قسەی (أم سلمه)ی کرد هەستا چووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد، قوربانییەکەی سەربڕی و بانگی سەرتاشەکەی کرد و سەری تاشی. کە موسڵمان ئەمەیان بینی لە پێغەمبەر (ﷺ) هەموویان قوربانییەکانیان سەربڕی و سەری یەکتریان تاشی، گەڕانەوە بۆ مەدینە[1].

لەم ڕووداوە ئەمەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە لەگەڵ پلە و پایە و گەورەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریەکەی (أُم سلمه)ی جێبەجێ کرد، (أم سلمه)ی خێزانی پێی گووت بەم جۆرە کێشەکە چارەسەر دەکرێ، پێغەمبەریش (ﷺ) بە گوێی کرد و ئامۆژگارییەکەی پێ ڕاست و پەسەند بوو، سەرکەوتوو بوو.

---

(١) رواه البخاري (٢٧٣١).

خوا لە قورئاندا دەفەرموێ:﴿وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ يَسْعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلْمَلَأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَٱخْرُجْ إِنِّى لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ﴾[1].

واتا: لەوپەڕی شارەوە پیاوێکی (ئیماندار کە لەخزمانی فیرعەون بوو) بە پەلە هات و گووتی ئەی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) فریای خۆت بکەوە بەڕاستی وا دارودەستەی فیرعەون دانیشتون و نەخشەی کوشتنی تۆ دەکێشن، تا زووە دەرچۆ لە ناو شار و ئێرە بەجێبهێڵە، بەڕاستی من ئامۆژگاریکارێکی دڵسۆزم بۆ تۆ.

لەم ئایەتە و لە ڕووداوەکەی (صلح)ی حودەیبیە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە هەتا پێغەمبەران ئامۆژگاری لە کەسانی دڵسۆز وەردەگرن و بە قسەیان دەکەن، ئەوەتا دوو لە پێغەمبەران (محمد و موسا) (سەلامی خوایان لێ بێت) بە ئامۆژگاری دوو ئیماندار ڕزگاریان دەبێت.

ئاداب و شێوەی ئامۆژگاری کردن:

یەکەم: ئامۆژگاری بە نهێنی: ئەگەر ویستت ئامۆژگاری کەسێك بکەی پێویستە بە نهێنی بێت نەوەك لەناو خەڵکدا بێت، چونکە ئامۆژگاری لەناو خەڵکیدادەبێتە هەست بریندارکردن بۆ کەسەکە، لەوانەیە ئامۆژگارییەکە وەرنەگرێت.

دووەم: ئامۆژگاری بە نەرم و نیانی، ئەگەر ویستت ئامۆژگاری کەسێك بکەی پێویستە زۆر بە نەرم و نیانی و لەسەر خۆیی بێت، چونکە بە توڕەیی و هاوارکردن کەس ئامۆژگاریت لێی وەرناگریت، چونکە ئامۆژگاری کردن وەکو کلیلی دەرگا وایە ئەگەر کلیلەکە هی دەرگایەکە نەبێت نایکاتەوە، هەروەها ئامۆژگاری کردنیش هەموو کەس لێی نازانێت.

سێیەم: بە دڵسۆزی ئامۆژگاری بکەیت، واتا بە دڵسۆزی و خەمخۆری و لە پێناو

(١) سورة القصص، آية (٢٠).

خوا ئامۆژگاری بکەیت، نەوەك بۆ خۆهەڵکێشان و ڕیابازی و خۆپەدەرخستن بێت.

چوارەم: لە کاتی گونجاو ئامۆژگاری بکەی، چونکە هەموو کاتێك بە کەڵکی ئامۆژگاری نایەت، وەکو ئەو کاتەی تورەیە، یان بەپەلەیە، یان خەوی دێت.. هتد.

پێنجەم: ئامۆژگاریکردن شێواز و زانین و حیکمەتی دەوێ، هەموو کەس بە کەڵکی ئەوە نایەت ئامۆژگاری بکات، نمونە (حسن و حسین) کوڕی (ئیمامی عەلی) ڕەزای خوایان لێ بێت پیاوێکی بە تەمەنیان دیت دەستنوێژ هەڵدەگرێ بەڵام دەستنوێژەکەی تەواو نییە، بیریان کردەوە چۆن ئامۆژگاری بکەن و پێی بڵێن دەستنوێژت تەواو نیە، بە پیاوە بە تەمەنەکەیان گوت مامە دەمانەوێت تەماشای دەستنوێژی هەردووکمان بکەیت بزانە دستنوێژی کامەمان تەواوترە، (حسن و حسین) یەك لە دوای یەك دەستنوێژیان هەڵگرت و پیاوە بە تەمەنەکەش تەماشایان دەکات، کە لەخۆبوونەوە پێی گوتن، ڕۆڵەکانم دەستنوێژی هەردووکتان زۆر تەواو و دروستە، بەڵام بۆم ڕوون بوبەوە کە دەستنوێژی من تەواو و دروست نیە.

هەرکەسێك دەیەوێت ئامۆژگاری خەڵکی بکات پێویستە ئەم ئادابانە جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی سودی هەبێت.

پیاوێك بە (عومەری کوڕی خەتتاب)ی گوت (ڕەزای خوای لێبێت) لە خوا بترسە و پارێزکار بە، پیاوێك کە لەگەڵ عومەر بوو پێی گووت، چۆن ئەم قسەیە بە (ئەمیری باوەڕداران) دەڵێیت. (عومەر) گووتی وازی لێبێنە با قسەی خۆی بکات، پاشان (عومەر) ڕەزای خوای لێبێت گوتی (ئێوەخێرتان پێوە نییە ئەگەر قسەی حەقمان پێ نەڵێین، ئێمەش خێرمان پێوە نییە ئەگەر قسەی حەقتان لێ قەبوڵ نەکەین[1].

پێویستە هەموو بەرپرس و کاربەدەستان وەك ئیمامی عومەر لەناو خەڵك بن و گوێیان لێ ڕابگرن و قسەی هەق و چاکیان لێ قەبوڵ بکەن، و دادپەروەر بن.

---

(١) مناقب أمير المؤمنين (عمر بن الخطاب)، لإبن الجوزي (١٥٥).

مینسعەری کوڕی کدام (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (ڕەحمەتی خوا لەو کەسە بێ کەموکورتی و عەیبەکانم بە دیاری پێدەدا لە کاتی نهێنیدا لە نێوان من و ئەودا، چونکە ئامۆژگاری کردن لەناو خەڵکیدا سەرزەنشت و هەست بریندار کردنە[1].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

دەڵێم پێش ئامۆژگاریکردنی خەڵکی پێویستە ئامۆژگاری خۆت بکەیت و کەموکوڕییەکانی خۆت چاك بکەیت، ئینجا ئامۆژگاری خەڵکی بکەیت، و پێویستە پێش ئامۆژگاری کردنت بۆ خەڵکی بە قسە و بە کردار و هەڵسوکەوت ئامۆژگاری خەڵکی بکەیت کاریگەری زیاترە.

(١) بهجة المجالس، لإبن عبدالبر (٤٧/١).

خۆپارێزی لە حەرام و گوناح (الورع)

خۆپارێزی: واتا (دوورکەوتنەوە لەو شتانەی گومانی لێ دەکرێ لە ترسی کەوتنە ناو حەرام و قەدەغەکراوەکان[1].

إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: جیاوازی نێوان دونیانەویستی (الزُهد) و خۆ پارێزی لە حەرام (الورع)، دونیانەویستی واتا وازهێنان لەو شتانەی سوودی نیە بۆ دواڕۆژ (القيامة)، بەڵام خۆپارێزی لە حەرام (الورع) واتا وازهێنان لەو شتانەی لێی دەترسی زیانی هەبێ بۆ دواڕۆژ (القيامة)[2].

قالَ إبن القيم(رحمه الله)[3] وقد جمع النبِّي (ﷺ) الوَرع كلهُ في كَلمة واحِدة، فَقالَ (مِنْ حُسنِ إسْلامِ المَرءِ تَرْكهُ مَالا يَعْنيه)[4].

واتا: بێگومان نیشانەی چاك ئیسلام بوونی موسڵمان و تەواوی ئیمان وباوەڕ ئەوەیە دووربکەوێتەوە لە هەموو ئەو گوفتار و کردارانەی کە پەیوەندی و گرنگی و تایبەتمەندی بە تۆوە نیە.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە پێویستە کەسی موسڵمان خۆی لە ئیشوکاری خەڵکی هەڵنەقوڵتێنێ کە هیچ سوود وبەرژوەندی نیە،

(١) التعريفات، للجرجاني (٢٥٢).
(٢) الفوائد، لإبن القيم الجوزية (١٨١).
(٣) مدارج السالكين، لإبن القيم الجوزية (٢٣/٢).
(٤) رواه الترمذي (٢٣١٧) وإبن ماجة (٣٩٧) حديث حسن.

بەڵکو موسڵمان دەبێ خەریکی شتێك بێت کە سوودی هەبێت بۆ دونیا یان دوارۆژ.

قال النبيُّ (ﷺ) (يا أبا هُريرةَ، كُنْ وَرِعاً تَكُنْ أعْبدَ النَّاس) [1].

واتا: ئەی ئەبو هورەیرە، خواپەرستبە و خۆت بپارێزە لەو شتانەی حەرام و شك و گومانت هەیە لە حەرام بوونیان، دەبێتە بەندەیەکی لە هەموو کەس موسڵمانتر.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (فَضْلُ العِلمْ أحبُّ إليَّ مِنْ فَضلِ العِبادةِ، وخَيرُ دينكُمْ الوَرعُ) [2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (بەدەستهێنانی زانست و زانیاری شەرعی و بەسوود لەلای من چاکتر و خۆشەویسترە لە خواپەرستی سوننەت، چاکترین ئایین و دینداریتان خۆپاراستنە لە حەرام و خراپەو گوناح.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە زانست و زانیاری شەرعی و بەسوود چەند گەورە و پایەدار و چاکە، زانایان یەکدەنگن (خەریکبوون بە زانستی بە سوود باشترە لە خەریکبوون بە سوننەتی نوێژ و ڕۆژوو و یادی خودا) چونکە زانستی بە سوود بۆ خاوەنی و بۆ خەڵکی سودی هەیە، بەڵام خواپەرستی سوننەت تەنها بۆ خاوەنەکەی سودی هەیە، زانستی شەرعی سودی بۆ خاوەنەکەی دەمێنی لە دوای مردنیشی، بەڵام خواپەرستی سوننەت بە مردن کۆتایی دێت.

شافعی (رحمه الله) دەڵێ (زینەت و جوانی زانست بە خواپەرستی و خۆپارستنە لە حەرام و بە ئارامگرتن و لەسەر خۆبیە).

دەگێڕنەوە لە (عومەری کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت (جارێکیان ڕونی زەیت لە ولاتی شامەوە هاتبوو بۆ موسڵمانانی شاری مەدینە، عومەریش (ڕەزای

---

(١) رواه إبن ماجه (٤٢١٧) وأحمد(٨٠٩٥) باختلاف يسر.

(٢) رواه الحاكم (٣١٤) والبيهقي (٨٣٠) وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٢١٤).

خوای لێبێت) بەشی دەکرد بەسەر خەڵکیدا، کوڕێکی بچووکی عومەر لەلای بوو، عومەریش دەستی چەور بوو بە زەیتەکە، ئاوەناوە دەستی چەوری بەسەری کوڕەکەی خۆی دادەهێنا، کە لە دابەشکردنی زەیتەکە بوبەوە، تەماشای سەری کوڕەکەی کرد و گوتی کوڕەکەم سەرت زۆر نەرم و جوان بووە بە زەیتی موسڵمانان، دەستی کوڕەکەی گرت و بردی بۆ لای سەرتاش و سەری تاشی، بە کوڕەکەی گوت ئەمە بۆ تۆ باشترە[1].

خواپەرستی و خۆپارێزی بەم جۆرە دەبێت، ئیمامی عومەری (ڕەزای خوای لێبێت) ڕازی نەبوو سەری کوڕە بچوکەکەی جوانتر و نەرمتر بێ لە منداڵانی موسڵمانان، بۆیە پرچە جوانەکەی تاشی، کاربەدەستی وا کەی پەیدا دەبێتەوە.

ڕۆژێکیان (حەسەنی کوڕی عەلی) ڕەزای خوای لێ بێت دەنکە خورمایێکی زەکاتی خستە ناودەمی، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (کخ کخ)، وشەیەکە بۆ قەدەغەکردنی منداڵان بەکاردێ، دەنکە خورمایەکەی ناودەمی فڕێدایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا نازانی ئێمە مانّی زەکات ناخۆین[2].

نافع دەڵێ لەگەڵ (عبدالله کوڕی عمر) ڕەزای خوای لێبێت دابووم لە ڕێگایەکدا، عبدالله گوێی لە دەنگی دوزەلەیەك بوو شوانێك لێی دەدا، بۆیە پەنجەی خستە ناو گوێیەکانی و لەڕێگاکە لایدا، پاشان گوتی ئەی نافع دەنگی دوزەلەکە ماوە، گوتم نەماوە، ئینجا پەنجەکانی لە گوێیەکانی دەرهێنا و گەڕایەوە بۆ سەر ڕێگاکە، پاشان عبدالله گوتی پێغەمبەرم بینی (ﷺ) بەم شێوەیە ڕەفتاری کرد[3].

حسن کوڕی ڕەبیع دەڵێ لە کاتی نەخۆشی سەرەمەرگی (عبدالله کوڕی مبارك) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) داوای (سویق)ی کرد (سویق) شلەیەکە لە ئاردی سپی

(١) تنبيه الغافلين، لأبي الليث السمرقندي (٤٤٧).
(٢) رواه البخاري (٣٠٧٢).
(٣) رواه أبو داود (٤٩٢٤) والبيهقي (٢١٥٢٦) بإختلاف يسير.

گەنم و جۆ دروست دەکرێ، ئێمەش لە سەفەر بووین لەناو پاپۆڕدا بووین، ئەم خواردنەمان دەست نەکەوت تەنها لەلای کەسێك هەبوو کە ئیشوکاری بۆ فەرمانڕەوا (سولّتان) دەکرد، (حسن) دەڵێ بە (عبدالله)م گوت تەنها لەلای ئەم کابرایە هەیە، (عبدالله) گوتی وازی لێبێنن نایخۆم، دەڵێ گیانی دەرچوو مرد نەیخوارد[1].

ڕۆژێك ابو بکر الصدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) کەمێك شیری خواردەوە کە بەندەکەی پەیدای کردبوو، پاش خواردنەوەی شیرەکە پرسیاری لە بەندەکەی کرد ئەم شیرەت لە کوێ دەستکەوت، گوتی: پێش موسڵمانبوونم فاڵم بۆ کەسێك گرتبۆوە ئیمڕۆ لە جیاتی پارە ئەم شیرەی پێدام، أبو بەکر پەنجەی لە قوڕگی ڕاکرد و خۆی ڕشاندەوە هەتا خەریك بوو ڕوحی دەربچێ، پاشان لە خوا پاڕایەوە و گوتی ئەی پەروەردگار داوای لێبوردنت لێ دەکەم ئەگەر شیرەکە تێکەڵ بە دەمار و ڕێخۆڵەکانم بووبێت[2].

دەگێڕنەوە پیاوێکی باش و لەخواترس ئافرەتێکی خراپ و زماندرێژی هەبوو، زۆر ئازاری میێردەکەی دەدا، بە میێردی ئافرەتەکەیان گوت تەڵاقی بدە و لێی جیاببەوە ئیسراحەت دەکەی، میێردەکە پێی گوتن دەترسم لە پاش من ببێتە هاوسەری موسڵمانێکی تر وەکو من ئازاری بدات و میێردەکەش بەرگری ئازار و ناڕەحەتیەکانی نەگرێت، بۆیە تەڵاقی نادەم و ئارام دەگرم لەسەر ئازار و زماندرێژییەکانی، داوای پاداشت لە خوا دەکەم.

دەگێڕنەوە (حەجاج کوڕی دینار) ڕەحمەتی خوای لێ بێت بازرگانێکی دەوڵەمەند و خواپەرست بووە، جارێکیان کاروانێك لە خۆراکی نارد بۆ شاری بەسرە بە سەرکارەکانیدا، فەرمانی پێکردن خۆراکەکە بفرۆشن بە نرخی ئەو ڕۆژەی دەگەنە شاری بەسرە، سەرکارەکان کە گەیشتنە بەصرە بازاڕی خۆراك باش نەبوو، نرخێکی

(١) السير، لأبي إسحاق الفزاري (٤١١/٨).
(٢) رواه البخاري (٣٨٤٢).

کەمی دەکرد، سەرکارەکانی خۆراکەکەیان ڕاگرت و نەیانفرۆشت هەتا نرخی خۆراکەکە بەرزبوویەوە ئینجا فرۆشتیان، سەرکارەکان نامەیان نووسی بۆ (حەجاج) گوتیان خۆراکەکەمان بەم شێوەیە فرۆشتووە، (حەجاج) کە نامەکەی خوێندەوە تووڕە بوو، یەکسەر نامەی بۆ سەرکارەکان نوسیەوە و پێی گوتن، ئێوە خیانەتان کردووە، پێچەوانەی فەرمانی منتان کردوە، بۆیە هەر کاتێك نامەی منتان پێگەیشت هەموو پارە و قازانجەکە بەسەر هەژارانی شاری بەسرە دابەش بکەن و بیکەنە بە خێر و سەدەقە[1].

دەگێڕنەوە (عبدالله کوڕی مبارك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە ولاتی شام بوو، فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) دەنووسیەوە، لە کاتی نوسینەوەدا قەڵەمەکەی شکا و هیچ قەڵەمی تری پێ نەبوو، بۆیە قەڵەمێکی بە ئەمانەت لە کەسێك خواست، کاتێك لە نووسین بوبەوە لەبیری چوو قەڵەمەکە بداتەوە خاوەنەکەی، خستیە ناو جانتاکەی خۆی و گەڕایەوە بۆ شاری خۆی (مرو) دەکەوێتە ولاتی تورکمانستان، پاشان چاوی بە قەڵەمەکە کەوت بەبیری هاتەوە کە ئەم قەڵەمە ئەمانەتە و وەریگرتووە، بۆیە خۆی ئامادەکرد بۆ سەفەر و گەڕایەوە بۆ ولاتی شام بۆ ئەوەی قەڵەمەکە بۆ خاوەنەکەی بگێڕێتەوە[2].

ئەم نمونانەی باسمان کردن ئەوەمان نیشان دەدەن کە ئەم موسڵمانانە چەند خواپەرست و خۆپارێز لە حەرام و دیندار و دونیانەویست بوونە، پێویستە ئێمەش وەکو ئەوانبین و شەیتان و نەفس و دونیا فریومان نەدا و هەڵمان نەخەڵتێنن، بە خۆماندا بچینەوە و هەڵە و کەمتەرخەمیەکانی خۆمان ڕاست بکەینەوە پێش ئەوەی مردن بمانگاتێ.

زانای ناودار (أبو الليث السمرقندي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: نیشانەی

(١) الورع، لإبن أبي الدنيا (٢٧).
(٢) تنبيه الغافلين، لأبي الليث السمرقندي (٤٤٤).

لەخواترسان و خۆپارێزی لە حەرام دەبێ ئەم دەشتانە لەسەر خۆت فەرز و پێویست بکەی:

١-زمانت بپارێزی لە باسی خەڵکی بە خراپە (غەیبەت نەکردن).

٢-گومانی خراپ بە خەڵکی نەبەیت.

٣-سوکایەتی و گاڵتە بە کەس نەکەیت و خەڵك بەکەم نەزانی.

٤-چاوت بپارێزی لەو شتانەی لەتۆ حەرامن.

٥-ڕاستگۆ بیت لە قسە و گوفتارت.

٦-هەموو کات نیعمەت و بەخششەکانی خوات لەیادبێت.

٧- مااڵ و سامانت ببەخشی لە پێناو خوادا بە ئەندازەی توانات.

٨-خۆت بپارێزی لە خوبەزلزانی و بە فیزی (التکبر).

٩-پاراستنی نوێژەکان لە کاتی خۆی، بەچاکی ئەنجامیان بدەی.

١٠-پابەندبوون و بەردەوامی لەسەر سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانانداا بێت[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فيهِ أستَوْجَبَ الثَّواب، وإستكملَ الإيمان، خُلُقٌ يَعيشُ بِهِ في النَّاسِ، وورَعٌ يُحْجِزُهُ عَنْ مَحارم الله تَعالى، وَحِلمٌ يَرُدُّهُ عَنْ جَهْلِ الجَاهِل) [2].

واتا: سێ سیفەت هەن لە هەر کەسێکدا هەبن پاداشت مسۆگەر دەکات و ئیمانی تەواو دەبێت:

یەکەم: بەڕەوشتێکی بەرز و جوان لەگەڵ خەڵکیدا بژیت.

---

(١) تنبيه الغافلين، لأبي الليث السمرقندي (٤٤٥).

(٢) رواه البزار فيض القدير، رقم الحديث (٣٤٢٣).

دووەم: لەخواترس و خۆپارێزبیت لـە حـەرام کـە ببێتـە هـۆی دوورکەوتنـەوە لـە قەدەغەکراوەکان.

سێیەم: عەقل و حیکمەتێکی وای هەبێت ئەگەر کەسێکی نەزان و نەفام کـارێکی ناڕەوای بەرامبەر کرد وەلامی ناداتەوە و لێی دەبووڕێ.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

دەڵێم پێویستە هەموو لایەکمان لەخواترسین و خۆمان لە هەموو گوفتارو کرداری حەرام و ئەوەی جێگای شك و گومانن بپارێزین، هەندێك موسڵمان گوناح و کردەوەی ناڕەوا ئەنجام دەدەن و بەشتێکی بچووك و سادەی دەزانن، بەڵام لەلای خوا گەورەیە و سزای لەسەر وەردەگری.

لەخواترسان
(الخشية)

لەخواترسان: واتا ترسێك پەیوەندیداربێت بە شكۆی خوای گەورە و بەدەسەلآت[1].

جیاوازی نێوان (الخوف) و (الخشية):

ئەگەرچی لە ڕووی زمانەوانیدا یەك مانایان هەیە، بەلآم زانایان جیاوازییان كردونەتەوە.

(الخوف) واتا هەستكردنی دڵ و دەروون بە ترس و ئازارێك لە سزایێكی چاوەڕوانكراو بەهۆی ئەنجامدانی قەدەغەكراوەكان و كەمتەرخەمی لە جێبەجێ كردنی خواپەرستیەكان.

(الخشیه) حاڵەتێكە ڕوودەدات لە كاتی هەستكردن بە پایەو شكۆی خوای مەزن و دەسەلآتدار، بترسێی لەوەی قەدەغە بكرێی لە بەخششەكانی خوا، ئەم حاڵەتە بۆ ئەوانەیە هەست بە تام و چێژ و نزیكبوون لە خوا دەكەن..

واتا: (الخشیه) ترسێكی تایبەتە، (الخوف) ترسێكی گشتییە[2].

ئەم ئایەتە پشتگیری ئەو جیاوازیەو بۆچوونە دەكات، كە خوای پەروەردگار باسی ئیمانداران دەكات و دەفەرموێ: ﴿وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ﴾[3].

واتا: بەدڵ لەپەروەردگاریان دەترسن (نەوەكو لێیان بڕەنجێت)، لە لێپرسینەوەی تونديی ڕۆژی قیامەتیش دەترسێن و سڵ دەكەنەوە.

---

(١) التعريفات، للجرجاني (١٠٣).

(٢) الفروق اللغوية، لأبي هلال العسكري (٢١٨).

(٣) سورة الرعد، آية (٢١).

ئەگەر تەماشای ئایەتەکە بکەین، دەبینین لە کاتی باسی (خشیە) پاڵێ داوەتە لای خۆی خوای پەروەردگار، لە کاتی باسی (خوف) پاڵێ داوەتە لای لێپرسینەوە و حسابی دژواری ڕۆژی دوایی.

(فیرۆز آبادي) دەڵێ: (الخشیە) تایبەترە لە (الخوف)، (الخشیە) بۆ ئەوانەیە زانان و زانیاریان هەیە دەربارەی خوا، ترسێکە پەیوەندی بە زانینەوە هەیە، هەروەك خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾ [1].

واتا: بەڕاستی لە بەندەکانی خوادا هەر زاناکانن لە خوا ئەترسن و ملکەچی فەرمانەکانی خوان، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ (إِنِّي أَتْقَاكُمْ للهِ وأَخْشَاكُمْ لهُ)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (من لە هەموتان خواپەرستر و لە هەموتان لەخوا ترس ترم).

کەواتە (الخوف) بۆ ئیماندارانە بە گشتی (والخشیە) بۆ زانایانی خواناسە[3].

بەڕێزان: خوای مەزن هەموو بونەوەری بۆ ئەوە دروستکردوە بۆ ئەوەی بیناسن و بیپەرستن و لێی بترسن و شەرمی لێ بکەن، ئێمەی مرۆڤیش کە گەورەی هەموو بونەوەرین، لەسەر مان پێویستە لە هەموو بونەوەرەکان زیاتر خوا بناسین و بیپەرستین و شەرمی لێ بکەین و لێی بترسین، چونکە خوا ئەو ناز و نیعمەت و خۆشیانەی بە ئێمەی مرۆڤی داوە و بە هیچ بونەوەرێکی تری نەداوە.

خوای پەروەردگار کە باسی پارێزکاران دەکات و دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ﴾ [4].

---

(١) سورة فاطر، آية (٢٨).
(٢) رواه مسلم (١١٠٨).
(٣) بصائر ذوي التمیز، لفیروز آبادي (٥٤٦/٢).
(٤) سورة الأنبياء، آية (٤٩).

واتا: پارێزکاران ئەوانەن لە پەروەردگاریان دەترسن لە کاتێکدا کە کەس دیارنییە و پەروەردگاریش لێیان پەنهانە، هەروەها ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە ترس و بیمیان هەیە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴾[1].

واتا: ئەوەی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات و لە خوا بترسێت و لە سەرپێچی خوا خۆی بپارێزێت، ئا ئەوانە سەرفراز و سەرکەوتوون.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴾[2].

واتا: بەڕاستی ئەوانەی لە پەروەردگاریان دەترسن لە پەنهانی و نهێنیدا بۆ ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورەیان بۆ ئامادەیە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ﴿ مَّنۡ خَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ وَجَآءَ بِقَلۡبٖ مُّنِيبٍ ٣٣ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٖۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ ٣٤ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٞ ٣٥ ﴾[3].

واتا: ئەوەی لە خوای میهرەبان بترسێت و لە پەنهادا خۆی لە گوناە بپارێزێت و بە دڵێکی بە ئاگا و تەوبەکارەوە بۆ لای خوا بگڕێتەوە، پێیان دەوترێت بفەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە بە ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی، ئەوە ڕۆژی نەمریی و نەبڕاوەیە، هەرچی داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە، زۆر لەوەش زیاتر لامان هەیە.

---

(١) سورة النور، آية (٥٢).

(٢) سورة الملك، آية (١٢).

(٣) سورة ق، آية (٣٣-٣٥).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْاْ يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴾[1].

واتا: ئەی خەڵکینە! خۆتان لە سەرپێچی پەروەردگار بپارێزن و لێی بترسن، لە ڕۆژێك بترسن کە باوك فریای کوڕەکەی خۆی ناکەوێت، هیچ منداڵێکیش فریای باوکی خۆی ناکەوێت، (لەو ڕۆژە هیچ کەس هیچی لە دەستنایە بۆ کەسی دیکە) بەڕاستی بەڵێنی خوا بە هاتنی ڕۆژی قیامەت حەقیقەت و ڕاستە، کەوا بوو وریابن ژیانی دونیا لە خشتەتان نەبات، نەفس و شەیتان فریوتان نەدات و سەرگەردان و غەڕاتان نەکات لە ڕێبازی خوا.

لە چەندەها ئایەتی تر لە قورئاندا باسی پاداشت و بەرهەمی لە خوا ترسان دەکات، ئەوەندە ئایەتانەی باسمان کردن بەسە بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگرین، با ئێمەش لەخواترسین بۆ ئەوەی بەرهەم و پاداشتی دونیا و قیامەتمان دەسکەوێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (عَيْنَانِ لاَ تَمسُّهُمَا النّار: عَيْنٌ بَكَتْ من خَشْيَة الله، وعَيْنٌ بَاتَت تَحْرُسُ في سَبِيل الله) [2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (دوو جۆرە کەسی موسڵمان ناچنە نێو ئاگری دۆزەخ، چاوی تایبەتمەندکردوە لەم فەرمودەیە چونکە کاری ئاشکرا و دەرەوە بە چاو دەدیترێ:

یەکەم: چاوێك بگرییێت لە ترسی خوا لە کاتی تەوبە و پەشیمانی یان لە کاتی یادی خوا یان لە کاتی ئەنجامدانی خواپەرستییەك.

---

(١) سورة لقمان، آية (٣٣).

(٢) رواه الترمذي، (١٦٣٩) حديث صحيح لغيره.

دووەم: چاوێك پاسەوانی و ئێشکگری بکات لە پێناوی خوا، واتا ئەوانەی تێدەکۆشن و پارێزگاری لە ئاینی ئیسلام دەکەن.

لە فەرموودەیەکی قودسی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ خوا دەفەرموێ (يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: وَعِزَّتِي لا أَجْمَعُ عَلَى عَبْدِي خَوْفَيْنِ، وَلا أَجْمَعُ لَهُ أَمْنَيْنِ، إِذَا أَمِنَنِي فِي الدُّنْيَا أَخَفْتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَإِذَا خَافَنِي فِي الدُّنْيَا أَمَّنْتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[1].

واتا: خوا دەفەرموێ (سوێند بە گەورەیی و شکۆ و دەسەلاتی خۆم، دوو ترس و دوو ئەمن و ئاسودەیی پێکەوە کۆناکەمەوە لەسەر بەندەکەم، ئەگەر لە دونیادا لێم ئەمین و ئاسودە بوو ئەوە لە دواڕۆژدا دەیترسێنم، ئەگەر لە دونیادا لێم ترسابێت ئەوا لە دواڕۆژدا ئەمین و ئاسودەیی دەکەم و لە ئاسایشدایە و ترسی نیە.

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت (زانست و زانایی ئەوە نیە زۆر فەرموودە بزانی و زۆر قسەزان و وتارپێژبیت، بەڵکو زانست و زانایی ئەوەیە زۆر لە خواترس و خواپەرستبیت) [2].

نیشانەکانی لەخواترسان:

یەکەم: خۆپاراستن لەو شتانەی گومانت هەیە لێیان ئایا حەڵاڵە یان حەرامە، وازهێنان لەوەی لێی دوودڵی.

دووەم: کردار و گوفتارت یەك بێ، واتا ئەوەی دەیزانی بە کردار ئەنجامی بدەیت، قسەکانت لە کردەوەکانت بە دیاریکەوێت و بەرجەستە بێت.

سێیەم: بەردەوام بوون لەسەر لەخواترسان، زۆر کردەوەی چاك ئەنجام بدەی، ترسان لە ڕۆژی لێپرسینەوەی قیامەت.

---

(١) رواه إبن مبارك في الزُهد (١٥٧) وحسنهُ الألباني.
(٢) الدُرّ المنثور، لِلسيوطي (٢٢/٧).

چوارەم: دوورکەوتنەوە لە هەموو گوناهێکی گەورە و بچوک، کە ببێتە مایەی تووڕەبوونی خوای پەروەردگار.

پێنجەم: زۆر پاڕانەوە لە خوا و لالانەوە لە دەرگای ڕەحمەتی خوای میهرەبان، داوای لێخۆشبوون و لێبوردن بکەی لە خوای بەخشندە.

شەشەم: زۆر گریان و فرمێسک ڕشتن لە پێناوی ڕەزامەندی خوا و ڕزگاربوونت لە سزای دواڕۆژ.

حەوتەم: فەرمان بە چاکەکردن و قەدەغەکردن لە خراپە، بە گوێرەی زانیاری و توانا و دەسەڵاتت[1].

مسروق (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (ئادەمیزاد ئەوەندە زانست و زانیارییەی بەسە پێی لەخوا بترسێت، ئەوەندە نەزانی و نەفامییەی بەسە بە کردەوەکانی شانازی بکات و پێی لەخۆبایی بێت[2].

خالید کوڕی معدان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (هەر بەندەیەکی خوا بگرێت لە ترسی خوای پەروەردگار و تەنها مەبەستی خوا بێت، ئەوە بە هۆی ئەم گریانەوە هەموو ئەندامەکانی لاشەی ملکەچی خوا دەبن[3].

مقاتل کوڕی حیان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (نوێژم لە دوای (عمر کوڕی عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەکرد کە گەیشتە ئایەتی: ﴿ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ ﴾[4]. واتا (ڕایانبگرن چونکە ئەوانە بەرپرسیارن لەو گوفتار و کردارەی

(١) موسوعة الاخلاق الإسلامية، لسعد يوسف (٤٦/٣).
(٢) الدر المنثور، للسيوطي (٢٢/٧).
(٣) الرقة والبكاء، لإبن أبي الدنيا (٢٦).
(٤) سورة الصافات، آية (٢٤).

ئەنجامیان دەدا لە دونیایادا) دەڵێ هەر ئایەتەکەی دووبارە دەکردەوە و دەگریا، لەبەر گریان نەیدەتوانی لە ئایەتەکە تێپەڕێت[1].

یحیی کوڕی معاز الرازی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (بە ئەندازەی خۆشویستنت بۆ خوای پەروەردگار خەڵک تۆی خۆشدەوێت، بە ئەندازەی ترسانت لە خوای پەروەردگار خەڵک لێت دەترسێت[2].

هەموومان دەزانین ئەگەر کەسێك لە شتێك بترسێ خۆی لێ دوورەکاتەوە و خۆی لێ دەپارێزێت، بەڵام ئەگەر کەسێك لەخوا بترسێ ئەوا خۆی لێی نزیك دەکاتەوە و زیاتر لێی دەچێتە پێش، چونکە لە خوا ترسان خواپەرستێکی گەورەیە، دڵ و دەروون ئارام و ئاسایش و ئاسودە دەکات لە دونیادا، لە قیامەتیشدا پاداشت و پلەی بەرزی هەیە.

هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ فِي ظِلِّهِ، يَومَ لا ظِلَّ إلاّ ظِلُّهُ:.....، ورَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وجَمَالٍ، فَقَالَ: إنِّي أخَافُ اللهَ)[3].

واتا: لە ڕۆژی قیامەتدا خوای پەروەردگار حەوت چین و تاقم لە بەندەکانی دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی خوا، (یەکێك لەم چین و تاقمانە) موسڵمانێك ئافرەتێکی جوان و ناودار و خاوەن پلە و پایە داوای لێی بکات بەدڕەوشتی و داوێن پیسی لەگەڵدا ئەنجام بدات، پیاوەکە ڕەتیبکاتەوە و ئەنجامی نەدات، بڵێ من لە خوا دەترسم و بێ فەرمانی خوا ناکەم.

---

(١) الرقة والبكاء، لإبن أبي الدنيا (١٠٥).
(٢) رواه البيهقي، في الشعب (٣-٢٠٩).
(٣) رواه البُخاري (١٤٢٣) ومسلم (١٠٣١).

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

دەڵێم: لەخواترسان بە قسە نییە بەڵکو بە کردارە، هەر کەسێك لە خوا ترس بێت دەبێت فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکات، خۆی لە قەدەغەکراوەکان دوورخاتەوە، و سنوری خوای پەروەردگار نەبەزێنێت.

گریان لە ترسی خوا
(البُكاءُ مِنْ خَشْيةِ الله)

گریان لە ترسی خوا واتا: ڕشتنی فرمێسك لە ترس و لە پێناوی خوا، یان بۆ دەربڕینی ئەو پەژارەیەی لەناو دڵ و دەروونداید[1].

گریان لە ترسی خوا یەکێکە لە کارە خۆشەویستەکان لەلای خوای پەروەردگار، دەبێتە مایەی ڕەزامەندی خوا و دەسکەوتنی پاداشتێکی مەزن لە قیامەتدا، دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ، گریان لە ترسی خوا ڕەوشت و سیفەتی پێغەمبەران و پیاوچاکانە، بۆیە پێویستە ئێمەی ئیمانداریش ناوە ناوە بگرین لە ترسی خوا، بۆ ئەوەی هەم دڵ و دەروونمان لە دونیادا ئاسودە و ئارام بێت و لە قیامەتیشدا پاداشت و بەهەشتمان دەسکەوێت.

دەربارەی گەورەیی و پاداشتی گریان لە ترسی خوای پەروەردگار، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لَيْسَ شَيءٌ أَحَبّ إِلى الله تَعَالَى مِنْ قَطْرَتَين وأَثَرَيْنِ: قَطْرَةُ من دُمُوعٍ في خَشْيَةِ الله، وَقَطْرَةُ دَمٍ تُهْرَاقُ في سَبِيلِ الله، وَأَمَّا الأَثَرَانِ: فَأَثَرٌ في سَبيلِ اللهِ تَعَالَى، وَأَثَرٌ في فَرِيضَةٍ منْ فَرَائِضِ الله) [2].

واتا: هیچ شتێك خۆشەویستر نیە لەلای خوا لە دوو دڵۆپە و لەو دوو شوێنەوار: ڕشتنی دڵۆپە فرمێسکێك لە ترسی خوا، ڕشتنی دڵۆپە خوێنێك لە پێناوی خوای پەروەدگار، ئەو دوو شوێنەوارانە: شوێنەواری تێکۆشانن لە پێناو ئایینی خوا، وەك بریندار بوون و لە دەستدانی ئەندامێکی لاشە، شوێنەواری جێبەجێ کردنی فەرزێ لە

(١) موسوعة الاخلاق الإسلامية، لسعد يوسف (٥٦/٣).
(٢) رواه الترمذي (١٦٦٩) والطبراني (٢٨٠/٨) حديث حسن.

فەرزەکانی خوا، وەك شوێنەواری هەنگاوەکان و دستنوێژ و تێنوێەتی).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا يَلِجُ النارَ رجلٌ بكَى من خَشيَةِ اللهِ حتى يعودَ اللبَنُ في الضَّرْع) [1].

واتا: ناچێتە ناو ئاگری دۆزەخ ئەوەی گریابێت لە ترسی خوا (وە ملکەچی فەرمانەکانی خوا بێت و سەرپێچی فەرمانەکانی خوا نەکات). پێغەمبەر (ﷺ) نمونە دێنێتەوە بۆ نەچوونی بۆ ناو دۆزەخ، دەفەرموێ هەروەك چۆن ئەگەر شیرلە گوانی ئاژەڵ دۆشرا جارێکی تر ناچێتەوە ناو گوان، ئاواش ئەوەی بگرییێت لە ترسی خوا و ئیماندار بێت و کردەوەی چاك ئەنجام بدات ناچێتە ناو ئاگری دۆزەخ.

لە فەرمودەیەکی تر پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ تَعَالَى في ظِلِّهِ يَومَ لا ظِلَّ إلا ظِلُّهُ: ..... ، ورَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا، فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ) [2].

واتا: لە ڕۆژی قیامەت خوای پەروەردگار حەوت چین و تاقم لە بەندەکانی دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی (یەکێك لەم چین و تاقمانە) کەسێك یادی خوا بکات لە دووری خەڵك و کەس پێی نەزانی، لەگەڵ ئەو یادکردنەی خوا بگرییێت و فرمێسك بڕێژێت لە ترسی خوای پەروەردگار.

لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (من ذكرَ اللهَ، ففاضتْ عيناهُ منْ خشيةِ اللهِ حتّى يصيبَ الأرضَ مِنْ دموعِهِ" لَم يعذبْهُ اللهُ تعالى يومَ القيامةِ) [3].

واتا: هەرکەسێکی ئیماندار یادی خوا بکات و بگرییێت و فرمێسك بڕێژێت لە ترسی خوا هەتا فرمێسکەکانی بەردەبنەوە سەر زەوی، ئەوە خوای پەروەردگار ئەو کەسەیە سزا نادات لە ڕۆژی قیامەت.

---

(١) رواه الترمذي (١٦٣٣) وابن ماجة (٢٧٧٤).

(٢) رواه البخاري (٦٦٠) ومسلم (١٠٣١).

(٣) رواه الحاكم (٢٦/٤) و قال صحيح الإسناد.

دەگێرنەوە لە محمد کوڕی منکدر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) (هەر کاتێك ئەگەر نەم پیاوە گریابایە، دەم و چاو و ڕیشی بە فرمێسکەکانی تەڕ دەکرد، دەیگوت پێم گەیشتووە ئاگری دۆزەخ شوێنێك ناسوتێنێت تەڕ بوبێت بە هاتنە خوارەوەی فرمێسك لە ترسی خوا) [1].

(جعفر کوڕی سلیمان) دەڵێ ثابت البناني (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) (چاوەکانی توشی نەخۆشی و ئازار بوون، چوو بۆ لای دکتۆر، دکتۆر پێی گوت بەڵێنی یەك شتم پێی بدە چاوەکانت چاك دەبنەوە، (سابت) گوتی چییە؟

دکتۆر گوتی نابێت بگرییت، ئەگەر نا چاوەکانت خراپتر دەبن (سابت) گوتی: هەر چاوێك نەگرییت لە ترسی خوا ئەوە هیچ خێر و سودێکی نیە، دەڵێن چاوەکانی ئەوەندە کز بوو بوون زۆر بە زەحمەت شتی دەبینی) [2].

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت (ئەگەر کەسێك بگرییت لە ترسی خوا، کۆمەڵە کەسێکیش لەلای ئەو بن، ئەوە بە هۆی گریانی ئەو ئیمانداره خوا ڕەحم و سۆز و بەزەیی خۆی بە هەموویان دەبەخشێ، دەڵێ هەموو شتێك کێشی هەیە و دەکێشری لە ڕۆژ قیامەت تەنها گریان لە ترسی خوا نەبێت، فرمێسکەکانی دەڕژێن لە ترسی خوای پەروەردگار خوا نایان کێشی چونکە ئەوەندە قورس و خۆشەویستن لەلای خوای گەورە) [3].

-(هانی) دەڵێت عوسمان کوڕی عەفان (ڕەزای خوای لێ بێت) (ئەگەر چووبا سەر قەبرێك ئەوەندە دەگریا هەتا ڕیشی تەڕ دەبوو، پێیان دەگوت: لە باسی ترس و ناخۆشیەکانی ئاگری دۆزەخ و ناز و نیعمەت و خۆشیەکانی بەهەشت ناگرییت، بەڵام لە ترسی ناو قەبر دەگرییت، (عوسمان) ڕەزای خوای لێ بێت دەیگوت هۆکاری گریانی

(١) أحياء علوم الدين، للغزالي (١٦٣/٣).
(٢) رواه أبو نعيم، حلية الأولياء(٣٢٣/٢).
(٣) رواه إبن أبي الدُنيا، الرقة والبكاء (١٠).

من ئەوەیە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووی (قەبر یەکەم مالّ و قۆناغی ڕۆژی قیامەتە، لەناو گۆڕا پرسیار و لێپێچینەوە و پاداشت و سزا دەست پێدەکات، جا هەر کەسێك ڕزگاری بوو لە پرسیار و سزای ناو گۆڕ، ئەوەی لە دوای ئەو قۆناغە دێت لە (ڕۆژی حەشر و کێشانی کردەوەکان و وەرگرتنەوەی نامەی کردەوەکان و ڕۆیشتن بەسەر پردی دۆزەخ) بۆی ئاسان دەبێت و لێیان ڕزگار دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕزگاری نەبوو لە پرسیارەکانی ناو گۆڕ، ئەوەی لە دوای گۆڕ دێت لە قۆناغەکان زۆر زەحمەت و قورس دەبێت لەسەری و لێیان ڕزگار نابێت لە ڕۆژی قیامەت، (عوسمان) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا رَأَيْتُ مَنْظَرًا قَطُّ إلا وَالْقَبْرُ أَفْظَعُ مِنْهُ). **واتا:** پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (هیچ دیمەنێکی ناخۆشتر و بە ترسترم نەبینیوە لە قەبر ناخۆشتر و بەترستر و سامناکتر بێت)[1].

(براء) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت (لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) تەرمی مردوێکمان دەبردە گۆڕستان، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ڕۆخی گۆڕەکە دانیشت زۆر گریا هەتا زەوی تەڕکرد بە فرمێسکەکانی، ئینجا فەرمووی (يا إِخْواني لمثل هَذا فَأعِدُّوا) [2].

واتا: ئەی برایانم بۆ ڕۆژێکی ئاوا خۆتان ئامادە بکەن، کە ئەم گۆڕە شوێنی هەموومانە).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لَوْ تَعْلَمُونَ ما أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً، ولَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا فَغَطَّى أَصْحَابُ رسولِ اللهِ (ﷺ) وُجُوهَهُم، ولهم خَنِينٌ) [3].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن لە ناخۆشی و ناڕەحەتی و ئازارەکانی گیان کێشان و مردن و قەبر و قیامەت) ئەوە کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان لە ترسی خوا، (أنس) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (هاوەڵەکانی

(١) رواه الترمذي (٢٣٠٨) وابن ماجة (٤٢٦٧) حديث حسن.
(٢) رواه ابن ماجة (٤١٩٥) وحسنه الألباني.
(٣) رواه البخاري (٤٦٢١) ومسلم (٢٣٥٩).

پێغەمبەر (ﷺ) دەم و چاوی خۆیانیان داپۆشی و دەستیان کرد بە گریان، گریانێکی بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە.

پێغەمبەر شوعەیب سەلامی خوای لێبێت زۆر دەگریا لە ترسی خوا، بۆیە خوای پەروەردگار سرووشی بۆ کرد و فەرمووی ئەی (شوعەیب) سەلامی خوای لێبێت ئەگەر ئەم گریانەت لە ترسی ئاگری دۆزەخە ئەوە تۆم پاراست لە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر گریانەکەت بۆ شەیدای بەهەشتە، ئەوە بەهەشتم بۆ مسۆگەر کردی، (شعیب) سەلامی خوای لێ بێت گوتی: بە گەورەیی و شکۆمەندی تۆ ئەی پەروەردگار، من نەلەترسی ئاگری دۆزەخ و نەبۆ شەیدای بەهەشت دەگریێم، بەڵکو گریانم بۆ شکۆی دەسەڵاتی تۆیە، بۆ شەیدای گەیشتنم بە دیداری تۆیە، من هیوا و ئومێدم بە ڕەزامەندی تۆیە، بۆیە خوا سروشی بۆ (شعیب) سەلامی خوای لێبێت کرد و فەرموی: ئەگەر بۆ ئەم شتانە دەگرێی، ئەوە زۆر بگرێی[1].

(یزید کوڕی میسرە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ (گریان حەوت جۆری هەیە)[2].

یەکەم: گریان لەبەر خۆشی و شادی.

دووەم: گریان لەبەر خەم و پەژارە.

سێیەم: گریان لەبەر ترس و تۆقان.

چوارەم: گریانی دووڕوویی (ریاء) خۆبەدەرخستن.

پێنجەم: گریانی لەبەر ئێش و ئازار.

شەشەم: گریانی سوپاسگوزاری و ستایشکردن.

حەوتەم: گریانی لە ترسی خوای پەروەردگار.

ئیمانداران ئەو فرمێسکانەی دەیڕێژی لە ترسی خوا و لە پێناو خوا، پاداشتیان زۆر گەورەیە، کێشیان زۆر قورسە لەناو تەرازوی دواڕۆژدا، ئەو فرمێسکانە ئاگری

(١) سير الصالحين وأنيس المُتقين، لأحمد الشهاوي (١١١/١٠).

(٢) حلية الأولياء، لإبي نعيم (١١٨/١٠).

دۆزەخ دەکوژێننەوە، بە هەشت و خۆشیەکانی پێ دابین دەکەیت، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان لە کاتی گونجاودا بگرییێن لە ترسی خوا و بۆ پاداشتی خوای بەخشندە.

(عبدالله کوڕی الشخیر) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت (أتیتُ رسولَ اللهِ (ﷺ) وَهوَ یصلِّي ولجوفِهِ أزیزٌ کأزیزِ المِرجَلِ منَ البُکاءِ)[1].

واتا: هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) دیتم نوێژی دەکرد، دەنگی گریانی ناو سینگی پێغەمبەر (ﷺ) وەکو دەنگی کوڵانی مەنجەڵی سەر ئاگر وابوو.

(عمر کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت زۆر دەگریا لەناو نوێژدا، ئەوانەی لە ڕێزی دواوە بوون گریانەکەیان دەبیست، لەسەر ڕومەتی (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت دوو هێڵی ڕەش هەبوون بەهۆی زۆر گریانی لە ترسی خوا[2].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

(سعد کوڕی أبی وقاص) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أبْکُوا فَأنْ لَمْ تَبْکُوا فَتَبَاکَوْا)[3].

واتا: بگرێین، ئەگەر گریانتان نەهات و نەگریان، ئەوە خۆتان بگرێنن، فرمێسک بڕێژن لە ترسی خوای پەروەردگار).

(١) رواه الترمذي في (الشمائل المحمدية) (٣٢٣).
(٢) المدهش، لابن الجوزي (١-٤٣٥).
(٣) رواه ابن ماجة (٤١٩٦) إسنادهُ ضعيف.

ملکەچی-گەردەن کەچی (الخشُوع)

ملکەچی، واتا: ڕاوەستانی دڵ لەبەر دەستی خوای پەروەردگار بە خۆ بەدەستەوەدان و بەزەبوونی[1].

شوێنی ملکەچی لەناو دڵە، دەبێت شوێنەواری ئەم ملکەچییە لەسەر ئەندامەکانی لاشە بەدیاربکەوێت، بەڵام ئەگەر شوێنەواری ملکەچی لەسەر ئەندامەکان دیار بوو، بەڵام ملکەچی لەناو دڵدا نەبوو، ئەوە ئەو ملکەچییە دووڕوویە، بۆیە (حوزەیفە) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (ئامان خۆتان بپارێزن لە ملکەچی دووڕوویی)[2].

یەکێك لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، هەستکردن بە چێژی شیرینی ئیمان، ئاسودەبوونی دڵ و دەروون، ئەوەیە ملکەچی هەموو فەرمانەکانی خوای پەروەردگار بێت.

هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە باسی گەورەیی و گرنگی ملکەچیبوون بۆ خوا دەکەن:

﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ۝٢﴾[3].

واتە: بەڕاستی ئەو باوەڕدارانە سەرکەوتوو و سەرفراز بوون، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و دڵ ئارام و دڵ دامەزراون و دڵیان لای خوایە.

---

(١) مدارج السالكين، لابن القيم (١/٥٢١).
(٢) الخشوع في الصلاة، لمحمد لطفي الصباغ (١٦).
(٣) سورة المؤمنون، آية (١-٢).

﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾[1].

واتا: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە سەر شاخ و کێوێك، دەتبینی ئەم کێوە ملکەچ دەبوو، ورد و خاش دەبوو، شەق و پەق دەبوو، لە ترسی فەرمانی خوا، لە هەیبەتی گەورەیی و دەسەلاّتی خوا، ئێمە ئەم نموونانە دەهێنینەوە بۆ خەلکی بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و ژیریان بخەنەکار و شوێن قورئان بکەون.

بۆ زاڵبوون بەسەر نەفس و ئارەزوودا، بۆ گەیشتن بە ئاواتی دونیا و قیامەت، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴾[2].

واتا: ئێوە هەوڵ بدەن پشت ببەستن بە ئارامگرتن و نوێژکردن بۆ گەیشتنتان بە ئامانجەکانتان، بەڕاستی نوێژکردن و خۆڕاگرتن ئەرکێکی گەورە و گرانە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بەخۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن و (باوەڕی دامەزراویان هەیە).

لە باسی پێغەمبەر زەکریا (سەلامی خوای لێبێت)، لەقورئاندا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾[3].

واتا خوا دەفەرموێ: ئێمە دوعا و نزای (زەکریا)مان سەلامی خوای لێبێت گیراکرد و (یحیی)مان سەلامی خوای لێ بێت پێبەخشی و هاوسەرەکەشیمان بۆ

(١) سورة الحشر، آية (٢١).
(٢) سورة البقرة، آية (٤٥).
(٣) سورة الأنبياء، آية (٩٠).

هێنایە باری منداڵ بوون، کە پێشتر منداڵی نەئەبوو، چونکە بەڕاستی ئەوان چالاك و گورج و گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێر و چاکەیەکدا، نزای بە کۆڵیان دەکرد بـە ئومێدی ڕەحمەت و بە هەشـتی ئێمـە، لـە دۆزەخ و خشـمی ئێمـە دەترسـان، ئـەوان هەمیشە خۆ بەکەمزان و ملکەچ بوون بۆ ئێمە.

شداد کوڕی أوس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەفـەرموێ (أوَّلُ مَا يرفعُ مِن النّاسِ الخُشوعُ)[1].

واتا: یەکەم ڕەوشت و سیفەتی جوان لـەناو خەڵکیـدا نامێنێیـت و بەرزدەبێتـەوە، ملکەچی و زەبونی بۆ خوا و خۆ بەکەمزانی و دڵ دامەزراوەییە.

-وە (حذيفة) ڕەحمەتی خـوای لـێ بێـت دەڵێـت (أوَّلُ مـا تَفقـدُونَ مـن دِيـنِكُمْ الخُشُوعُ، وآخِرَ ما تُفْقِدُونَ من دِينِكُمْ الصَّلاةُ)[2].

واتا: یەکەم خواپەرستی لە ئاینەکـەتان بـزر دەبێـت و نامێنێـت ملکەچـی و دڵ دامەزراوەیە بۆ خوا کۆتا خواپەرستی لە ئاینەکەتان بزر دەبێت و نامێنێت نوێژکردنـە بۆ خوای پەروەردگار.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا مِنْ امْرِئٍ مُسْلِمٍ تَحْضُرُهُ صَلاةٌ مَكْتُوبَةٌ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهَا وَخُشُوعَهَا وَرُكُوعَهَا إلا كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا قَبْلَهَا مِنْ الذُّنُوبِ مَا لَمْ يُـؤْتِ كَبِيرَةً وَذَلِكَ الدَّهْرَ كُلَّهُ)[3].

واتا: هەر کەسێکی موسڵمان کاتی نوێژێکی فەرز هـات دەسـتنوێژێکی جـوان و تەواو بشوات، و نوێژێکی بە ملکەچی و دڵ لەلای خوا بکات، و کرنۆش و ڕوکنەکانی نوێژ بە چاکی ئەنجام بدات، ئەوە ئەو نوێژە دەبێتە سرینەوەی گوناحـەکانی پێشـووی،

---

(١) رواه الطبراني في الكبير (٧١٨٣) ضعفه إبن معين.

(٢) رواه الحاكم في مستدركه (٨٤٤٨) وقال صحيح الإسناد.

(٣) رواه مسلم (٢٢٨).

ئەگەر گوناهی گەورەی ئەنجام نەدابێت، (**واتا:** گوناحە بچوکەکان دەسڕێتەوە)، ئەم بەخششەش لەلایەن خواوە بۆ بەندەکانی لە هەموو کاتەکانی سالّدا هەیە.

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لاَ يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لاَ تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لاَ يُسْتَجَابُ لَهَا)[1].

واتا: ئەی خوایە من پەنا دەگرم بەتۆ لە زانست و زانیارێك کە سوودی نەبێت بۆ دونیا و بۆ قیامەت، پەنادەگرم بەتۆ لە دڵێك ملکەچ نەبێت بۆ فەرمانەکانی تۆ، پەنا دەگرم بە تۆ لە نەفس و دەروونێك تێر نەبێت و قەناعەتی نەبێت و ڕازی نەبێت بەو بەشی خوا پێی داوە.، پەنا دەگرم بە تۆ لە نزا و پاڕانەوەیەك کە تۆ وەڵامم نەدەیەوە و گیرای نەکەی و ڕەتی بکەیتەوە.

(نافع) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ (عبدالله کوڕی عمر) ڕەزای خوای لێ بێت کە دەگەیشتە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾[2].

واتا: (ئایا ئێتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، دڵەکانیان بە نوری ئیمان ملکەچ و ڕووناك بۆتەوە، ترسی خوای تێدا بڕوێنن بە هۆی یادی بەردەوامی خوا و ئەو قورئانەی کە ڕەوانەکراوە) (عبدالله کوڕی عمر) ڕەزای خوای لێ بێت دەگریا هەتا ڕیشی موبارەکی تەڕ دەبوو، ئینجا دەیگوت: بەڵێ ئەی خوایە کاتی هاتووە[3].

(عمر کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت پیاوێکی دیت لەناو نوێژدا ملی کەچ

---

(١) رواه مسلم (٢٧٢٢) والترمذي (٣٤٨٢) وأبو داود (١٥٤٩) والنسائي (٥٤٥٧) وأحمد (٦٥٢١).

(٢) سورة الحديد، آية (١٦).

(٣) الرقة والبكاء، لابن أبي الدُنيا (٨٨).

کردبوو و سەری شۆڕ کردبۆوە، (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت بە کابرای گوت، سەرو ملی خۆت بەرز بکەوە، ملکەچی و خۆ بە کەم زانین بۆ خوا لە سەر و مل شۆڕکردنەوەدا نیە، بەڵکو لەناو دڵدایە[1].

-(سهل التستری) ڕەحمەتی خوای لێ بێت (ئەوەی دڵی پڕ بێ لە ملکەچی و لە خواترسان، ئەوە شەیتان ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە) [2].

(إبن رجب الحنبلی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ (بنچینە و بناغەی ئەو ملکەچییەی لەناو دڵ و دەروونداید، بەهۆی خواناسی و زانیاری هەبوونە دەربارەی دەسەڵات و پلە و پایە و بەخشندەیی خوای پەروەردگار، بۆیە هەر کەسێك زیاتر خوا بناسێ ئەوە زیاتر ملکەچی خوا دەبێت) [3].

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ (هەر موسڵمانێك بێ فیز و خۆبەکەمزان بێت بۆ خوا و ملکەچی فەرمانەکانی خوا بێت، خوا ئەو کەسە سەربەرز و بەڕێز دەکات لە قیامەتدا، ئەوەی خۆی بە بەزل بزانێ و ملکەچی فەرمانەکانی خوا نەبێت، خوا سوك و ڕیسوای دەکات لە قیامەتدا) [4].

عبدالله کوڕی عمر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ (مەبەستی ئەم ئایەتە: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴾[5]. ئەو ئیماندارانەیە ئەگەر هەڵسان بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان، بە دڵ و لاشەیان ڕوو لە خوا دەکەن و تەماشای شوێنی کڕنۆش بردنیان دەکەن، دەزانن کە خوا ئاگاداری نوێژکردنەکەیانە، ئاوڕ بەلای ڕاست و چەپدا نادەنەوە، ملکەچن بۆ خوا، دڵیان لەلای خوایە لە کاتی نوێژکردنیاندا[6].

---

(١) مدارج السالكين، لإبن القيم (٥٥٩/١).
(٢)مدارج السالكين، لإبن القيم (٥٥٩/١).
(٣) الخشوع في الصلاة، لإبن رجب الحنبلي (١٣).
(٤) الزُهد، لوكيع بن الجراح (٤٦٧/٢).
(٥) سورة المؤمنون، آية (٢).
(٦) الدر المنثور، للسيوطي (٨٤/٨).

زۆرینەی زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ملکەچی لەناو نوێژدا سونەتە، ئەو بەڵگە دێننەوە ئەگەر نوێژخوێنێك بیری لە شتێکی دونیایی کردەوە لەناو نوێژدا، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێت، ئەگەر ڕوکنەکانی نوێژی تەواو بێت[1]. بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن ملکەچی لەناو نوێژدا مەرجە بۆ ئەوەی نوێژەکە دروستو تەواو بێت[2].

قرطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی دەڵێ ئەم ئایەتە: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾[3]. بووە هۆی تەوبەکردنی فضیل کورِي عیاض (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێن (فضیل) عاشقی ئافرەتێك بوو، پەیمانیان بەست لەگەڵ ئافرەتەکە شەو یەکتری ببینن، لە کاتی چونیدا بەسەر دیوار بۆ لای ئافرەتەکە، لەو کاتەدا ئەم ئایەتەی بیست کەسێك دەیخوێند، بۆیە یەکسەر گەڕایەوە دواوە، گوتی بەڵێ بەخوا کاتی هاتووە، لەو شەوەدا چوو بۆ کەلاوەیەك کۆمەڵە کاروانچیەکی لێ بوون، بە یەکتریان دەگوت با ئەم شەو لێرە بمێنینەوە لەبەر ئەوەی (فضیل) ڕێگرە لەسەر ڕێگایە و مااڵ و سامانەکەمان لێی دەستێنێ، (فضیل) گوتی ئەی هاوار بۆ خۆم، شەو و ڕۆژ خەریکی گوناح و تاوان و بێ فەرمانی خوا دەکەم، موسڵمانان لە ترسی من خۆ دەشارنەوە، ئەی خوایە بڕیارمدا تۆبە بکەم و بگەڕێمەوە لای تۆ، بەو تەوبەیە خۆم دەکەمە نیشتەجێی ماڵەکەی تۆ لە مزگەوتی مەککەی پیرۆز[4]. بۆیە (فضیل) نازناوی خواپەرستەکەی مەککە و مەدینەی پێ بەخشرا).

-إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: فضیل کورِي عیاض (ڕەحمەتی خوای

(١) الموسوعة الفقهية الكويتية، لمجموعة من العلماء المختصين (١١٧/١٩).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (١٦٣/١).
(٣) سورة الحديد، آية (١٦).
(٤) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٢٠٨/٩).

لێ بێت) یەکێکە لەو گەورە پیاوە ملکەچەکانی خوا، ڕقی لەو کەسانە دەبۆوە کە ملکەچیان بە دیار دەخست، چونکە شوێنی ملکەچی دڵ و دەروونە[1].

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

-دەبا ئێمەش ملکەچی فەرمانەکانی خوای مەزن بین، چونکە ملکەچی نیشانەی بەندە ڕاستەقینەکانی خوایە، پلەو پاداشتی ملکەچان لەدوا ڕۆژدا زۆر گەورەیە .

(١) مدارج السالكين، لابن القيم (١/٥١٧).

یادی خوا -ستایشی خوا
(ذكر الله)

یادی خوا: واتا ڕزگاربوون لە بێئاگایی و لەبیرچوونەوە[1].

یادی خوا: ڕۆحی هەموو خواپەرستیەکانە، ئەوەی مەبەستە لە ئەنجامدانی پەرستشەکان بۆ یادکردنی خوای پەروەردگارە، ئەنجامدانیشی زۆر ئاسانە.

إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: هیچ شك و گومان لەوە نییە کە دڵی مرۆڤ توشی ژەنگاوی دەبێت، هەر وەك چۆن مس و ئاسن ژەنگاوی دەبێت، لابردنی ژەنگی دڵەکان بە یادی خوا لادەچێت[2].

أبو درداء (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ (إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ جِلاءً، وَإِنَّ جِلاءَ الْقُلُوبِ ذِكْرُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ) [3]

واتا: بێگومان هەموو شتێك پاککەرەوەی خۆی هەیە، پاککەرەوەی دڵ یادکردنی خوایە.

(إبن تيميه) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ (الذِكرَ لِلْقَلب، ... مِثلُ المَاءِ لِلسَّمَكَ، فَكَيفُ يَكُونُ حَالُ السَّمَكِ إِذَا فَارَقَ المَاء) [4].

واتا: یادکردنی خوا بۆ دڵ و دەروون وەکو ئاو وایە بۆ ماسی، ئایا

(١) مدارج السالكين، لإبن القيم الجوزية (١٦٢/٢).
(٢) الوابل الصيب، لإبن القيم الجوزية (٩٢).
(٣) رواه البيهقي، في شعب الإيمان (٥٢٠).
(٤) الوابل الصيب، لإبن القيم الجوزية (٦٣).

بارودۆخی ماسی چی بەسەر دێت ئەگەر لە ئاوی جیابکەیتەوە، کەواتە چۆن ماسی بەبێ ئاو ناژیت و دەمرێت، ئاواش دڵەکان بەبێ یادی خوا بە دڵێکی مردوو هەژمار دەکرێن.

هەموو خواپەرستییەك کات و ماوە و مەرجێکی دیاریکراوی بۆ دانراوە، بەڵام یادکردنی خوا هیچ کات و ماوە و مەرجێکی بۆ دیارینەکراوە، بەڵکو لە هەموو کات و بارودۆخێکدا دەتوانی یادی خوا بکەیت، هەروەك دایکە عائیشە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (كانَ النبيُّ (ﷺ) يَذْكُرُ اللهَ علَى كُلِّ أحْيَانِهِ) [1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کات و بارودۆخێکدا یادی خوای دەکرد، جگە لەو کاتانەی دیاریکراون یادی خوای تێدا نەکرێت (وەك کاتی میز و پیسایی کردن و جووت بوون لەگەڵ هاوسەردا و کاتی چوونە ئاودەست و حەمام).

یادی خواکردن بەبێ دەستنوێژ دروستە، وەلە کاتی لەشگرانی (جنابە) دروستە یادی خوا کردنە. تەنها بۆ کەسی لەشگران (جنابە) دروست نیە قورئان بخوێنێ و دەست لە قورئان بدات.

مەبەست لە یادی خوا (سُبحان اللهِ، الحمدُ للهِ، اللهُ أكبر، لا إلهَ إلاّ اللهُ، أستغفِرُ اللهَ، لا حَولَ ولاَ قُوةَ إلاّ بِاللهِ)، خوێندنی قورئان و باسی گەورەیی خوا.

خوای پەروەردگار داوای لە بەندەکانی کردووە زۆر یادی خوا بکەن لە چەندەها ئایەتدا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا﴾ [2].

واتا: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر یادی خوا بکەن، هەمیشە ناوی خواتان لە دڵ و دەروونتاندا جۆش بخوات و لەسەر زوبانتان بێت.

---

(١) رواه مسلم (٣٧٣٧) والبخاري معلقاً (٦٣٤).

(٢) سورة الأحزاب، آية (٤١).

لــە ئایــەتێکی تــردا خــوا دەفــەرموێ: ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾[1].

واتا: ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە زۆر یادی خــوا دەکــەن، بەخشــین و لێبــوردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بێ سنوریان لەلایەن خواوە بۆ ئامادەکراوە.

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [2].

واتا:، یادی خوا زۆر بکەن بە دەم و دڵ، بۆ ئەوەی سەرفرازی هەمیشەیی بەدەست بهێنن.

هەروەها لە ئایەتەکانی (٣٣ و ٣٤) سورەتی (طـه) و ئایــەتی (٢٢٧) ســورەتی (الشعراء) و ئایەتی (٢١) سورەتی (الأحزاب) باسی زۆر یادی خوا دەکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ. قَالُوا: وَمَا الْمُفَـرِّدُونَ يَـا رَسُـولَ اللهِ؟ قَالَ: الذَّاكِرُونَ اللهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ) [3].

واتــا: پــێش کــەوتن ئەوانــەی کــەنارگیرن، واتــا پــێش کەســانی تــر کــەوتن لــە بەدەستهێنانی پاداشــت و پلــە و پایــە، گوتیــان کــەنارگیران کــێن! پێغەمبــەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو پیاو و ئافرەتانەی زۆر یادی خوا دەکەن، لە زۆربەی کات و حاڵەتــەکان یادی خوای مەزن دەکەن، بەمە لە کەسانی تر جیاوازن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا عَمِلَ آدَمِيٌّ عَمَلاً قَطُّ أَنْجَى لَهُ مِنْ عَذَابِ اللهِ مِنْ ذِكْرِ اللهِ)[4].

---

(١) سورة الأحزاب، آية (٣٥).
(٢) سورة الجُمعة، آية (١٠).
(٣) رواه مسلم (٢٦٧٦).
(٤) رواه أحمد (٢١١٩٥) والترمذي (٣٣٧٧).

واتا: ئادەمیزاد هیچ کردەوەیەکی باشتری نەکردوە قەت لەکردەوەیەك کە ڕزگاری بکات لە سزای خوا، وەك یادکردنی خوا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (مَثَلُ الذي يَذْكُرُ رَبَّهُ والذي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ والمَيِّتِ) [1].

واتا: نمونەی ئەوانەی یادی خوا دەکەن و ئەوانەی یادی خوا ناکەن، وەکو زیندو و مردوو وانە.

واتا ئەوانەی یادی خوا زۆر دەکەن، ئەوان کەسانی زیندوو بەهەست و بەخەبەرن، بەڵام ئەو کەسانەی یادی خوا ناکەن، ئەوان دڵ مردوون و بێ هەست و بێ ئاگان، دڵ ئارام و ئاسودە نین.

(عبدالله کوڕی بسر) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (پیاوێك بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواپەرستیە سونەتەکان زۆرن، ناتوانم هەموو سونەتەکان ئەنجام بدەم، بۆیە سوننەتێکی ئاسانم بۆ دیاری بکە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم و بەردەوام بم لەسەری، پاداشتێکی زۆرم پێ دەستبکەوێت، پێغەمبەر (ﷺ) (لا يَزالُ لِسانُك رَطْبًا مِن ذِكْرِ اللهِ)[2].

واتا: با هەمیشە زوبانت تەڕبێت بە یادی خوا، بەردەوام یادی خوا بکە، زوبانت ڕابێنە لەسەر یادی خوا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ في ظِلِّهِ يَوْمَ لا ظِلَّ إلاّ ظِلُّهُ.. وذكرَ مِنهم .. ورَجلٌ ذَكرَ اللهُ خَالياً فَفاضَتْ عَيناهُ)[3].

واتا: لە ڕۆژی قیامەت خوای پەروەردگار حەوت چین و تاقم لە بەندەکانی

---

(١) رواه البخاري (٦٤٠٧) ومسلم (٧٧٩).

(٢) رواه الترمذي (٣٣٧٥) وابن ماجة (٣٧٩٣).

(٣) رواه البخاري (٦٦٠) ومسلم (١٠٣١).

دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی (یەکێك لەم چین و تاقمانە) کەسێك یادی خوا بکات لە دووری خەڵك و کەس پێی نەزانێ، لەگەڵ ئەو یاد کردنەی خوا بگرێت و فرمێسك لە چاوەکانی برژێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَامِن قَوْمٍ يَذْكرون الله إلاّ حَفَّتْ بِهِمُ الْمَلائِكَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَذَكَرَهُمُ االلهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ)[1].

واتا هەر موسڵمانێك یان کۆمەڵە موسڵمانێك زکر ویادی خوا بکەن، هەر جۆرە زکر و یادێك بێت لە قورئان و سوننەتدا هاتبێت، بەهۆی ئەم یادکردنەی خوا، فریشتەکانی خوا دەورەیان دەگرن، ئەو فریشتانەی تایبەتن بە گەڕان بە دوای ئەوانەی یادی خوا دەکەن، ڕەحمەت و سۆزی خوا دایان دەپۆشی، ئارامی و ئاسوودەیی و هێمنیان بەسەردا دەبەزێت، خوای پەروەدگار شانازی بەو کەسانە دەکات کە زکر و یادی خوا دەکەن، خوا ناویان دەهێنێت لەلای فریشتە پایەبەرزەکان.

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾[2].

واتا: چاك بزانن بە یادی خوا دڵەکان ئۆقرە دەگرن و ئاسوودە دەبن، هەرچەندی پابەندبین بە ئاینی خوا ئەوە زیاتر خۆشنود و ئاسوودە و بەختەوەر دەبین.

وهب کوڕی منبە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر (داود)ی فەرموو (سەلامی خوای لێ بێت) ئایا دەزانی کێ لە هەموو کەس خێراتر دەپەڕێتەوە بەسەر پردی جەهەنم؟ ئەوانەی ڕازین بە دین و شەرع و فەرمان و بەرنامەی من، زوبانیشیان تەڕە هەردەم بە زیکر و یادی من[3].

---

(١) رواه الترمذي (٣٣٨٧) ومسلم (٢٧٠٠) وابن ماجة (٣٧٩١).
(٢) سورة الرعد، آية (٢٨).
(٣) حلية الأولياء، لأبي نعيم (٤-٦٧).

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، دەڵێ (تَفَقَّدُوا الحَلاوَةَ في ثَلاثَةِ أشْياءَ: في الصّلاةِ وفي الذِّكْرِ وقِراءَةِ القُرْآنِ) [1].

واتا: بۆ تامی شیرینی ئیمان لە سێ شتدا بە دوایدا بگەڕێن: لە نوێژکردن، لە یادی خوا کردن ، لە خوێندنی قورئانی پیرۆز.

(ذو النون) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خۆشی دونیا بە یادکردنی خوایە، خۆشی قیامەتیش بە لێبوردنی خوایە، خۆشی بە هەشتیش بە دیتنی خوای گەورەیە [2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ صَلَّى الغَدَاةَ فِي جَمَاعَةٍ ثُمَّ قَعَدَ يَذْكُرُ اللهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ كَانَتْ لَهُ كَأَجْرِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ ، قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) تَامَّةٍ تَامَّةٍ تَامَّةٍ) [3].

واتا: هەر موسڵمانێك نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ بکات لە مزگەوت، پاشان لە مزگەوت بمێنێتەوە یادی خوا بکات هەتا ڕۆژ بە ئەندازەی ڕمێك هەڵدێت، ئینجا دوو ڕکعەت نوێژی سوننەتی چێشتە نوێژ بکات، ئەوە پاداشتی حەج و عومرەیەکی سونەتی دەسکەوتووە، أنس (خوای لێی ڕازی بێت) کە ئەم فەرمودەیە دەگێڕێتەوە دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (حەج و عومرەیەکی تەواو تەواو تەواو).

هەر موسڵمانێك یادی خوا بکات، ئەوە خواش یادی ئەو دەکات، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ [4].

واتا: ئەی موسڵمانان ئەگەر یادی من بکەن منیش یادی ئێوە دەکەم،

(١) مدارج السالكين، لابن القيم (٢-٣٩٦).
(٢) منهاج الصالحين، لمحمد عبدالعاطي (٢٣١).
(٣) رواه الترمذي (٥٨٦) والطبراني في الكبير (٧٧٤١).
(٤) سورة البقرة، آية (١٥٢).

سوپاسگوزاری من بن، هەرگیز ناسوپاس و سپلەیی بەرامبەر من مەکەن).

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمْ﴾[1].

واتا: جا هەر کاتێك لە نوێژ بوونەوە، ئەوە یادی خوا بکەن بە پێوە بن یان بە دانیشتنەوە یان بە ڕاکشان و لەسەر تەنیشت بن (بە هەر جۆرێك بۆتان گونجا یادی خوا بکەن بە دڵ و بە زوبان).

عبدالله کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ (الشَّيْطانُ جاثِمٌ عَلى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فإذا ذَكَرَ الله خَنَسَ وإذاغَفَلَ وسَوْسَ) [2].

واتا: شەیتان لەسەر دڵ و دەروونی ئادەمیزادە، جا ئەگەر موسڵمان یادی خوا بکات ئەوە شەیتان دەڕوات و لێی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر بێئاگا بوو لە یادی خوا، شەیتان گومان و دودڵی و خوتخوتەی بۆ دروست دەکات.

پیاوێك هاتە لای حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) گوتی ئەی باوکی سەعید: هەست دەکەم دڵ و دەروونم ڕەق بووە، چی بکەم باشە؟ گوتی: دڵ و دەرونت نەرم بکەوە بە یادی خواکردن[3].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتە دەڵێم:

سودەکانی یادکردنی خوا گەلێك زۆرن، سودی هەیە بۆ ژیانی دونیا و دواڕۆژ، ئەوەی زۆر یادی خوا دەکات، خوا دەیپارێزێت و پاداشتیشی پێی دەبەخشێ لە قیامەتدا.

---

(١) سورة النساء، آية (١٠٣).

(٢) تفسير الطبري (٧٥٢/١٢) وتفسير إبن كثير (٤٠٥/٤).

(٣) منهاج الصالحين، لمحمد عبدالعاطي (٢٣٢).

درود و فەڕ لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)
(الصلاةُ على النبيّ)

مانا و مەبەستەکانی سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ):

یەکەم: سەلاواتی خوا: ئەمەش دوو جۆرە:

سلاوەتی خوای گشتی: ئەو سلاوەتەیە کە خوا لەسەر بەندە ئیماندارەکانی دەدات، وەکو خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ ﴾[1]. واتا ئەو خوایە خۆی سلاواتان بەردەوام بەسەردا دەبارێنێت، فریشتەکانیش داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەکەن.

سلاوەتی خوای تایبەت: ئەو سلاوەتەیە کە خوا لەسەر پێغەمبەران و بەتایبەتی پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) دەدات، وەکو خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ ﴾[2].

واتا: بەڕاستی خوا و فریشتەکانی درود و سەلاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) خوا میهرەبانی خۆی ئەڕێژی بەسەریدا، فریشتەکانیش داوای پایەبەرزی بۆ دەکەن.

---

(١) سورة الأحزاب، آية (٤٣).

(٢) سورة الأحزاب، آية (٥٦).

مانای سەلاوەتی خوا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) مەدح و پیاهەڵدان و ستایشکردن و ڕێزلێنانە.

دووەم: سەلاوەتی فریشتەکانیش لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) پاڕانەوە و نزا و دوعایە[1].

سێیەم: سەلاواتی موسڵمان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) مەدح و ستایش و داوا لە خواکردنە کە پلە و پایە و ڕێز و شکۆی بەرز بکاتەوە[2].

یەکێك لە بەڵگە و نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر سلاوات دانە لەسەری، چونکە هەر شتێکت خۆش بوێ زۆر ناوی دێنێت و باسی دەکەی و لێی بێ ئاگا نابێت.

شێوەی سلاوەتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) زۆر شیوازی هەیە وەکو لە فەرمودەکاندا هاتووە.

(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَالسَّلَامُ كَمَا قَدْ عَلِمْتُمْ)[3].

(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ)[4].

(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ عَبْدِكَ وَرَسُولِكَ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ)[5].

---

(١) رواه إسماعيل بن إسحاق في فضل الصلاة على النبّي (ﷺ) (٨٥).
(٢) موسوعة الاخلاق الإسلامية، لسعد يوسف (٩٥/١).
(٣) رواه أحمد (٢٧٤/٥) ومسلم (٤٠٥) والنسائي (٤٥/٣).
(٤) رواه البخاري (٦٣٦٠) ومسلم (٤٠٧) وغيرهما.
(٥) رواه البخاري (٦٣٥٨) وغيره.

خوا دەفەرموێ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾[1].

واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە درود و سەلاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدەن، سەلامی لێ بکەن، بەردەوام یادی خێری ئەم پێغەمبەرە بکەن (ﷺ).

لەم ئایەتەدا خوا فەرمان دەکات بە بەندەکانی لەناو هەموو پێغەمبەراندا سەلاوات لەسەر پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) لێ بدەن، ئەمەش لەبەر گەورەیی و پلە و پایە و ڕێز و شکۆی ئەوە لەناو هەموو پێغەمبەران[2].

صاوي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: موسڵمانان ناتوانن چاکە و پاداشتی پێغەمبەر (ﷺ) بدەنەوە، داوایان لە خوای بە توانا و دەسەلات کرد کە ئەو بە خۆی پاداشتی بداتەوە، ئەمە نهێنی ئەوەیە کە موسڵمانان دەڵێن (اللَّهُمَّ صلِّ على مُحَمَّد)[3].

(سهل كوڕی عبدالله) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: سلاوەت دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) گەورەترین خواپەرستیە، چونکە خوا بە خۆی و فریشتەکان سلاوەتیان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێداوە، فەرمانیشی بە ئیمانداران کردوە کە سلاوەت لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێبدەن، هیچ خواپەرستیەکی تر ئاوا نیە، کە خوا و فریشتە و ئیمانداران هەموویان ئەنجامی بدەن و تێیدا بەشداربن[4].

پاداشت و بەرهەم و خێری سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

(إِنَّ النبيَّ (ﷺ) قالَ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرَ صَلَوَاتٍ، وَحُطَّتْ عَنْهُ عَشْرُ خَطِيئَاتٍ، ورُفِعَتْ لَهُ عَشرُ دَرَجاتٍ)[5].

---

(١) سوراة الأحزاب، آية (٥٦).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٥٢٤/٧).
(٣) حاشية الصاوي على الجلالين (٢٨٧/٣).
(٤) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٥٢٦/٧).
(٥) رواه النسائي (١٢٩٦) وصححه الألباني.

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموی: ئەوەی سڵاوەتێك لەسەر من بدات، ئەوە خوای پەروەردگار دە سەڵاوات و ڕەحمەتی بەسەردا دەبارێنێت، دە گوناهی بچوکی بۆ دەسڕێتەوە، دە پلەش بەرز دەبێتەوەلە بەهەشتدا.

-قال النبی (إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ عَلَيْهِ السَّلاَمُ وَفِيهِ قُبِضَ وَفِيهِ النَّفْخَةُ وَفِيهِ الصَّعْقَةُ فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاَةِ فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ. قَالُوا يَا رَسُولَ اللهِ وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلاَتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرَمْتَ؟ أَيْ يَقُولُونَ قَدْ بَلِيتَ . قَالَ " إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أَنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ) [1].

واتا بێگومان یەکێك لە گەورەترین و باشترین ڕۆژەکانی حەفتە ڕۆژی هەینیە، لەم ڕۆژەدا پێغەمبەر (ئادەم) سەلامی خوای لێ بێت دروستکرا، هەر لەم ڕۆژەدا وەفاتی کرد لەم ڕۆژەدا فوو بە کەڕانادا دەکرێ و دونیا کۆتایی دێ، لەم ڕۆژەدا هەموو گیانلەبەران دەمرن و لەناودەچن، لە ڕۆژی هەینی زۆر سڵاوەت لەسەر من لێ بدەن، بێگومان ئەو سڵاوەتانەی ئێوە بە من دەگات، هاوەڵان گوتیان چۆن سڵاوەتەکانی ئێمە بە تۆ دەگات لە کاتێکدا لاشەکەت ڕزیوە لە خۆڵدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: خوای پەروەردگار لاشەی پێغەمبەرانی حەڕام کردوە لەسەر زەوی کە بیڕزێنێت، واتا لاشە و جەستەی پێغەمبەران لەناو گۆڕ و خۆڵدا ناڕزن و پارێزراون.

قال رسول الله (ﷺ) (مَامِن أحدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إلاّ رَدَّ اللهُ عَلَيَّ رُوحي حَتَّى أَرُدَّ عليهِ السَّلام) [2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: هەر کەسێك سڵاوم لێ بکات، ئەوە خوا ڕۆح و گیانم بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە.

لە فەرمودەیەکی تردا، قال رَسُولَ اللهِ (ﷺ) (لا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُوراً ولا

(١) رواه أبو داود (١٠٤٧) والطبراني (٩٧/٥).

(٢) رواه أبو داود (٢٠٤١) وصححه الالباني.

تجْعلوا قبْري عيداً وصلّوا عَلَيَّ فَإنَّ صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيثُ كُنْتُم)[1].

واتا: مالّەکانتان مەکەنە گۆڕستان، واتە لە مالّەکانتان خواپەرستی و نوێژی سوننەت بکەن، یان لە مالّەکانتان مردوو مەنێژن، گۆڕی من وەکو بۆنە و جەژنەکانی لێ مەکەن، زۆر سەردان و دووبارەهاتنەوە بۆ سەر گۆڕەکەم مەکەن، بەڵکو سڵاوەتم لەسەر لێبدەن، چونکە سڵاوەتەکانی ئێوە بە من دەگات لەهەر شوێنێك بن.

قال رَسُولَ اللهِ (ﷺ) (أوْلى النَّاسِ بِي يَوْمَ القِيامةِ أكْثَرُهُمْ عَلَيَّ صَلاةً)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: لە هەموو کەس لەمن نزیکتر یان لە هەموو کەس شایەنتر بە تکا و شەفاعەتی من ئەوانەن کە زۆر سەڵاوات لەسەر من لێ دەدەن.

وقال النّبيُّ (ﷺ) (الْبخِيلُ مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ، فَلَم يُصَلِّ علَيّ) [3].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ئەو کەسە ڕەزیل و قرچۆکە ئەگەر ناوی منی لەلا باسکرا درودو سەڵاوەت لەسەر من لێ نادات.

قال رسول الله (ﷺ) (من صلّى عليَّ حِينَ يُصْبِح وحِينَ يُمْسِي عَشراً، أدركتْهُ شَفاعتِي يَوْمَ القِيامةِ) [4].

واتا: ئەوەی سڵاوەت لەسەر من لێبدات لەکاتی بەیانی و لەکاتی ئێواران دە سەڵاوات، ئەوە تکا و شەفاعەتی منی پێدەگات لە ڕۆژی قیامەتدا.

قَالَ أُبَيٌّ بنُ كَعْب قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إنِّي أُكْثِرُ الصَّلاةَ عَلَيْكَ فَكَمْ أَجْعَلُ لَكَ مِنْ صَلاتِي؟ فَقَالَ مَا شِئْتَ قَالَ قُلْتُ الرُّبُعَ قَالَ مَا شِئْتَ فَإنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ،

(١) رواه أبو داود (٤٠٤٢) وأحمد (٨٧٩٠).
(٢) رواه الترمذي (٤٨٤) وابن حبان (٩١١).
(٣) رواه الترمذي (٣٥٤٦) وأحمد (١٧٣٦) والنسائي (٨١٠٠).
(٤) رواه الطبراني وحسنهُ الألباني في صحيح الجامع (٦٢٣٣).

قُلْتُ النِّصْفَ قَالَ مَا شِئْتَ فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ قَالَ قُلْتُ فَالثُّلُثَيْنِ قَالَ مَا شِئْتَ فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ، قُلْتُ أَجْعَلُ لَكَ صَلاتِي كُلَّهَا؟ قَالَ إِذًا تُكْفَى هَمَّكَ وَيُغْفَرُ لَكَ ذَنْبُكَ)[1].

واتا: ئوبەی (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زۆر سڵاوەت لەسەر تۆ لێدەدەم، لە جیاتی دوعا بۆ خۆم بکەم دەمەوێ سڵاوەتی زیاتر لەسەر تۆ لێبدەم، چەند لەبەشی دوعاکانم بکەم بە سڵاوەت لەسەر تۆ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چەندی حەزدەکەی) دەڵێ گوتم: چارەگێك؟ فەرمووی (چەندی حەزدەکەی، ئەگەر زیادی بکەی ئەوە بۆ تۆ خێرترە) گوتم: نیوە؟ فەرمووی (چەندی حەزدەکەی، ئەگەر زیادی بکەی ئەوە بۆ تۆ خێرترە) دەڵێ گوتم: دوو سێ یەك؟ فەرمووی (چەندی حەزدەکەی، ئەگەر زیادی بکەی ئەوە بۆ تۆ خێرترە) گوتم: لە جیاتی هەموو ئەو کاتەی دوعا بۆ خۆم دەکەم سلاوەت لەسەر تۆ لێدەدەم، فەرمووی: (کەوابوو ئەم سڵاوەتانەت بەسە بۆ نەمانی خەم و پەژارەت، بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانت).

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی زۆربەی کاتەکانی بە سڵاوەت لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) پڕبکاتەوە ئەوە دڵخۆش و بەختەوەر دەبێت، ئاواتی دونیا و دواڕۆی دەستەدەکەوێت، لە هەڵەو کەموکورتیەکانی چاوپۆشی لێدەکرێ و دەبورێت، دەبا ئێمەش زۆر سڵاوەت لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێ بدەین بۆ ئەوەی ئەم خێر وخۆشیە و پاداشتەمان دەستبکەوێت.

-لەم شێوێنانە سڵاوەت دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خێرەو دووپاتی لێکراوەتەوە لە فەرموودەکان و وتەی هاوەڵان و زانایانی پێشینە چاکەکان.

-لەناو تەحییاتی یەکەم و دووەمی نوێژدا.

-لەناو نوێژی سەر مردوو.

---

(١) رواه الترمذي (٢٤٥٧) وأحمد (٢٠٧٣٥).

-لە وتارەکانی هەینی و جەژنەکان و ئەوانی تر.
-لە دوای تەواوبوونی بانگدان.
-لە دوای تەواوبوونی دوعای قنوت.
-لە پێش و لە پاش دوعاکردن و پارانەوە لە خوا.
-لە کاتی چوونە ناو مزگەوت و هاتنەدەرەوە لە مزگەوت.
-لە کاتی چونە سەر (سەفا و مەڕوا).
-لە کاتی ناوهێنان و ناونوسینی پێغەمبەر (ﷺ).
-لە کاتی چوون بۆ سەر گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ).
-لەشەو ڕۆژی هەینیدا.
-لە کاتی خەم و پەژارە و نارەحەتیدا.
-لە کاتی بەیانیان و لە کاتی ئێواران.
- لەزۆر کارت و شوێنی تر، لەکتێبەکاندا هەیە.

سوودەکانی سڵاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ):

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: لە قیامەتدا پیاوێکم بینی لە ئۆمەتی خۆم، دەیوست لە پردی جەهەنەم بپەڕێتەوە، بەگاگۆڵە دەڕۆیی هەڵدەستا دەخلیسکا و بەردەبۆوە، وەخۆ دەگرتەوە، زۆر لە ترس و نارەحەتیدا بوو، لەو کاتەدا ئەو سڵاوەتانەی لەسەر منی لێدابوون هاتنە فریای و ڕاستی کردەوە سەر پێیەکانی و ڕزگاری کرد و پەراندیەوە[1].

عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: لە نێوان دوعا و خوادا پەردەیەك هەیە، ئەگەر سڵاوەتت لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێدا ئەوە پەردەکە نامێنێت و دوعاکە قەبوڵ دەبێت، ئەگەر سڵاوەتت لێ نەدا، دوعاکەت ڕادەگیرێ و قبوڵ ناکرێت[2].

(١) رواه إبن الجوزي، في العلل المتناهية (٢/٦٩٧).
(٢) موسوعة الاخلاق الإسلامية، لسعد يوسف (١/٩٩).

پاراستنی زوبان -زمان پاراستن
(حفظ اللسان)

مەبەست لە پاراستنی زوبان، واتا: مرۆڤ زوبانی بپارێزی لە هەموو قسەیەکی ناڕەوا و ئابەجێ کە لەلایەن خوا و پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی لێکراوە.

پاراستنی زوبان لە گوفتاری نابەجێ لە ڕەوشتە جوانەکانی ئیماندارە لە خواترسەکانە، و ئاینی ئیسلام داوا لە موسڵمانان دەکات زوبانیان بپارێزن لە هەموو قسەیەك کە زیانی هەبێت بۆ خۆی و بۆ خەڵکی بۆ دونیا و دواڕۆژی.

زوبان لەگەڵ ئەوەی قەبارەکەی بچوکە، بەڵام دەتوانێ گوفتار و کرداری گەورەی پڕ خێر و پاداشتی پێ ئەنجام بدەی، هەروەها دەتوانی گوفتار و کردار و گوناح و تاوانی گەورە پێ ئەنجام بدرێ، سزا وەردەگرێ.

هەموو مرۆڤێك هەر قسەیەك بکات ئەوە فریشتەی چاودێری ئامادە دەینوسێ، کە دوو فریشتەن یەکێك لەلای ڕاستەیە و ئەوی تر لەلای چەپەیە، هەر وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾[1].

واتا: هەر قسەیەکی لە دەم دەرچێت، فریشتەی چاودێری ئامادە دەینوسێ و تۆماری دەکات.

---

(١) سورة ق ،آية (١٨).

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ:﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾[1].

واتا: بێگومان ئێوە فریشتەی چاودێر و پارێزەرتان لەسەر دانراوە، لە فریشتە بەڕێزە تۆمارکەرەکانن، بە ئاگا و زانان بە هەموو ئەو کردەوە و ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

یەکێك لە سیفەتە بەرزەکانی کەسی باوەڕدار ئەوەیە زوبانی بپارێزێت لە هەموو وشەیەکی پڕ و پووچ و نابەجێ، هەروەکو خوا لە سوورەتی (المؤمنون) باسی چەند سیفەتێکی باوەڕداران دەکات، یەکێك لە سیفەتەکان: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ ﴾[2].

واتا: بەڕاستی ئەو بڕوادارانە سەرفراز و سەرکەوتوو بوون... ئەوانەی لە گوفتاری بێ سوود و کار و کردەوەی نابەجێ و ناشیاو دوورەپەرێزن و پشت هەڵدەکەن.

خوا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴾[3].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە بەندەکانم بڵێ چاکترین گوفتار و قسە بڵێن و جوانترین گوفتار بنوسن، بۆ ئەوەی پەیوەندی و خۆشەویستیتان لەگەڵ یەکدا بەهێز و پتەو بێت.

---

(١) سورة الإنفطار، آية (١٠-١٢).
(٢) سورة المؤمنون، آية (٣).
(٣) سورة الإسراء، آية (٥٣).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ)[1].

واتا: موسڵمانی ڕاستەقینە و تەواو ئەوەیە موسڵمانان لە زوبان و دەستی ئەمین و بێ زیان بن، واتا نە بە زوبان و نە بەدەست موسڵمانان ئازار و ناڕەحەت نەکات، پێغەمبەر (ﷺ) لەناو هەموو ئەندامەکان ناوی زوبان و دەستی هێناوە، چونکە زۆربەی هەڵە و زیان و گوناحەکان بەم دوو ئەندامە دەکرێن، بە تایبەتی زوبان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا يَسْتَقِيمُ إِيمانُ عبدٍ حتى يَسْتَقِيمَ قلبُهُ ولا يَستقيمُ قَلْبُه حتّى يَستقيمَ لِسانُه)[2].

واتا: ئیمان وباوەڕ و کردەوەی ئەندامەکانی هیچ بەندەیەک ڕاست و دروست و چاک نابن، هەتا دڵی بەندەکە پڕ نەبێت لە خواناسی و لە خواترسان و خواپەرستی و گوێڕایەڵی خوا، دڵی بەندەکەش ڕاست و دروست و چاک نابێت، هەتا زوبانی بەندەکە ڕاست و دروست و چاک و پاک نەبێت) چونکە زوبان ئەوە دەردەبڕی کە لەناو دڵدایە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِذَا أَصْبح ابْنُ آدَمَ، فَإِنَّ الأعْضَاءَ كُلَّهَا تُكَفِّرُ اللِّسانَ، تَقُولُ: اتَّقِ اللَّه فينَا، فَإِنَّما نحنُ بِكَ" فَإِنِ اسْتَقَمْتَ اسَتقَمْنا، وإِنِ اعْوججت اعْوَججْنَا)[3].

واتا: هەموو بەیانیەک هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ملکەچی زوبانن و داوای لێ دەکەن، بە زوبان دەڵێن: لە خوا بترسە و ئێمە بپارێزە چونکە ئێمە بە هۆی تۆوە پاداشت و سزا وەردەگرین، ئەگەر تۆ قسەی چاک و پاک و بەخێر بکەی، ئەوە ئێمەش چاکە و خێرمان دەست دەکەوێ، ئەگەر قسەی خراپ و نابەجێت کرد، لە حەق و ڕاستی لاتدا، ئەوە ئێمەش توشی سزا و ئازار دەبین بە هۆی تۆوە.

---

(١) رواه البخاري (١٠) ومسلم (٤٠).
(٢) رواه أحمد (١٣٠٤٨) وابن أبي الدُنيا في الصمت (٩).
(٣) رواه الترمذي (٢٤٠٧) وأحمد (١١٤٩٨).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ والْيَومِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا، أوْ لِيصْمُتْ)[1].

واتا: ئەوەی باوەڕی تەواوی بە خوا و ڕۆژی قیامەت هەیە، با قسەی چاك و بەخێر بكات، یان بێ دەنگ بێت.

مانای وایە: ئەوەی خۆی بە ئیمانداری تەواو دەزانێت و بە تەمای پاداشتی خوا و بەهەشتە، با قسە و گوفتاری بە سوود و بەخێر و چاك بكات، خۆی لە هەموو قسەیەكی خراپ و نابەجێ بپارێزی، یان بێ دەنگ بێ و قسە نەكات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ صَمَتَ نَجاَ) [2].

واتا: هەر كەسێك بی دەنگ بێت لەو قسانەی دەبێتە هۆكار بۆ خراپە و گوناح، زوبانی بپارێزی لە هەموو قسەیەكی نابەجێ و حەرام، ئەوە ڕزگاری دەبێ لە گرفت و كێشەی دونیا، ڕزگاری دەبێت لە سزا و ئازار و ناخۆشیەكانی جەهەنەم و ئاسودە دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ) [3].

واتا: هەر موسڵمانێك ئەو پارچە گۆشتەی نێوان هەردوو شەویلاكی بپارێزی لە خراپە و گوناح و حەرام (مەبەستی زوبانە) و هەروەها ئەو پارچە گۆشتەی نێوان هەردوو قاچەكانی بپارێزی لە زینا و فاحیشە و حەرام (مەبەستی عەورەت و دامێنی ژن و پیاوە)، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: هەر موسڵمانێك ئەم دووانەم بۆ زامین بكات، ئەوە منیش بەهەشتی بۆ زامین دەكەم.

---

(١) رواه البخاري (٤٣٦٢) ومسلم (٤٧).

(٢) رواه الترمذي (٢٥٠١) وأحمد (٦٤٨١).

(٣) رواه البخاري (٦٤٧٤) وأحمد (١٩٥٥٩).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (أَكْثَرُ خَطَايَا ابْنِ آدَمَ فِي لِسَانِهِ) [1].

واتا: زۆربەی هەڵە و گوناحەکانی ئادەمیزاد بەهۆی زوبانیەوەیەتی، چونکە زوبان لە هەموو ئەندامەکانی تر زیاتر بەکاردەهێندرێت، بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری زوبانمان بین، زۆر قسە نەکەین، ئەگەر ویستمان قسە بکەین بیری لێ بکەینەوە، ئەگەر قسەکەش باش بوو بیکەین، ئەگەر باش نەبوو نەیکەین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (كَفَى بِالمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ)[2].

واتا: ئەگەر مرۆڤ هیچ درۆیەک نەکات، بەڵام هەر قسەیەکی بیست بیگێڕێتەوە بۆ خەڵکی، بەبێ ئەوەی دڵنیابێ ئایا ئەم قسەیە ڕاستە یان درۆیە، ئەوە ئەم قسە گێڕانەوەی بەسە بۆ ئەوەی بە درۆزن هەژمار بکرێت.

کەواتە پێویستە خۆمان لە قسە گێڕانەوە بپارێزین، ئەوەی بیستمان نەیگێڕینەوە، بۆیە ئەوەی قسە دەگێڕێتەوە توشی درۆ دەبێت و شەرمەزاری خوا و خەڵک دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ لاَ يرى بِها بأساً يَهْوى بِها سَبعينَ خريفاً فِي النَّار)[3].

واتا: بێگومان مرۆڤی وا هەیە قسەیەک دەکات، پێی وایە هیچ هەڵە و گوناح نیە، بە شتێکی ئاسایی دەزانێت، بەڵام بە هۆی ئەم قسەیە حەفتا ساڵ دەکەوێتە ناو ئاگر لە ڕۆژی قیامەتدا.

سفیان کوڕی عبدالله الثَّقَفي (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چ شتێک زیاتر ترست هەیە لە منداڵیی بترسێت؟ پێغەمبەر (ﷺ)

---

(١) رواه الطبراني في الكبر (٢٤٣/١٠) والبيهقي في الشعب (٢٤/٤).
(٢) رواه مسلم (٧) وأبو داود (٤٩٩٢).
(٣) رواه الترمذي (٢٣١٤) وابن ماجة (٣٩٧٠) وأحمد (٧١٧٤).

زوبانی خۆی گرت و فەرمووێ: لەمە زۆر ترسم هەیە لێت[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (النَّاسُ ثَلاثَةٌ:غَانِمٌ وَسَالِمٌ وَشَاجِبٌ، فَالْغَانِمُ الَّذِي يَذْكُرُ اللهَ تَعالى، وَالْسَّالِمُ السَّاكِتُ، والشَّاجِبُ الَّذي يَخُوضُ في البَاطِلِ)[2].

واتا: خەڵك سێ جۆرن: براوەکان، سەلامەتەکان، ڕوو زەرد و زەرەرمەندەکان، براوەکان ئەوانەن یادی خوا دەکەن، سەلامەتەکان ئەوانەن بێ دەنگن و زوبانیان لە خراپە دەپارێزن، و ڕووزەردەکان ئەوانەن زۆر قسەی نابەجێ و ناشیرن دەکەن.

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لەو، هیچ شتێك وەکو زوبان پێویستی بە زۆر بەندکردن نیە، واتا پێویستە هەمو کەسێك زوبانی بەند بکات و بەرەڵای نەکات هەرچی بیەوێ دەربببڕێ و بیڵێت[3].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ألا أُخبرُكُمْ بِأيْسَرِ العِبادةِ وأهْوَنِها على البَدَنِ؟ الصَّمْتُ، وحُسنُ الخُلُقِ)[4].

واتا: ئایا هەوالّی ئاسانترین خواپەرستیتان پێ بڵێم، هیچ قورسی و زەحمەتی نەبێ لەسەر جەستەتان؟ بێ دەنگی و ڕەوشت بەرزیە.

پێغەمبەر (سلیمان) سەلامی خوای لێبێت دەفەرموێ: ئەگەر قسەکردن زیو بێت، ئەوە بێدەنگی زێڕە[5].

واتا: ئەوەی بێ دەنگ و کەم قسە دەکات ڕێزی زیاترە لەوەی زۆر قسە دەکات و زوبانی بەرەڵا دەکات.

---

(١) رواه الترمذي (٢٤١٠) ومسلم (٣٨) وابن ماجة (٣٩٧٢).
(٢) رواه الطبراني في الكبير (٨٣٧) وأبو يعلى (١٠٦٢) وضعفه ابن عون.
(٣) رواه إبن أبي الدنيا في الصمت (٥٣).
(٤) هەمان سەرچاوە (٥٨) سندهُ ضعيف.
(٥) هەمان سەرچاوە (٦٦).

إبراهيم كوڕی أدهم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خەڵكی بەدوو شت بە هیلاك دەچن، زۆری مالّ و سامان و دارایی، زۆری قسەكردن و زوبان نەپاراستن[1].

أحنف كوڕی قیس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئایا هەوالّی خراپترین دەرد و نەخۆشیتان پی بڵێم:

یەكەم: كەسی زمان پیس و دەم شڕ و جنێو فرۆش.

دووەم: كەسی ڕەوشت نزم و بێ ئابڕوو و بێ شەرم[2].

عبدالله كوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەی زوبان قسەی چاك و خێر بكە خێر و سودت دستدەكەوێت، بێدەنگ بە لە قسەی خراپ و نابەجێ سەلامەت دەبی، ئەگەر وانەكەی پەشیمان دەبێتەوە و زەرەر دەكەیت[3].

پێویستە كەسی دانا و هۆشمەند زۆر گوێ بگرێ و كەم قسە بكات، چونكە خوا دوو گوێ و یەك زوبانی پێ داوین، دوو بەربەستی لە پێش زوبان داناوە (ددانەكان و لێوەكان)، هەر كەسێك زۆر قسە بكات، زۆر هەڵە دەكات، هەر كەسێكیش زۆر هەڵە بكات شەرمەزاری خوا و خەڵك دەبێت، بۆیە با خۆمان ڕێزدار بكەین بە كەم قسە كردن.

(وهب كوڕی منبه) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە حیكمەتی نالی داود نوسراوە: (حَقٌّ عَلَى الْعَاقِلِ أَنْ يَكُونَ عَارِفًا بِزَمَانِهِ، حَافِظًا لِلِسَانِهِ، مُقْبِلاً عَلَى شَأْنِهِ)[4].

واتا: پێویستە لەسەر كەسی دانا و هۆشمەندو ئاگادار و شارەزای ڕۆژگاری خۆی بێت، زوبانی خۆی بپارێزی لە قسەی نابەجێ وناشیاو، بە ئیش و كار و حاڵی خۆی خەریك و سەرقاڵ بێت.

---

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٤/٧٥).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٤/٨٩).
(٣) **هەمان سەرچاوە** (٤/٦٣).
(٤) إحياء علوم الدين للغزالي (٣/١٢٠).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا تُكْثِرُوا الكلامَ بغيرِ ذِكْرِ اللهِ ، فإنَّ كثرةَ الكلامِ بغيرِ ذِكْرِ اللهِ قَسْوَةُ القلبِ ، وإنَّ أَبْعَدَ الناسِ من اللهِ القلبُ القاسِي) [1].

واتا: زۆر قسە مەکەن بەبی زکر و یادی خوا چونکە زۆر قسەکردن بەبی زکر و یادی خوا دەبێتە هۆی دڵڕەقی، لە هەموو کەس دوورتر لە خوا ئەو کەسانەن کە دڵڕەقن.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئەوەی دەیەوێ دوور بێ لە کێشە و گرفت، با زوبانی خۆی بپارێزێ لە قسەی نابەجێو قسەی پڕو پووچ و ناشیاو.

(١) رواه الترمذي (٢٤١١) وقال حديث حسن غريب.

نوێژی بە کۆمەڵ
(صلاةُ الجَمَاعَةِ)

نوێژی بە کۆمەڵ: واتا ئەنجامدانی نوێژ لەلایەن ژمارەیەک موسڵمان بە کۆمەڵ پێکەوە لە یەک کات و شوێندا کەمترین ژمارە بۆ دروست بوونی نوێژی بە کۆمەڵ دوو کەسە، یەک نوێژ خوێن و پێشنوێژ.

بڕیاری ئاینی ئیسلام دەربارەی نوێژی بە کۆمەڵ، زانایان سێ ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی نوێژی بە کۆمەڵ[1].

یەکەم: (فرض العين) واتا پێویستە هەموو موسڵمانێکی داوالێکراو ئەنجامی بدات، ئەمەش ڕای پێشەوا أحمد و إبن حزمە.

دووەم: (فرض الكفاية) واتا ئەگەر هەندێك لە موسڵمانان ئەنجامی بدەن، ئەوە پێویستیەکە لەسەر موسڵمانانی تر لادەچێ، ئەگەرنا هەموویان گوناهبار دەبن، ئەمەش ڕای پێشەوا شافعی و هەندێك لە زانایانی مالیکی و حەنبەلی یە.

سێیەم: (سنة المؤكدة) **واتا:** سوننەت و خێرێکی زۆر گەورە و دووپاتی لێکراوەتەوە، ئەمەش ڕای پێشەوا أبو حەنیفە و مالیك و هەندێك لە زانایانی تر.

(١) الفقه الإسلامي وأدلته، لِوهبة الزُحيلي (١٤١/٢).

خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾[1].

واتا: کاتی لە ناو هاوەڵاندا بوویت ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، پێشنوێژیت بۆ دەکردن لە کاتی جەنگدا، زانایان دەڵێن ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی جەنگدا و ترسدا نوێژی کۆمەڵی ئەنجام دابێت، ئەوە لە کاتی ئاساییدا پێویسترە نوێژی بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێ[2].

هەروەها خودا دەفەرموێ: ﴿وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾[3].

واتا: لەگەڵ کڕنۆشبەراندا کڕنۆش بەرن بۆ پەروەردگارتان. ئەمەش فەرمانە بە ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ[4].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ أَثْقَلَ صَلاةٍ علَى المُنَافِقِينَ صَلاةُ العِشَاءِ، وَصَلاةُ الفَجْرِ، ولو يَعْلَمُونَ ما فِيهِما لأَتَوْهُما ولو حَبْوًا، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بالصَّلاةِ فَتُقَامَ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلا فيُصَلِّيَ بالنَّاسِ، ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ معهُمْ حُزَمٌ مِن حَطَبٍ إلى قَوْمٍ لا يَشْهَدُونَ الصَّلاةَ، فَأُحَرِّقَ عليهم بُيُوتَهُمْ بالنَّارِ)[5].

واتا: قورسترین نوێژی بە کۆمەڵ لەسەر دووڕووەکان (منافقین) نوێژی عیشا و بەیانییە، ئەگەر دەیانزانی چ خێر و پاداشتێکی هەیە ئەوە بەگاگۆڵە دەهاتن بۆ ئەم دوو نوێژە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ویستم فەرمان بدەم ئیقامەتی نوێژ بکرێ، ئینجا فەرمان بدەم پیاوێك نوێژی بە کۆمەڵ بۆ خەڵکی بکات، ئینجا چەند پیاوێك

(١) سورة النساء، آية (١٠٢).
(٢) صحيح فقه السنة، لأبي مالك (١/٤٤٥).
(٣) سورة البقرة، آية (٤٣).
(٤) صحيح فقه السنة، لأبي مالك (١/٤٤٠).
(٥) رواه مسلم (٦٥١) والبخاري (٦٥٧).

لەگەڵ خۆم ببەم باوەشە داریان پێ بێت، بچم مااڵی ئەو کەسانە بسوتێنم: کە نایەن نوێژی بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا مِنْ ثلاثةٍ فی قریةٍ ولا بدوٍ لا تقامُ فیهمُ الصَّلاةُ إلا قدِ استحوذَ علیْهمُ الشَّیطانُ. فعلیْكَ بالجماعةِ فإنَّما یأْكلُ الذِّئبُ من الغَنَمِ القاصیةَ)[1].

واتا: لە هەر گوندێك و هۆبە و ڕەشماڵێکدا سێ پیاو هەبن و نوێژی بە کۆمەڵ نەکرێت، ئەوە شەیتان زاڵ دەبێ بەسەریاندا، کەوابوو، هەر لەگەڵ کۆمەڵەی نوێژ خوێنەندابە، چونکە گورگ مەڕی دابڕاوو بە تەنها دەخوات.

(أبو هریرة) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پیاوێکی کوێر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسم نیە بمهێنێت بۆ کردنی نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوت، داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ڕوخسەتی بدات لە ماڵەوە نوێژ بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) ڕوخسەتیدا لەو کاتەی ڕۆیشت، بانگی کابرای کوێری کرد، پێی فەرموو: ئایا تۆ گوێبیستی بانگ دەبی؟ گوتی بەڵێ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: وەاڵمی بانگ بدەوە، وەرە بۆ نوێژی بەکۆمەڵ[2].

ئەم ئایەت و فەرمودانەی باسمان کردن هەڕەشەنە بۆ ئەو موسڵمانانەی نوێژی بە کۆمەڵ ناکەن، هیچ بیانو و عوزریان نیە، چونکە ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ یەکێکە لە دروشمەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (صَلاةُ الجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلاةَ الفَذِّ بسَبْعٍ وعِشْرِینَ دَرَجَةً) [3].

---

(١) رواه أبو داود (٥٤٧) والنسائي (٨٤٩).
(٢) رواه مسلم (٦٥٣) والنسائي (١٠٩/٢).
(٣) رواه البُخاري (٦٤٥) ومسلم (٦٥٠).

واتا: نوێژکردنی بە کۆمەڵ چاکتر و گەورەترە لە نوێژکردنی بە تەنهایی بە بیست و حەوت پلە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ، ثُمَّ مَشَى إلى بَيْتٍ مَن بُيُوتِ اللهِ لِيَقْضِيَ فَرِيضَةً مِن فَرَائِضِ اللهِ، كَانَتْ خَطْوَتَاهُ إحْدَاهُما تَحُطُّ خَطِيئَةً، وَالأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً)[1].

واتا: هەر موسڵمانێك دەستنوێژ بشوات لە ماڵی خۆی، ئینجا بچێت بۆ مزگەوتێك بۆ ئەنجامدانی نوێژێکی فەرز بە کۆمەڵ، بە هەر هەنگاوێکی دەینێت گوناحێکی لێ هەڵدەوەرێ، پلەیەك بەرزدەبێتەوە.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَن صَلَّى العِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّما قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَمَن صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّما صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك نوێژی خەوتنان (عیشا) بە کۆمەڵ ئەنجام بدات، وەکو ئەوە وایە هەتا نیوەی شەو شەو نوێژو خواپەرستی کردبێت، ئەوەی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ ئەنجام بدات، وەکو ئەوە وایە هەموو شەوی زیندوکردبێتەوە بە شەو نوێژو خواپەرستی.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (بشِّرِ المشَّائينَ في الظُّلَمِ إلى المساجدِ بالنُّورِ التَّامِّ يومَ القيامةِ) [3].

واتا: موژدە بۆ ئەوانەی زۆر دەچن بۆ مزگەوتەکان بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ، لە تاریکی شەودا، بە نور و ڕوناکێکی تەواو لە هەموو لایەکەوە لەسەر پردی دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا.

---

(١) رواه مسلم (٦٦٦).

(٢) رواه مسلم (٦٥٦) وأبو داود (٥٥٥) والترمذي (٢٢١).

(٣) رواه الترمذي (٢٢٣) وأبو داود (٥٦١) وابن ماجة (٧٨١).

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ في ظِلِّهِ، يَومَ لا ظِلَّ إلا ظِلُّهُ،..... ورَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ في المَسَاجِدِ)[1].

واتا: لە ڕۆژی قیامەتدا خوا حەوت چین و تاقم لە بەندەکانی دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی، لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی خوا، (یەکێك لەو چین و تاقمانە) پیاوێکی موسڵمان دڵی پەیوستە بە مزگەوتەوە، واتا مزگەوتی زۆر خۆشدەوێ، ئەگەر بە لاشە لە دەرەوەی مزگەوت بێ ئەوە دڵی لە مزگەوتە، چونکە زۆر دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژەکانی بە کۆمەڵ و قورئان خوێندن و یادی خوا و خواپەرستی.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَن مَشى إلى صَلاةٍ مَكتوبةٍ وهو مُتطهِّرٌ، كان له كأجْرِ الحاجِّ المُحرِمِ) [2].

واتا هەر موسڵمانێك بچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ، لە ماڵەوە دەستنوێژی هەڵگرتبێ، ئەمە پاداشتی وەکو ئەو حاجییە وایە کە لە ژێر ئیحرامدایە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ثلاثةٌ كلُّهم ضامنٌ على اللهِ، إن عاش رُزِقَ وكُفِيَ، وإن مات أدخلَه اللهُ الجنَّةَ : من دخل بيتَه فسلَّمَ فهو ضامنٌ على اللهِ، ومَنْ خَرَجَ إلى المَسْجِدِ فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللهِ، ومَنْ خَرجَ في سَبيلِ اللهِ فَهُوَ ضَامِنٌ على اللهِ)[3].

واتا: سێ کەسی موسڵمان هەن، لە زەمانەتو کەفالەتی خوا دان، ئەگەر لە

---

(١) رواه البخاري (٦٦٠) ومسلم (١٠٣١) والترمذي (٢٣٩١).
(٢) رواه أبو داود (٥٥٥٨) وأحمد (٢٢٣٠٤) حديث حسن.
(٣) رواه أبو داود (٢٤٩٤) -والبخاري (الأدب المفرد) -(١٠٩٤)

ژیاندا بوون ئەوە خوا ڕزق و ڕۆزیان دەدات کە بەشیان بکات، ئەگەر مردن ئەوە خوا دەیانخاتە بەهەشت.

یەکەم: موسڵمانانێك بچێتەوە مالّی خۆی سڵاو بکات ئەوە لە زەمانەت و کەفالەتی خوا دایە.

دووەم: موسڵمانێکە بچێت بۆ مزگەوت ئەوەلە زەمانەت و کەفالەتی خودایە.

سێیەم: موسڵمانێکە بچێت بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوادا، ئەوە لە زەمانەت و کەفالەتی خوداییە.

موسڵمانان: نوێژێکی بە کۆمەڵ ئەو هەموو خێر و پاداشتەی هەبێت کە باسمانکردن، توخوا حەیف و موخابن نیە نوێژ ە فەرزەکان بە کۆمەڵ و لە مزگەوتدا نەکەین، چونکە ئەوەی دەچێتە مزگەوت میوانی خوایە، خواش زۆر ڕێزی میوانی خۆی دەگرێت، کەوایە بڕیار بدەین نوێژە فەرزەکان بە کۆمەڵ و لە مزگەوتدا ئەنجامیان بدەین، بۆ ئەوەی ئەو پاداشتە گەورانەمان دەسکەوێت.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ سَمِعَ النِداء فَلَمْ يأْته فَلا صَلاَةَ لَهُ إلاّ من عُذرٍ) [1].

واتا: هەر موسڵمانێك گوێبیستی بانگ بێت، نەچێت بۆ نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوت، ئەوە نوێژەکەی ناتەواوە و پاداشتی تەواوی دەستناکەوێ، مەگەر بیانو عوزری شەرعی هەبێت.

بیانوو (عذر)ەکانی نەکردنی نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوت:

١-نەخۆشی: ئەو نەخۆشەی بە هاتنی توشی ئازار و ناڕەحەتی دەبێت.

٢-ترس: واتا ترسی لە نەفسی خۆی هەبێت، یان ترسی لە مالّ و سامانی

(١) رواه إبن ماجة (٧٩٣) وأبو داود (٥٥١) حديث صحيح.

هەبێت، یان ترسی لە منداڵ و دایك و باوك و خێزانی هەبێت.

٣-تەنگاو بێت: واتا میز و پیسایی زۆری لێی بکات و خۆی پێ ڕانەگیرێ.

٤-خواردنی شتی بۆن ناخۆش: وەکو سیر و پیاز.

٥-خەوهاتنێکی زۆر.

٦- ئامادەبوونی خواردنێك کە حەزی لێی بێت.

٧- باران بارینێکی زۆر.

٨- بایەکی بەهێز لە شەودا.

٩- سەرماو گەرمایەکی زۆر.

١٠- قورو لیتەی زۆر.

١١- تاریکێکی زۆر.

١٢- شەوی زاوایەتی[1].

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ صَلّى الغَداة في جَمَاعَة، ثُمَّ قَعدَ يَذْكُر الله حَتّى تَطْلُعَ الشَّمْسَ، ثُم صلَّى رَكْعَتَينِ، كانَتْ لَهُ كأَجْرِ حَجَّةٍ وعُمْرة ٍ قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) تَامّةٍ تَامَّةٍ تَامَةٍ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ بکات لە مزگەوتدا، پاشان لە ناو مزگەوتدا دابنیشێ یادی خوا بکات هەتا خۆر هەڵدێت، ئینجا دوای (١٥) خولەك لەخۆرهەڵاتن دوو ڕکعەت نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو بکات، ئەمە خێر و پاداشتی حەج و عومرەیەکی سوننەتی بۆ دەنوسرێ، پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار فەرمووی پادشاتی تەواو، تەواو، تەواوی حەج و عومرەی بۆ دەنوسرێ.

---

(١) الفقه الإسلامي وأدلته، وهبة الزحيلي، (١٥٨/٢).

(٢) رواه الترمذي (٥٨٦) والطبراني في الكبير (٧٧٤١).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ غدَا إِلَى المَسْجِدِ أَوْ رَاحَ، أعدَّ اللهُ لَهُ فِي الجَنَّةِ نُزُلاً كُلَّمَا غَدا أَوْ رَاحَ) [1].

واتا: هەر موسڵمانێك هەر جارێك بچێت بۆ مزگەوت و بگەڕێتەوە، خوا پلە و پایە و میواندارى بۆ ئامادە دەکات لە بەهەشتدا بۆ هەر جارێك بچێت و بگەڕێتەوە لە مزگەوت بۆ ئەنجامدانى نوێژى بە کۆمەڵ.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ صلَّى للهِ أربعينَ يومًا في جماعةٍ، يُدْرِكُ التَّكْبيرَةَ الأُولَى، كُتِبَتْ لهُ بَرَاءَتَانِ : بَرَاءَةٌ مِنَ النارِ، و بَرَاءَةٌ مِنَ النِّفَاقِ) [2].

واتا: هەر موسڵمانێك ماوەى چل ڕۆژ نوێژى فەرزەکان بە کۆمەڵ ئەنجام بدات بۆ خوا، بە (الله أكبر)ى نوێژ دابەستن بگات، ئەوە خوا لە دوو شت ڕزگارى دەبێت، یەکەم: ڕزگارى دەبێت لە ئاگرى دۆزەخ، دووەم: ڕزگارى دەبێت لە ڕەوشتى دووڕوەکان.

(أبو عبدالرحمن السلمى) ڕەحمەتى خواى لێ بێت لە نەخۆشى سەرە مەرگدا بوو لە مزگەوتیش بوو، پێیان گوت تۆ لە ماڵەوە بى باشترە، گوتى دەزانم بەڵام بۆیان گێڕامەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتى: (لاَيَزالُ العَبْدُ في صَلاةٍ مَا كانَ في مُصَلاَّهُ يَنْتظِرُ الصَّلاةَ، وتَقُولُ المَلائِكة: اللّهُمَّ أغفرْ لَهُ، اللّهُمَّ أرْحَمهُ، حَتَّى ينْصَرِفَ أو يُحْدِث) [3]

واتا: بەردەوام بەندەکان لە نوێژکردندان هەتا لە شوێنى نوێژکردنیاندا بن لەناو مزگەوتدا و چاوەڕوانى کاتى نوێژ دەکەن، فریشتە نزایان بۆ دەکەن دەڵێن: ئەى

(١) رواه البخاري (٦٦٢) ومسلم (٦٦٩).
(٢) رواه الترمذي (٢٤١) وابن ماجة (٧٩٨).
(٣) رواه البخاري (٤٤٥) ومسلم (٦٤٩).

پەروەردگار لێی خۆشبە، ئەی پەروەردگار ڕەحم و بەزەیی بێ بکە، هەتا ئەو کاتەی مزگەوت جێدەهێڵی یان دەستنوێژی دەشکێ.

أبو عبدالرحمن السملی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ بۆیە دەمەوێ لەناو مزگەوت گیانم دەرچێت و بمرم، بۆ ئەوەی ئەو خێر و پاداشتەم دەستکەوێت، دەگێڕنەوە (أبو عبدالرحمن) لەناو مزگەوت گیانی سپارد چاوەڕوانی نوێژی بە کۆمەڵی دەکرد[1].

ربیع کوڕی خیثم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): نیوەی لاشەی ئیفلیج بوو بوو لە کاتی بانگدان دەیانهێنا بۆ مزگەوت، پێیان دەگوت خوا ڕوخسەتی بە تۆ داوە، لە ماڵەوە نوێژ بکەی بۆ خۆت ئازار و نارەحەت دەکەی، گوتی دەزانم خوا ڕوخسەتی داوم لە ماڵەوە نوێژ بکەم بەڵام گوێم لە (حيَّ على الصّلاة) دەبێ، واتا (وەرن بەرەو سەرفرازی و بردنەوە و سەرکەوتن و ڕزگاری بوون) بۆیە خۆم پێ ناگیرێ لە ماڵەوە نوێژ بکەم[2].

سودەکانی نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوت زۆرن، هەندێك لە سودەکانی:

هۆکارە بۆ یەکترناسینی موسڵمان و ئاشنابوونیان بە یەکتری، پەیدابوونی دۆستایەتی و خۆشەویستی و برایەتی، دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری، ئاگاداری ژیان و گوزەران و بارودۆخ و حاڵی یەکتر، کێ نەخۆشە، کێ پێویستی بە یارمەتی و هاوکاری هەیەن، کێ خەم و کێشەی هەیە، کێ توشی بەڵا و کارەسات و مەینەتی بووە، بەهەموولایەك دەتوانن خەم و ناخۆشی و نەهامەتی لەسەر یەکتری سوك بکەن، دڵی یەکتری ئاسودە بکەن.

---

(١) الطبقات الكبرى –لإبن سعد- (١٧٥/٦).

(٢) حلية الأولياء-لإبي نعيم –(١٣٣/٢).

شەونوێژ- شەو زیندوکردنەوە
(قيام الليل- التهجد)

شەونوێژ: واتا زیندووکردنەوەی شەو ئەگەر کەمێکیش بێت، مەبەست لە شەونوێژ، خواپەرستیە بە گشتی و ئەنجامدانی نوێژی سوننەتە لە شەودا بەتایبەتی.

کاتی شەونوێژ: لە پاش نوێژی عیشا دەست پێدەکات هەتا پێش نوێژی بەیانی بە (١٠) خولەك، بەڵام باشترین کات بۆ شەونوێژ، سێیەکی کۆتایی شەو ئەنجام بدرێت.

ژمارەی ڕکعاتەکانی شەونوێژ دیاری نەکراوە بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) یازدە ڕکعەت شەونوێژی کردوە، هەروەك دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت (كانَ رَسولُ اللهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِيما بيْنَ أنْ يَفْرُغَ مِن صَلاةِ العِشَاءِ، وَهي الَّتي يَدْعُو النَّاسُ العَتَمَةَ، إلى الفَجْرِ، إحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُسَلِّمُ بيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَيُوتِرُ بوَاحِدَةٍ) [١].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای تەواوبوونی لە نوێژی عیشا، نوێژ سوننەتی لە نێوان نوێژی عیشا و نوێژی بەیانیدا یازدە ڕەکعەتی دەکرد، لە نێوان دوو ڕکعەتەدا سەلامی دەدایەوە، نوێژی وێتری یەك ڕکعات دەکرد لە کۆتاییدا.

(١) رواه مسلم (٧٣٦).

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەبێتەوە: شەونوێژ لە دوای نوێژی عیشا دەستپێدەکات هەتا پێش نوێژی بەیانی، لە دوای هەر دوو ڕکاعەتێك سەلام بدەیەوە، نوێژی وێتریش بخەیە دوای شەونوێژەکان.

خوا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ۝٣ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ۝٤﴾[1].

واتا: ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) شەو هەستە نوێژ بکە مەگەر کەمێك نەبێت بۆ خەو و حەوانەوە، نیوەی یان کەمتر لە نیوەی لێ کەمبکەرەوە، یان زیاتری بکە و دەوری قورئان بکەرەوە بە وردی و لەسەرخۆ.

لە ئایەتێکی تردا خوا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ:﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِۦ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴾[2].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەشێکی شەودا خۆت ماندوو بکە بە دەورکردنەوەی قورئان لە شەونوێژدا کە زیادە ئەرکێکە لەسەر تۆ، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی پەروەردگارت بتخاتە شوێن و جێگەیەکی بەرێزەوە کە تیایدا سوپاسکراو بیت.

شەونوێژ کردن سیفەتی پارێزکاران و بەهەشتیانە: هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ۝١٥ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ ۝١٦ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ۝١٧﴾[3].

واتا: بەڕاستی پارێزکاران لە باخەکان و کانیاوەکانی بەهەشتدا ژیانی خۆشی

(١) سورة المزمل، آية (١-٤).
(٢) سورة الإسراء، آية (٧٩).
(٣) سورة الذاريات، آية (١٥/١٧).

دەبەنەسەر، ئەو شتانەی کە پەروەردگار بۆی ئامادەکردون پێیان دەبەخشێت، ئەوانیش بەخۆشی و شادیەوە وەریدەگرن، بەڕاستی ئەوان پێشتر لە دونیادا چاکەکار و چاکەخواز بوون، لە شەودا زۆر کەم دەخەوتن و ڕادەکشان (چونکە خەریکی شەونوێژ و دەورکردنەوەی قورئان و یادی خوا بوون).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَفْضَلُ الصَّلاةِ بَعْدَ الفَرِيضَةِ صَلاَةُ اللَّيلِ) [1].

واتا: چاکترین نوێژ لە دوای نوێژە فەرزەکان شەونوێژە، چونکە کەس پێی ئاگادار نیە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (عَلَيكُم بقيامِ اللَّيلِ فإنَّه دأْبُ الصَّالحينَ قَبلَكمْ، وإنَّ قِيامَ اللَّيلِ قُربةٌ إلى اللهِ، ومَنهاةٌ عَنِ الإثمِ، وتَكفيرٌ لِلسَّيِّئاتِ، ومطردةٌ لِلدَّاءِ عَن الجَسَدِ) [2].

واتا: بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی شەونوێژ کردن، چونکە شەونوێژ دابونەریتی پیاوچاکە پێشینەکانە، بەئەنجامدانی لەخوا نزیك دەبیتەوە، بە ئەنجامدانی لە گوناح دوورت دەکاتەوە، بە ئەنجامدانی گوناحەکان دەسڕێتەوە، بە ئەنجامدانی دەرد و نەخۆشی لە جەستە دوور دەخاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (يا أَيُّها الناسُ! أَفْشُوا السَّلامَ، و أَطْعِمُوا الطعامَ، وصِلُوا الأرحامَ، وصَلُّوا باللَّيلِ والنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلوا الجنةَ بسَلامٍ)[3].

واتا: ئەی خەڵکینە! زۆر سڵاو بکەن لە ئەوەی دەیناسن و لە ئەوەی ناینناسن، خواردن بدەن بە هەژار و نەدار و هەتیوان، پەیوەندی خزمایەتی بگەێنن و جێبەجێ ی بکەن، نوێژی سوننەت بکەن لە شەودا لەو کاتەی خەڵکی نوستون، دەچنە بەهەشت

(١) رواه مسلم (١١٦٣) والترمذي (٤٣٨).
(٢) رواه الترمذي (٣٥٤٩) الحاكم (١١٥٦).
(٣) رواه إبن ماجة (١٣٣٤) والترمذي (٢٤٨٥).

بە ئاشتی و ئاسودەیی. واتا هەر موسڵمانێك ئەم سیفەت و ڕەوشتانە ئەنجام بدات لە پێناوی خوادا، ئەوە خوا لە پاداشتیدا دەیخاتە بەهەشت.

(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): " أَتَانِي جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلامُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ عِشْ مَا شِئْتَ فَإِنَّكَ مَيِّتٌ، وَأَحْبِبْ مَنْ شِئْتَ فَإِنَّكَ مَفَارِقُهُ، وَاعْمَلْ مَا شِئْتَ فَإِنَّكَ مَجْزِيٌّ بِهِ، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ شَرَفُ الْمُؤْمِنِ قِيَامُهُ بِاللَّيْلِ، وَعِزُّهُ اسْتِغْنَاؤُهُ عَنِ النَّاسِ) [1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: جوبریل (سەلامی خوای لێ بێت) هات بۆ لام و گوتی: ئەی محمد (ﷺ) چەند حەزدەکەی بژی لە دونیادا بژی، بەڵام سەرەنجام هەر دەبێ بمری، هەر کەسێکت خۆش بوێ و حەز بکەی لەگەڵت بێ، هەر لێی جیادەبیتەوە هەتا سەر پێکەوە نابن، چ کردەوەیەك دەکەی و حەزت لێیە بیکە، چونکە لە دوای مردن پاداشت و سزای کردەوەکانت وەردەگرییەوە، پاشان گوتی ئەی محمد (ﷺ) شەرەف و شکۆ و گەورەیی باوەڕدار لە شەونوێژکردنی دایە، و ڕێز و نرخ و پایەبەرزی لەوە دایە بێ نیاز بی لە دەستی خەڵکی (چاوت لە دەستی کەس نەبێت).

عَنْ عَبدالله بن قَيس (رضي الله عنه) قالَ: دَخَلْتُ عَلى أُمِّ المُؤمنين عَائِشة (رضيَ اللهُ عنْها) فَقَالَتْ: يا عَبدَالله لا تَدعْ قِيامَ اللّيلِ، فإنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) كانَ لاَيَدَعُهُ، وَكانَ إذَا مَرِضَ أَوْ كَسِل صَلَّى قَاعِداً) [2].

واتا: (عبدالله کوڕی قەیس) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: چوم بۆ لای دایکی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) گوتی ئەی عبدالله! وازنەهێنی لە شەونوێژ کردن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کاتێك وازی لە شەونوێژ نەهێناوە، ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش بوایە یان ماندو و بێهێز بوایە، ئەوە بە دانیشتنەوە شەونوێژ دەکرد.

---

(١) رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٤٢٧٨) والحاكم (٧٩٢١).

(٢) رواه أبو داود (١٣٠٧) وأحمد (٢٦١٤).

دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ (أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) كانَ يَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ حتَّى تَتَفَطَّرَ قَدَمَاهُ، فَقالَتْ عَائِشَةُ: لِمَ تَصْنَعُ هذا يا رَسولَ اللَّهِ، وقدْ غَفَرَ اللَّهُ لكَ ما تَقَدَّمَ مِن ذَنْبِكَ وما تَأَخَّرَ؟ قالَ: أفلا أُحِبُّ أنْ أكُونَ عَبْدًا شَكُورًا)[1].

واتا: بێگومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوان هەڵدەستا بۆ شەونوێژ ئەوەندە شەونوێژی دەکرد هەتا قاچەکانی هەڵدەئاوسان و هەڵدەتۆقین، عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ دەمگوت ئەوە بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەی، ئەی خوا لە گوناحی سەرەتا و کۆتایت خۆشنەبووە؟ فەرمووی ئەی نابێت بەندەیەک بم زۆر سوپاس وستایشی خوا بکەم لەسەر ئەو هەموو ڕێز و پلە و گەورەییە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (نِعمَ الرَّجُلُ عبدُ اللَّهِ لَوْ كانَ يُصلِّي منَ اللَّيلِ، قَالَ سَالِمٌ: فَكانَ عَبدُ اللهِ بُعْدُ ذلك لا يَنامُ مِنَ اللَّيلِ إلاقليلاً)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی (عبدالله کوڕی عمر) (ڕەزای خوای لێ بێت) پیاوێکی زۆر چاکە ئەگەر شەونوێژی کردبا (سالم کوڕی عبدالله) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە دوای ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عبدالله، عبدالله شەوانە نەدەنوست کەمێك نەبێت، هەر خەریکی شەونوێژ کردن بوو.

(فُضیل کوڕی عیاض) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەگەر نەتتوانی بە شەو شەونوێژ بکەی، بە ڕۆژیش ڕۆژی سوننەت بگری، بزانە تۆ بێ بەشی کۆت و زنجیرکراوی، گوناحەکانت کۆت و زنجیر و کەلەپچەیان کردووی[3].

صلە کوڕی أشیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەموو شەوی بە شەونوێژ دەبردەسەر، لە کاتی بەرەبەیاندا دەیگوت: ئەی خوای پەروەردگار: کەسانی وەك من

(١) رواه البخاري (٤٨٣٧) ومسلم (٢٨١٩)
(٢)) رواه البخاري (١١٢٢) ومسلم (٢٤٧٩).
(٣) رهبان الليل، لِسيد حسين العفاني (٢/٢٢٣).

شایەنی ئەوە نین داوای بەهەشت بکەن، بەڵام داوات لێ دەکەم پەنام بدە و بمپارێزە لە ئاگری دۆزەخ[1].

أبو الجويرە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەگەڵ (أبو حەنیفە)دا بووم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) شەش مانگ، هیچ شەوێك نەمدیت ڕابکشێت و تەنیشتی بخاتە سەر زەوی، نیوەی شەوی بە شەونوێژ زیندو دەکردەوە، جارێکیان بەلای کۆمەڵە خەڵکیدا ڕۆیشت گوتیان: ئەو پیاوە هەموو شەو بە شەونوێژ زیندودەکاتەوە، (أبو حەنیفە) گوێی لە قسەکانی خەڵکەکە بوو، گوتی وەڵا شەرم دەکەم خەڵك وەسفم بکات بە شتێك و منیش ئەنجامی نەدەم، لە پاش ئەمە (أبو حەنیفە) هەموو شەوی بە شەونوێژ زیندودەکردەوە[2].

إبن المنذر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خۆش و لەزەت لە دونیادا نەماوە تەنیا لە سێ شتدا ماوە: لە شەونوێژدا، لە دیتن و شادبوون بە برایانی ئیماندار، نوێژکردن بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا[3].

هاوسەری حبیب العجمی (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، شەوێ بانگی هاوسەرەکەی دەکرد و لە خەو هەڵی دەستاند و دەیگوت: هەستە (حبیب) شەو ڕۆیشت (زیندومان نەکردەوە بە شەونوێژ و یادی خوا) لە پێشمانە ڕێگایەکی دوورودرێژ، تۆێشوی دواڕۆژمان کەمە، کاروانی چاکەکاران بەڕێکەوتن پێش ئێمە، بەڵام ئێمە لەم کاروانە بەجێماوین، هەستە با ئێمەش بەڕێبکەوین لەگەڵ ئەم کاروانە[4].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إذا اسْتَيْقَظَ الرَّجُلُ مِنَ اللَّيْلِ وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ فَصَلَّيَا

---

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٢/٢٥٣).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٢/٢٥٣).
(٣) هەمان سەرچاوە (٢/٢٥٨)
(٤) صحيح وصايا الرسول، لِسعد يوسف (١/٤٤٣).

رَكْعَتَيْنِ كُتِبَا مِنَ الذَّاكِرِينَ اللهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ)[1].

واتا: هەر پیاوێکی موسڵمان لە خەو هەستێت لە کاتێك لە کاتەکانی شەودا، خێزانەکەی هەستێنێت، هەریەکەو دوو ڕکعات شەونوێژ بکەن بە کۆمەڵ یان هەرکەسە و بە تەنیا ئەوە خوا لەو کەسانەیان دەنوسێت کە زۆر یادی خوای پەروەردگاریان کردووە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ما مِنَ امْرِئٍ تَكُونُ لَهُ صَلاةٌ بِلَيْلٍ، يَغْلِبُهُ عَلَيْهَا نَوْمٌ، إلا كُتِبَ لَهُ أَجْرُ صَلاتِهِ، وَكَانَ نَوْمُهُ عَلَيْهِ صَدَقَةً) [2].

واتا: هەر موسڵمانێك شەوانە شەونوێژی دەکرد بە بەردەوامی، بەشەونوێژ کردن پابەند بوو، ئەگەر شەوێك خەو بەسەریدا زاڵ بوو بە خەبەر نەهات، ئەوا خوا خێر و پاداشتی شەونوێژی بۆ دەنوسێ وەکو ئەو شەوانەی هەڵدەستاوە بۆ شەونوێژ، نوستنەکەشی دیاری و بەخشینە لەلایەن خواوە بۆی.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە بەم وتەیە دێنم:

إبن الحاج (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: شەونوێژ سودی زۆرە:

گوناحەکان دەوەرێنی چۆن گەڵا لە دار دەوەرێ، گۆڕ ڕووناك دەکاتن، دەم و چاو ڕۆشەن دەکات، تەمبەڵی و بێتاقەتی لادەبات، جەستە و لاشە چالاك دەکات، فریشتەکان شوێنی شەونوێژ ئەنجامدەران دەبینن[3]..

---

(١) رواه أبو داود (١٤٥١) وإبن ماجة (١٣٣٥).

(٢) رواه أبو داود (١٣١٤) والنسائي (١٧٨٤).

(٣) فيض القدير، لِمحمد عبدلرؤوف المناوي (٤٦٣/٤).

سەردانی نەخۆش
(عيادة المريض)

سەردانی نەخۆش: واتا سەردانیکردنی کەسێك کە توشی دەردێك یا نەخۆشییەك یان بێهێزێك بووبێت، لەبارودۆخی تەندروستی بپرسیت.

دەربارەی سەردانی نەخۆش: زانایان ڕای جیاوازیان هەیە بەڵام ڕاوبۆچونی پەسندی زانایان ئەوەیە: سوننەتە.

نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: زانایان کۆدەنگن کە پێویست (واجب) نیە[1].

سەردانی نەخۆش دروستە و ڕێپێدراوە: پیاو بێ یان ئافرەت یان منداڵ بێ موسڵمان بێ یان کافر بێ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (وُعُودُوا المَرِيضَ)[2].

واتا: سەردانی نەخۆش بکەن، پێغەمبەر (ﷺ) بە گشتی و بە ڕەها فەرمویەتی سەردانی نەخۆش بکەن، مانای وایە دروستە سەردانی هەموو نەخۆشێك بکرێت، پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی نەخۆشی پیاو و ئافرەت و منداڵ و موسڵمان و جولەکە و هاوبەشدانەر و کافری کردوە[3].

---

(١) فتح الباري شرح صحيح البخاري، لإبن حجر العسقلاني (١١٧/١٠).
(٢) رواه البخاري (٥٦٤٩) وأبو داود (٣١٠٥).
(٣) نضرة النعيم، لِمجموعة من العُلماء (٣٠٥٧/٧).

سەردانی پیاوان بۆ لای ئافرەتانی نەخۆش دروستە، سەردانی ئافرەتانیش بۆ لای پیاوان دروستە، بە دوو مەرج:

یەکەم: خۆی داپۆشی بێت.

دووەم: مەترسی فیتنە و ئاژاوەی لێ نەکەوێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی ئافرەتی نەخۆشی کردوە، هەروەك (أم العلاء) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (عَادَنِي رَسُولَ اللهِ (ﷺ) وَ أَنَا مَرِيضَةَ)[1]. واتا (دایکی العلاء) دەڵێ نەخۆش کەوتم پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی کردم. هەروەها دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) سەردانی (بیلالی حەبەشی) (ڕەزای خوای لێ بێت) کردوە لەو کاتەی نەخۆش بوو، هەروەك بوخاری لە فەرمودەی ژمارە (٥٦٥٤) گێڕاویەتیەوە، (دایکی دەرداء) ڕەزای خوای لێ بێت: سەردانی پیاوێکی ئەنساری کرد لە مزگەوت بوو[2] هەروەها ئافرەتان لە کاتی جەنگدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوون، (رُبَيِّع كچی مُعَوْذ) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچوین بۆ جەنگ، ئاومان دەدایە جەنگاوەران و خزمەتمان دەکردن و بریندارەکانمان تیمارەدەکردن و کوژراوەکانمان دەگواستنەوە بۆ شوێنی ناشتن و بەخاك سپاردنیان[3].

نەخۆشی بە هەموو جۆرەکانیەوە تاقیکردنەوەی خوایە بۆ بەندەکانی، پێویستە ئارام بگرین و داوای شیفا لە خوا بکەین، چونکە شیفای هەموو نەخۆشیەك لەلای ئەوە، لە قورئاندا هاتووە: ﴿ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴾[4].

پێغەمبەر (ﷺ) ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ: کاتێك کە نەخۆش دەکەوم هەر خوا چارەسەرم دەکات و شیفام بۆ دەنێرێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلامِ، وعِيَادَةُ

(١) رواه أبو داود (٣٠٩٢) والطبراني (٣٤٠).
(٢) فتح الباري شرح صحيح البخاري، لإبن حجر العسقلاني (١٠/٤٥).
(٣) رواه البخاري (٢٨٨٢/٢٨٨٣/٥٦٧٩).
(٤) سورة الشُعراء، آية (٨٠).

المَرِيضِ، واتِّبَاعُ الجَنَائِزِ، وإجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وتَشْمِيتُ العَاطِسِ)[1].

واتا: مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان پێنج شتن:

١-وەڵامدانەوەی سڵاو.

٢-سەردانی نەخۆش.

٣-شوێن کەوتنی تەرمی مردوو هەتا بەخاکسپاردنی.

٤-وەڵامدانەوەی چوون بۆ میوانداری و زیافەت ئەگەر بانگهێشت کرای، شتی بێ شەرعی لێ نەدەکرا.

٥-دوعا بۆ ئەوەی دەپژمێ و دەڵێ (الحمدُ لله)، تۆش بڵێ (يرحمك الله).

پێغەمبەر ﷺ (ما مِن مُسلِمٍ يعودُ مُسلِمًا غدوةً ، إلاصلَّى عليهِ سَبعونَ ألفَ مَلَكٍ حتَّى يُمْسِيَ ، وإن عادَهُ عَشيَّةً ، إلاصلَّى عليهِ سَبعونَ ألفَ مَلَكٍ حتَّى يُصْبِحَ ، وكان لهُ خَريفٌ في الجَنَّةِ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك سەردانی نەخۆشێك بكات لە بەیانیدا، ئەوە حەفتا هەزار فریشتە داوای لێخۆشبونی بۆ دەكەن هەتا ئێوارە دادێت، ئەگەر سەردانی نەخۆشێك بكات لەئێوارەدا ئەوە حەفتا هەزار فریشتە داوای لێخۆشبونی بۆ دەكەن هەتا بەیانی دادێت، لە پاداشتدا باغێكی لە جۆرەها میوەی پێ دەدرێت لە بەهەشتدا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ما مِن عبْدٍ مُسلمٍ يعودُ مريضًا لم يحضُرْ أجَلُه، فيقول سبْعَ مرَّاتٍ: أسألُ اللهَ العظيمَ ربَّ العرشِ العظيمِ أنْ يشفِيَك، إلاعُوفِيَ)[3].

---

(١) رواه البخاري (١٢٤٠) ومسلم (٢١٦٢).

(٢) رواه الترمذي (٩٦٩) وأحمد (٩٥٥) وأبو داود (٣٠٩٨).

(٣) رواه أبو داود (٣١٠٦) والترمذي (٢٠٨٣) وأحمد (٢١٣٧).

واتا: هـەر بەندەیـەکی موسـڵمان سـەردانی نەخۆشـێك بکـات، نەخۆشـییەکەی نەخۆشی مردن نەبێت، ئەم دوعایە حەوت جار بۆ نەخۆشەکە بکات (داوای لـە خـوای گەورە دەکەم، خوای خاوەن عەرشی مەزن کە شیفات بدات، ئەوە خوای گەورە شیفای دەدات، ئەگەر مەرجەکانی گیرابوونی دوعای تێدابێت.

عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) چوویا بـۆ سـەردانی نەخۆشێك، یان ئەگەر نەخۆشێکیان هێنابا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ئەم دوعایەی بۆ دەکرد (أَذْهِبِ البَاسَ رَبَّ النَّاسِ، اشْفِ وأَنْتَ الشَّافِي، لا شِفَاءَ إلاشِفَاؤُكَ، شِفَاءً لا يُغَادِرُ سَقَمًا)[1].

واتا: ئەی پەروەردگاری خەڵك ئەم نەخۆشیە و ناڕەحەتیـە لەسـەر ئـەم نەخۆشـە لابببە، خودایە شیفای بدە، هەر تۆ شیفادەری ئەی پـەروەردگار تـەنها شـیفا لـەلای تۆیە و بە دەست تۆیە، شیفایەکی وا هیچ نەخۆشیەك نەهێڵی.

لەم دوو فەرمودەیەی ڕابردوو، ئەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە لـە کـاتی چـوون بـۆ سەردانی نەخۆش دوعای شیفای بۆ بکـەین، بەتایبـەتی ئـەو دوعایانـەی پێغەمبـەر (ﷺ) کردوونی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (فـإنّ مَـرَضَ الْمُسْـلِمِ يَـذهَبُ اللهُ بـهِ خَطَايـاهُ، كَمَـا تُذْهِبُ النّارُ خَبَثَ الذّهَبِ و الفِضّةِ)[2].

واتا: بێگومان نەخۆشکەوتنی موسڵمان دەبێتە هۆی خوا لە گوناهەکانی خۆشبێ و پاکی بکاتەوە، هەروەك چۆن ژەنگ و پیسی زێڕ و زیـو بـە ئـاگر پـاك دەبێتـەوە، ئاواش موسڵمان بە نەخۆشی لە گوناح پاك دەبێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِذَا ابْتَلَى اللهُ الْعَبْدَ الْمُسْلِمَ بِبَلاءٍ فِي جَسَدِهِ قَـالَ

(١) رواه البخاري (٥٦٧٥) والترمذي (٩٧٣) وأبو داود (٣٨٩٠).
(٢) رواه أبو داود (٣٠٩٢) والطبراني (٣٤٠).

اللهُ لِلْمَلَكِ : اكْتُبْ لَهُ صَالِحَ عَمَلِهِ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُ، فَإِنْ شَفَاهُ غَسَّلَهُ وَطَهَّرَهُ، وَإِنْ قَبَضَهُ غَفَرَ لَهُ وَرَحِمَهُ)[1].

واتا: ئەگەر خوای پەروەردگار بەندە موسڵمانەکەی تاقیکردەوە بە نەخۆشیەك لە جەستەیدا، نەخۆشەکەش ئارامی گرت لەسەر نەخۆشیەکە، ئەوە خوا بەو فریشتەی کردەوە باشەکان دەنوسێ دەفەرموێت، لە کاتی لەش ساغیدا چ کردەوەیەکی چاکی دەکرد ئەو کردەوانەی بۆ بنوسە، ئەگەر شیفای بۆ هات و چاکبویەوە ئەوە خوا پاکی کردۆتەوە لە گوناحەکان، ئەگەر خوا گیانی کێشا لێی خۆش دەبێ و ڕەحم و بەزەیی پێ دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: خوا دەفەرموێ لە ڕۆژی قیامەتدا: ئەی ئادەمیزاد من نەخۆش بووم بۆ نەهاتییە سەردانم، ئادەمیزاد دەڵێ: ئەی خوای پەروەردگار تۆ چۆن نەخۆش دەبیت تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیانی، تۆ نەخۆش ناکەویت و پێویستت بە سەردانکردن نیە، خوا دەفەرموێ: ئەی نەتزانی فلانە بەندەم نەخۆش بوو، سەردانت نەکرد، ئەگەر تۆ سەردانت بکردایە ئەوە من لەلای ئەو بووم[2].

ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە کە نەخۆش زۆر لە خوا نزیکە و ڕێزدارە، بۆیە زانایان دەڵێن: بەڕاستی نەخۆش شایەنە وەڵامی دوعایەکانی بدرێتەوە لەلایەن خواوە.

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕازی خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتم: ئەگەر چووی بۆ سەردانی نەخۆش، ئەوە داوای لێ بکە دوعات بۆ بکات، چونکە دوعای نەخۆش نزیکە لە گیرابوون وەکو دوعای فریشتەکان[3].

(كانَ غُلامٌ يَهُودِيٌّ يَخْدُمُ النبيَّ (ﷺ)، فَمَرِضَ، فأتَاهُ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَعُودُهُ، فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ، فَقالَ له: أسْلِمْ، فَنَظَرَ إلى أبِيهِ وهو عِنْدَهُ فَقالَ له:

---

(١) رواه أحمد (١٢٥٣) والبخاري في الأدب المفرد (٥٠١).

(٢) رواه مسلم (٢٥٦٩).

(٣) رواه إبن ماجة (٢٧١) حديث ضعيف.

أطِعْ أبَا القَاسِمِ (ﷺ)، فأسْلَمَ، فَخَرَجَ النبيُّ (ﷺ) وهو يقولُ: الحَمْدُ لِلَّهِ الذي أنْقَذَهُ مِنَ النَّارِ)[1].

واتا: کوڕێکی هەرزەکاری جولەکە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد (ﷺ)، ئەم هەرزەکارە نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی و لەلای سەری دانیشت، داوای لە هەرزەکارەکە کرد موسڵمان بێت، هەرزەکارەکەش تەماشای باوکی کرد کە لەلای بوو، وەکو ئەوەی لە ترسی باوکی ناوێرێت موسڵمان بێت، ئینجا باوکی پێی گوت، گوێڕایەڵی (أبا القاسم) بکە، (أبا القاسم) نازناوی پێغەمبەرە (ﷺ)، ئینجا هەرزەکارەکە موسڵمان بوو، ئینجا کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوە فەرموی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕزگاری کرد لە ئاگری دۆزەخ.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (أيُّما رجلٍ يعودُ مريضًا فإنَّما يخوضُ في الرَّحمةِ، فإذا قعَد عند المريضِ غمرَتْهُ الرَّحمةُ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك سەردانی نەخۆشێك بكات، ئەوە لە ناو ڕەحم و بەزەیی خوا دایە لەو كاتەی لە ماڵەوە دەرچووە بە مەبەستی سەردانی نەخۆش، ئەگەر لەلای نەخۆشەكە دانیشت، ئەوە لەناو ڕەحمەت و بەزەیی خوادا نقوم بووە و داپۆشراوە.

لە ئاینی ئیسلام روخسەت بە نەخۆش دراوە ئەگەر نەیتوانی بە پێوە نوێژ بكات ئەوە دەتوانی بە دانیشتنەوە یان لەسەر تەنیشت یان لەسەر پشت یا بەهەر شێوازێك بۆی كرا با بیكات دروستە، یان ئەگەر ئاو زیانی پێ دەگەیاند دەتوانی تەیەمموم بكات، دەتوانێ لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبێت، پاشان ڕۆژووەكان بگرێتەوە، هەروەها لە خواپەرستیەكانی تریشدا ئاسانكاری بۆ كراوە.

---

(١) رواه البخاري (١٣٥٦) وابن حبان في صحيحه (٢٩٦٠).

(٢) رواه أحمد (١٤٠٢٦٠) والبخاري في الأدب المفرد (٥٢٢).

ئادابەکانی سەردانی نەخۆش:

١-لە کاتێکی گونجاودا سەردانی نەخۆش بکەی.

٢-داوای ڕوخسەت بکەی بۆ چوونە لای نەخۆش، ئەگەر گوتیان نابێت سەردانی بکەی، نابێ دڵگران بی.

٣- نابێ هەموو ڕۆژێك سەردانی نەخۆش بکەی.

٤- زۆر لەلای نەخۆش دانەنیشیت و زۆر نەمێنیتەوە.

٥-زۆر پرسیاری دەربارەی نەخۆشییەکەی لێ نەکەی.

٦-وە قسەیەکی وا نەکەی نەخۆشەکە توشی ناڕەحەتی و خەم و دڵڕاوکێ بکەی، دەنگ بەرز نەکەی و پێکەنین و قسەی نابەجێ نەکەی.

٧-قسەی خۆش و مژدەی چاکبونەوە و ئومێدبەخش و وردەی بەرز بکەیەوە و دڵ وەدەروونی شاد بکەی.

٨-باسی ناڕامگرتن و ڕازیبون بە تاقیکردنەوەی خوا و پلە و پاداشت و ڕێزی نەخۆش لەلای خوا بۆی بکەی.

٩- دوعای شیفا و چاکبونەوەی بۆ بکەی.

١٠- داوا لە نەخۆش بکەی دوعات بۆ بکات، چونکە دوعای نەخۆش زۆر نزیکە لە گیرابوون لەلای خوا.

١١- داوای لێ بکەی خۆی چارەسەر بکات و بێ ئومێد نەبێت.

- زۆر جار نەخۆشی و بەلا و موسیبەت دەبێتە خێر و ڕەحمت بۆ کەسەکە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی دوورن لە خوا و بێئاگان لە دین و دوارۆژیان، بۆیە بەهۆی ئەم بەلا و نەخۆشیە تەوبە دەکات و دەگەڕێنەوە و دەبێتە موسڵمانێکی چاك و پاك.

هەروەك (ابن تەیمیە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (مُصِيبَةٌ تُقْبَلُ بِها عَلى اللهِ خَيرٌ لَكَ مِنْ نِعْمَةٍ تُنسيكَ ذِكر الله) [1].

واتا: بەڵا و موسیبەت و نەخۆشیەك ڕووت لە خوا بكات و لە خوا نزیكت بكاتەوە، زۆر باشتر و خێرترە لەناز و نیعمەتێك لەخوا دوورت بكاتەوە و یادی خوات لە بیرباتەوە.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدكُمُ المَوْتَ منَ ضُرٍ أصَابهُ، فإنْ كانَ لا بُدَّ فَاعِلاً فليَقُلْ: اللَّهُمَّ أحْيِنِي ما كانَتِ الحَياةُ خَيْرًا لِي، وتَوَفَّنِي إذا كانَتِ الوَفاةُ خَيْرًا لِي) [2].

واتا: با هیچ كەسێك تەمەننا و ئاواتی مردن نەكات بەهۆی توشبونی بە بەڵا و نەخۆشی و زیانێكەوە، ئەگەر زۆر ناچار و ناڕەحەت بوو، با بەم دوعایە داوا لە خوا بكات و بڵێ: ئەی خوایە ئەگەر ژیانم خێرتر و چاكترە بۆم خوایە بمژێنە، ئەگەر مردنم چاكترە و بەخێرترە بۆم بم مرێنە.

لە كۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

داوا لە خوا دەكەم شیفای نەخۆشەكان بدات، ئارامی و خۆڕاگریان پێ ببەخشی، پاداشتیان بداتەوە لە دونیا و قیامەت.

---

(١) تسلية أهل المصائب، لمحمد بن محمد المنبجي (٢٢٦).

(٢) رواه البخاري (٥٦٧١) ومسلم (٢٦٨٠).

پەیوەندی خزمایەتی
(صلة الرحم)

پەیوەندی خزمایەتی: واتا چاکەکردن لەگەڵ خزمان بەگوێرەی بارودۆخ و پێویستی خزمەکە، هەندێ جار بە مالّ و سامان و هەندێ جار بە خزمەتکردن و ئیش بۆ کردنی و هەندێ جار بە سەردانیکردنی، هەندێ جار بە سەلاّو لێکردن و ئەحوالّ پرسین، بە شتی تریش[1].

(قاضي عياض) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ناکۆکی نیە لە نێو زانایان کە پەیوەندی خزمایەتی پێویستە (واجبە) بەشێوەیەکی گشتی، پچڕاندنی خزمایەتی گوناهێکی گەورەیە[2].

(عمر كوڕی دینار) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بزانن هیچ هەنگاو هاویشتنێك لە دوای هەنگاو هاویشتن بۆ ئەنجامدانی فەرزەکان پاداشتی و خێری گەورەتر نیە وەکو هەنگاوهاویشتنێك بۆ ڕۆیشتن بۆ سەردانی خزمان[3].

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[4].

---

(١) شرح صحيح مسلم، للنووي (٢٠١/٢).
(٢) **هەمان سەرچاوە** (٣٢٩/٦).
(٣) مكارم الأخلاق، لإبن أبي الدُنيا (٦٢).
(٤) سورة النساء، آية (١).

واتا: لەو خوایە بترسن کە بە ناوی ئەوەوە داوا لە یەکتری دەکەن، (وەك دەڵێن: لەبەر خاتری خوا ئەم کارەم بۆ بکە)، هەروەها پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن (پتەوی بکەن) بێگومان خوا هەمیشە و بەردەوام چاودێرە بەسەرتانەوە (دەزانێ کێ ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، کێ جێبەجێ ی ناکات).

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآئِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ﴾[1].

واتا: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکردن و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناح و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر مالّ و نەفس و ناموس).

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەم ئایەتە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ... ﴾ خوای پەروەردگار هەموو خێر و چاکەیەکی کۆکردۆتەوە، هەموو خراپە و گوناحێکی تێدا کۆکردۆتەوە[2].

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴾[3].

واتا: مافی خزم و خوێشان بەجێ بهێنە و چاکەیان لەگەڵ بکە لە چوارچێوەی شەرعدا، هەروەها مافی هەژارانیش ئەنجامبدە، هەروەها مافی ڕێبوارانیش جێبەجێ بکە، زیادەڕۆ مەبەو مالّ و سامانت بەفیڕۆ مەدە.

---

(١) سورة النحل، آية (٩٠).
(٢) حلية الأولياء، لأبو نعيم الأصبهاني (١٢٥/٢).
(٣) سورة الإسراء، آية (٢٦).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (ومَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)[1].

واتا: هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە با چاکە لەگەڵ خزمان بکات و پەیوەندی لەگەڵیان پتەو بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ أَوْ يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)[2].

واتا: هەر کەسێك پێی خۆشە خوا ڕزق و ڕۆزی بۆ فراوان بکات، یان پێی خۆشە خوا تەمەنی درێژ بکات و بەرەکەت بخاتە تەمەنی، با چاکە لەگەڵ خزمانی بکات و پەیوەندی باشی لەگەڵیان دا هەبێت.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: چاکە کردن و پەیوەندی لەگەڵ خزمان دەبێتە هۆی خوا بەرەکەت بخاتە ڕزق و ڕۆزی و تەمەنت لە دونیادا، لە دوای مردنیش خەڵك بە چاکە باست بکات، لە قیامەتیشدا خوا پاداشتت بداتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) بە (عەلی کوڕی ئەبی تالێب) ڕەزای خوای لێ بێت فەرموو: (أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَكْرَمِ أَخْلاقِ الدُّنيا والآخرةِ: أَنْ تَصِلَ مَنْ قَطَعَكَ، وتُعْطِيَ مَنْ حَرَمَكَ، وأَنْ تَعْفُوا عَمَّنْ ظَلَمَكَ)[3].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئەی عەلی ئایا بەڕێزترین ڕەوشتی دونیا و دوارۆژت پێ ڕابگەێنم: پەیوەندی خزمایەتی بگەینە لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ تۆدا پچڕاندوە، ببەخشە بەو کەسەی کە بەتۆی نەبەخشیوە، لێبوردە و چاوپۆشی لەو کەسە بکە کە ستەمیان لێ کردوی.

---

(١) رواه البخاري (٦١٣٨).

(٢) رواه البخاري (٢٠٦٧) ومسلم (٢٥٥٧) بأختلاف يسير.

(٣) رواه الطبراني (الترغيب والترهيب) (٣٦٠٨).

ئەو سێ ڕەوشتەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردن، هەر موسڵمانێك جێبەجێیان بکات، ئەوە نیشانەی ئیمانداری و ڕەوشت بەرزیە، چونکە ئەم ڕەوشتە و هەڵوێستانە بە هەموو کەسێك ناکرێت، تەنها بەو کەسە دەکرێت کە بەڕاستی ئیماندار و لە خواترس بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَفْشُوا السَّلاَمَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلاَمٍ)[1].

واتا: ئەی خەڵکینە! زۆر سڵاو بکەن لە ئەوەی دەیناسن و لە ئەوەی ناینناسن، خواردن بدەن بە هەژار و نەدار و هەتیوان، پەیوەندی خزمایەتی بگەێنن و جێبەجێ بکەن، نوێژی سوننەت بکەن لە شەودا لەو کاتەی خەڵکی نوستون، دەچنە بەهەشت بە ئاشتی و ئاسودەیی.

مانای ئەم فەرمودەیە ئەوەیە هەر موسڵمانێك ئەم سیفەتە و ڕەوشتانەی هەبێت، ئەوە پاداشتەکەی بەهەشتە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَفْضَلُ الصَّدَقَةِ عَلَى ذِي الرَّحِمِ الْكَاشِحِ)[2].

واتا: چاکترین خێر و بەخشین ئەوەیە لەگەڵ خزمێکدا بیکەیت کە ئەو خزمە دژایەتیت دەکات و قین لە دڵە لەگەڵت، ئەم دژایەتییە دەشارێتەوە و دەرینابرێت لەگەڵتدا.

کەواتە پێویستە چاکە لەگەڵ خزماندا بکەین، ئەگەر ئەو خزمەش چاکەمان لەگەڵ نەکات و لە دڵدا دژایەتیمان بکات، چونکە مافی خزمایەتی زۆر گەورەیە و نابێ بپچڕێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ، وَلَكِنَّ الْوَاصِلَ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا)[3].

---

(١) رواه إبن ماجة (١٣٣٤) والترمذي (٢٤٨٥).

(٢) رواه أحمد (١٥٣٢٠) وقال الألباني (حديث صحيح).

(٣) رواه البخاري (٥٩٩١) وأبو داود (١٦٩٧) والترمذي (١٩٠٨).

واتا: پەیوەندی و چاکە لەگەڵ خزمان ئەوە نیە چاکە لەگەڵ ئەو خزمانە بکەی کە چاکەت لەگەڵدا دەکات و پەیوەندیت لەگەڵیدا هەیە، بەڵکو چاکە و پەیوەندی لەگەڵ خزمان ئەوەیە ئەگەر ئەو پەیوەندییە و چاکەی لەگەڵ پچڕاندی ئەوە تۆ پەیوەندی و چاکەی لەگەڵ مەپچڕێنە، بەڵکو تۆ لە ئەوان چاکتر بە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللهُ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا مَعَ مَا يَدّخِرُ لَهُ فِي الآخرة منَ البَغي وقَطيعَة الرَّحِمِ)[1].

واتا: هیچ گوناهێك شایەنتر نییە کە خوا سزایەکەی پەلەی لێ بکات بۆ خاوەنی گوناحەکە بۆ ئەوەی هەر لە دونیادا سزای بدات، لەگەڵ ئەوەی سزایەکی گەورەی بۆ هەڵگرتووە لە دوارۆژدا بۆ ئەم گوناحە سزای بدات، ئەم گوناحەش: ستەم کردن و پچڕاندنی خزمایەتی.

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو کەسانەی ستەم دەکەن و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن، خوا لە دونیادا سزایان دەدات، سزای دونیاش سزای دوارۆژیان لەسەر هەڵناگیرێت، بەڵکو لە دوارۆژیشدا سزایەکی گەورەیان دەدات خوای مەزن، بۆیە پێویستە هەموومان خۆمان بپارێزین لە ستەم کردن و پچڕاندنی خزمایەتی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ أَعْمَالَ بَنِي آدَمَ تُعْرَضُ عَلى اللهِ كُلَّ خَمِيسٍ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ فَلا يُقْبَلُ عَمَلُ قَاطِعِ رَحِمٍ) [2].

واتا: بێگومان کردەوەکانی هەموو ئادەمیزادەکان نیشانی خوای پەروەردگار دەدرێن هەموو ئێوارەیەکی پێنج شەم و شەوی هەینی، هەر موسڵمانێك پەیوەندی پچڕاندبێ لەگەڵ کەس و کار و خزمە نزیکەکانی، ئەوە کردەوەکانی لێ وەرناگیرێت و قەبوڵ ناکرێت.

---

(١) رواه أبو داود (٤٩٠٢) والترمذي (٢٥١١) وابن ماجة (٤٢١١).
(٢) رواه أحمد في مسند (٤٨٤/٢) وحسنهُ الالباني.

(أَنَّ رَجُلا قالَ: يا رَسُولَ اللهِ، إنَّ لي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي، وَأُحْسِنُ إلَيهِم وَيُسِيؤُونَ إلَيَّ، وَأَحْلُمُ عنْهمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ، فَقالَ: لَئِنْ كُنْتَ كما قُلْتَ، فَكَأَنَّما تُسِفُّهُمُ المَلَّ وَلا يَزَالُ معكَ مِنَ اللهِ ظَهِيرٌ عليهم ما دُمْتَ علَى ذلكَ) [1].

واتا: پیاوێك بە پێغەمبەری گوت (ﷺ): ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): من خزمم هەن سەردانیان دەکەم بەلآم ئەوان سەردانم ناکەن، چاکەیان لەگەڵ دەکەم بەلآم ئەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن، لێیان دەبورم و چاوپۆشیان لێ دەکەم بەلآم ئەوان جوێن و سوکایەتیم پێ دەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر قسەکانت ئاوا بێ وەك دەیڵێی، ئەو ڕەوشتە و سیفەتە جوانانەت هەبێ، وەکو ئەوە وایە خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد بدەی، بەردەوام خوا پشتیوان و یارمەتیدەرتە و دەتپارێزێ لە ئازار و خراپەی خزمەکانت، هەتا تۆ بەردەوام بیت لەسەر چاکەکانت لەگەڵ خزمەکانت.

پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی لە گوناحە گەورەکانە، هەروەك (الذهبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (الكبائر) بە ژمارە (٩) لەلاپەڕە (٥٧) باسی کردووە، هەروەها (إبن حجر الهيتمي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (الزواجر عن اقتراف الكبائر) بە ژمارە (٣٠٣) لە بەرگی (٢) لە لاپەڕە (١٣٦) باسی کردووە.

پیاوێك گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵم بدێ چ کردەوەیەك ئەنجام بدەم پێی دەچمە بەهەشت و دوورم دەخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تَعْبُدُ اللهَ ولا تُشْرِكُ به شيئًا، وتُقِيمُ الصَّلاةَ، وتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وتَصِلُ الرَّحِمَ)[2].

واتا: خوای پەروەردگار بپەرستە ، هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار مەدە، نوێژە فەرزەکان بە چاکی و بە جوانی ئەنجام بدە، لە مالّ و سامانت زەکات ببەخشە هەژار و نەداران چۆن خوا دیاریکردووە، پەیوەندی خزمایەتی جێبەجێ بکە و چاکەیان لەگەڵ بکە ئەوەی لە تواناتدایە.

---

(١) رواه مسلم (٢٥٥٨) وإبن حبان في صحيحه (٤٥١).

(٢) رواه البخاري (١٣٩٦) ومسلم (١٣) والنسائي (٤٦٧).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (تَعَلَّموا من أنسابِكم ما تَصِلُونَ به أرحامَكم" فإن صلةَ الرحِمِ مَحَبَّةٌ في الأهلِ، مَثْرَاةٌ في المالِ، مَنْسَأَةٌ في الأَثَرِ)[1].

واتا: خۆتان شارەزا بکەن لە ڕەگەزناسی بنەماڵەکەتان، لە زانینی ناوی باب و باپیر و کەس و کارتان، بۆ ئەوەی خزم کەسوکارتان بناسن و پەیوەندی خزمایەتیتان لەگەڵدا هەبن و لە یەکتر دانەبڕێن، چونکە پەیوەندی خزمایەتی و چاکە لەگەڵ خزم وکەس و کاردا هۆکارە بۆ خۆشەویستی لەناو خزم و کەس و کاردا، هۆکارە بۆ بەرەکەت و زۆر بوونی ماڵ و سامان، هۆکارە بۆ درێژبوونی تەمەن و دواخستنی مەرگ و مردن.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ الرَّحْمَةَ لا تَنْزِلُ عَلَى قَوْمٍ فِيهِمْ قَاطِعُ رَحِمٍ)[2].

واتا: بێگومان ڕەحمەت و بەزەیی خوا دانابەزێتە سەر گەل و هۆزێك کە لەناویاندا پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنن، واتا پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی دەبێتە هۆی پچڕاندنی ڕەحمەت و بەزەیی خوا.

کۆتایی ئەم ڕەوشتە بەم وتەیە دێنم:

میمونی کوڕی مهران (ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: سێ شت وەکویەك بۆ موسڵمان وکافر دەبێ جێ بەجێ بکرێت: **یەکەم:** بەڵێنو پەیمان، **دووەم:** پەیوەندی خزمایەتی، **سێیەم:** سپاردەپارێزی (ئەمانەت).

---

(١) رواه الترمذي (١٩٧٩) وأحمد (٨٨٥٥).

(٢) رواه البخاري في الأدب المفرد (٦٣) والبيهقي (٧٥٩٠).

ئومێد - هیوا-ئاوات
(الرجاء)

ئومێد: واتا ڕوانین و وردبوونەوە لە فراوانی ڕەحمەت و سۆز و میهرەبانی خوای پەروەردگار[1].

زانایان یەکدەنگن: ئومێد بوون بە ڕەحمەتی خوا نادروستە ئەگەر کردەوەی چاکی لەگەڵ نەبێت، ئەگەر کەسێك کردەوەی چاك ئەنجام نەدات و زیادەڕەوی بکات لە گوناح کردن، پشت ببەستێ بە ڕەحمەتی خوا و بڵێ گومانی باشم هەیە بە خوا، ئەوە ئومێد بوون نیە، بەڵکو ئەوە نەفامی و گەمژەی و لەخۆبایی بوونە، چونکە دەبێ بزانین ڕەحمەتی خوا لە باوەڕداران و چاکەکاران نزیکە، هەروەکو خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾[2].

واتا: بەڕاستی ڕەحمەت و بەزەیی خوا لە چاکەکارانەوە نزیکە.

یحیی کوڕی معاز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەلای من گەورەترین لەخۆ بایبوون ئەوەیە: لە ناو گوناح و تاوانـدا ڕووچوبیت و بە ئومێدی ڕەحمەت و لێبووردنی خوا بیت بەبێ تەوبە و پەشیمانی، بە تەمای نزیکبوون بی لە خوا بەبێ ئەنجامدانی خواپەرستی، چاوەڕوانی پاداشت و خەلاّت بیت بەبێ کردەوەی باش، بە تەمای خۆشیەکانی بەهەشت بیت به کردنی کردەوەی دۆزەخییەکان[3].

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَمَن كَانَ

(١) مدارج السالكين، لإبن القيم الجوزية (٢/٤٣٤).
(٢) سورة الأعراف، آية (٥٦).
(٣) إحياء علوم الدين ،للغزالي (٥/٢٨٠).

﴿يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾[1].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو بێباوەڕانە بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت، بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، جائەوەی دەیەوێ و ئومێدی هەیە بە دیداری پەروەردگاری شاد بێت لە دواڕۆژدا، با کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات، لە پەرستنی خوای پەروەردگاردا هیچ کەسێك نەکاتە شەریك‌و هاوبەش بۆ خوا (ڕییایی و ڕووپامایی نەکات).

خوا دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾[2].

واتا: بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چاکترین نمونەی تەواو و ڕێك و پێکی بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئومێد و ئاواتیانە، بەردەوام یادی خوا ئەنجام دەدەن، وەزمانیان پاراوە بە یادی خوا.

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ ۝٧ أُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾[3].

واتا: بێگومان ئەوانەی ئومێد و باوەڕیان بە دیداری ئێمە نیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ڕازی بوون بە ژیانی دونیا و دڵنیابوون پێی و دڵیان پێی خۆشبوو، ئەوانەش کە لە نیشانە و ئایەتەکانی ئێمە بێ ئاگان (سەرنجی نادەن و بیری لێناکەنەوە) ئەوانە شوێن و جێگەیان ئاگری دۆزەخە، بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەی لە دونیادا دەیانکرد.

---

(١) سورة الكهف، آية (١١٠)

(٢) سورة الأحزاب، آية (٢١).

(٣) سورة يونس، آية (٧-٨).

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (١).

واتا: بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی کۆچ و جیهاد و تێکۆشانیان کردووە لە پێناو ڕێبازی خوادا، ئەوانە بە هیوا و ئومێدو ڕەحمەت و میهرەبانی خوای پەروەردگارن، بەڕاستی خواش زۆر لێخۆش بوو و دلۆڤانە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴾(٢).

واتا: بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا، (قورئان) دەخوێننەوە و نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجامداوە لەو ڕزق و ڕۆزییە و سامانە جۆراوجۆرانەی پێمان داون بەخشیویانە بە نهێنی و بە ئاشکرا، بەئومێدی بازرگانیەك ئەو کارە دەکەن کە هەرگیز نائومێد و زەرەرمەند نابن.

لە فەرمودەیەکی قودسیدا خوا دەفەرموێ: (يا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِيْ وَرَجَوتَنِيْ غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِيْ) (٣).

واتا: خوا دەفەرموێ: ئەی نەوەی ئادەم (ئەی موسڵمان) ئەگەر تۆ داوای لێخۆشبوون لە هەڵە و گوناحەکانت لەمن دەکەی، ئومێدت هەیە بە لێخۆشبوون و لێبوردەیی من، ئەوە من لێت خۆش دەبم و چاوپۆشی لە هەڵە و گوناهەکانت دەکەم، هەرچەندە گوناح و هەڵەکانت گەورە و زۆر بن، لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبم.

لەم فەرموودە قودسییەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: هەر موسڵمانێك بەڕاستی و بە دڵسۆزی تۆبە بکات و داوای لێخۆشبوون لەخۆ بکات، ئومێد و گومانی باشی بەخوا هەبێت کە خوا لێی خۆش دەبێت و لێی دەبوورێت، ئەوا خوا لێی خۆش دەبێت

(١) سورة البقرة، آية (٢١٨).
(٢) سورة فاطر، آية (٢٩).
(٣) رواه الترمذي (٣٥٤٠) وأحمد (٢٠٨٦).

هەر چەندە گوناحەکانی گەورە و زۆر بێت، چونکە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا زۆر گەورەتر و فراوانترە لە گوناحەکانی بەندەکان.

(أنس کوڕی مالك) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی گەنجێك لەو کاتەی گەنجەکە لە سەرمەرگدا بوو، پێی فەرموو: **(كيفَ تجدُكَ قالَ واللَّهِ يا رسولَ اللَّهِ إنِّي أرجو اللهَ وإنِّي أخافُ ذنوبي فقالَ رسولُ (ﷺ) لا يجتَمِعانِ في قلبِ عبدٍ في مثلِ هذا الموطِنِ إلاأعطاهُ اللَّهُ ما يرجو وآمنَهُ ممَّا يخافُ)**[1]

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) بە گەنجەکەی گوت: (دڵ و دەروونت چۆنە لەو کاتەدا گەنجەکە گوتی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئومێدم بە ڕەحمەتی خوا و لێبوردنیەتی، دەترسم لەو گوناح و هەڵانەی کە ئەنجامم داون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئومێد و ترس پێکەوە کۆنابنەوە لە دڵی هیچ بەندەیەکی موسڵمان لە کاتی سەرەمەرگدا، ئەوە بێگومان خوا بە بەندەیەکی دەبەخشێ ئەوەی ئومێدیەتی لە ڕەحم و لێبوردنی خوا، ئەمین و بێ ترسی دەکات لەوەی لێی دەترسێ لە قیامەتدا.

(جابر کوڕی عبدالله) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) سێ ڕۆژ پێش وەفاتکردنی فەرمووی: **(لا يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إلاوَهو يُحْسِنُ الظَّنَّ باللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ)**[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لە هەموو ژیانتان گومانی باشتان بەخوا هەبێت، بەتایبت لە کاتی سەرەمەرگ و مردندا زۆر گومانی باشتان بەخوای پەروەردگار هەبێت.

لە فەرمودەیەکی قودسیدا خوا دەفەرموێ: **(أنَا عند ظنِّ عبدِي بي، إنْ ظنَّ خيرًا فلهُ، وإنْ ظنَّ شرًّا فلهُ)**[3].

---

(١) رواه الترمذي (٩٨٣) وابن ماجة (٤٢٦١).

(٢) رواه مسلم (٢٨٧٧).

(٣) رواه البخاري (٧٤٠٥) ومسلم (٢٦٧٥) والترمذي (٣٦٠٣) والنسائي (٧٧٣٠) وابن ماجة (٣٨٢٢) وابن حبان (٦٣٩).

واتا: خوا دەفەرموێ من بە گوێرەی ئومێد و گومانی بەندەکەم بەرامبەر بە من، ئەگەر گومانی وابوو کە من لێی خۆش دەبم و لێی دەبوورم، ئەوە لێی خۆش دەبم، ئەگەر گومانی خراپی هەبوو کە من لێی خۆشنابم و سزای دەدەم، ئەوە سزا وەردەگرێ بە هۆی گومانە خراپەکەی بە من.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ **(لو يعلَمُ المؤمنُ ما عندَ اللهِ مِنَ العقوبَةِ، ما طَمِعَ في الجنةِ أحدٌ، ولَوْ يَعْلَمُ الكافِرُ ما عندَ اللهِ مِنَ الرحمةِ ما قنطَ مِنَ الجنةِ أحدٌ)** [1].

واتا: ئەگەر باوەڕدار بزانێ چ سزایەك هەیە لەلایەن خوا لە ڕۆژی دواییدا، بۆ ئەوانەی گوناح و بێ فەرمانی خوا دەکەن، ئەوە کەس تەماع و وئومێدی بە ڕەحمەت و بەهەشتی خوا نابێت، ئەگەر بێباوەڕ بزانێ چ ڕەحم و سۆزێك هەیە لەلایەن خوا لە ڕۆژی دواییدا، ئەوە بێ ئومێد نابێت لە ڕەحم و میهرەبانی و بە هەشتی خوای پەروەردگار.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: **(إنَّ لِلَّهِ مِائَةَ رَحْمَةٍ فَمِنْها رَحْمَةٌ بِها يَتَراحَمُ الخَلْقُ بَيْنَهُمْ، وتِسْعةٌ، وَتسْعون لِيَوم القِيَامَةِ)** [2].

واتا: خوای پەروەردگار ڕەحم و میهرەبانی دروست کرد، ئەم ڕەحمەی کرد بە سەد بەش، (ئەم ڕەحمە ئەو ڕەحمە نیە کە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی زاتی خوا، چونکە ئەم ڕەحمە دروستکراو نیە، بەڵکو ئەم ڕەحمە ڕەحمەتێکە شایەنی گەورەیی خوایە) ئینجا ئەو سەد ڕەحمەی کە خوا دروستی کرد، یەك ڕەحمی دابەزاندە سەر زەوی، بەم ڕەحمە هەموو بونەوەر (لە مرۆڤ و جنۆکە و ئاژەڵ و درندە و باڵندە و مارومێر و میش و مەگەز) ڕەحم و سۆز و بەزەیی بە یەکتر دەکەن، نەوەد و نۆ ڕەحمەکەی تری هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی قیامەت، بۆ ئەوەی ڕەحم و بەزەیی بە بەندەکانی بکات.

---

(١) رواه الترمذي (٣٥٤٢) ومسلم (٢٧٥٥) واحمد (٨٤١٥).

(٢) رواه مسلم (٢٧٥٢) والبخاري (٦٠٠٠) والترمذي (٣٥٤١) وابن ماجة (٤٢٩٣) واحمد (٩٣٢٦) والدارمي (٢٧٨٥).

لەم دوو فەرمودەیەی ڕابردوو ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە:

مرۆڤ هەرچەندی هەڵە و گوناحی گەورە و زۆری هەبێ، هەرگیز نابێ بێ ئومێد بێت لەڕەحم و لێبوردەیی و لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار ئەگەر باوەڕدار و تۆبە بکات و ئومێد و گومانی باشی بەخوا هەبێت.

محمد الشوكاني (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (بە ئومێد ترین ئایەت لە قورئاندا ئەمەیە: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾[1].

واتا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە بەندەکانی من بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی ئەوانەی ستەم وزیادەڕۆیتان کردوە لە گوناح کردن، ئێوە لە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێد مەبن چونکە ئەگەر ئێوە بەڕاستی تۆبە بکەن، ئەوە خوا لە هەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت، بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو و لێبوردەیە و زۆر بە سۆز و میهرەبانیشە.

محمد الشوكاني (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەم ئایەتە چەند موژدەیەکی لەخۆ گرتووە:

خوا هەموو بەندەکان بە بەندەی خۆی دەزانی هەرچەندە گوناح و هەڵەیان زۆر بێ، بە بەندەکانی دەڵێت هەرگیز بێ ئومێد مەبن لە ڕەحم و میهرەبانی خوا، خوا لە هەموو گوناحەکان خۆش دەبێ هەرچەندە گەورە و زۆر بن، ئەگەر بەندەکان تۆبە بکەن و پەشیمان ببنەوە[2].

---

(١) سورة الزمر، آية (٥٣).

(٢) تفسير فتح القدير، لمحمد الشوكاني (٥٣٩/٤).

غزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئومێد بوون بە ڕەحمەتی خوا، ترسان لە تورەبوونی خوا، دوو باڵن چاکەکارانی لە خوا نزیك پێیێی دەفڕن بۆ هەموو پلە و پایەکی بەرز و بەڕێز[1].

سفيان الثوري (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (پێم خۆش نیە حساب و لێپرسینەوەم بدرێتە دەست دایك و باوکم، پێم خۆشە خوا حساب و لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات، چونکە خوا لە دایك و باوك بە ڕەحم و میهرەبانتره لەگەڵمدا[2].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

پێویستە هەموومان ئومێدی زۆرمان بە خوا هەبێت، هەرچەندی هەڵە و گوناحی زۆریشمان هەبێت، چونکە خوا بە خۆی لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات لە ڕۆژی دواییدا، بۆیە باخەمان نەبێت چونکە خوا زۆر بەخشندە و لێبوردەیە.

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٥/٢٧٧).
(٢) هەمان سەرچاوە (٥/٢٩٧).

خۆنەویستی-خۆنەپەرستی
(الإيثار)

خۆنەویستی: واتا پێشخستنی کەسانی تر بەسەر خۆتدا بۆ ئەوەی سود و قازانج بە ئەو بگات، ئەمەش ئەوپەڕی برایەتیە[1].

پلەکانی خۆنەویستی:

یەکەم: کەسانی تر بە شایەنتر و پێویستر بزانی لە خۆت، ئەوان پێش خۆت بخەی لەگەڵ ئەوەی خۆت پێویستت پێی هەیە، وەک خواردن بدەی بە کەسێک و خۆت برسی بکەی، بە جۆرێک خۆت لە برسان لەناو نەچیت.

دووەم: ڕازی بوونی خوا بە پێش ڕازی بوونی خەڵکدا بخەی ئەگەر توشی نارحەتیش ببی، گرنگ ئەوەیە خوا لێت ڕازی بێت، چونکە ڕازیکردنی هەموو خەڵک زۆر ئەستەمو زەحمەتە.

سێیەم: ئەم خۆنەویستیەت لە خواوە بزانی و پاڵی بدەیە لای خوا نەک خۆت، چونکە خوا وات لێدەکات ئەمە بکەیت[2].

هۆکارەکانی پاڵنەرن بۆ خۆنەویستی:

یەکەم: گەورەیی مافەکان، واتا ئەگەر مافەکانی کەسانی تری لەلای گەورە و گرنگ بوو، ئەوە هەڵدەستی بە ئەنجامدانی ئەوەی پێویستە بیکات.

دووەم: ڕق لێبونەوەی لە ڕەزیلی و ڕژدی: واتا خۆنەویستی بە کەسێک. دەکرێ کە ڕەزیل نەبێت و بەخشین سیفەتی بێت.

---

(١) التعريفات، لعلي بن محمد الجرجاني (٥٩/١).

(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزية (٢٦/٢).

سێیەم: حەزکردن لە ڕەوشت بەرزی: واتا خۆنەویستن بەو کەسانە دەکرێ کە ڕەوشت بەرز و ڕەوشت جوانن[1].

خوای پەروەردگار ستایشی چاکە و پیاوەتی (پشتوانانی شاری مەدینە) دەکات بۆ (کۆچبەرانی شاری مەککە) دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾[2].

واتا: ئەوانەی کە پێشتر مالّ و شوێنی خۆیان ئامادەکرد بۆ پێشوازی لە کۆچبەران، دلّ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بە ئیمان، ئەوانەشیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان، لە دلّ و دەروونیاندا هیچ حەسودی و بەخیلییەك نیە بەرامبەر کۆچبەران (لە سەر ئەوەی کە بەشی کۆچبەران دراوە و بەشی ئەوان نەدراوە لە دەسکەوتەکانی بەنی نەزیر) حەز بە بەخشینی دەسکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە خۆشیان هەژار و نەداریش بن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا، ئا ئەوانە هەر سەرفراز و براوەن.

(أبو هريره) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: (جاء رجُلٌ إلى رسولِ اللهِ (ﷺ) فقال: إنِّي مجهودٌ، فأرسَل إلى بعضِ نسائِه فقالت: والَّذي بعَثك بالحقِّ نبيًّا ما عندي إلاماءٌ ثمَّ أرسَل إلى أخرى فقالت مِثْلَ ذلك حتَّى قُلْنَ كلُّهنَّ مِثلَ ذلك فقال: (مَن يُضيِّفُ هذا اللَّيلةَ رحِمه اللهُ) فقام رجُلٌ مِن الأنصارِ فقال: أنا يا رسولَ اللهِ فانطلَق به إلى رَحْلِه فقال لامرأتِه: هل عندكِ شيءٌ ؟ قالت: لا إلاقوتَ

(١) مدارج السالكين، لإبن القيم الجوزية (٢/٢٧).
(٢) سورة الحشر، آية (٩).

صبياني قال: فعَلِّليهم بشيءٍ فإذا دخَل ضيفُنا فأضيئي السِّراجَ وأريه أنَّا نأكُل فإذا أهوى ليأكُلَ قومي إلى السِّراج حتَّى تُطفئيه قال: فقعَدوا وأكَل الضَّيفُ فلمَّا أصبَح غدا على النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فقال: (لقد عجِب اللهُ مِن صنيعِكما اللَّيلةَ)[1].

واتا: (أبو هريرة) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: زۆر شەکەت و برسیمە، پێغەمبەریش (ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای خێزانەکانی بۆ ئەوەی پێیان بڵێت هیچ خواردنێکمان هەیە، هەموو خێزانەکانی یەك لە دوای یەك گوتیان: سوێند بەو خوایەی تۆی بە حەق ناردوە هیچمان نییە تەنیا ئاو نەبێت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵەکانی فەرموو کێ ئەم پیاوە دەکاتە میوانی خۆی و خواردنی دەداتێ و ڕێزی دەگرێ و خزمەتی دەکات لە مالّی خۆی، پیاوێك لە پیشتیوانان ناوی (أبو طلحة) بوو گوتی: من ئەم پیاوە میوانداری دەکەم، ئینجا (أبو طلحة) ڕەزای خوای لێ بێت میوانەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە مالّەوە، کە گەیشتە مالّەوە بە خێزانەکەی گوت: ئەم پیاوە میوانی پێغەمبەرە (ﷺ) زۆر ڕێزی بگرە، بە خێزانەکەی گوت چیمان هەیە خواردن، گوتی: تەنها کەمێك خواردنمان هەیە بەس بەشی منداڵەکانمان دەکات، بە خێزانەکەی گوت: خواردنەکە بۆ میوانەکە ئامادە بکە، چرایەکەش دابگرسێنە، منداڵەکانیش زوو بنوێنە با داوای خواردن نەکەن، لەو کاتەی خواردنەکەت هێنا بۆ میوانەکە، خەریکی چرایەکە ببە گوایە چاکی دەکەیت، ئینجا چرایەکە بوکژێنەوە بۆ ئەوەی تاریك دابێت بۆ ئەوەی میوانکە وابزانێ خاوەن مالّ لەگەڵیدا خواردن دەخوات، خاوەن مالّەکەش وای نیشان دەدا کە خواردن لەگەڵ میوانەکە دەخوات، دەستی دەبرد بۆ خواردنەکە و دەم و لێوی دەجوڵاند، بۆ ئەوەی میوانەکە هەست نەکات خواردنەکە کەمە و هەموو خواردنەکە بخوات، کە خواردنەکە

---

(١) رواه البخاري (٣٧٩٨) ومسلم (٢٠٥٤) والترمذي (٣٣٠٤) وأسباب النزول للواحدي (٣٤٥) وتفسير إبن كثير (٤/٨٠).

تەواو بوو چرایەکەیان داگیرساندەوە، هەموویان بە سکی برسی ڕۆژیان کردەوە، بەیانی (أبو طلحة) هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) کە (أبو طلحة)ی دیت پێی فەرموو: ئەم شەو خوا پێکەنی، یان سەری سوڕما لەو کارەی ئێوە ئەنجامتان دا، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾[1].

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: ژیان و مالّ و خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) چەندە هەژار و نەدار و بێ خواردن بوونە، زۆر ئارامگر و ڕازی بوونە بە ژیانی خۆیان، دەبێ زۆر ڕێز لە میوان بگیرێت و چ خواردنێکت هەبێت بیدەیتێ، نابێ بە میوان قەڵس و دڵگران بیت، ژن و پیاوی موسڵمان دەبێ وەکو (أبو طلحة و خێزانەکەی بن)، بەو کردەوەیان چ ڕێز سەروەریەکیان بۆ خۆیان تۆمار کرد لە دونیا و دوا ڕۆژ.

پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی هۆزی (أشعری) **دەفەرموێ** (إِنَّ الأَشْعَرِيِّينَ إِذا أَرْمَلُوا فِي الغَزْوِ، أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيالِهِمْ بالمَدِينَةِ، جَمَعُوا ما كانَ عِنْدَهُمْ في ثَوْبٍ واحِدٍ، ثُمَّ اقْتَسَمُوهُ بيْنَهُمْ في إناءٍ واحِدٍ، بالسَّوِيَّةِ، فَهُمْ مِنِّي وأنا منهمْ)[2].

واتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: بەڕاستی ئەشعەرییەکان(هۆزێکن خەڵکی وڵاتی یەمەنن) ئەگەر خۆراك و خواردنیان کەم بوو لە کاتی شەڕدا، یان لەو کاتەی خۆراك و خواردنی منداڵ و خێزانەکانیان کەم بوو لە مەدینە، هەر یەکێکیان چیان هەبێت لە خواردن و لە خۆراك دەیهێنن لە شوێنێك کۆیدەکەنەوە ئینجا بەشی دەکەن بە یەکسانی لەناو خۆیاندا، هەموویان بەشی خۆی دەبات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەشعەرییەکان لە منن و منیش لەوانم، **واتا:** (ئەوان لەسەر ڕەوشت و ڕێبازی منن و منیش لەسەر ڕەوشت و ڕێبازی ئەوانم.

لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) مەدح و ستایشی هۆزی ئەشعەرییەکان دەکات،

---

(١) سورة الحشر، آية (٩).

(٢) رواه البخاري (٢٤٨٦) ومسلم (٢٥٠٠).

کە زۆر چاکەکار و خۆنەویستن، هەموویان وەک یەک دەژین، پێویستیەکانی یەکتر جێبەجێ دەکەن.، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانە بە بەشێک لە خۆی دەزانێ.

(حذيفة العدوي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ڕۆژی شەڕی (یەرموك) ڕۆیشتم بۆ شوێنی شەڕەکە، بۆ سۆراغی زانینی کوڕی مامێکم بەشدار بوو لەم شەڕەدا، هەندێك ئاوەم پی بوو گوتم ئەگەر لە سەرەمەرگدا بوو ئاوێکی بدەمێ و دەم و چاوی پێی بشۆم، دەڵێ کوڕە مامەکەم لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا دۆزییەوە بریندار بوو لەناو کوژراو و بریندارانداء هێشتا گیانی لە جەستەدا مابوو گوتم: ئاوت بدەمێ، بە ئاماژە گوتی بەڵێ، لەو کاتەی ویستی ئاوەکە بخواتەوە، گوێی لە نالّە نالّی بریندارێك بوو گوتی ئاوەکە بۆ ئەو ببە، ڕۆیشتم بۆ لای بریندارەکە ئەو هشام کوڕی عاص (ڕەزای خوای لێبێت) بوو، ویستی ئاوکە بخواتەوە و گوێی لە نالّەنالّی بریندارێك بوو، گوتی ئەم ئاوە بۆ ئەو بریندارە ببە، هەتا ئاوەکەم گەیاندە لای بریندارەکە گیانی دەرچوو، گەڕامەوە بۆ لای هیشام دیتم ئەویش گیانی دەرچووە، گەڕامەوە بۆ لای کوڕە مامەکەم، دیتم ئەویش گیانی دەرچووە، ئاوەکە وەک خۆی مایەوە، چونکە هەرسێکیان خۆنەویست بوون، ئامادەبوون لە کاتی گیان دەرچوونیشدا بەشە ئاوە کەمەکە بدرێتە بەرای موسڵمانی و ئەو بە پێش خۆی بخات بەڕاستی ئەوەیە خۆنەویستی و برایەتی[1].

-(عبدالله کوڕی جعفر کوڕی ئەبی تالّیب) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ:

ڕۆژێکیان ڕۆیشت بۆ کێڵگەیەك لە دەرەوەی شار، لە ڕێگادا لەلای باغێکی دارخورما لایدا بۆ ئەوەی پشوویێك بدات، لەناو باغەکەدا بەندەیەکی ڕەش پێستی دیت کاری تێدا دەکرد، دیتی کەسێك خواردنی بۆ بەندە ڕەشپێستەکە هێنا سێ کولێرە بوو، لەو کاتەدا سەگێك چووە ناو باغەکە و لە بەندە کە نزیك بوویەوە، بەندەکەش کولێرەیەکی دایە سەگەکە سەگەکەش بە پەلە خواردی، کولێرەیەکی تری

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/ ٣٧٠).

دایێ ئەویشی خوارد، کولێرەی سێیەمیشی دایێ، ئەوە (عبدالله)ش تەماشای دەکات، (عبدالله) بە بەندەکەی گوت: خواردنی ڕۆژانەت چەندە: گوتی سێ کولێرەیە، (عبدالله) پێی گوت هەرسێك کولێرەکەت دا بەو سەگە، ئەی بە خۆت چی دەخۆی، گوتی ئەمڕۆ بە برسیەتی دەمێنمەوە، (عبدالله) پێی گوت بۆ تێرکردنی ئەم سەگەت بەسەر تێرکردنی خۆتدا هەڵبژارد و خۆنەویستیت ئەنجام دا لەگەڵ ئەم سەگە، بەندەکە گوتی ئەم ناوچەیەی ئێمە هیچ سەگێکی لێ نییە، ئەم سەگە لە شوێنێکی دوورەوە هاتووە، دیار بوو زۆر برسی بوو، هانای بۆ لای من هێنا لە برسان، منیش هانایەکەم ڕەت نەکردەوە ئەو خواردنەی لەلام بوو هەموومدا بەو، گوتم با خواردنی ئەمڕۆم بۆ ئەم سەگە برسییە بێت، بەزەییم پێی هاتەوە، (عبدالله) گوتی خەڵکی لۆمەم دەکەن لەسەر سەخاوەت و بەخشش بەڵام ئەم بەندەیە زۆر لە من سەخیتر و بەخشەر تر بوو، بۆیە (عبدالله) ئەم بەندەیەی لە خاوەنەکەی کڕی و ئازادی کرد، باغە دارخورماکە و ئەوەی لەناو باغەکەدا بوو هەمووی کڕی لە خاوەنەکەی و بەخشی بە بەندە ڕەش پێستەکە، لە پێناوی ئەو سەخاوەت و مەردایەتییە و خۆنەویستییەی کە لەگەڵ سەگەکەدا کردی[1].

عبدالله کوڕی عمر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: سەرو پێی مەرێکمان بە دیاری نارد بۆ هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ)، هاوەڵەکە گوتی فلانە هاوەڵی بڕام و منداڵ و خێزانەکەی لەمن پێویستترن بۆ ئەوی ببەن، ئەویش گوتی فلانە کەس لەمن پێویستترە بۆ ئەوی ببەن، هەر ئەو بۆ ئەوی ڕەوانە دەکرد هاتە حەوت مالّی کرد، لە کۆتاییدا بۆ کەسی یەکەم گەڕایەوە، چونکە ئەوەندە خۆنەویست بوون ئەو ئەوی تری بەسەر خۆیدا هەڵدەبژارد، ئەوانە باوەڕداری ڕاستەقینەن، بە دڵسۆزی برایەتی یەکتریان کردووە، پێویستە پەند و وانە لەوانە وەربگرین[2].

سهل الساعدی (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (إِنَّ امْرَأَةً جَاءَتِ النبيَّ (ﷺ)

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣٩٦/٤). والمستطرف للأبشيهي (٣٦/٢).
(٢) الدر المنثور لجلال الدين السيوطي (١٠٧/٨).

بِبُرْدَةٍ مَنْسُوجَةٍ، فِيهَا حَاشِيَتُهَا، أَتَدْرُونَ ما البُرْدَةُ؟ قالوا: الشَّمْلَةُ، قالَ: نَعَمْ، قالَتْ: نَسَجْتُهَا بيَدِي فَجِئْتُ لأَكْسُوَكَهَا، فأَخَذَهَا النبيُّ (ﷺ) مُحْتَاجًا إلَيْهَا، فَخَرَجَ إلَيْنَا وإنَّهَا إزَارُهُ، فَحَسَّنَهَا فُلانٌ، فَقالَ: اكْسُنِيهَا، ما أَحْسَنَهَا، قالَ القَوْمُ: ما أَحْسَنْتَ، لَبِسَهَا النبيُّ(ﷺ) مُحْتَاجًا إلَيْهَا، ثُمَّ سَأَلْتَهُ، وعَلِمْتَ أَنَّهُ لا يَرُدُّ، قالَ: إنِّي واللَّهِ، ما سَأَلْتُهُ لأَلْبَسَهُ، إنَّما سَأَلْتُهُ لِتَكُونَ كَفَنِي، قالَ سَهْلٌ: فَكَانَتْ كَفَنَهُ)[1].

واتا: (سهل) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) جلوبەرگێکی خەت خەتی هێنابوو، گوتی بە دەستی خۆم چنیومە بۆ تۆم هێناوە بە دیاری بۆ ئەوەی بیکەیتە پۆشاکت، پێغەمبەریش (ﷺ) وەریگرت، چونکە پێویستی بە پۆشاك بوو، پاشان بەرگەکەی کردە پۆشاکی لای خوارەوەی، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ناو هاوەڵەکان یەکێك لە هاوەڵەکان زۆری پێ جوان بوو گوتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم پۆشاکە بدە بە من، فەرمووی بەڵێ دەیدەم بە تۆ، هاوەڵەکان پێیان گوت کارێکی باشت نەکرد، چونکە دەتزانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر پێویستی پێی بوو، هاوەڵەکە سوێندی خوارد بۆ ئەوە داوام لێ نەکرد بۆ ئەوەی بیپۆشم، بەڵکو بۆ ئەوەم بوو ببێتە کفنم لە دوای مردنم، بە ئومێدی ئەوەی خوا لێم خۆش بێت بە بەرەکەتی ئەو پۆشاکەی پێغەمبەر (ﷺ) پۆشیویەتی (سهل الساعدی) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (پۆشاکەکە بوو بەکفنی لە دوای مردنی هەروەك داینابوو.

لەم فەرمودەیە: ڕەوشت بەرزی و دڵ فراوانی و خۆنەویستی پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆ بەدیار دەکەوێت، هەر شتێکی هەبوایە داوایان لێ بکردایە دەیبەخشی ئەگەر بەخۆشی پێویستی پێ بوایە، هەروەها دروستە دیاری وەربگیرێت، هەروەها دروستە کفن بۆ خۆت دابنێی پێش مردنت.

---

(١) رواه البخاري (١٢٧٧/٢٠٩٣/٥٨١٠).

أبو سليمان الدارانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (إنّي لأَلقُمُ اللُّقْمةَ أخاً مِنْ إخِواني فَأجِدُ طَعمها في حَلْقي)[1].

واتا: ئەگەر پارویەك خواردن بدەمە برایێکی موسڵمانم ئەوە لە ناو دەمی خۆم هەست بە تامەکەی دەکەم.

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

هەر موسڵمانێك خۆنەویست بێت و کەسانی تر بخاتە پێش خۆی بۆ سود و خێر و خۆشی، ئەوە خۆشەویستی خوا و خەڵك بە دەست دێنێت، شوێنی سوننەت و ڕەوشت و ڕەفتاری پێغەمبەر (ﷺ) کەوتووە، دەبێتە مایەی بەرەکەت بۆ تەمەن و ماڵ و سامانی، خەڵك و فریشتەکان دوعای خێری بۆ دەکەن، پاداشتی زۆر گەورەی هەیە لە دواڕۆژدا.

-ئێمەش داوا لە خوا دەکەین خۆنەویست و دڵفراوان و دەستکراوە و بەخشەر و سەخی سروشتبین، بۆ ئەوەی خۆشەویستی خواو خەڵك بەدەست بێنین.

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (١٩٤/٣).

شکۆداری- پایەبەرزی
(العزة)

پایەبەرزی، واتا: حاڵەت و شێوەیەکی قەدەغەکەرە بۆ زاڵبوونی زەلیلی و زەبوونی بەسەر مرۆڤدا[1].

مانای وایە (عیزەت) ژیانێکی سەربەرزانەیە و ڕازی نەبوونە بەسەرشۆڕی و زەبونی، خۆبەدەستەوە نەدانە بە شەیتان و نەفس و حەز و ئارەزوە ناپەسەندەکان (عزة النفس) مرۆڤ گەورە و ڕێزدار و پایەبەرز دەکات لەلای خوا و خەڵك، نیشانەی ڕازی نەبوونە جگە لە بەرنامەی خوا و پێغەمبەر (ﷺ).

(عزة النفس) خۆبەزل زانین و شانازی بە خۆ کردن نیە، بەڵکو بۆ پاراستنی ڕێز و بەهای مرۆڤەکانە، چونکە پایەبەرزی سیفەت و ڕەوشتی پێغەمبەران و چاکەکاران و ئیماندارە ڕاست و دڵسۆزەکانە، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان گرنگی پێ بدەین.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾[2].

واتا: ڕێزو عیززەت و دەسەڵات و پایەبەرزی هەر شایستەی خوا و پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە، بەڵام دوو ڕووەکان نازانن.

---

(١) مفردات الفاظ القُرآن، لِراغب الأصفهاني (٥٦٣).

(٢) سورة المنافقون، آية (٨).

خـــوا دەفـــەرموێ:﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴾ (١).

واتا: ئەو دووڕوانەی کە بێباوەڕەکان دەکەنە پشتیوان و دۆست و یـار و یـاوەری خۆیان لە جیاتی ئیمانداران، ئایا دەیانەوێت عیـززەت و پایـەداری و سـەربەزیان لای ئەوان دەستکەوێت، (ئەوانـە زۆر بـە هەڵـەدا چـوونە) چـونکە بەڕاسـتی عیـززەت و سەربەرزی و دەسەڵات هەر هەمووی لای خوایە.

لەم دوو ئایەتەی ڕابردوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە: عیززەت و شکۆمەندی و پایـەداری و سەربەرزی دونیا و قیامـەت لـەلای خوایـە و بەدەسـت خوایـە، لـەلای بێبـاوەڕ و خوانەناسان عیززەت دەست ناکەوێ، بۆیە ئەوەی باوەڕداره بۆ بەدەستهێنانی عیززەت پێویستە تەنها بەندایەتی خوا بکات و شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێ و دەسـتگرێت بە ئایینی ئیسلامەوە، متمانە بە بێباوەڕان نەکات، بەڵام بە داخەوە لـەم سـەردەمەدا زۆر لە موسڵمانان دۆستایەتی و خۆشەویستی بێباوەڕان دەکەن و دەیانکـە پشـتیوانی خۆیان بە ئومێدی پایەداری و دەسەڵاتیان دەسـتکەوێت، بـا ئـەم جـۆرە موسـڵمانانە بزانن بە شوێنکەوتنی بێباوەڕان بە عیززەت و پایەدار و سەرکەوتوو نابن، چونکە خوا دەفەرموێ : ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًاۚ ﴾(٢).

واتا: ئەوەی سەربەرزی و پایەداری و عیززەتی دەوێـت، بـا بزانێـت کـە هـەموو سەربەرزی و پایەداریو عیززەت هـەر بـۆ خوایـە و لـەلای خوایـە، کەواتـە ئـەوەی دەیەوێ عیززەت و پایەبـەرزی دەسـتکەوێت بـا ملکەچـی فەرمانـەکانی خـوای بـە عیززەت بێت.

---

(١) سورة النساء، آية ١٣٩)

(٢) سورة فاطر، آية (١٠).

خوا دەفەرموێ : ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِي ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾[1].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیماندار بڵێ: ئەی خوای خاوەن هێز و دەسەڵات، دەسەڵات دەدەیت بە هەر کەسێك بتەوێت، دەسەڵات دەسێنیتەوە لەهەر کەسێك بتەوێت، ئەوەی بتەوێت باڵا دەست و ڕێزدار و پایەداری دەکەیت، ئەوەی بتەوێت زەلیل و زەبوون و بێ دەسەڵات و سوك و ڕیسوای دەکەیت، هەموو خێر و چاکەیەك هەر بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بە توانا و دەسەڵاتداری.

پێویستە کەسی ئیماندار هەر شتێکی کە هەیەتی دەبێ لە خوای بزانێ (لە مال و سامان و پلە و پایە و ڕێز و دەسەڵات و منداڵ و خێزان و زانایی و دانایی و ژیر و تەندروستی .. هتد).

ئەم ناز و نیعمەتانە لە چاکەو بەخشندەیی خوایە، نەك لە زیرەکی و پیاوەتی و ئازایەتی تۆ بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (اطْلُبوا الحَوائِجَ بعِزَّةِ الأَنْفُسِ" فإنّ الأُمورَ تَجري بالمَقادير) [2].

واتا: داوای پێویستیەکانتان بە عیززەت وسەربەرزی بکەن (خۆتان زەلیل و زەبوون و بێ ڕێز مەکەن بۆ بەدەستهێنانی پێویستیەکانتان) چونکە هەموو کار و فەرمانەکان بە ویستی خوا ڕووەدەن، هەروەك چۆن خوا بڕیاری داوە هەر ئەوە دەبێت و ڕووەدات.

---

(١) سورة آل عمران، آية ٢٦)

(٢) رواه ابن عساكر، فيض القدير (١١١٣) وضعفه الألباني.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ثلاثة لا تُرَدُّ دَعْوَتُهُمْ الإِمَامُ الْعَادِلُ وَالصَّائِمُ حِينَ يُفْطِرُ وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ يَرْفَعُهَا فَوْقَ الْغَمَامِ وَتُفَتَّحُ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَيَقُولُ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ وَعِزَّتِي لأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْدَ حِينٍ)[1].

واتا: سێ کەسی موسڵمان دوعا و نزایان ڕەتناکرێتەوە، بەڵکو خوا دوعایان قەبوڵ و گیرا دەکات:

یەکەم: ئەو موسڵمانەی بەڕۆژووە هەتا کاتی فتار دەکاتەوە.

دووەم: ئەو موسڵمانەی پێشەوا و گەورەی موسڵمانانە و دادپەروەری دەکات لە نێوان خەڵکیدا و دادگەری دەچەسپێنێت.

سێیەم: دوعا و نزای کەسێکی ستەم لێکراو خوا دوعاکەی بەرز دەکاتەوە بۆ سەرەوەی هەورەکان.، دەرگاکانی ئاسمان بۆ دوعایەکانی دەکرێتەوە، خوا دەفەرموێ: سوێند بە عیزەت و پایەبەرزی خۆم سەرت دەخەم ئەی ستەم لێکراو ئەگەر پاش ماوەیەکیش بێت، ئەمەش هەڕەشەیە لە ستەمکاران.

قال إبرهيم بن شيبان (رحمه الله): (الشَّرفُ في التَّواضُع والْعِزُّ في التَّقوى والحُرِّيةُ في القَناعةِ)[2].

واتا: گەورەیی و خانەدانی لە خۆ بەکەم زانین و بێفیزی دایە، عیززەت و پایەبەرزی لە پارێزکاری و لە خواترسان دایە، ئازادی و سەربەستی لە قەناعەت و ڕازیبون دایە.

(جَاء رَجُلُ الى رَسولَ الله (ﷺ) فَقَالَ يا رَسولَ اللهِ (ﷺ)، أرَأَيْتَ إنْ جاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أخْذَ مالِي؟ قالَ: فلا تُعْطِهِ مالَكَ قالَ: أرَأَيْتَ إنْ قاتَلَنِي؟ قالَ: قاتِلْهُ

(١) رواه الترمذي (٣٥٩٨) وابن ماجة (١٧٥٢).
(٢) مدارج السالكين، لابن القيم الجوزي (٤٣٤/٢).

قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي؟ قَالَ: فَأَنْتَ شَهِيدٌ، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: هُو فِي النَّارِ)[1].

واتا: پیاوێك هاته خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ کرد و گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر پیاوێك هات و ویستی بە زۆر مالّ و سامانم لێ بستێنێت چی بکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی مالّ و سامانتی مەدەیێ و بیپارێزە لە دز و جەردە و پیاوخراپان. پیاوەکە گوتی ئەگەر ویستی بەهێز و شەڕکردن مالّەکەم ببات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: شەڕی لەگەڵ بکە نەهێڵی مالّ و سامانت ببات (ئەگەر بە قسەی چاك و ئامۆژگاری و ترساندی بە خوا سوودی نەبوو)، ئینجا شەڕی لەگەڵ دەکەیت، پیاوەکە گوتی: ئەگەر لە کاتی شەڕکردندا زۆردارەکە منی کوشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تۆ پاداشتی شەهیدت هەیە، پیاوەکە گوتی: ئەگەر من لە کاتی شەڕکردندا زۆردارەکەم کوشت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە تۆ هیچت لەسەر نییە چونکە تۆ بەرگریت لە خۆت ومالّ و سامانت کردووە و ئەویش دەچێتە دۆزەخ چونکە ستەمکار بووە.

لەم فەرمودەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە: دروستە و پێویستە بەرگری لە خۆت و مالّ و سامانت بکەی ئەگەر ستەم و زۆرداریان لێ کردیت، **واتا:** دەبێ موسڵمان بە غیرەت و بە عیززەت بێ و بەرگری لە ماف و گیان و مالّ و سامانی بکات، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك لە کاتی ستەمکردن و دەستدرێژی کردن و ڕێگریکردن بکوژرێ خۆێنەکەی بەهەدەر دەڕوات و تۆڵەی بۆ نیە.

تارق کوڕی شەهاب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (عمر کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت بۆ ولاّتی شام ڕۆیشت (أبو عبیده کوڕی الجراح) مان لەگەڵ بوو، لە ڕێگادا گەیشتین بە ڕووبارێك عمر کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) لە وشترەکەی

(١) رواه مسلم (١٤٠) والنسائي (٤٠٨٢) بنحوه.

دابەزی و خوفەکانی لە پێی داکەند(خوف: جۆرە پێلاوێکە لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت جاران لە جیاتی پێلاو بەکاردەهێنرا) بەخۆی جلەوی وشترەکەی ڕادەکێشا و بە پێخواسی بەناو ئاوە قوڕاوەکەدا دەپەڕییەوە (أبو عبیدە) ڕەزای خوای لێ بێت بە (عمر)ی گوت ڕەزای خوای لێ بێت تۆ ئەمیر و گەورەی هەموو ئیماندارانی خۆت پێخواس کردووە و پێلاوەکانت خستۆتە سەر شانت و جلەوی وشترەکەت ڕادەکێشی بە پێخواسی بەناو ئاو و قوڕدا دەڕۆیت؟

پێم خۆش نیە سەرباز و سەرکردە و قەشەکانی گاورەکان بەم شێوەیە بتبینن، (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت بە (أبو عبیدە)ی گوت: ئەگەر یەکێکی تر ئەم قسەیەی بکردایە سزام دەدا دەمکردە پەند و عیبرەت بۆ ئۆمەتی (محمد) (ﷺ)! ئەی (أبو عبیدە) ڕەزای خوای لێ بێت ئێمە گەل و هۆزێکی زەلیل و بێ ڕێز بووین خوا ئێمەی بە عیززەت و بەڕێز و پایەبەرز کرد بە ئاینی ئیسلام، ئەگەر بە دوای هەر عیززەتێکدا بگەڕێین جگە لەو عیززەتی خوا پێی داوین، ئەوە خوا زەلیل و زەبوون و بێڕێزمان دەکات لە دونیا و دواڕۆژ[1].

(جَاءَ جُبريلُ (عليه السَلام) إلى رَسُولَ الله (ﷺ) فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ عِشْ مَا شِئْتَ فَإِنَّكَ مَيِّتٌ، وَأَحْبِبْ مَنْ شِئْتَ فَإِنَّكَ مَفَارِقُهُ، وَاعْمَلْ مَا شِئْتَ فَإِنَّكَ مَجْزِيٌّ بِهِ، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ شَرَفُ الْمُؤْمِنِ قِيَامُهُ بِاللَّيْلِ، وَعِزُّهُ اسْتِغْنَاؤُهُ عَنِ النَّاسِ)[2].

واتا: جبریل (سەلامی خوای لێ بێت) هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی محمد (ﷺ) هەرچەندی بژیت لە دونیادا و تەمەنت درێژ بێت هەر دەبێت بمریت، هەر کەسێکت خۆش بوێت (لە منداڵ و خێزان و دایك و باوك و خوشك و برا و دۆست و

(١) رواه الحاكم (٤٤٥٥) وابن المبارك في الزهد (٥٧٣).
(٢) رواه الحاكم (٧٩٢١) والطبراني (٤٢٧٨).

هاوڕیان) هەر دەبێت لێیان دابڕێیت و لێیان جیا ببیتەوە، هەتا سەر پێکەوە نابن، چ کردەوەیەك دەکەیت بیکە، چونکە هەر کردەوەیەك دەیکەیت پاداشتی هەیە یان سزای هەیە، بزانە گەورەیی و شەرەف و شکۆی ئیماندار لە شەو هەستانەوەدایە بۆ شەونوێژ و دوعا و خواپەرستی، عیززەت و سەربەرزی و هێز و پایەداری ئیماندار لەوە دایە بێنیاز بێت و چاوی لە دەستی کەس نەبێت و ڕازی بێت بەو بەشەی خوا پێی داوە.

ئیمانداران با بە وردی لەم فەرموودەیە ڕامێنین، ژیانی دونیا بۆ پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) نەمێنێت و بمرێت ئایا بۆ ئێمە دەمێنێت، بۆیە پێویستە هەموو کات خۆمان ئامادە بکەین بۆ مردن، چونکە مردن لە ناکاوە و کاتی دیار نیە، ژیانی دونیا غەڕا و فریومان نەدات، لەگەڵ کەس و کار و دۆست و خۆشەویستان هەر پێکەوە نابین، مردن لێکمان جیا دەکاتەوە، ئەوەی بەردەوام لەگەڵمانە و لێمان جیا نابێتەوە کردەوەکانمانە، دەبا زۆر کردەوەی باش ئەنجام بدەین، هەر کردەوەیەك بکەین لە چاکە ولە خراپە پاداشت یان سزای لەسەر وەردەگرینەوە، ئێستا بە ویستی خۆمانە چیمان مەبەست بێت دەتوانین ئەو ئەنجام بدەین، بەشەونوێژ و خواپەرستی و ڕەوشت بەرزی شەرەف و شکۆ ڕێزدار دەبین، عیززەت و سەربەرزی و پایەداری لەوە دایە ڕازی بیت بە بەشی خوا و چاوت لە دەستی کەس نەبێت و لەخوا داوا بکە ئەوی پێویستە نەك لە خەڵکی.

یەکێك لە ناوەکانی خوا (العزیز)ە، لە قورئانیدا نزیکەی (٩٠) جار ئەم ناو و سیفەتە بۆ خوا دووبارە بۆتەوە.

ئاینی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە موسڵمانان بە عیززەت و بەڕێز و پایەدار بکات، نابێ ئیماندار زەلیل و زەبون بێت، بۆیە هەر کاتێك موسڵمان گوناح و بێ فەرمانی خوا و تاوانی ئەنجامدا ئەوە خۆی زەلیل و ڕیسوا دەکا.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ﴾[1].

واتا: ئەوەی خوا قەدر و ڕێزی بشکێنێت و ڕیسوای بکات، ئەوە لەلای هیچ کەس ڕێزی نابێت.

موسڵمان برا و پشتیوان و هاوکاری برای موسڵمانە، بۆیە پێویستە نەهێڵی کەسی موسڵمان زەلیل و ڕیسوا بکرێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ أَذِلَّ عِندَهُ مُؤْمِنٌ فَلَمْ يَنْصُرْهُ، وَهُوَ يَقْدِرُ عَلَى أَنْ يَنْصُرَهُ، أَذَلَّهُ اللهُ عَلَى رُؤُوسِ الخَلَائِقِ يَوْمَ القِيَامَةِ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك ئیمانداڕێکی لە بەرچاوی زەلیل و ڕیسوا بکرێ ئەویش بەرگری و پشتگیری و یارمەتی نەدات، کە دەیتوانی بەرگری و پشتگیری و یارمەتی بدات، ئەوە خوا زەلیل و زەبون و ڕیسوای دەکات لەبەر چاوی هەموو خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا.

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

کەواتە ئەوەی عیززەت و سەربەرزی دەوێت، ئەوە لەلای خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و ئیسلام دەستی دەکەوێت، هەر کەسێك دوور بێت لە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و ئیسلام زەلیل و زەبون دەبێت لە دونیا و دواڕۆژدا.

---

(١) سورة الحج، آية (١٨).

(٢) رواه أحمد في مسنده، أُنظر: نيل الأوطار (٣٢٧/٥).

پیاوەتی-مەردایەتی-مرۆوەتی (المروءة)

پیاوەتی: واتا (بەکارهێنانی هەموو ڕەوشتە چاك و جوانەکان، و دوورکەوتنەوە لە هەموو ڕەوشتە ناشیرینو خراپەکان) [١].

لە پێناسەیەکی تردا: پیاوەتی واتا (کردەوەیەك ئەنجام نەدەی بە نهێنی شەرم بکەی بە ئاشکرا ئەنجامی بدەی) [٢].

ئاینی ئیسلام داوای هەموو گوفتار و کردار و ڕەوشت و سیفەتێکی جوان و چاك دەکات، قەدەغە دەکات لە هەموو گوفتار و کردار و ڕەوشتێکی ناشیرین و قێزەون و نابەجێ، یەکێك لە کار و ڕەوشتە جوانەکان و پایەدارەکان (پیاوەتی و مەردایەتییە) بەم ڕەوشتە و سیفەتە مرۆڤەکان ڕێزدار و پایەبەرز و خاوەن پێگە و خۆشەویست دەبن لەلای خوا و خەڵك، بۆیە گوتراوە (پیاوەتی و مەردایەتی: ناوێکە کۆکەرەوەی هەموو شتە چاك و جوانەکانە) [٣].

کەواتە هەر موسڵمانێك سیفەتی (پیاوەتی و مەردایەتی) تێدا بێت، ئەوە کەسێکی تەواوە و هەموو ڕەوشتە بەرزەکانی لەخۆ گرتووە.

هەروەك (منصور الفقیه) لە شیعرێکدا دەڵێت:

وإذا الْفَتى جَمَعَ المُرُوءةِ والتقى
وَحَوى مَعَ الأدبِ الحَياءَ فَقَدْ كَمُلْ [٤]

(١) المروءة وخوارمها، لأبي عبيدة مشهور آل سلمان (٥١).
(٢) جامع العلوم والحكم، لإبن رجب الحنبلي (٢٤٥).
(٣) المروءة، لأبويكر محمد بن خلف المرزبان (١٣٤).
(٤) من آداب المروءة وخوارمها، لِصالح بن علي أبو عرّاد (٢).

واتا: ئەگەر گەنجێك پیاوەتی و مەردایەتی و پارێزكاری كۆ كردەوە لەگەڵ ئەدەب و ڕێز و شەرمدا ئەوە كەسێكی چاك و تەواوە.

پرسیار كرا لە (سفیان كوڕی عیینە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی پیاوەتی و مەردایەتی گوتی: ویژدانی خۆت بەكاربێنە لەهەموو شتێكدا، چاكە لەگەڵ خەڵكیدا بكە، ئەی نەتبیستوە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ﴾[1].

واتا: (بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاكەكردن لەگەڵ هەموو دروستكراوەكانی) بۆیە مەردایەتی و پیاوەتی بە ویژدانبوون وبە چاكە كردن تەواو دەبێت[2].

هەروەها پرسیار لە (سفیان) كرا ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە كوێی قوئان باسی پیاوەتی مەردایەتی كراوە؟ گوتی لە ئایەتی: ﴿خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾[3].

واتا: (كاری ئاسان لە خەڵكی داوا بكە و چاوپۆشی لە هەڵەكانیان بكە، فەرمان بە چاكە و كردەوەی پەسەند بدە، ڕووش وەرگێڕە لە نەفامان و تێنەگەیشتوان) گوتی ئەمە باسی پیاوەتی، مەردایەتییە[4].

پیاوێك پرسیار كرد لە (حسن البصری) ڕەحمەتی خوای لێ بێت گوتی: پیاوەتی و مەردایەتی چۆنە؟ حسن بصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گوتی: خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی كردوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ

(١) سورة النحل، آية (٩٠)
(٢) المروءة وخوارمها، لأبو عبيدة مشهور آل سليمان (١٠٩).
(٣) سورة الأعراف، آية (١٩٩).
(٤) المروءة وخوارمها، لأبو عبيد مشهور آل سليمان (١٣٣).

ذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْيِ ۚ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾[1].

واتا: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بەخزمان، قەدەغە لە گوناح و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر مالّ و نەفس و ناموس)، ئامۆژگاری دەکات بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن و تێبفکرن) (حسن البصری) ڕەحمەتی خوای لێ بێت گوتی ئەم ئایەتە باسی پیاوەتی دەکات[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (كَرَمُ الْمَرْءِ دِينُهُ ، وَمُرُوءَتُهُ عَقْلُهُ، وَحَسَبُهُ خُلُقُهُ)[3].

واتا: شەڕەف و شکۆ و گەورەیی مرۆڤ ئاین و ئیمان و تەقوا و کردەوە چاکەکانییەتی، پیاوەتی و مەردایەتی مرۆڤ لە ئەقلّ و ژیر و هۆش و تێگەیشتنیەتی، ڕەسەنایەتی و وەجاغزادەیی و خانەدانی لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیەتی.

لەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: ڕێز و گەورەیی لە ئیمانداری و پارێزکاری دایە، نەك لە هێز و دەسەڵات و پۆست، پیاوەتی و مەردایەتی لە ئەقلّ و هۆش و ژیری دایە، نەك بە مالّ و سامان و جەستە و جوانی، ڕەسەنایەتی و خانەدانی لە ڕەوشت بەرزی و هەڵسوکەوتی جوان دایە، نەك خۆهەڵکێشان بە باب وباپیر و بنەماڵە و عەشیرەت.

(قال النّبيُّ (ﷺ) لِرَجُلٍ مَنْ ثَقيفٍ: مَا الْمُرُوءَةُ فِيكُمْ ؟ قَالَ: الصَّلاحُ فِي

(١) سورة النحل، آية (٩٠).
(٢) المروءة وخوارمها، لأبو عبيدة مشهور آل سلمان (٤٥).
(٣) رواه إبن حبان (٤٨٣) والدار قطني (٣٨٠٤) إسنادهُ ضعيف.

الدِّينِ، وَإِصْلاحُ الْمَعِيشَةِ، وَسَخَاءُ النَّفْسِ، وَصِلَةُ الرَّحِمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : هِيَ كَذَلِكَ فِينَا)[1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوێکی هۆزی سەقیفی گوت: پیاوەتی و مەردایەتی لەلای ئێوە چۆنە؟ پیاوەکە گوتی: ڕاستی و دروستی و پوختی لە دینداریدا، چاکسازی لە بوارەکانی ژیاندا، و سەخاوەتو بەخشندەیی دڵ و دەروون، ئەنجامدانی پەیوەندی و چاکەکردن لەگەڵ خزماندا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەنباو ئێمەشدا پیاوەتی و مردایەتی هەر ئاوایە.

(يَقول النبي (ﷺ): (أَقيلوا ذَوي الهَيْئاتِ عَثَراتِهم إلاَّ الحُدودَ) [2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: لێبوردن و چاوپۆشی لە کەسانی مەرد و خانەدان و کەڵە پیاوان بکەن، ئەگەر هەڵە و کەموکورتیان لێ ڕوودا، ئەگەر هەڵە و کەمتەرخەمیەکەیان نەگەیشتە سنۆری سزادان و تۆڵە لێکردنەوە، بەڵام ئەگەر هەڵەکانیان گەیشتە سنوری سزادان و تۆڵە لێکردنەوە دەبێ سزا و تۆڵەیان لێ بکرێتەوە هەر کەسێك بێت.

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: ئەگەر کەسێکی کەڵە پیاو و مەرد و خانەدان هەڵەیەك یان کەمتەرخەمێکی لێ ڕوودا، بەو مەرجەی هەڵەکەی نەدەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە سزا و تۆڵەی بکەوێتە سەر، پێویستە چاوپۆشی لێ بکرێت، چونکە ئەم جۆرەکەسانە بە زۆری خەریکی کاری پیاوەتی و مەردایەتی و کاری خێر و چاکەن، نابێ بە هەڵەیەك لەکەدار وناشیرین بکرێن.

دەبێ بزانین ئەم پیاوەتی و مەردایەتیە ئافرەتیش دەگرێتەوە، چونکە هەندێك ئافرەت هەن زۆر مەرد و شێرەژن و خانەدانن، لە زۆر پیاوان پیاوتر و خانەدانتر و مەرد و پایەدارترن، لە مێژووی کۆن و لە ئێستادا ناویان دەهێندرێ و باسی

(١) رواه أبو نعيم في الحلية (١٥٥/٣) إسنادهُ ضعيف.
(٢) رواه أحمد (٢٥٥١٣) والنسائي في السنن الكُبرى (٧٢٩٣).

کەسایەتی و پلە و پێگە و کاریگەری و ڕۆڵیان دەکرێت.

بۆیە مسلمەی کوڕی عبدالملك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: هیچ یارمەتی و هاوکاریەك وەکو یارمەتی و هاوکاری ئافرەتانی مەرد و خانەدان و هۆشمەند و ڕەسەن و ڕەوشت بەرز نیە بۆ پیاوەتی و مەردایەتی و خانەدانیەتی بۆ پیاوان وەکو ئەو ئافرەتانەی شێرەژنن[1].

شاعیر (أبو منصور الثعالبي) لە شیعرێکدا دەڵێ:

إذاَ لَمْ يَكُنْ فِي مَنْزِلِ المَرْءِ حُرَّةٌ تُدَبِّرُهُ ضَاعَتْ مُرُوءةُ دَارِهِ[2].

واتا: ئەگەر لە هەر ماڵی پیاوێکدا ئافرەتێکی مەرد و ڕەسەن نەبێت، کارگێڕ و مشورخۆری ئەو ماڵە بکات، ئەو ماڵە پیاوەتی و مەردایەتی و خانەدانیەتی وون دەبێت و بێبەش دەبێت.

ئاداب و ڕەفتارەکانی پیاوەتی و مەردایەتی:

کەسی پیاو و مەرد و خانەدان پێویستە ئەم ڕەفتار و سیفەت و ئادابانەی تێدا بێت و پێیان بناسرێت:

١-پێویستە نەرم و نیان و هێمن و لەسەر خۆ بیت و پەلە نەکەی و زوو بڕیار نەدەی لە گوفتار و کردارەکانتدا.

٢- زاڵ بی بەسەر دڵ و دەروونتدا و دان بە خۆتدا بگریت و خۆت کۆنترۆڵ بکەی لەکاتی تورەبوون و دڵخۆشیدا، هەروەها پێویستە بە ئارام و حەوسەڵە و خۆڕاگربی لە کاتی هەموو ڕووداوێکدا.

٣-کەسێکی ڕاستگۆ و سادە و خۆبە بچوك زانبە، خۆ لە درۆ و دووڕوویی بپارێزە لەگەڵ خەڵکیدا.

٤-گوێبگرە بۆ هەموو کەسێك لەو کاتەی قسەت بۆ دەکات، ئەگەر قسەکەشت بیستبێت و بیزانیت.

٥-نهێنییەکانی خەڵکی بپارێزە و بۆ کەس ئاشکرایان مەکە، چونکە کەسی مەرد جێی متمانە و ئەمانەتە.

---

(١) المروءة، لأبو بكر محمد بن خلف المرزبان (١٣٥).

(٢) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٦-قسەکانت پێچەوانەی کردارەکانت نەبێ، ئەو قسەیە بکە کە دەتوانی جێبەجێی بکەیت.

٧-ڕێزی خەڵکی بگرە، چۆن پێت خۆشە خەڵك ڕێزت بگرێت.

٨-ڕێزی میوان بگرە، لە سەرووی خۆتی دابنێ، هیچ ئیش و کارێکی پێ ئەنجام نەدەی، ئەگەر کارێکی بچوکیش بێت.

٩-کەسێکی تێکەڵبە لەگەڵ خەڵکی لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، هاوکار و خەمخۆر و سوودمەند بە بۆ هەموو خەڵکی و بەشدار بە لە چارەسەری کێشەی خەڵکیدا.

ئەمانەی باسمان کردن هەندێك بوون لە ئاداب و ڕەفتارەکانی پیاوەتی و مەردایەتی، زۆریش ماون لەبەر درێژی باسم نەکردن.

هەندێك لە هۆکارەکانی کەمبوونەوە و نەمانی پیاوەتی و مەردایەتی[1].

١-زۆر ئەنجامدانی گاڵتەوگەپ و یاری کردن، چونکە زۆر گاڵتە و گەپ کردن دەبێتە کەمبوونەوەی ڕێز و سەنگینی و ڕەوشت بەرزی و شەرم و شکۆ.

٢-خواردن و خواردنەوە لە کاتی ڕۆیشتن لە ڕێگا و بازاڕدا، هەروەها خواردنی گوڵەبەڕۆژە و بنیشت لە ناو خەڵکیدا.

٣-ڕێزنەگرتنی گەورە و بە تەمەنەکان لەلایەن بچووك و گەنجەکان لە شوێنە گشتیەکان، پێویستە ڕێز لە کەسانی بە تەمەن و پیرەکان بگیرێت، چونکە خوا ڕێزی موسڵمانی بە تەمەن دەگرێت.

٤-زۆر خواردن و خواردنەوە لە کاتی چوون بۆ بانگهێشتن و زیافەت و بۆنەکان، کەسێکی چڵێس و نەوسن و زۆرخۆر بێت.

٥-قڕقێنەدانەوە و قوڵپ هاتنەوە بە دەنگی بەرز و لەناو خەڵکیدا، نیشانەی زۆر خواردنە، نەریتێکی ناشیرین و ناشیاوە.

٦-گێڕانەوەی قسە و نوکتەی نابەجێ و ناشیاو بۆ ئەوەی خەڵك پێبکەنێت، وەکو لاسایی کەسێك بکاتەوە و گاڵتە پێکردنی.

٧-پۆشینی هەندێك جلوبەرگی ناشیاو بۆ کەسی موسڵمان و هۆشمەند، لە

---

(١) من آداب المروءة وخوارمها، لِصالِح بن علي أبو عرّاد (٤).

مزگەوت و بازاڕ و کۆڕ و دانیشتنەکاندا، چونکە پۆشاکەکە کورتەیان تەنکە یان تەسکە یان وێنەی لەسەرە.

٨-هاوڕێی کردن ودانیشتن لەگەڵ کەسانی بێ ئەدەب و بێ ڕەوشت، بە فێڕۆدانی کات بە شتی بێ سود و قازانج.

٩-تاشین و چاکردنی قژ بە شێوەیەکی نامۆ و ناشیاو و دوور لە نەریتە جوانەکان، لاسایی کەسانی دوور لە دین.

١٠-خۆپاراستن لە گوفتار و کردار و هەڵسوکەوتێك کە شەرعی خوا دانی پێدانەنێت و لەگەڵ ئەقڵدا نەگونجێت.

حسن کوڕی علی (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێ: (الْمُروءَةُ في شَيْئَيْن: إجْتِنَابُ الرَّجُلِ مَا يَشينَهُ وإجْتِناؤُهُ ما يَزينُهُ) [١].

واتا: کۆی پیاوەتی و مەردایەتی لە دوو شتدایە:

یەکەم: خۆ پاراستن لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ ناشیرن و لەکەدار دەکات.

دووەم: ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ جوان و ڕێزدارت دەکات.

شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ (لَوْ عَلِمْتُ أنَّ المَاءَ البَارِدَ يَسْلُمُ مِنْ مُرُوءتي شَيْئاً مَا شَرِبْتُ إلاَّ حَاراً) [٢].

واتا: ئەگەر بزانم خواردنەوەی ئاوی سارد پیاوەتی و مەردایەتیو کەسایەتیم لەکەدار دەکات، وازم لە ئاوی سارد دەهێنا و تەنها ئاوی گەرمم دەخواردەوە.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

پێویستە ئێمەش زۆر گرنگی و بایەخ بە پیاوەتی و مەردایەتی بدەین، بۆ ئەوەی ڕێزدارو خۆشەویست بین لەلای خواو خەڵك.

---

(١) المروءة، لأبوبكر بن خلف المرزبان (١٣١).

(٢) آداب الشافعي ومناقبه، لإبن أبي الحاتم الرازي (١٤).

فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپە
(الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)

فەرمان بە چاکە **واتا:** نیشانە و بەڵگەیە بۆ ڕازیبوونی خوا لە گوفتار و کردارەکانی بەندەکان کە ئەنجامی دەدەن.

قەدەغەکردن لە خراپە **واتا:** ئەو گوفتار و کردارانەی شەرع و بەرنامەی خوا بە ناشیرن و نابەجێ و ناپەسەندیان دادەنێت، ئەوەی دروست نیە کە ئەنجام بدرێ لە شەرعی خوا[1].

أبو حامد الغزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بێگومان فەرمان بە چاکە وقەدەغەکردن لە خراپە تەوەری هەرە گەورەیە لە ئاینی ئیسلامدا، ئەو کارە گەورەو گرنگەیە کە خوای پەروەردگار هەموو پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوون[2].

لەبەر گرنگی فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپە زۆربەی زانایان کۆك و یەکدەنگن لەسەر ئەوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە پێویستە (واجب – فرض)ە[3].

هەندێك لە زانایان دەڵێن، فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپە (فرض العين) واتا پێویستە هەموو موسڵمانێکی داوالێکراو ئەنجامی بدات[4].

---

(١) التعريفات، الجرجاني (٣٧).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣٠٦/٢).
(٣) شرح صحيح مسلم، للنووي (٢-٢٢) تفسير فتح القدير للشوكاني (٣٦٨/١).
(٤) معاني القرآن وإعرابه، لأبي إسحاق الزجاج (٤٦٢/١).

هەندێك لە زانایان دەڵێن، فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپە (فرض الكفاية)یە، **واتا:** ئەگەر هەندێك لە موسڵمانان ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەوە سزا لەسەر هەموو موسڵمانان لادەچێ، ئەگەرنا هەموو موسڵمانان تاوانبار دەبن[1].

ڕای پەسەندی زۆربەی زانایان ئەوەیە، فەرمان بە چاکە و قەدەغە کردن لە خراپە (فرض الكفاية)یە خواش زاناترە.

فەرمان بە چاکەو قەدەغە کردن لە خراپە، لە کارە گەورە و گرنگ و شکۆدارەکانە، چونکە خێر و چاکە و سودی زۆری هەیە بۆ تاك و کۆمەڵگا، هەروەك خوا و پێغەمبەر (ﷺ) باسیان کردووە.

خوا دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾[2].

واتا: ئێوە ئۆمەتی (محمد) (ﷺ) چاکترین ئۆمەتەن هێنراونەتە سەر ئەم زەوییە بۆ سوود گەیاندن بە خەڵك، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغە لە خراپە دەکەن، باوەڕی دامەزراو بە خوا دەهێنن.

لەم ئایەتەدا خوا مەدحی ئۆمەتی (محمد) (ﷺ) دەکات، هەتا ئەو کاتەی ئەم ئۆمەتە فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات، ئەگەر ئەم کارەیان ئەنجام نەدا، ئەم مەدحەیان نامێنێت و زەلیلی و زەبوونیان بەسەر دێت،دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی ئۆمەتی (محمد) (ﷺ)[3].

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ

(١) الجامع لأحكام القرآن، القرطبي (٥٢٢/٢) ومجموع الفتاوى، لإبن تيمية (١٢٥/٢٨).
(٢) سورة آل عمران، آية (١١٠).
(٣) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٥٢٩/٢).

﴿وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾[1].

واتا: پێویستە هەمیشە دەستەیەك لە ئێوە هەبێت نەی موسڵمانان، خەڵك بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکە، فەرمان بە چاکە بدەن و قەدەغە لە خراپە بکەن، ئەوانە سەرفرازن.

(قرطبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: مانای وایە بێگومان ئەوانەی فەرمان بە چاکە دەدەن پێویستە زانا بن، هەموو کەسیش زانا نیە، کەواتە کەسی نەزان پێویست نیە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمە ڕای ڕاست و پەسەندە[2].

خوا دەفەرموێ ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ﴾[3].

واتا: ئیمانداران لە پیاو و ئافرەتان هەندێکیان خۆشەویست و پشتگیر و هاوکاری یەکترن، فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغە لە خراپە دەکەن و نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام دەدەن و زەکاتی مالّیشیان دەبەخشن و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن.

(لقمان) سەلامی خوای لێبێت ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات، خوا لە قورئان تۆماری کردوە:﴿يَٰبُنَىَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ ۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ﴾[4].

---

(١) سورة آل عمران، آية (١٠٤).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٥٢٢/٢).
(٣) سورة التوبة، آية (٧١)
(٤) سورة لقمان، آية (١٧).

واتا: کوڕی شیرینم نوێژەکانت بە چاکی ئەنجام بدە، فەرمان بە چاکە بدە، قەدەغە لە گوناە و خراپە بکە، بە ئارام و خۆڕاگر بە لەبەرامبەر ئەو بەڵا و ناخۆشییانەی کە توشت دەبێت، بێگومان ئەوانەی کە باسکران هەندێکن لە وانەی هەر دەبێت بکرێن (چونکە ئەم کارانە لای خوا زۆر گرنگ و پەسەندن).

فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە لە پاش ئەنجامدانی نوێژ هاتووە، چونکە بە نوێژ کردن خۆت چاك دەکەی، بە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بۆ چاککردنی کەسانی ترن، مرۆڤ ناتوانی کەس چاك بکات هەتا خۆی چاك نەکات، ئەوەی فەرمان بە چاکە بدات و قەدەغە لە خراپە بکات و بانگەوازی خەڵك بکات بۆ خواپەرستی، توشی کێشە و گرفت و دژایەتی و ئازار و ناڕەحەتی دەبێت، بۆیە لەسەری پێویستە بە ئارام و خۆڕاگر بێت[1].

قالَ النَّبيُّ (ﷺ): خيرُ الناسِ أقْرؤُهمْ، و أتْقاهُمْ للهِ، و آمَرُهمْ بِالمعرُوفِ، و أنْهاهُمْ عنِ المنْكَرِ، و أوْصلُهُمْ للرَّحِمِ) [2].

واتا: چاکترین و بەخێرترین موسڵمان ئەوەیە، زۆر قورئان بخوێنێت و شارەزای قورئان بێت و کار بە قورئان بکات، زۆر خواناس و پارێزکار و لەخواترس بێت، زۆر فەرمان بە چاکە بدات و قەدەغە لە خراپە بکات، زۆر پەیوەندی و چاکە لەگەڵ خزمانی بکات.

(قالَ النبيُّ (ﷺ): كلُّ كلامِ ابنِ آدمَ علَيهِ لا لهُ إلاّ أمرٌ بمعروفٍ أو نَهْيٌ عن منكرٍ، أو ذِكْرُ اللَّهِ)[3].

---

(١) تفسير النابلسي، لمحمد راتب النابلسي (١٨١/٧-١٨٣).

(٢) رواه أحمد (٢٧٤٧٤) والطبراني (٢٠٦٧٨).

(٣) رواه الترمذي (٤٢١٢) وابن ماجة (٣٩٧٤) والحاكم (٣٨٩٢) والبيهقي (٤٩٥٤) والطبراني (٤٨٤) وأبو يعلى (٧١٣٤) ضعيف.

واتا: هەموو قسەکانی ئادەمیزاد لەسەری دەنوسرێ و دەبێتە بارگرانی و زیان و پەشیمانی بۆی، هیچ سودێك لە قسەکانی ناکات، تەنها ئەو قسانەی کردوویەتی خێر و سودی هەبووە بۆ خەڵکی و فەرمانی بە چاکە کردووە و خەڵکی ئامۆژگاری کردووە و قەدەغەی لە خراپە کردون، ئەو قسانەی ڕەزامەندی خوای تێدایە و دەبێتە هۆی یادی خوای پەروەردگار.

لەم فەرمودەیە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپەی خستۆتە پێش یادی خوا، چونکە یادی خوا سودی تەنها بۆ خۆیەتی، بەڵام ئەوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات سودی بۆ خۆی و خێزان و کۆمەڵگا و هەموو خەڵکی هەیە، دەبێتە هۆی چاکبون و ئیسلاح بۆ هەموو لایەك.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن رَأَى مِنكُم مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بيَدِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وذلكَ أضْعَفُ الإيمانِ)[1].

واتا: هەر موسڵمانێك کارێکی خراپ و ناپەسەند و نابەجێی دیت کە پێچەوانەی شەرع و فەرمانی خوا بوو، با ئەم خراپە و بێ شەرعییە قەدەغە بکات و نەیهێڵێت ئەگەر دەسەڵات و هێز و توانای هەبوو، ئەگەر هێز و دەسەڵاتی نەبوو بۆ قەدەغەکردن لە خراپە و بێ شەرعی، با بە زوبان ئامۆژگاری و ترساندنی بە سزای خوا قەدەغەی بکات لە خراپە و بێ شەرعی، ئەگەر بە زوبان و ئامۆژگاریش نەیتوانی قەدەغەی لە خراپە و بێ شەرعی بکات، با بە دڵ ئەم خراپە و بێ شەرعییەی پێ ناخۆش بێت و ڕقی لەم کارە خراپانە ببێتەوە، بە دڵ ڕق لێبوونەوە لە گوناح و خراپە و بێ شەرعی نزمترین و لەخوارترین پلەی ئیمان و بڕوایە.

کەواتە هەر موسڵمانێك خراپە و بێ شەرعییەکی زانی یان دیتی پێویستە ڕێگری و قەدەغە لە خراپە و بێ شەرعی بکات بە گوێرەی دەسەڵات و زانیاری، ئەگەرنا دەبێ بە دڵ خراپەی پێ ناخۆش بێت.

---

(١) رواه مسلم (٤٩) وابن ماجة (٣٢٥٨) والنسائي (٥٠٢٣) صحيح.

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوونەدەبێتەوە: بۆ پێویست بوونی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەبێ دوو مەرج هەبێت:

یەکەم: دەبێ زانیاریت هەبێت دەربارەی ئەو کارەی فەرمانی پێ دەکەی کارێکی باشە، یان ئەو کارەی ڕێگری لێ دەکەی کارێکی خراپە، چونکە نابێ کەسی نەزان و نەفام ئەم کارە ئەنجام بدات.

دووەم: دەبێ ئەوەی فەرمان بە چاکە و قەدەغەی خراپە دەکات هێز و دەسەلآت و توانای هەبێت، کەسی بێ هێز و دەسەلآت لای کەم ئەوەی لەسەرە بە دڵ پێی ناخۆشبێت و ڕقی لێببێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إن الناسَ إذا رأوا المُنكرَ فلم يُغيِّروه أوشَكَ أنْ يعمَّهم اللهُ بعقابِه) [1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: بەڕاستی ئەگەر خەڵك خراپە و بێ شەرعی و بێ فەرمانی خوایان دیت ئەنجام دەدرا، قەدەعە و ڕێگریان لێ نەدەکرد، دەسەلآت و تواناشیان هەبوو قەدەغەی بکەن، نزیکە خوا هەموویان سزا بدات لەلای خۆیەوە؟

ئەوەی خراپە و بێ فەرمانی خوا دەکات، ئەوەی بێدەنگە لە ئەنجامدانی خراپە و بێ فەرمانی خوا دەسەلآتیشی هەیە خراپەکە قەدەغە بکات هەردووکیان گوناحبارن و سزا وەردەگرن.

بلال کوڕی سعد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خراپە و گوناح ئەگەر بە نهێنی ئەنجام درا زیان و سزاکەی بۆ خاوەنەکەیەتی، بەڵآم ئەگەر خراپە و گوناح بە ئاشکرا ئەنجام دراو قەدەغە و ڕێگری لێ نەکرا، ئەوە زیان و سزاکەی بۆ هەموو لایەك دەبێت[2].

---

(١) رواه أحمد (٢٩) وابن ماجة (٤٠٠٥) وأبو داود (٤٣٣٨).

(٢) الداء والدواء، لابن القيم الجوزية (١١١).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مُروا بالمَعروفِ، وانهَوْا عنِ المُنكَرِ، قبلَ أن تَدعوا فلا يُستَجابَ لَكُمْ)[1].

واتا: کاری چاك ئەنجام بدەن و هانی خەڵکیش بدەن کاری چاك ئەنجام بدەن، قەدەغە لە خراپە بکەن و هانی خەڵکیش بدەن قەدەغە لە خراپە بکەن، ئەگەر وازتان لە فەرمان بە چاکەو قەدەغە لە خراپە کرد، خوا دوعا و نزاکانتان گیراو قەبوڵ ناکات و داواکاریەکانتان وەڵام ناداتەوە.

لەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە: ئەوەی وەڵامی خوا بداتەوە و فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکات، خواش وەڵامی دەداتەوە و داواکارییەکانی جێبەجێ دەکات.

ئەو کەسەی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات پێویستە ئەم سیفەت و مەرجانەی تێدا بێت:

یەکەم: زانست و زانیاری.

ئەوەی فەمارن بە چاکە وڕێگری لە خراپە دەکات پێویستە زانا بێت لەو کارەی ئەنجام دەدات و شارەزای چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە بێت، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴾[2].

دووەم: کار و ڕەفتار بە قسەکانی بکات.

ئەوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات پێویستە بەخۆی کەسێکی چاك

---

(١) رواه إبن ماجة (٤٠٠٤) وأحمد (٢٥٢٥٥) حسن.

(٢) سورة النحل، آية (١٢٥).

و ڕەوشت بەرز بێت، ڕەفتار بە قسەکانی خۆی بکات، قسە و گوفتارەکانی پێچەوانەی کردارەکانی نەبێت، وەکو خوا زەمی ئەم جۆرە کەسانە دەکات و دەفەرموێ: ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ [1].

سێیەم: دڵسۆزی:

ئەوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات پێویستە دڵسۆز بێت و نیاز و مەبەستی لە گوفتار و کردارەکانی تەنها بۆ خوا بێت و مەبەستی مەدح و ستایش نەبێت، ئەگەر وای کرد کاریگەری دەبێت لەسەر خەڵکیدا وەکو (عمر کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (مَنْ خَلُصَتْ نِيَّتُهُ كَفَاهُ اللهُ تَعالى ما بَيْنَهُ وما بَيْنَ النَّاسِ)[2].

چوارەم: ئەمانەت و دەسپاکی:

ئەوەی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات پێویستە کەسێکی ئەمیندار و دەستپاك بێت، خواو پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەفەرمون ئاوا بە خەڵکی ڕابگەیەنێت بێ زیاد و کەمی، وەکو پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (أَوَّلُ ما تَفْقِدُونَ مِنْ دِينِكُمْ الأَمَانةَ، وآخِرهُ الصَّلاةُ)[3].

پێنجەم: ئارامی و خۆڕاگری:

ئەوەی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات پێویستە خۆڕاگر بێت چونکە هەموو کەسێك قسەو ئامۆژگاری لێ وەرناگیرێت، جاری واش هەیە توشی ئازار و نارحەتی دەبێت، بۆیە خوا لەوەسیەتی لوقمان بۆ کوڕەکەی بۆمان دەگێڕێتەوە:

---

(١) سورة الصف، آية (٣).

(٢) الزُهد، لِهناد بن السَري (٨٥١).

(٣) رواه الطبراني (٧١٨٢) والبخاري في التأريخ (٤٦٢).

﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴾[1].

شەشەم: نەرم و نیانی و میهرەبانی:

پێویستە ئەو کەسەی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات، دەبێ نەرم و نیان و میهرەبان و بەبەزەیی بێت، چونکە مەبەست لەم کارە چاکسازی کردنە، ئەم کارەش پێویستی بەم سیفەتە هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنّ الرِّفقَ لا يَكُونُ في شيءٍ إلاّ زَانَهُ، وَلا يُنْزَعُ مِنْ شَيءٍ إلاّ شَانَهُ)[2].

حەوتەم: بە گوێرەی توانا:

ئەوەی فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکات پێویستە بە گوێرەی توانا بێت، چەندی دەتوانی و پێی دەکرێت ئەوەندە ئەنجام بدات، هەروەها داوای کار و کردەوەیەك لەخەڵك نەکات کە نەتوانن ئەنجامی بدەن، داوای ئەرکێکیان لێ نەکات کە پێیان جێبەجێ نەکرێت، خوا دەفەرموێ:[3] ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾[4].

عەلی کوڕی ئەبی تالێب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: بێگومان فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردن لەخراپە ڕزق و ڕۆزی هیچ کەسێك دواناخات، مەرگ و مردنی کەسیش پێش ناخات، بەڵکو هەر ئەوە دەبێت کە خوا فەرمان و بڕیاری داوە[5].

أصمعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: عطاء کوڕی أبی رباح چوو بۆ لای عبدالملك کوڕی مەڕوان (ڕەحمەتی خوای لە هەردووکیان بێت) (عبدالملك) گەورەی

(١) سورة لقمان، آية (١٧).
(٢) رواه مسلم (٢٥٩٤) وأبو داود (٢٤٧٨) وأحمد (٢٤٣٠٧).
(٣) سورة البقرة، آية (٢٨٦).
(٤) سورة التغابن، آية (١٦).
(٥) شرح نهج البلاغة، لابن أبي الحديد (٤٩/٢).

ئیمانداران‌و موسڵمانان بوو لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتبوو، کاربەدەست و پیاوماقوڵانی شاری مەککەی لە دەورە بوون، هاتبوو بۆ ئەنجامدانی حەج، (عبدالملك) کە چاوی بە (عطاء) کەت لەبەری هەڵساو لەسەر تەخت لەگەڵ خۆی دانیشاند و زۆر ڕێزی لێنا، (عبدالملك) گوتی: چ پێویست و کارێکت هەیە لە خزمەتدام بۆت ئەنجام بدەم، (عطاء) گوتی ئەی گەورەی ئیمانداران (پارێزکار و لەخوا ترس بە لەهەردوو شاری مەککەو مەدینە، خزمەتی ئەم دوو شارە پیرۆزە بکە، لە خوا ترس بە بەرامبەر بە منداڵەکانی کۆچبەران و پشتیوانان، تۆ بە هۆی ئەوان لەسەر ئەم تەخت و دەسەڵاتە دانیشتوی، لە خوا ترس بە بەرامبەر ئەوانەی سنوری وڵات و موسڵمان دەپارێزن، چونکە ئەوان پەرژین و قەڵاّن بۆ پاراستنی ئیسلام و موسڵمانان، ئاگاداری گوزەران و پێویستیەکانی موسڵمانان بە، چونکە تۆ لێیان بەرپرسیاری، بێئاگا نەبیت لە حاڵی موسڵمانان، دەرگات دانەخەی لە هەژار و نەداران با هەموو کات دەرگات کراوە بێت بۆ هەموو کەسێك) (عبدالملك) گوتی چیت فەرموو وا دەکەم، ئینجا (عطاء) هەڵسا بڕوات (عبدالملك) دەستی گرت و دانیشاندەوە وپێی گوت: تۆ بۆ حاڵی خەڵکی داوات لە ئێمە کرد، ئێمەش داوایەکانت جێبەجێ دەکەین، ئەی بۆ خۆت چ داوایەك و پێویستیەکت هەیە بۆت جێبەجێ بکەین، (عطاء) گوتی هیچ پێویستی و داوایەکم بە هیچ کەسێك نیە تەنها بە خوا نەبێت، ئینجا ڕۆیشت، (عبدالملك) گوتی: سوێند بە خوا ئەوەیە شەرەف و شکۆ و گەورەیی و پایەبەرزی[1].

لەم ڕووداوەدا ئەوە فێر دەبین ئەوانەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن دەبێ بەم ژیری و دانایەو بەم شێوازە ئەنجامی بدەن، مەبەستیان هیچ دەستکەوت و مەرامێك نەبێت تەها مەبەستیان ڕەزامەندی خوا بێت، دەبێ بەرپرس و کاربەدەستان ڕێزی زانایان بگرن و گوێ لە داواکاریی و ئامۆژگاریان بگرن و ئامۆژگارییەکانیان جێبەجێ بکەن، دەبێ بە هەموو لایەك خزمەتی ئیسلام بکەین.

(١) تنبيه الغافلين، لإبن النحاس (٤٣-٤٤).

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە کارێکی زۆر خێر و چاکە، بەڵام هەموو کەس شێوازی ئەنجامدانی نازانێت، بۆیە ئەوەی لێی نازانێت بۆ کەسی زانا وازی لێبێنێت، هەروەك (ابن تیمیه) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: دەبێ زانا و شارەزا بیت لە کارە چاکەکان و لە کارە خراپەکان و لێکیان جیا بکاتەوەو شارەزا و زانا بی بە حاڵ و شێوەی ئەو کەسەی فەرمانی پێدەکات و ئەو کەسەی قەدەغەی دەکات[1].

(١) الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، لابن تيمية (٦٨).

بەدەستهێنانی زانست و زانیاری (طلب العلم)

بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، فەرمانی خوایە و ئاینی ئیسلام زۆر جەختی لێکردۆتەوە، پێویستێکی مرۆڤایەتییە، سودمەند و سەرفرازییە بۆ تاك و کۆمەڵگا و بۆ دونیا و دواڕۆژ.

خوای پەروەردگار (ﷻ) لە قورئانداو، پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرمودەکانیدا، زۆر بە گرنگی و بایەخەوە باسی پایەو پێگەی زانست و زانایان و ئەوانەی خەریکی بەدەستهێنانی زانست و زانیارین کردوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ (١).

واتا: خوای گەورە لە ڕێگەی دروستکراوەکانیەوە شایەتی دەدا، بە بەڵگە دەیسەلمێنێت کە بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو کە شایەنی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکان (لە پێغەمبەران و زانایان) دەیسەلمێنن خوا هەمیشە دادپەروەری ڕاگرتووە، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە تەنیا زاتی خوا نەبێت، ئەو خوایەکی بالاّ دەست و دانا و کار بەجێیە.

(نابلسی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەگەر لە دروستکراوەکان

(١) سورة آل عمران، آية (١٨).

خوا یەکێك هەبوایە بەرێزترو شایەنتر و لە پێشتر لە زانایان، ئەوە خوا کۆی دەکردنەوە لەگەڵ ناوی خۆی و فریشتەکان، کەواتە دیارە زانایان و زانست خوازان لە هەموو کەس چاکتر و شیاوترن بۆیە خوا لەگەڵ ناوی خۆی کۆکردونەتەوە[1].

خوا دەفەرموێ: ﴿يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾[2].

واتا: خوای پەروەردگار پایەی ئەو کەسانەی بەرز دەکاتەوە لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە، ئەوانەی زانستیان پێ بەخشراوە پلە و پایەیان بەرز دەکاتەوە، خواش ئاگاداری بەوەی ئەنجامی دەدەن.

لەم ئایەتەدا ئەمە ڕوون دەبێتەوە پلە و پایە و ڕێزداری لەلای خوای پەروەردگار بە زانست و زانیاری و باوەڕە، نەك بە دانیشت لەسەرەوەی کۆڕ و کۆبونەوەکان، (عبدالله کوڕی مەسعود) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: لەم ئایەتەدا خوا مەدحی زانایان دەکات، ئەگەر کار بە زانستەکەیان بکەن[3].

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ: (وإنَّ فَضلُ العالِمِ عَلَى العابِدِ كفَضلِ القَمَرِ عَلى سائرِ النُّجومِ لَيلَةَ البَدرِ علَى سائِرِ الكَواكبِ)[4].

واتا: ڕێز و گەورەیی زانا بەسەر خواپەرستی نەزاندا وەکو ڕێز و گەورەیی مانگی چواردە بەسەر هەموو ئەستێرەکانی تردا وایە.

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: ڕووناکی ئەستێرەکان تەنها سودیان بۆ خۆیانە، هەروەها خواپەرستی بەندە نەزانەکانیش تەنها بۆ خۆیانە، بەڵام چۆن مانگی

---

(١) تفسير النابلسي، لمحمد راتب النابلسي (٣٩/٢).
(٢) سورة المجادلة، آية (١١).
(٣) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٢٤٦/٩).
(٤) رواه أبو داود (٣٦٤١) والترمذي (٢٦٨٢) وابن ماجة (٢٢٣).

چواردە ڕوناکی هەیە بۆ هەموو ڕووی زەوی، ئاواش زانایانی باوەڕدار سودیان هەیە بۆ خەڵکی سەر زەوی.

خوا دەفەرموێ:﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾ [1].

واتا بەڕاستی لەناو بەندەکانی خوا تەنیا زانایان (وەک پێویست) لە خوا دەترسن.

کەواتە ئەو باوەڕدارانەی زانان و زانستن و زانیاریان زیاتر هەیە دەربارەی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا و زیاتر خواناس و شارەزان لە قورئان و سوننەت ئەوان زیاتر لە خوا دەترسن و چاکتر خوا دەپەرستن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (طَلَبُ العِلْمِ فَرِيضَةٌ على كُلِّ مُسلِمٍ)[2].

واتا: بەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەربارەی ئایینی ئیسلام (فرض) و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پێگەیشتو. ئەو زانستەی لەسەر هەموو موسڵمانێکی پێگەیشتوو (فرض) و پێویستە، ئەوەیە بزانیت چۆن خوا بپەرستێت و چۆن نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج ئەنجام بدات، و چۆن خۆی لە گوناهە گەورەکان بپارێزێت و چۆن ئیمان و باوەڕی تەواو دەبێت، ئەمە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە، زانینی زانستەکانی تر (فرض الكفاية)یە.

واتا: ئەگەر هەندێك کەسی زانا ئەم زانستە (فرض الكفاية) بزانن و بڵاوی بکەنەوە، پێویستیەکە جێبەجێ دەبێت، (شافعی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بەسوود چاکتر و خێرترە لە ئەنجامدانی نوێژی سوننەت و خواپەرستیە سوننەتەکان[3].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَبْتَغِي بِهِ عِلْماً سَلَكَ اللهُ لَهُ

---

(١) سورة فاطر، آية (٢٨).

(٢) رواه إبن ماجة (٢٢٣) والبزار (٦٧٤٦) صحيح.

(٣) رواه البيهقي في المدخل (٤٧٤) وأبو نعيم في حلية الأولياء (١١٩/٩).

طَرِيقاً إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضًى لِطَالِبِ العِلْمِ بِمَا يَصْنَعُ، وَإِنَّ العَالِمِ لَيَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ حَتَّى الْحِيتَانُ فِي المَاءِ)[1].

واتا: هەر موسڵمانێك ڕێگای بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بەسوود بگرێتەبەر، مەبەستی لەم زانست بەدەستهێنانە خوا بێت، ئەوا خوا ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، بێگومان فریشتەکانی خوا باڵەکانیان ڕادەخەن بۆ ئەوەی بەسەریدا بڕۆن، ئەمەش بە هۆی ڕێز و پایەی ئەوانەی خەریکی زانست بەدەستهێنانن، بەڕاستی ئەوەی زانان و کار بە زانستەکەیان دەکەن، ئەوەی لە ئاسمانەکانن و ئەوەی لە زەویدان هەتا ماسی و نەهەنگەکانی ناو ئاو و دەریاکان داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن، لە خوا دەپارێنەوە بۆ ئەوەی زانستخوازان پایەدار بکات.

خوا دەفەرموێ:﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾[2].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ ئایا ئەوانەی کە دەزانن و شارەزان دەربارەی خوا و ئاینیان وەکو ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزایان نیە؟ بەڕاستی خاوەن هۆش و ژیرەکان تێدەگەن و ئامۆژگاری وەردەگرن.

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: سعاتێك لە کۆڕی زانستدا دانیشم بۆ ئەوەی شارەزا بم لە ئاینی خوا پێم خۆشترە لەوەی ڕۆژێك بەڕۆژوو ببم، شەوێك زیندو بکەمەوە بە شەو نوێژ و خواپەرستی[3].

---

(١) رواه الترمذي (٢٦٨٢) وابن ماجة (٢٢٣) وأبو داود (٣٦٤١).

(٢) سورة الزمر، آية (٩).

(٣) رواه البيهقي، المدخل (٤٦١).

لە (عبدالله کوڕی مبارك) یان پرسی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەگەر پێیان گوتی تەنها یەك ڕۆژ تەمەنت ماوە چی ئەنجام دەدەیت؟ گوتی خەڵکی فێری زانست و زانیاری دەکەم[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (من يُرِدِ اللهُ به خيرًا يُفَقِّهْهُ في الدِّينِ)[2].

واتا هەر موسڵمانێك خوا بیەوێ چاکە و خێر و بەرەکەتی پێ ببەخشێت شارەز و زانای دەکات لە ئاین و شەرعی خوا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن علَّمَ عِلمًا فلَه أجرُ من عَمِلَ بِه لا ينقُصُ من أجْرِ العامِلِ)[3].

واتا: هەر کەسێك زانست و زانیارێك فێری کەسێك بکات، ئەوەی بە خۆی دەیزانی خەڵکی فێر بکات، زانستەکە کەم بێت یان زۆر بێت بەو مەرجەی زانستێکی بەسود بێت، ئەوە پاداشتی وەکو ئەو کەسە وایە کە کار بە زانستەکەی ئەو دەکات، بێ ئەوەی هیچ پاداشتێك کەم ببێتەوە لەو کەسەی کاری پێ دەکات، پاداشتی ئەویان بەهۆی فێرکردن و پاداشتی ئەویان بەهۆی کارپێکردن.

عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (زانست چاکترە لە ماڵ و سامان، زانست پاسەوانیت دەکات، بەڵام دەبێ تۆ پاسەوانی ماڵ و سامان بکەیت، ماڵ و سامان بەخەرجکردن کەم دەبێت، بەڵام زانست بە بەخشین زیادە دەکات[4].

عمر کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر دەتوانی ببە بە زانا، ئەگەر نەتتوانی خۆت فێرە زانست و زانیاری بکە، ئەگەر نەتتوانی زانا و زانست

(١) هەمان سەرچاوە (٤٧٣).
(٢) رواه البخاري (٧١) ومسلم (١٠٣٦).
(٣) رواه إبن ماجة (٢٤٠) والطبراني (٤٤٦) والبغوي (٢١١٢).
(٤) إحياء علوم الدين، للغزالي (١/١٧ - ١٨).

خوازانت خۆش بوێت، ئەگەر نەتتوانی ڕقت لە زانا و زانست خوازان نەبێتەوە[1].

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: هیچ کەس بە زانایی لە دایك نەبووە، بەڵکو زانست و زانیاری بەخۆ فێرکردن و هەوڵدانە[2].

عەلی کوڕی ئەبی تالێب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: کەسی نەزان و نەفام گەورەو ڕێزدار نییە، ئەگەر تەمەنیشی زۆر بێت، وەکەسی زانا و تێگەیشتوو گەورە و ڕێزدارە ئەگەر بە تەمەن بچوکیش بێت[3].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ خَرجَ فِي طَلَبِ العِلمِ كانَ فِي سَبيلِ اللهِ حتّى يَرْجِعَ)[4].

واتا: هەر موسڵمانێك دەرچێت لە ماڵەکەی یان لە شار و وڵاتەکەی بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری شەرعی و بەسود، وەکو ئەو موسڵمانە وایە لە جیهاد و تێکۆشان دایە لە پێناوی خوا، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ الْعُلَمَاءَ هُمْ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلا دِرْهَمًا إِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍ وَافِرٍ)[5].

واتا: بێگومان زانایانی ڕاستەقینە (ئەوانەن کار بە زانستەکەیان دەکەن) میراتگرانی پێغەمبەرانن، پێغەمبەران هیچ ماڵ و سامان و پارە و زێڕ و زیویان لە دوای خۆیان جێنەهێشتووە بە میرات، بەڵکو زانست و زانیاری شەرعی و بەسوودیان جێهێشتووە بە میرات، جا هەر موسڵمانێك ئەم زانست و زانیارییە وەربگرێ و بەدەستی بهێنێت و کاری پێ بکات و خەڵکیش فێر بکات، ئەوە بەشێکی تەواوی لە میراتی پێغەمبەران دەستکەوتووە کە لە هەموو میراتێك باشترە.

---

(١) جامع بيان العلم وفضله، لإبن عبدالبر (١/٣٥).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (١/٨).
(٣) كنز الفوائد، لأبي الفتح الكراجكي (١/٣١٨).
(٤) رواه الترمذي (٢٦٤٧) والضياء المقدسي (٢١١٩).
(٥) رواه أبو داود (٣٦٤١) والترمذي (٢٦٨٢) وأحمد (٢١٧١٥).

سفیان کوڕی عیێینە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە هەموو کەس پلە و پایە بەرزتر ئەوانەن کە لە نێوان خوا و بەندەکانی خوادان، ئەوانیش پێغەمبەران و زانایانن[1].

هەندێك لە سیفەت و ئادابەکانی زانستخوازان (طالب العلم):

١-مەبەستی لە زانست بە دەستهێنانە کە لە پێناوی خوا بێت و کار بە زانستەکە بکات و بلاوی بکاتەوە.

٢-پێویستە خۆی دوور بکاتەوە لەو شتانەی سەرقاڵی دەکات بە دونیا و بێ ئاگای دەکات لە زانست، بۆیە پێشینە چاکەکان زانستیان بە پێش هەموو شتێك دەخست.

٣-زۆر ڕێزی مامۆستاکەی بگرێت و خۆی بە بچووك بزانێت بەرامبەری و گوێڕاگری ئامۆژگارییەکانی بکات.

٤-لەلای مامۆستای خواناس و لەخواترس و پارێزکار و شارەزا وانەکانی بخوێنێت و بەهرەمەند بێت.

٥-قوتابی زانستخواز پێویستە خۆی لە هەموو گوناح و هەڵەو خواردنو خواردنەوەی حەرام و کاری نابەجێ بپارێزێت بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لە زانستەکەی.

٦-زۆر خۆی ماندوو بکات بۆ بەدەستهێنانی زانستی بەسود، چونکە پەیداکردنی زانست پێویستی بە هەوڵدان و شەونخونی و ماندووبوون هەیە.

٧-دەبێ کات و ساتەکانی بپارێزێت و نەهێڵێت لە دەستی دەرچێت بە فیڕۆ بڕوات، چونکە کات زۆر گرنگە و سەرمایەی مرۆڤە.

٨-پێویستە قوتابی زانست خواز زۆر ڕەوشت بەرز و هەڵسوکەوت جوان بێت، چونکە مەبەست لە فێربوونی زانست هەبوونی بیروباوەڕێکی ڕاست ڕەوشتێکی جوان و پەسەند[2].

---

(١) صفة الصفوة، لابن الجوزي (١/٤٢٥).

(٢) منهاج الصالحين في الآداب الإسلامية، لمحمد بحيري (٩٦).

قتادە کوڕی دعامە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: هەر موسڵمانێك بابەتێکی زانست و زانیاری بەسوود فێر بێت و کاری پێ بکات و خۆی پێ چاك و ڕاست بکاتەوە و خەڵکیش لە دوای خۆی چاك و ڕاست بکات، باشترە لە ئەنجامدانی خواپەرستی سوننەتی سالێکی[1].

معاذ کورِي جبل (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: خۆتان فێری زانست و زانیاری بەسوود بکەن، بەڕاستی فێربوونی زانست وزانیاری لەخوا ترسانە، بەدەستهێنانی خواپەرستیە، دەورکردنەوەو پێداچوونەوەی تەسبیحات و یادکردنی خوایە، لێکۆڵینەوە تێیدا جیهاد و تێکۆشانە، فێرکردنی خەڵکی خێر و چاکەیە، درێغی نەکردن لە بەخشینی بەداواکارانی نزیك بوونەوەیە لە خوا[2].

گەورەیی تەمەن ڕێگر نییە لە فێربوون و بەدەستهێنانی زانست، چونکە زۆر لە هاوەڵ و پێشینە چاکەکان تەمەندار بوون لەگەڵ ئەوەشدا فێری زانستێکی چاك بوون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عنْه عَمَلُهُ إِلاّ مِن ثَلاثَةٍ: إِلاّ مِن صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو له)[3].

واتا: ئەگەر ئادەمیزاد مرد پاداشتی هیچ کردەوەیەکی پێ ناگات تەنها سێ شت پاداشتی پێ دەگات و سودەکەی لێ ناپچڕێت:

١-خێر و چاکەیێکی کردبێ سودەکەی بەردەوام بێت، وەك دروستکردنی مزگەوتێك یان چاندنی دارێك.

٢-زانستێکی بەسودی لە دوای خوای جێهێشتبێت یان زانستێکی بەسودی فێری خەڵکی کردبێت یان کتێبێکی بەسودی نوسی بێت یان چاپ کردبێت.

٣-منداڵێکی پەروەردە کردبێت لەسەر ئیمان و کردەوەی چاك و ڕەوشتی جوان ئەم منداڵە چاکە نزای خێری بۆ بکات لە دوای مردنی.

---

(١) شرح السنة، للبغوي (٢٧٩/١).

(٢) جامع البيان وفضله، لإبن عبدالبر (٥٥/١).

(٣) رواه مسلم (١٦٣١) وإبن تيمية في مجموع الفتاوى (١٩١).

-لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە: مرۆڤ ئەگەر مرد لە کردەوەی چاک بێ بەش دەبێت تەنها لەم سێ ڕێگایانەی باسمان کردن، بۆیە پێویستە هەموو موسڵمانێك زۆر گرنگی بەم سێ کارانەی باسمان کردن بدات، بۆ ئەوەی لە دوای مردنیشی خێر و چاکەی پێ بگات، ئەم سێ کارانەش زۆر زەحمەت و ئەستەم نین لە ئەنجامدانیان، ئەگەر هەرسێکیشمان پێ ئەنجام نەدرا، لای کەم دەتوانین یەکێکیان ئەنجام بدەین.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ)کۆتایی دەهێنم کە دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مَنْ قَلْبٍ لاَ يَخْشَعُ، وَمِنْ دُعَاءٍ لاَ يُسْمَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لاَ تَشْبَعُ، ومِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ، أعُوذُ بِكَ مَنْ هؤلاءِ الأرْبَع)[1].

واتا: ئەی خوای پەروەردگار من پەنا ئەبەمە بەر تۆ من بپارێزە لە دڵێك ملکەچی فەرمانەکانی تۆ نەبێت، لە نزایەك گیرا نەبێت، لە دەروونێك کە تێر نەبێت، لەزانستێك سودی نەبێت، خوایە پەنا ئەمەبە بەر تۆ لەم چوار شتانە بمپارێزە.

---

(١) رواه الترمذي (٣٤٨٢) وأبو داود (١٥٤٨) والنسائي (٥٤٥٧) وأحمد (٦٥٢١) وابن ماجة (٢٥٠) والحاكم (٣٥٤).

گرنگی کات - سوود وەرگرتن لە کات
(أهمية الوقت)

کات: زۆر گرنگ و بە نرخە بۆ هەموو مرۆڤەکان، چونکە هەموو ژیانی مرۆڤ بریتییە لە کات، کەواتە یەکێك لە شتە گرنگەکان و پێویستیەکانی مرۆڤ سوود وەرگرتنە لە کات، چونکە هەموو تەمەن پێکهاتووە لە کات، بۆیە خوای پەروەردگار کاتی داوەتە هەموو کەسێك، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کاتی بەفیڕۆ نەدات بەڵکو بە کردەوەی بەسوود و چاك بە کاری بهێنێ، چونکە هەر کەسێك کات بەفیڕۆ بدات ئەوە تەمەن و ژیانی خۆی بەفیڕۆ دەدات.

پێویستە ئەوە بزانین نهێنی ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە ژیانی دونیاو دواڕۆژیان ئەوانەن کە سوودیان لە کات وەرگرتووەو کاتی خۆیان دابەشکردووە و ڕێکخستووە و نەیانهێشتووە کاتیان بەفیڕۆ بڕوات، زانیویانە ئەگەر کات ڕۆیشت ناگەڕێتەوە.

ئاینی ئیسلام زۆر گرنگی و بایەخی بە کات داوە، زۆر هانی مرۆڤەکان دەدات گرنگی بە کات بدەن، هەروەك خوا لە قورئاندا و پێغەمبەریش (ﷺ) لە فەرمودەکانیدا دوامان لێدەکەن گرنگی بە کات بدەین و بەفیڕۆی نەدەین، لەبەر گرنگی کاتت خوای پەروەردگار لە قورئاندا لە چەند ئایەتێدا سوێند بە کات دەخوات.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلْفَجْرِ ۝١ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ۝٢﴾[1].

واتا: سوێند بە بەرەبەیان، سوێند بە دە شەوی سەرەتای مانگی (ذي الحجة) کە کاتی ئەنجامدانی حەجە.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ۝١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ۝٢﴾[2].

واتا: سوێند بە شەو کاتێک کە زەوی دادەپۆشێ، بە ڕۆژ کاتێ کە ڕوناک دەبێتەوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢﴾[3].

واتا: سوێند بە چێشتەنگاو، سوێند بە شەو کاتێک کە ئارام دەگرێ، واتا بزرنگێتەوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣﴾[4].

واتا: سوێند بە کات (سوێند بە زەمانە، سوێند بە کاتی عەسر) بەڕاستی ئادەمیزاد لە زیان و زەرەرمەندیدایە، بێجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئامۆژگاری یەکتریان کردووە کە هەمیشە پابەندی حق بن، کە بەردەوام خۆڕاگرو ئارامگریش بن.

(١) سورة الفجر، آية (١-٢).
(٢) سورة الليل، آية (١-٢).
(٣) سورة الضحى، آية (١-٢).
(٤) سورة العصر، آية (١-٣).

خوا دەفەرموێ : ﴿ وَٱلصُّبۡحِ إِذَآ أَسۡفَرَ ﴾ [1].

واتا: سوێند بە بەرەبەریان کە ڕوون دەبێتەوە.

سوێند خواردنی خوا بەم کاتانە نیشانەی ئەوەیە کە کات زۆر گرنگ و بە نرخە، چونکە خوا تەنها سوێند بە شتە گرنگەکان دەخوات، بۆیە پێویستە ئێمەش زۆر گرنگی بە کات بدەین و لەکاری بە سوود بەکاری بهێنین.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهُما كثِيرُ مِن النَّاسِ: الصِّحَّةُ والفَراغ)[2].

واتا: دوو ناز و نیعمەی زۆر گەورە و گرنگ هەن: زۆربەی خەڵکی تێیاندا زەرەرمەند و هەڵخەڵەتاون، چونکە قەدر و ڕێزی ئەو دوو نیعمەتانە ناگرن و سودیان لێ وەرناگرن بۆ ژیانی دونیا و دوارۆژیان، نیعمەتی یەکەم: تەندروستی و جەستەی ساغ. دووەم: کاتی بێ ئیشی و دەستبەتاڵی.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە: زۆر گرنگی بەو دوو نیعمەتانە بدەین، لە کاتی تەندروست و جەستە ساغین زۆر کردەوەی چاك و بەسود ئەنجام بدەین پێش ئەوەی نەخۆش بکەوین و کاری چاك و بەخێرمان پێ ئەنجام نەدرێت، کاتی بێ ئیش و دەست بە تاڵێن زۆر کردەوەی چاك و بەسوود ئەنجام بدەین، چونکە هەندێ کات سەرقاڵێن و دەرفەت و ماوەمان نییە بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی چاك و بەسود، پێویستە کات و تەمەنی خۆمان بە فیڕۆ نەدەین چونکە کات و تەمەن قەرەبوو نابنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (اغْتَنِمْ خَمْسًا قبلَ خَمْسٍ: شَبابَكَ قبلَ هِرَمِكَ،

---

(١) سورة المدثر، آية (٣٤).

(٢) رواه البخاري (٦٤١٢) والترمذي (٢٣٠٤).

وصِحَّتَكَ قبلَ سَقَمِكَ، وغِناكَ قبلَ فَقْرِكَ، وفَرَاغَكَ قبلَ شُغْلِكَ، وحَياتَكَ قبلَ مَوْتِكَ)[1].

واتا: پێنج شتان بە دەسکەوت و هەل و دەرفەت بزانە و لە کار و کردەوەی چاك و بەسود بەکاریان بهێنە پێش ئەوەی پێنج شتت بەسەردا بێت).

یەکەم: کاتی گەنجایەتیت بە هەل و دەرفەت بزانە و کاری چاکی تێدا ئەنجام بدە پێش ئەوەی پیر و بەسالاّ بچی.

دووەم: کاتی تەندروستی و جەستەت ساغە زۆر کردەوەی چاك ئەنجام بدە پێش ئەوەی نەخۆش و پەککەوتە بیت و نەتوانی کاری چاك و بەسوود ئەنجام بدەیت.

سێیەم: کاتی دەوڵەمەند و خاوەن مالّ وسامانی زۆر خێر و چاکە و بەخشین ئەنجام بدە پێش ئەوەی هەژار و دەستکورت بیت و سامانەکەت لە دەست بڕوات.

چوارەم: کاتی بێ ئیشی و دەست بەتالّی بە هەل و دەرفەتی بزانە بۆ کردەوەی خێر و چاکە پێش ئەوەی سەرقالّ بیت و درەفەتی ئەنجامدانی کاری چاکت نەبێت.

پێنجەم: کات و تەمەنی ژیانی دونیات بە دەرفەت بزانە بۆ ئەنجامدانی خواپەرستی و کردەوەی چاك پێش ئەوەی مردن بتگاتێ و لەکاری چاك بتپچڕێنێت.

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەلّێ: (ژیانی دونیا سێ ڕۆژە، دوێنێ ڕۆیشت لە دەستمان چوو، سبەی لەوانەیە پێی نەگەین، ئێمڕۆ هی تۆیە لەبەر دەستت دایە کردەوەی باشی تێدا ئەنجام بدە)[2].

گوتراوە: کات ئەو کانزایە بەکار نەهاتووەیە دەتوانی هەموو شتێکی لێ دروست بکەیت و بۆ هەموو کارێك بەکاری بهێنی.

---

(١) رواه الحاكم (٧٨٤٦) والبيهقي في شعب الإيمان (١٠٢٤٨).
(٢) الزهد الكبير، للبيهقي (١٩١).

إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بەفێڕۆ دانی کات لە مردن سەختترە، چونکە بە فێڕۆدانی کات دەتپەڕێنێت لە خوا و دواڕۆژ، بەڵام مردن لە دونیا دەتپەڕێنێت[1].

کات چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ئەمانەن:

١-کات خێرا دەڕوات و پشوو نادات و بەردەوامە لە ڕۆیشتن.

٢-چاوەڕوانی کەس ناکات و ڕاوەستانی بۆ نیە.

٣-کات ئەگەر ڕۆیشت جارێکی تر ناگەڕێتەوە.

٤-کات عەمبار و پاشەکەوت ناکرێت و لە دەست دەچێت.

٥-کات لە هەموو شتێك بە نرختر لە دونیادا.

٦-هیچ شتێك ئەنجام نادرێت بەبێ کات.

دکتۆر یوسف قەرەزاوی (ڕەحمەتی خوا لێ بێت) دەڵێ: تەمەنی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەوە ساڵانە نییە کە بەسەری بردوە لە ڕۆژی لە دایکبوونی هەتا ڕۆژی مردنی، بەڵکو تەمەنی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەوەندەیە کە بۆی نوسراوە لەلای خوا لە کار و کردەوە چاك و باشەکانی[2].

یحیی کوڕی معاذ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: کاتەکانی شەو درێژن کورتیان مەکەوە بە نوستن، ئاینی ئیسلام پاکە پیسی مەکە بە گوناح و کاری خراپت[3].

أبوبکر الصدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) لە کاتی سەرمەرگدا ناردی بە دوای (عومەری کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت: پێی فەرموو من وەسیەتت دەکەم و ڕاتدەسپێرم: خوای پەروەردگار هەندێك حەق و مافی هەیە لەسەر بەندەکانی دەبێ بە

(١) الفوائد، لإبن القيم الجوزية (٤٤).
(٢) الوقت في حياة المسلم، للدكتور يوسف القرضاوي (٥٥).
(٣) لَطائِف المعارف، لإبن رجب الحنبلي (٣٢٧).

شەو ئەنجامی بدەن ئەگەر بە ڕۆژ ئەنجامی بدەن لێیان قەبوڵ ناکات، هەندێك حەق و مافی هەیە لەسەر بەندەکانی دەبێ بە ڕۆژ ئەنجامی بدەن ئەگەر بە شەو ئەنجام بدەن لێیان قەبوڵ ناکات و لێیان وەرناگرێت، خوا خێر و کردەوە سونەتەکان قەبوڵ ناکات هەتا کردەوە فەرز و واجبەکان ئەنجام نەدەن[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لا تزولُ قدَما عبدٍ يومَ القيامةِ حتَّى يسألَ عن عمرِهِ فيما أفناهُ، وعن عِلمِهِ فيمَ فعلَ، وعن مالِهِ من أينَ اكتسبَهُ وفيمَ أنفقَهُ، وعن جسمِهِ فيمَ أبلاهُ)[2].

واتا: هیچ بەندەیەك پێیەکانی لە جێگای خۆی ناگوازێتەوە لە ڕۆژی دواییدا نەبەرەو بەهەشت و نە بەرەو دۆزەخ هەتا چوار پرسیاری لێ نەکرێت:

یەکەم: پرسیاری لێ دەکرێ لە تەمەنەکەی لە چیدا خەرجی کرد، لە خواپەرستی یان لە بێ فەرمانی خوا خەرجی کرد.

دووەم: ئەو زانست و زانیارییەی دەیزانی کاری بە زانستەکەی کرد.

سێیەم:، ئەو مالّ و سامانەی هەیبوو چۆنی دەسکەوتبوو لە ڕێگەی حەلاّلّ یان بەحەڕام دەستی کەوتبوو، ئەو مالّ و سامانەی لە چیدا خەرج کرد لە (حەلاّلّ یان لەحەڕام) خەرجی کرد.

چوارەم: جەستە و لاشەی بۆچی بەکاریهێنا، بۆ خواپەرستی بەکاری هێنا یان بۆ بێ فەرمانی خوا.

شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) شەوەکانی کردبووە سێ بەش، لەبەشێکدا نووسینی دەکرد، لەبەشێکدا دەخەوت لەبەشێکدا شەونوێژی دەکرد[3].

---

(١) مختصر منهاج القاصدين، لإبن قدامة المقدسي (٣٧٠)

(٢) رواه الترمذي (٢٤١٧) والدارمي (٥٣٧).

(٣) مناقب الشافعي، للبيهقي (١/٢٤٢).

ئەوە کارەکانی (شافعی) بوو لە شەودا، دەبێ لە ڕۆژدا چ کردەوە و خواپەرستی و زانست فێرکردنی ئەنجام دابێت.

ئەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەمەنی (٤٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەم تەمەنە کورتەدا توانی زانست و زانیارێکی زۆر بە دەست بهێنێ و چەندەها کتیب بنوسێت لە جۆرەها زانستدا، ببێتە زانا و پێشەوایێکی ناودار و بەناوبانگ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی هیچ کاتێکی خۆی بە فێڕۆ نەدەدا، (إبن عطار) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (نووی) ڕۆژانە (١٢) وانەی جیاوازی لەلای مامۆستاکانی دەخوێند، شەو و ڕۆژ خەریکی بەدەستهێنانی زانست بوو، بە زۆری بە دانیشتنەوە دەخەوت، لە کاتی ڕۆیشتنیدا لە ڕێگادا وانەکانی دەور و دوبارە دەکردەوە، هەموو کاتی خۆی ڕێکخستبوو، یان دەچوو بۆ بەدەستهێنانی زانست، یان خەریکی دەورو لەبەرکردنی وانەکانی بوو، یان خەریکی خواپەرستی بوو، یان خەریکی نوسین و دانانی کتێب بوو (نەوەوی) هیچ کاتی خۆی بەفێڕۆ نەداوە نە بەشەو نەبە ڕۆژ بۆیە ئەم کەلە پیاوە ناودارەی لێ دەرچوو[1].

کەسانی زانا و دانا و تێگەیشتوو لە کاتەکەیاندا سوود و دەستکەوت بەدەست دەهێنن، کەسانی نەزان و نەفام کاتەکانیان بە شتی بێ سوود دەکوژن و بەفیڕۆی دەدەن.

چەند ئامۆژگاریەك بۆ ڕێکخستن و سود وەرگرتن لە کات:

١-بەیانیان زوو لەخەو هەستان کاتێکی زۆر گرنگە.

٢-دانانی خشتەیەکی پوخت و ڕێك بۆ کات و کارەکانت.

٣-هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ هەر کار و خواپەرستیەك.

٤-ئەنجامدانی کارە گرنگ و پێویستەکان پێش کارەکانی تر.

---

(١) تحفة الطالبين، لإبن العطار (٤٦-٤٩).

٥-نوسینی تێبینیە ڕۆژانەکانت لە دەفتەرێك بۆ ئەوەی لەبیرت نەچێت و پاشان ئەنجامی بدەیت.

٦-دیاریکردنی کاتێکی تایبەت بۆ پشوو و حەوانەوە.

٧-خۆپاراستن لە زۆر نوستن و زۆر خواردن و زۆر بەکارهێنانی مۆبایل و تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری پەیوەندی.

٨-تەماشاکردنی کاتژمێر ناوە ناوە بۆ زانین و ئاگادار بوونت لە کات و کارەکانت.

٩-متمانە و بڕوات بە خۆت هەبێ کە سەرکەوتوو دەبیت بۆ گەیشتنت بە ئامانجەکەت، ئەگەر بەردەوام بیت و کاتت بە فیڕۆ نەدەیت.

عەلی کوڕی ئەبی تالێب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: هەر کەسێك ڕۆژێك لە تەمەنی بەسەربردبێ ئەم ڕۆژەی لە حەق و ڕاستیدا خرج نەکردبێ، یان کارێکی پێویستی (فەرز) تێدا ئەنجام نەدابێ یان سەربەرزییەکی تێدا تۆمار نەکردبێ، یان سوپاسی خوای تێدا نەکردبێ لەسەر ئەوەی دەستی کەوتووە، یان کارێکی خێر و چاکەی تێدا جێبەجێ نەکردبێ، یان زانست و زانیارێکی تێدا بە دەست نەهێنابی، ئەو کەسە ئێش و ئازاری بە ڕۆژەکە گەیاندوە و جەور و ستەمی لەخۆی کردوە[1].

لە (صحف إبراهیم)دا هاتووە: کەسی هۆشمەند و زانا و دانا، دەبێ ڕۆژانە سێ کاتی هەبێ: کاتێك بۆ دوعا و داواکردن لە خوای پەروەردگاری، کاتێك بۆ لۆمە و لێپرسینەوە لە نەفسی خۆی، بیر بکاتەوە لە ناز و نیعمەتەکانی خوا بەسەریدا، کاتێك بۆ پێویستیەکانی ژیانی لە کارکردن و پشوودان و خواردن و خواردنەوە[2].

-عبدالله کوڕی مسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پەشیمان نیم لە هیچ شتێك وەکو پەشیمانیم لە ڕۆژێك خۆری تێدا ئاوا بووبێت و تەمەنم تێدا کورد بوو بێت و

(١) موسوعة الأخلاق الإسلامية، لِسعد يوسف (٣١٩/٢).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٢٨٠/١٠).

کردەوەیەکی چاکم تێیدا ئەنجام نەدابێت[1].

-کۆتایی بە شیعری (أحمد شوقی) دێنم:

دَقاتُ قلبِ المَرءِ قائِـــــلة لهُ إن الحياةَ دقائقٌ وثَوانـي

فأرفع لِنَفسِكَ بعدَ موتِك ذكرها فَالذِكرُ للإنْسانِ عُمرٌ ثاني

واتا

لێـــدانی دڵـــی مرۆڤـــ بـــه مرۆڤـــ دەڵێـــت
بێگومـــان ژیـــانی دونیـــا چـــەند خولـــەك و چـــرکەێکە
نـــاوی خـــۆت بـــه بـــەرزی بهێڵـــەوە لـــەپاش مردنـــت
چونکە بەرز هێشتنەوەی ناو بۆ مرۆڤـ تەمـەنی دووەمـە.

بەڕێزان....

زۆر کاتمان لە کیس چووە لە ژیانمدا، با هەوڵ بدەین ئەوەندەی تەمـەنمان مـاوە بـا کات بەفیڕۆ نەدەین، لەکاری چاکو سوود خەرجی بکەین، بۆ ئەوەی سەربەرزی دونیاو دوا ڕۆژ بۆ خۆمان تۆمار بکەین.

(١) سير اعلام النُبلاء، للذهبي (٤٤٧/٤).

چاکە کردن لەگەڵ دایک و باوک
(برّ الوالدين)

چاکە لەگەڵ دایك و باوك: واتا ڕێزگرتنیان و چاکە لەگەڵ کردنیـان و بەسـۆز و میهرەبان بیت لەگەڵیان و نەرمو نیان بێت لەگەڵیان و چـاودێری کردنیـان ، جێبـەجێ کردنـی پێویسـتیەکانیان و نـەکردنی هـیچ ڕەفتـار و کردەوەیـەکی خـراپ و ناشـیاو لەگەڵیان و ڕێز و چاکەکردن لەگەڵ دۆست و برادەرەکانیان لە دوای مردنیان[1].

-لەبەر گرنگی مافی دایك و باوك، لە قورئان و فەرمودەکان زۆر جەخت لە چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك دەکەن.

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴾[2].

واتا: پەروەردگارت بڕیاری داوە هیچ شتێ نەپەرستن جگە لە ئەو، لەگەڵ دایـك و باوکتان چاکە بکەن، ئەگەر یـەکێکیان یـان هـەردووکیان لای تـۆ پـیر بـوون قسـەی ناخۆشیان لەگەڵ مەکە (تەنانەت) ئۆفیشیان لەبەرامبـەر مەکـە، هـەرگیز هاواریـان بەسەردا مەکەو پێیاندا هەڵمەشاخێ، بەردەوامیش قسەی نـەرم و شـیرین و جوانیـان لەگەڵدا بەکاربهێنە.

(١) بصائر ذوي التمييز، لفيروز آبادي (٢/٢١١).
(٢) سورة الإسراء، آية (٢٣).

لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار مافی دایك و باوکی لەگەڵ پەرستنی خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ڕێز و گەورەیی دایك و باوکە.

لە ئایەتێکی تردا خوا فەرمان دەکات و دەفەرموێ:﴿ أَنِ ٱشْكُرْ لِي وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَيَّ ٱلْمَصِيرُ ﴾[1].

واتا: خوا فەرمان بە مرۆڤ دەکات سوپاسگوزاری من (خوا) و دایك و باوکتان بکەن، دڵنیا بن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە.

لەم ئایەتەش خوا سوپاسگوزاری خۆی لەگەڵ سوپاسگوزاری دایك و باوکدا کۆکردۆتەوە، لەم دوو ئایەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە مافی دایك و باوك گەڵێك زۆرە بەسەر منداڵەکانیانەوە، دەبێ ئەوپەڕی چاکەیان لەگەڵدا بکەن، بە هیچ شێوەیەك نابێت ئازار بدرێن و دڵیان بڕەنجێنن.

عبدالله کوڕی عەببباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: سێ ئایەت دابەزیون پێکەوەو لێك جیاناکرێنەوە، هیچیان بەبێ ئەوی تریان قەبوڵ ناکرێت و وەرناگیرێت.

یەکەم: خوا دەفەرمووێ:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ ﴾[2].

واتا: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا و فەرمانەکانی پێغەمبەر بن.

مانای وایە ئەوەی گوێڕایەڵی خوا بکات بەڵام گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نەکات ئەوە لێی وەرناگیرێت.

---

(١) سورة لقمان، آية (١٤).

(٢) سورة محمد، آية (٣٣).

دووەم: خـــوا دەفـــەرموێ: ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴾[1].

واتا: نوێژەکانتان بە چاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بە تەواوی بدەن، لەگەڵ کڕنۆش بەراندا کڕنۆش بەرن واتا (لەگەڵ موسڵمان نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن).

مانای وایە ئەوەی نوێژ بکات بەڵام زەکات نەدات ئەوە لێی وەرناگیرێت.

سێیەم: خوا دەفەرموێ: ﴿أَنِ ٱشۡكُرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيۡكَ ﴾[2].

واتا: خوا فەرمان دەکات بە مرۆڤەکان سوپاسگوزاری مـن و دایـك و باوکتـان بکەن.

مانای وایە ئەوەی سوپاسگوزاری خوا بکات بەڵام سوپاسگوزاری دایـك و بـاوکی نەکات ئەوە لێی وەرناگیرێت[3].

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (رِضى اللهِ في رِضى الوالِدَينِ، وسَخَطُ اللَّـهِ في سَخَطِ الوالدينِ)[4].

واتا: ڕازیبوونی خوای پەروەردگار لە ڕازیبونی دایك و بـاوك دایـە، مانـای وایـە ئەگەر دایك و باوك لێت ڕازی نەبن خـواش لێـت ڕازی نابێـت، تووڕەبـوونی خـوا لـە تووڕەبوونی دایك و باوك دایە، مانای وایە ئەگەر دایك وباوکت ئازار و تووڕە کرد، ئەوە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوای پەروەردگار لێت.

چاکەکردن و گوێڕایەڵی و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی دایك و بـاوك دەبێـت لـە

(١) سورة البقرة، آية (٤٣).
(٢) سورة لقمان، آية (١٤).
(٣) الكبائر، للذهبي (١/ ٤٢).
(٤) رواه إبن حبان (٤٢٩) والبيهقي (٧٨٣٠).

چوارچێوەی شەرع و بەرنامەی خوا دابێت، ئەگەر دایك و باوك فەرمانی خراپەیان پێ کردیت نابێ گوێڕایەڵیان بکەیت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا طَاعَةَ في مَعْصِيَةِ الله، إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ) [1].

واتا: گوێڕایەڵی هیچ کەسێك ناکرێت ئەگەر بۆ خراپە و بێ فەرمانی خوا بوو، بەڵکو گوێڕایەڵی بۆ کاری چاك وباش دەبێ بکرێت.

عبدالله کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (سَأَلْتُ النبيّ (ﷺ) أيُّ العَمَلِ أحَبُّ إلى اللهِ؟ قالَ: الصّلاةُ علَى وقْتِها، قال:ثم أيٌّ؟ قال: ثُمّ برُّ الوالِدَيْنِ، ثُمّ أيّ؟ قالَ:الجِهَادُ في سَبيلِ اللهِ) [2].

واتا: (عبدالله ی کوڕی مەسعود) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد چ کار و کردەوەیەك خۆشەویسترە لەلای خوای پەروەردگار؟ فەرمووی نوێژکردن لە کاتی خۆیدا، دەڵێ گوتم پاش ئەمە چ کردەوەیەك؟ فەرمووی چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا کردن و خزمەتکردنیان، دەڵێ گوتم پاش ئەمە چ کردەوەیەك؟ فەرمووی جەنگ کردن و تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار.

لەم فەرموودەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە: لە دوای ئیمان و باوەڕ ئەم سێ کردەوانە لە هەموو کردەوەکان گەورەترن، گەورەترین خواپەرستی نوێژە کە مافی خوایە، لە دوای مافی خوا مافی دایك و باوکە دەبێ چاکەیان لەگەڵ بکرێت، ئینجا دەبێ موسڵمان تێکۆشان بکات بۆ بەرزڕاگرتنی ئاین و بەرنامەی خوای پەروەردگار.

أنس کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (أتَى رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: إنِّي أشْتَهِي الْجِهَادَ، وَإنِّي لا أَقْدِرُ عَلَيْهِ ، فَقَالَ: " هَلْ بَقِيَ أَحَدٌ مِنْ وَالِدَيْكَ ؟ "

(١) رواه مسلم (١٨٤٠) والنسائي (٤٢٠٧) وأبو داود (٢٦٢٥).
(٢) رواه البخاري (٥٢٧) ومسلم (٨٥).

قَالَ: أُمِّي قَالَ: " فَأَبْلِ اللَّهَ فِي بِرِّهَا، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ فَأَنْتَ حَاجٌّ وَمُعْتَمِرٌ وَمُجَاهِدٌ) [1].

ئەنەس کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی من زۆر حەزم لە جەنگ کردن و تێکۆشانە لە پێناو خوادا بەڵام توانام نیە ئەنجامی بدەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا یەکێك لە دایك و باوکت ماون؟ گوتی بەڵێ دایکم ماوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوا لە خۆت ڕازی بکە بە چاکە و خزمەتکردنی دایکت، ئەگەر چاکە و خزمەتی دایکت کرد، ئەوە تۆ حەجت ئەنجام داوە و عومرەت ئەنجام داوە و جەنگ و تێکۆشانت کردووە لە پێناوی خوادا.

کەواتە: ئەوانەی چاکە و خزمەت لەگەڵ دایك و باوکیان دەکەن پاداشتیان وەکو ئەو کەسانە وایە حەج و عومرە ئەنجام دەدەن و جیهاد و تێکۆشان دەکەن لە پێناوی خوادا.

عبدالله کوری عمر (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێ: (أَنَّ رجلاً أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فقالَ يا رسولَ اللَّهِ إِنِّي أصَبتُ ذنبًا عظيمًا فَهَل لي مِن تَوبةٍ قالَ هل لَكَ مِن أمٍّ ؟ قالَ: لا ، قالَ : هل لَكَ من خالةٍ ؟ قالَ: نعَم ، قالَ: فبِرَّها) [2].

واتا:عبدالله ی کوڕی عمر (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێ: بینیم پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا گوناهێکی گەورەم ئەنجام داوە، ئایا دەتوانم تۆبە بکەم، تۆبەم لێ قەبوڵ دەکرێت لەو کارە خراپەی کردومە زۆر پەشیمانم (داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد چ کردەوەیەکی چاك ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ببێتە کەفارەتی گوناحەکەی) پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئایا دایکت ماوە؟ گوتی

(١) رواه أبو يعلى (٢٧٦٠) والطبراني (٢٩١٥)
(٢) رواه الترمذي (١٩٠٤) وأحمد (٤٦٢٤).

نەخێر، فەرمووی پورت (خوشکی دایك) ماوە؟ گوتی بەڵێ، فەرمووی چاکە لەگەڵ پورت بکە و لەگەڵی بە سۆز و میهرەبان بە، ئەم چاکە کردنەت لەگەڵ پورت دەبێتە هۆی کەفارەتی گوناحەکەت، چونکە پور لە جێگای دایکە.

مانای وایە چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك و کەسە نزیکەکانت دەبێتە هۆی چاوپۆشی خوا لە کردەوە خراپەکانت، دەبێتە هۆی کەفارەتی گوناحەکانت.

(عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: (رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) بِالْجِعِرَّانَةِ، فَجَاءَتْهُ امْرَأَةٌ، وَأَنَا يَوْمَئِذٍ غُلامٌ، فَلَمَّا دَنَتْ مِنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ)، بَسَطَ لَهَا رِدَاءَهُ، فَجَلَسَتْ عَلَيْهِ "، فَقُلْتُ: مَنْ هَذِهِ؟ قَالُوا: هَذِهِ أُمُّهُ الَّتِي أَرْضَعَتْهُ)[1].

واتا: (باوکی توفەیل) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پێغەمبەرم دیت لە جەعرانە، شوێنێکە (٢٥) کم دوورە لە شاری مەککە، ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) من لەو کاتەدا هەرزەکار بووم، کاتێك ئافرەتەکە لە پێغەمبەر (ﷺ) نزیك بوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) جوبەکەی خۆی بۆ ڕاخست و ئافرەتەکە لەسەری دانیشت، گوتم ئەم ئافرەتە کێیە؟ گوتیان ئەمە دایکی شیری پێغەمبەرە (حەلیمە سەعدیە) بوو.

چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوکدا تەنها لە کاتی ژیانیاندا نیە، بەڵکو دەبێ پاش مردنیش چاکەیان لەگەڵ بکرێت، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانمان پێ دەکات.

(أبي أسيد الساعدي) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ (بَيناْ نَحْنُ جُلُوسُ عِنْدَ رسول الله (ﷺ) إِذْ جَاءَهُ رَجُلٌ مِنْ بَنِي سَلِمَة، فَقَال: يا رسول الله، هَل بَقِيَ مِنْ بِرِّ أَبَوَيَّ شَيءٌ أَبُرُّهُمَا بِهِ بَعدَ مَوتِهِما؟ فقال: «نَعَم، الصَّلاَةُ عَلَيهِما، والاسْتِغْفَارُ لَهُما،

(١) رواه أبو داود (٥١٤٤) والحاكم (١٦٤/٤).

وإِنْفَاذُ عَهدِهِمَا مِنْ بَعْدِهِمَا، وَصِلَةُ الرَّحِمِ الَّتِي لاَ تُوصَلُ إِلاَّ بِهِمَا، وإِكرَامُ صَدِيقِهِما) [1].

زاتا: (باوکی أسید الساعدی) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: (ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین، پیاوێك لە هۆزی (بەنی سەلمە) هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئایا دایك و باوکم هیچ چاکەیەکیان لەسەر من ماوە بۆیان ئەنجام بدەم لە دوای مردنیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ (دوعای خێریان بۆ بکە، داوای لێخۆشبوونیان لە خوا بۆ بکە، ڕاسپاردەو وەسیەتە شەرعییەکانیان بۆ جێبەجێ بکە، چاکە لەگەڵ خزمەکان بکە کە ئەوان هۆکاری خزمایەتیەکەن، چاکە و ڕێز لەگەڵ دۆستەکانیان ئەنجام بدە.

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە: چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا هەر لە کاتی ژیانیاندا نیە بەڵکو دەبێ لە دوای مردنیشیان چاکەیان لەگەڵ بکرێت و نابێ لەیاد بکرێن، چونکە هیچ کەسێك بە ئەندازەی دایك و باوك خەمخۆری منداڵەکانی نیە لە ژیانی دونیادا، بۆیە مافیان زۆرە بەسەر منداڵەکانیان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ثَلاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لاَ شَكَّ فِيهِنَّ: دَعْوَةُ المَظلومِ، وَدَعْوَةُ المسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الوَالِدِ عَلى وَلَدِهِ)[2].

واتا: سێ دوعا خوا گیرایان دەکات هیچ گومانی تێدا نیە.

یەکەم: دوعای ستەم لێکراو: ئەگەر ستەملێکراو دوعای لەو کەسە بکات کە ستەمی لێکردووە خوا دوعای گیرا دەکات.

دووەم: دوعای ڕێبوار: ئەو کەسی ڕێبوارە هەتا دەگەڕێتەوە ماڵەوە دوعای گیرایە، بەو مەرجەی گەشتەکەی شەرعی بێت.

---

(١) رواه أبو داود (٥١٤٢) وابن ماجة (٣٦٦٤).

(٢) رواه الترمذي (١٩٠٥) وابن ماجة (٣٨٦٢) .

سێیەم: دوعای باوك لەسەر منداڵەکانی، خوا دوعا باوك ڕەت ناکاتەوە، باسی دایك نەکراوە، چونکە دوعای دایك نزیکترە بۆ گیرابوون لە دوعای باوك.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَلا أُخْبِرُكُمْ بِأَكْبَرِ الكَبائِرِ؟ قالوا: بَلَى يا رَسولَ اللهِ، قالَ: الإشْراكُ باللهِ، وعُقُوقُ الوالِدَيْنِ. ﴿وفي روايةٍ﴾: وكانَ مُتَّكِئًا فَجَلَسَ، فقالَ: ألا وقَوْلُ الزُّورِ، فَما زالَ يُكَرِّرُها حتَّى قُلْنا: لَيْتَهُ سَكَتَ)[1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵەکانی فەرموو: ئایا هەواڵی گەورەترین گوناهتان پێ ڕابگەیێنم؟ فەرمویان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: شەریك و هاوەڵ بۆ خۆا بڕیاردان ، خراپە لەگەڵ دایك و باوکدا بکەیت، واتا مافی دایك و باوك نەدەیت، پێغەمبەر (ﷺ) پاڵکەوتبوو هەستایەوە و دانیشت لەبەر گرنگیو بۆ ئەوەی بزانن ئەم گوناهە زۆر گەورەیە، فەرمووی: ئاگادار بن قسەی ناڕەوا و نابەجێ نەکەن، قسەی ناڕەوا (درۆکردن، بوختان کردن، سوێند خواردن بە درۆ، شایەتی دان بە درۆ) بەردەوام پێغەمبەر دووبارەی دەکردەوە، هەتا هاوەڵەکان لە دڵی خۆیاندا گوتیان خۆزگە بێدەنگ دەبوو چیتر خۆی ئازار و ناڕەحەت نەکردبایە.

زانایان دەڵێن: دووبارەکردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نەکردنی قسەی ناڕەوا و نابەجێ بۆ ئەوە بوو خەڵك ئەم گوناهە بە بچووك دەزانن، بەڵام هاوبەشی دانان بۆ خوا و خراپە کردن لەگەڵ دایك و باوکدا بە گوناهێکی گەورە دەزانن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (كلُّ ذنوبٍ يؤخِرُ اللهُ منها ما شاءَ إلى يومِ القيامةِ إلاّ البَغيَ وعقوقَ الوالدَينِ، أو قطيعةَ الرَّحمِ، يُعجِلُ لصاحبِها في الدُّنيا قبلَ المَوتِ)[2].

واتا: هەموو گوناهێك خوا سزاکەی دوادەخات ئەوەی حەز بکات بۆ ڕۆژی

(١) رواه البخاري (٦٢٧٣) ومسلم (٨٧) والترمذي (١٩٠١).
(٢) رواه البخاري في (الأدب المفرد) (٥٩١). و احمد (٢٠٣٧٥) بمعناه

قیامەت، بەڵام هیچ گوناهێك شایەنتر و لەپێشتر نییە خوا سزاکەی پێش بیخات بۆ دونیا وەکو گوناهی ستەم کردن و خراپە لەگەڵ دایك و باوك کردندا، یان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئەو کەسەی ئەم گوناهانە ئەنجام بدات ئەوە خوا سزاکەی بۆ پێشدێخێت بۆ پێش مردنی.

وهب کوڕی منبه(ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: خوا سروشی (وەحی) بۆ (موسا) کرد (صلى الله على نبينا وعليه وسلم) ئەی (موسا) زۆر ڕێزی دایك و باوکت بگرە، چونکە هەر کەسێك ڕێزی دایك و باوکی بگرێت، تەمەنی درێژ دەکەم (واتا تەمەنێکی بەخێر و خۆشی و بە بەرەکەتی پێ دەبەخشم)، منداڵی چاکیان پێ دەبەخشم ڕێز لە دایك و باوکیان بگرن، ئەوەی خراپە لەگەڵ دایك و باوکی بکات تەمەنی کورت دەکەم (واتا تەمەنێکی پڕ کێشە و ناخۆشی و نەخۆشی و نارەحەتی و خێر لە تەمەن و ژیانی خۆی نەبینێت) و منداڵی خراپیان پێ دەبەخشم ئەزیەت و ئازاریان بدات[1].

أسماء کچی ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (دایکم هات بۆ سەردانم لەو کاتەدا بێباوەڕ بوو (أسماء خێزانی زوبەیری کوڕی عەوام) بوو ڕەزای خوای لێ بێت (أسماء) چوو پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دایکم بێباوەڕە سەردانم دەکات، حەزی لێیە لێم نزیك ببێتەوە و چاکەم لەگەڵ بکات، یان حەزی لێیە چاکەی لەگەڵ بکەم، یان حەزی لێیە ببێتە موسڵمان، ئایا دروستە سەردانم بکات لەو کاتەی ئەو هێشتا بێباوەڕو هاوبەشدانەرە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: بەڵێ با سەردانت بکات و تۆش سەردانی بکە با بێباوەڕیش بێت، چاکەی لەگەڵ بکە و ڕێزی لێ بگرە با موسڵمانیش نەبێت[2].

لەم فەرموودەیە: ڕوون دەبێتەوە دروسە چاکە و سەردانی خزمانت بکەی ئەگەر

(١) الزواجر، لإبن الحجر الهيتمي (١٦٢/٢).
(٢) رواه البخاري (٢٦٢٠) ومسلم (١٠٠٣).

موسڵمانیش نەبن، پەیوەندی خزمایەتی نەپچڕێنی لەبەر بێباوەڕ بوونیان.

عبدالله ی کوڕی دینار (دەگێڕێتەوە لە) عبدالله ی کوڕی عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت) دەڵێ ئەگەر عبدالله ی کوڕی عومەر سەفەری بکردایە لە شاری مەدینە بۆ شاری مەککە گوێدرێژێکی هەبوو ئەگەر ماندوو بوایە سواری پشتی دەبوو، میزەرێکی جوانی هەبوو دەیخستە سەر سەری ڕۆژێکیان لە سەفەردا سواری گوێدرێژەکەی بوو بوو لە ڕێگادا گەیشتە پیاوێکی دەشتەکی لە بیابانەدا دەژیا، عبدالله پرسیاری لێ کرد: ئایا تۆ فلانی کوڕی فلان نیت؟ مەبەستی پیاوێك بوو دەیناسی، کابرا گوتی بەڵێ هەوم، عبدالله کە ناسیەوە، گوێدرێژەکەی بە دیاری دایە کابرا دەشتەکیەکە بۆ ئەوەی سواری بێت، میزەرەکەی خۆی دایێ بۆ ئەوەی لەسەری بنێت، ئەوانەی لەگەڵ عبدالله بوون گلەییان لە عبدالله کرد و گوتیان ئەوەی داتە ئەم پیاوە بەخۆت پێویستیت پێی بوو، (لە ڕیوایەتێکی تردا) گوتیان دەشتەکیەکان بە شتێکی کەمیش ڕازی دەبن، ئەو هەموو دیاریەت بۆ پێدا، عبدالله (ڕەزای خوای لێ بێت) بە هاوەڵەکانی ڕاگەیاند، گوتی من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە فەرمووی: (إِنَّ مِنْ أَبَرِّ البِرِّ أَنْ يَصِلَ الرَّجُلُ أَهْلَ وُدَّ أَبِيهِ بَعْدَ أَنْ يُوَلِّيَ، وَإِنَّ أَبَاه كان صَدِيقًا لِعُمَرَ)[1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (گەورەترین و باشترین چاکە و زۆرترین پاداشت ئەوەیە بەخشینی دیاریبە بۆ دۆستەکانی باوك و دایکت لە دوای مردنیان، ئەم پیاوەش دۆستی عومەری باوکم بوو، بۆیە حەزم کرد ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) جێبەجێ بکەم.

لەم فەرمودەیە: ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە چاکە کردن تەنها لەگەڵ دایك و باوکدا نیە، بەڵکو دەبێ چاکە لەگەڵ دۆست و برادەرەکانیشیان بکرێت، هەر کاتێك چاکەت

(١) رواه مسلم (٢٥٥٢) وأبو داود (٥١٤٣).

لەگەڵ دۆستێکیان ئەنجام دا ئەوە پاداشتی وەکو ئەوە وایـە چـاکەت لەگـەڵ دایـك و باوکتدا ئەنجام دابێت.

(لقمان حكيم) بە کوڕەکەی دەڵێت: ئەی کوڕی خۆشەویستم بێگومان دایك و باوك دەرگایەکن لە دەرگاکانی بەهەشت، ئەگەر لێت ڕازی بوون بەو دەرگایـە دەچـیتە نـاو بەهەشت، ئەگەر لێت ڕازی نەبوون دەرگایەکت لێ دادەخرێت[1].

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئیمانداران بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواو گەیشتن بەنازو نیعمەتەکانی بەهەشت و چاکبوونو گوێڕایەڵی منداڵەکانت، بە ئیمانێکی ساغو ڕەزامەنـدی دایـكو بـاوك بەدەست دێت.

(١) كتاب البر والصلة، لإبن الجوزي (٨٠).

چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ
(الاحسان مع الجار)

چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ: واتا گەیاندنی هەموو جۆرە چاکەیەك بە گوێرەی توانات، وەکو دیاری پێدان و سڵاو لێکردن و ڕووخۆشی لەگەڵی و لێپرسینیان و ئاگادار بوونیان و هاوکاری کردنیان و جێبەجێ کردنی پێویستیەکانیان و جگە لەمانەش کاری تریش، ئەنجام نەدانی هیچ گوفتار و کردارێك کە ببێتە هۆی ئەزیەت و ئازاریان[1].

دەربارەی سنوری دراوسێیەکان، زانایان ڕایان جیاوازە، (عەلی کوڕی ئەبو تالێب) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: ئەوەی گوێی لە بانگ بێت ئەوە دراوسێیە، (عائیشە) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ سنوری دراوسێیەکان چل ماڵە لە هەموو لایەکەوە[2].

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ ﴾[3].

---

(١) فتح الباري، شرح صحيح البخاري (١٠/٤٥٦).
(٢) فتح الباري، لابن حجر العسقلاني (١٠/٥٤٩).
(٣) سورة النساء، آية (٣٦).

واتا: ئەی خەڵکینە تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریکێکی بۆ بڕیار مەدەن و چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان چاکە لەگەڵ خزمان و هەتیوان و هەژاران و دراوسێ ی خزم ودراوسێی نزیك و دراوسێی بێگانەدا، چاکە بکەن لەگەڵ هاوەڵ و هاوڕێی کار و سەفەر و ئەوانەی ڕێبوار و لە ژێر دەستەکانتان دان).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (الجِيرانُ ثَلاثةٌ: جارٌ له حَق، وهُوَ: المُشْرِكُ، لـه حَقُّ الجِوارِ، وجارٌ لهُ حَقَّان، وهُوَ المُسلِمُ لهُ حق الْجِوارِ وحَقُ الاسلام، وجارٌ لَهُ ثَلاثةُ حُقُوق: مُسْلِمُ له رَحِمٌ: لهُ حقُّ الجِوارِ والإسلامِ والرَّحِم) [1].

واتا: دراوسێ سێ جۆرن:

یەکەم: دراوسێیەك مافێکی لەسەرت هەیە، ئەوەی دراوسێتە و موسڵمان نیە، ئەمە تەنها مافی دراوسێیەتی لەسەرت هەیە.

دووەم: دراوسێیەك دوو مافی لەسەرت هەیە، ئەوەی دراوسێتە و موسڵمانە، ئەمە دوو مافی لەسەرت هەیە، مافی دراوسێیەتی و موسڵمانیەتی.

سێیەم: دراوسێیەك سێ مافی لەسەرت هەیە، ئەوەی دراوسێتە و موسڵمانە و خزمیشە، ئەمە سێ مافی لەسەرت هەیە، مافی دراوسێیەتی و موسڵمانیەتی و خزمایەتی.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (خيرُ الأصحابِ عندَ اللهِ خيرُهم لصاحبِه، وخيرُ الجيرانِ عندَ اللهِ خيرُهم لجارِه) [2].

واتا: چاکترین دۆست و هاوەڵ لەلای خوا پاداشتی زۆریان هەبێت، ئەوانەن چاکەیان بۆ دۆست و هاوەڵەکانیان هەیە، چاکترین دراوسێش لەلای خوا پاداشتی

(١) رواه الطبراني (٢٤٥٨) والبزار (١٨٩٦)

(٢) رواه الترمذي (١٩٤٤) والحاكم (١٦٢٠) وابن حبان (٥١٩).

زۆری هـەبێت، ئەوانـەن چـاکەیان بـۆ دراوسـێیەکانیان هەیـە، ئازاریـان نیـە بـۆ دراوسێیەکانیان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (والذي نفْسِي بِيدِهِ، لا يُؤمِنُ عبدٌ حتى يُحِبَّ لِجارِهِ ما يُحِبُّ لِنفسِهِ) [1].

واتا: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، باوەڕی هـیچ بەندەیـەکی خـوا تەواو نابێت، هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ دراوسێیەکەشی پێی خۆش نەبێت.

عبدالله کوڕی عومـەر (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتەوە مالّەکەی بینی خانەوادەکەی مـەڕێکیان سـەربڕیبوو، (عبـدالله بـە خانەوادەکـەی گـوت: گۆشـتان بـۆ جولەکـەی دراوسێمان بردوە، گۆشتان بۆ جولەکەی دراوسێمان بردوە؟ بیستم لە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەیفەرموو: (ما زالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بالجارِ، حتَّى ظَنَنْتُ أنَّه سَيُوَرِّثُهُ)[2].

واتـا: جبریـل بـەردەام وەسـیەتی پـێ دەکـردم و ڕایدەسـپاردم چـاکە لەگـەڵ دراوسێیەکانم ئەنجام بدەم، هەتا وا گومانم برد دراوسێ میرات لە دراوسێ بگرێت.

لەم فەرمودەیە ڕوون دەبێتەوە کـە مـافی دراوسـێ بەسـەر دراوسـێ زۆرە، دەبـێ چاکەیان لەگەڵ بکرێت ئەگەر دراوسێ موسڵمانیشان نەبێت، لـە ئیسـلامدا دراوسـێ ڕێزداراە، بۆیە جبریل وەسـیەت بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـات بـۆ ئـەوەی ئاگـاداری دراوسێیەکانی بێت و لە خێر و هاوکاری بێ بەشیان نەکات، پێویستە ئێمەش چـاکە لەگەڵ دراوسێیەکامان بکەین، چونکە ئەم وەسیەتە بۆ ئێمەشە بە گشتی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (واللهِ لا يؤمِنُ، واللهِ لا يؤمِنُ، واللهِ لا يؤمِنُ قيل: وَمَنْ يارسُولُ الله؟ قال: الذي لايأمَنُ جَارهُ بَوائِقهُ)[3].

---

(١) رواه البخاري (١٣) ومسلم (٤٥) والترمذي (٢٥١٥).
(٢) رواه البخاري (٦٠١٥) ومسلم (٢٦٢٥) والترمذي (١٩٤٢).
(٣) رواه البخاري (٦٠١٦) ومسلم (٤٦).

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) سوێند دەخوات و دەفەرموێ: (سوێند بە خوا ئیمان و باوەڕی کەس تەواو نابێت، سێ جار ئەم سوێندەی دووبارەکردەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر گەورەیی گوناحەکە، پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ئەو کەسە کێیە باوەڕی تەواوی نییە، فەرموی: ئەو دراوسێیەی لە دراوسێیەکەی ئەمین نیە، **واتا:** خراپە و ئازار و ستەم لە دراوسێیەکەی دەکات.

ئەم فەرمودەیە: هەڕەشەیە بۆ ئەوانەی خراپە و ئازاری دراوسێیان دەدەن، ئەوانەی دراوسێ لێیان ئەمین و ڕازین دەبێتە هۆی تەواو بوونی ئیمانیان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (وأحْسِنْ إلى جارِكَ تكُنْ مؤمنًا) [1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ چاکە وهاوکاری لەگەڵ دراوسێیەکانت بکە ئەوەی لە تواناتدا هەیە، ئەمە نیشانەی ئیمان و باوەڕە، ئیمانت تەواو دەبێت.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَنْ كانَ يُؤْمِنُ باللهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إلى جَارِهِ) [2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: هەر کەسێك ئیمان و باوەڕی بە خوای پەروەردگار و ئیمان و باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەیە، با چاکە لەگەڵ دراوسێیەکانی بکات و دراوسێیەکانی ئازار و ناڕەحەت نەکات.

لەم سێ فەرموودەی ڕابردوو بۆمان ڕوونەبێتەوە ئیمان ئەو کاتە تەوو دەبێت کە چاکە لەگەڵ دراوسێیەکانت ئەنجام بدەی و ئازاریان نەدەیت و خراپەیان لەگەڵ نەکەیت.

(قيلَ للنَّبيِّ (ﷺ): يا رَسولَ اللهِ! إنَّ فلانةَ تقومُ اللَّيلَ و تَصومُ النَّهارَ و تفعلُ، و تصدَّقُ، و تُؤذي جيرانَها بلِسانِها ؟ فقال رسولُ اللهِ (ﷺ) لا خَيرَ فيها،

(١) رواه الترمذي (٢٣٠٥) وابن ماجة (٤٢١٧).
(٢) رواه مسلم (٤٨) وابن ماجة (٣٦٧٢).

هيَ من أهلِ النَّارِ. قالوا: و فُلانةُ تصلِّي المكتوبةَ، و تصدَّقُ بأثوارٍ، و لا تُؤذي أحدًا؟ فقال رسولُ اللهِ: هيَ من أهلِ الجنَّةِ) [1].

واتا: گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێگومان فلانە ئافرەت شەونوێژ دەکات، و ڕۆژی سوننەت دەگرێت و خێر و بەخشینی زۆر دەکات، بەڵام دراوسێیەکانی ئەزیەت و ئازار دەدات بە زوبانی، بە قسەی ناشرین و نابەجێ ئازاریان دەدات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم ئافرەتە بێ خێرە و خواپەرستی و چاکە زۆرەکانی سودی نیە بۆی و دەچێتە دۆزەخ، هاوەڵان گوتیان، فلانە ئافرەت نوێژە فەرزەکانی بە چاکی ئەنجام دەدات، خێر و بەخشین کەم ئەنجام دەدات، بەڵام دراوسێیەکانی ئازار نادات و خراپەی بۆ کەس نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم ئافرەتە بە خێرە و دەچێتە بەهەشت.

لەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو کەسەی فەرزەکانی خوا ئەنجام بدات و خۆی لە گوناح و تاوان بپارێزێت و خراپە و ئازاری بۆ کەس نەبێت دەچێتە بەهەشت، ئەگەر خێر و بەخشین و سونەتیشی کەم بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ليسَ المؤمنُ الَّذي يشبَعُ وجارُهُ جائعٌ إلى جنبِهِ) [2].

واتا: ئیمانداری تەواو ئەو کەسە نیە بەخۆی تێر بێت لە خواردن و خواردنەوە و خۆشیەکان، دراوسێیەکەی برسی بێت و خواردن و پێویستیەکانی ژیانی نەبێت، زانیاری هەبێت لە هەژاریان، توانای هەبێت هاوکاریان بکات، ئەگەر هاوکاریان نەکات ئیمانی تەواو نیە.

بێگومان کۆمەڵگا پێکهاتووە لە خێزانێکی زۆر هەموویان دراوسێی یەکترن، بۆیە

(١) رواه البخاري في الأدب المفرد (١١٩) وأحمد (٩٦٧٥).
(٢) رواه أبو يعلى (٢٦٩٩) والبيهقي (٢٠١٦٠) صحيح.

هەر کات پەیوەندی نێوان دراوسێیەکان باش بوو، ئەم کۆمەڵگایە ئارام و ئاسوودە و بەختەوەر دەبێت، هەر کاتێك دراوسێیەکان مافی یەکتریان داو خەمخۆری یەکتری بوون، ئەم کۆمەڵگایە بەهێز دەبێت و دەتوانی ڕووبەڕووی هەمو گرفت و ئاستەنگەکان ببێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (يا أبا ذَرٍّ إذا طَبَخْتَ مَرَقَةً، فأَكْثِرْ ماءَها، وتَعاهَدْ جِيرانَكَ) [1].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمان بە ئەبو زەڕ دەکات (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەگەر شلە و گۆشتاوتان لێنا، ئاوی زیادی تێکەن و بەشی دراوسێیەکەت بدە.

ئەم فەرموودە داوا لە موسڵمانان دەکات خواردن و دیاری بۆ دراوسێیەکانی بنێرێ ئەگەر کەمیش بێت، چونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستی و دڵخۆشی و تەبایی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيَشْهَدُ لَهُ أَرْبَعَةُ أهلِ أَبْيَاتٍ مِنْ جِيرَانِهِ الادْنَيْنَ إِنَّهُمْ لايَعلمُونَ مِنهُ إلاّ خيراً، إلاّ قالَ اللهُ تعالى:: قَدْ قَبِلْت عِلْمَهُمْ وَغَفَرْتُ لَهُ مَا لا تعْلَمُونَ) [2].

واتا: هەر موسڵمانێك بمرێت، چوار کەس لە دراوسێیە نزیکەکانی شایەدی بۆ بدەن، بڵێن ئێمە هەر خێر و کردەوەی چاکمان لێ بینوە و لێی زانیوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: من شایەدی و زانیاری ئێوەم قەبوڵ کرد، لە گوناح و هەڵەکانی خۆش بووم کە ئێوە نەتاندەزانی و بۆ کەس ناشکرای نەکردبوون، پاداشتی بە بەهەشت دەدەمەوە.

مافی دراوسێ بەسەر دراوسێ زۆرن ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم: سڵاو لێکردن و ئەحواڵ پرسین.

---

(١) رواه مسلم (٢٦٢٥) وابن ماجة (٣٣٦) صحيح.

(٢) رواه أبو يعلى (٣٤٨١) و احمد (١٣٥٤١) حسن.

دووەم: وەلآمدانەوەی بانگکردن و چوون بۆ زیافەت.

سێیەم: ئازار و ناڕەحەت نەکردنیان بە هەر جۆرێك بێت.

چوارەم: ئارامگرتن لەسەر ئازار وناڕەحەتیەکانی دراوسێ.

پێنجەم: جێبەجێ کردنی پێویستیەکانیان و داخوازییەکانیان.

شەشەم: پاراستنی سەر و مالّ و شەرەف و نامۆسیان.

حەوتەم: داپۆشینی عەیب و عار و کەموکورتییەکانیان.

هەشتەم: ئامۆژگاری کردنیان بەرێزەوە، لەکاتی پێویست.

نۆیەم: بەشداریکردنیان لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا.

دەیەم: بەرزنەکردنەوەی خانوو بەسەر خانویاندا.

یازدەهەم: چاکە وهاوکاری کردنیان لە هەموو ڕووێکەوە.

- (قَيلَ: الْجَارُ قَبلَ الدَّارِ) .

واتا: دراوسێ بکرە پێش ئەوەی خانوو بکڕی.

دەگێڕنەوە (أبن المُقَفَّعْ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، هەوالّی پێ دەدەن دراوسێیەکەی خانوەکەی دەفرۆشێت لەبەر قەرداری و هەژاری (أبن المقفع) ڕۆژانە لە ژێر سێبەری دیواری دراوسێیەکەی دادەنیشت، گوتی ئەگەر خانوەکەی بفرۆشێت لەبەر قەرداری و من هاوکاری نەکەم، ئەوە مافی دراوسێیەتیم نەداوە، چاکەی دانیشتنی سێبەرەکەم نەداوە، بۆیە هەموو قەرزەکەی بۆ دایەوە، پێی گوت خانوەکەت مەفرۆشە بمێنەوە لە دراوسێیەتیم[1].

دەگێڕنەوە لە پیاوچاکێك، لە مالّەوە مشکیان زۆر بووە، پێیان گوت پشیلە ڕابگرە با مشکەکانت بۆ ڕاو بکات، گوتی دەترسم پشیلە ڕابگرم مشکەکان بچن بۆ

(١) إحياء علوم الدين، للغزالي (١٣٩/٣).

مالّی دراوسێیەکانم نارەحەت و هەراسان بن، دەبێت چیم بۆ خۆم پێ خۆشە بۆ ئەوانیش ئەوەم پێ خۆش بێت [1].

دەگێڕنەوە (أبو حەنیفە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دراوسێیەکی جولەکەی هەبوو، پاشماوەی زبڵ و پیسایی لەبەردەم مالّی ئەبو حەنیفە فڕێدەدا، ئەبو حەنیفەش هەموو جارێ پیسایییەکەی فڕێدەدا بەخۆی، بەبێ ئەوەی بە کابرای جولەکە بڵێت، ئینجا چەند ڕۆژێك بوو (ئەبو حەنیفە) پاشماوە و زبڵی لەبەر دەرگای مالّیان نەبینی وەکو جاران، پرسیاری کرد لە خێزانی دراوسێیە جولەکەکەی، گوتیان گیراوە لە گرتوخانەیە، بۆیە (أبو حەنیفە) چوو بۆ گرتوخانە و تکای کرد لە سەرۆکی گرتوخانە کە بۆ ئەوەی دراوسێیەکەی بۆ بەرێدات، سەرۆکی گرتوخانەکە گوتی ئەوەی لەو ڕۆژەدا گیراوە هەموویان بەربدەن لەبەر ڕێزی ئەبو حەنیفە، کابرای جولەکەی دراوسێی (ئەبو حەنیفە) کە ئەمەی زانی زۆر پەشیمان بوو لە کردەوە نابەجێ و ناشیرینەکانی بەرامبەر (أبو حەنیفە)، چوو بۆ لای (أبو حەنیفە) و داوای لێبوردنی لێ کرد، لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بوو [2].

-پیاوچاکان لە دوای مردنیشیان لە گۆڕستاندا پێیان خۆشبووە دراوسێی کەسانی باش بن، (عبدالله کوڕی احمد کوڕی حەنبەل) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لە سەرەمەرگدا بوو پێیان گوت لە کوێ باخاکت بسپێرین، گوتی لە فلانە شوێن پێغەمبەرێك (سەلامی خوای لێ بێت) نێژراوە پێم خۆشە گۆڕەکەم دراوسێی ئەو بێت نەك دراوسێی باوکم [3].

ئەم ڕەوشتە بەم وتەیە کۆتایی دێنم:(دراوسێیکی نزیك باشترە لە برایەك لێت دوور بێت) با هەموومان دراوسێی چاکبین لەگەڵ دراوسێیەکانمان.

---

(١) موسوعة الحقوق الإسلامية، للشيخ محمود المصري (٢/٥٨٥).
(٢) موسوعة الحقوق الإسلامية، للشيخ محمود المصري (٢/٥٨٦).
(٣) المنتظم لإبن الجوزي (١٣/١٧).

ڕووخۆشی
(البشاشة)

ڕووخۆشی: واتا دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ بەرامبەر لەگەڵ دڵخۆشی و گەشانەوە و زەردەخەنە و ڕێزگرتن و جوان پێشوازی کردن و قسەخۆشی و میهرەبانی[1].

بەڕێزان: بەهۆی ڕووخۆشی و زەردەخەنە دەتوانین دڵی زۆر کەس شاد بکەین، چونکە مرۆڤ ئەوەندەی پێویستی بە دڵخۆشی هەیە ئەوەندە پێویستی بە خواردن و خواردنەوە نیە، چونکە دڵخۆشی و شادومانی چارەسەری زۆر کێشە و نەخۆشییەکان دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (تَبَسُّمُكَ فِي وجْهِ أخِيكَ لَكَ صدَقَةٌ) [2].

واتا: زەردەخەنە و ڕووخۆشیت بۆ بەرای ئاینیت لە کاتی پێی دەگەی خێر و پاداشتت دەستدەکەوێت، هەروەك پاداشتی بەخشین و خێرات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لا تَحقِرَنّ مِنَ المَعْرُوف شَيْئًا، وَلَو أنْ تَلقَى أخَاكَ بوجهٍ طَلْقٍ)[3].

واتا: با موسڵمان هیچ چاکەیەك بە بچوك نەزانێت، ئەگەر ئەو چاکەیەش دەربڕینی ڕووخۆشی و زەردەخەنەیەك بێت لە کاتی گەیشتنی بە برای ئاینی.

---

(١) الترغيب والترهيب، للمنذري (١/٤٤).
(٢) رواه الترمذي (١٩٥٦) والبخاري في الأدب المفرد (٨٩١).
(٣) رواه مسلم (٢٦٢٦) والترمذي (١٨٣٣).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّكم لا تَسَعُونَ الناسَ بأمْوالِكم، ولكِنْ لِيَسَعْهُمْ منكُمْ بسطُ الوجْهِ، وحسنُ الخُلُقِ) [1].

واتا: ئێوە ناتوانن مالّ و سامانتان ببەخشنە هەموو خەڵکی، چونکە مالّ و سامانتان بەشی هەموو خەڵکی ناکات، بەڵام دەتوانن ڕووخۆشی و ڕەوشت جوانیتان ببەخشنە هەموو خەڵکیو دڵی خەڵکی خۆشبکەن.

ئەم فەرموودەیە ئەوەمان پێ دەڵێ: ئێوە بەمالّ و سامانتان ناتوانن هاوکاری و دڵخۆشی هەموو خەڵکی بکەن، بەڵام دەتوانن بە ڕووخۆشی و زەردەخەنە و ڕەوشتی بەرز و ئاکار و ڕەفتاری جوان دڵی هەموو خەڵکی خۆش بکەن.

عبدالله کوڕی حارث (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (مَا رَايْتُ أحداً أكْثَرَ تَبسُّماً مِنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ)) [2].

واتا: عەبدوڵڵای کوڕی حارس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: هیچ کەسم نەدیوە لە پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەی زیاتر بووبێ لەگەڵ خەڵکی.

مانای وایە پێغەمبەر (ﷺ) بە زۆری ڕووخۆش و قسە خۆش و دەم بە خەندەو نەرم و نیان و میهرەبان بووە لەگەڵ هەموو خەڵکیدا.

جریر کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (ما حَجبَني رسولُ الله (ﷺ) منذُ أسلمتُ ، ولا رآني إلاّ تبسَّمَ في وَجْهي) [3].

واتا: جریر کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) منی قەدەغە نەکردووە بۆ چوونە لای هەر کاتێك ویستبم بچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی

(١) رواه أبو يعلى (٦٤١٨) والبزار (٩٣١٩) حسن.
(٢) رواه الترمذي (٣٦٤١) وأحمد (١٧٢٥).
(٣) رواه البخاري (٣٠٣٥) والترمذي (٣٨٢١) ومسلم (٢٤٧٥) وابن ماجة (١٥٩) وأحمد (١٨٦٩٢) صحيح.

پێداوم بچم بۆ لای لە مالّەوە بووبێ یان لە شوێنی تر، هەر کاتێک پێغەمبەر (ﷺ) منی بینیبێت بە ڕوومدا ڕووخۆش و بە زەردەخەنە بووە.

لەم فەرمودەیەدا: پێویستە موسڵمان ڕێزی موسڵمان و ناموسڵمان بگرێت، ڕووخۆش و دەم بە خەندە بێت، لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ بێت، چونکە ئەمە ڕەوشتی پێغەمبەرانە.

خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴿٤٠﴾ تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾﴾[1].

واتا: لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوخسارانێك دەدرەوشێنەوە ڕوخسارێکی گەش و جوان و ڕۆشنن، پێدەکەنن و موژدە بەخشن و شادومانن، ڕوخسارانێکیش لەو ڕۆژەدا تۆزیان بەسەرەوەیە، خەفەت بارو گرژ و تاڵن، دێزی و ڕەشی و زەلیلی دایاندەپۆشێ ڕوویان ڕەش بووە، ڕووگەشەکان بەهەشتین و ڕوڕەشەکان دۆزەخین.

خوا دەفەرموێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴿٢٥﴾﴾[2].

واتا: لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوخسارانێك گەشاوە و پرشنگدار و خۆشی و شادیان لێ دەبینرێ، بۆ پەروەردگاری خۆیان دەڕوانن ئەمانە بە هەشتین (جەماوەری زانایان لە چەندین فەرمودەی (صحیح) وەرگیراوە دەڵێن مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە لە ڕۆژی قیامەت بەندە چاکەکان بە چاوی خۆیان خوای پەروەردگار دەبینن)، لەو ڕۆژەدا ڕوخسارانێکیش ڕووڕەش و گرژ و تاڵ و تاریکن، چاوەڕوانن کارەساتێکی پشت شکێنیان بەسەردا بێت، ئەمانەش دۆزەخیەکانن.

---

(١) سورة عبس، آية (٣٨-٤١).

(٢) سورة القيامة، آية (٢٢-٢٥).

لەو ئایەتانەی باسمان کردن ڕوون دەبێتەوە: ئەوانەی بڕوادار و خواناسن لە دونیادا، لە دوارۆژدا ڕوو گەش و ڕووخۆشن لە بەهەشتدا، زۆر شادمان و بەختەوەرن بە دیتنی خوای پەروەردگارن بۆیە پێویستە لەسەر ئیمانداران لە دونیادا ڕووخۆش و دەم بە خەندە و مژدەبەخشبن هەروەك بەهەشتیەکان.

عبدالله کوڕی مبارك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێناسەی ڕەوشت بەرزی دەکات و دەڵێ: (ڕەوشت بەرزی واتا ڕووخۆشی، ئەنجامدانی چاکە، ئازارنەدانی کەس) [1].

معاذ کوڕی جبل (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (ئەگەر دوو موسڵمان گەیشتنە یەکتری و سڵاویان لە یەکتری کرد و دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری (تەوقەیان کرد)، بە ڕوو یەکتری پێکەنین و ڕووخۆش بوون، ئەوە گوناحەکانیان لێ هەڵدەوەرێ وەکو چۆن گەڵای وشك لە دار هەڵدەوەرێ)[2].

(حارث المحاسبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: سێ شت زۆر بە نرخ و خۆشەویستن یەکەم: ڕووخۆشی لەگەڵ پارێزکاری، دووەم: ڕەوشت بەرزی لەگەڵ دینداری، سێیەم: دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ ئەمانەت پارێزی)[3].

لە دەشتەکیەکیان (أعرابی) پرسی: کێ بەڕێز و مەرد و خانەدانە؟

گوتی: ئەو کەسەی ئەم سیفەتانەی تێدا بێت: لە کاتی پێی دەگەی ڕووخۆش بێت، لە کاتی هاوڕیەتی کردنی دڵفراوان و دڵخۆشکەر بێت، لە ڕەوشتیدا لێبوردە و چاوپۆشی کەر بێت، لە کردەوەکانی ئامۆژگاری کەر بێت، لە کاتی دەوڵەمەندی هاوبەشیکەر بێت، لە کاتی هەژاریدا هاوکاریکەر بێت) [4].

هشام کوڕی عروە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە باوکی دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە وتە

---

(١) رواه الترمذي (٢٠٠٥).
(٢) الإخوان، لإبن أبي الدُنيا (١١٢).
(٣) تأريخ بغداد- للخطيب البغدادي (٢٠٩/٨).
(٤) أخلاق الوزيرين، لأبي حيان التوحيدي (٧٧/١).

بەنرخەکانی (حیکمەتی) داود (سەلامی خوای لێ بێت) نووسراوە: بە ڕووخۆشی و قسە خۆشی، خۆشەویستر دەبیت لەو کەسەی مالّ و سامانی دەبەخشێت[1].

(أَنَّ رَجُلاً اسْتَأْذَنَ علَى النَّبيِّ (ﷺ)، فَلَمَّا رَآهُ قالَ: بِئْسَ أخُو العَشِيرَةِ، وبِئْسَ ابنُ العَشِيرَةِ، فَلَمَّا جَلَسَ تَطَلَّقَ النَّبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ في وجْهِهِ وانْبَسَطَ إلَيْهِ، فَلَمَّا انْطَلَقَ الرَّجُلُ قالَتْ له عَائِشَةُ: يا رَسولَ الله، حِينَ رَأَيْتَ الرَّجُلَ قُلْتَ لـه كَذَا وكَذَا، ثُمَّ تَطَلَّقْتَ في وجْهِهِ وانْبَسَطْتَ إلَيْهِ؟ فَقالَ رَسولُ الله (ﷺ): يا عَائِشَةُ، مَتَى عَهِدْتِنِي فَاحشاً؟ إنَّ شَرَّ النَّاسِ عِنْدَ اللهِ مَنْزِلَةً يَومَ القِيَامَةِ مَن تَرَكَهُ النَّاسُ اتِّقَاءَ شَرِّهِ) [2].

واتا: عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پیاوێك هات و داوای ئیزنی کرد بچێتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی با بێت، پێغەمبەر (ﷺ) کە پیاوەکەی بینی فەرموی: خراپترین کەسی هۆزەکەیەتی، کە پیاوەکە دانیشت پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕووخۆش و دەم بە خەندە بوو لەگەڵیدا، کە پیاوەکە ڕۆیشت عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە کابرا هات فەرموت خراپترین کەسە، بەڵام کە دانیشت لەلات ڕووخۆش و دەم بە خەندە بووی لەگەڵیدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ئەی عائیشە: قەت زانیوتە من قسەی ناشیرین و نابەجێ لەگەڵ کەس بکەم، ئینجا فەرمووی ئەی عائیشە: خراپترین کەس لەلای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە خەڵك لێی دوور دەکەونەوە لەبەر خراپە و بەدڕەوشتی، ئەم پیاوەش لەپیاوخراپان بوو.

پیاوچاکێك گوتویەتی: ڕووخۆشی و زەردەخەنە دڵ و دەروون دەکاتەوە و ئارام و ئاسودەیان دەکات، ڕێگات بۆ ڕووناك دەکاتەوە و کارە کانت بۆ ئاسان دەکات، کێشە

(١) موسوعة إبن أبي الدُنيا (٥٢٦/٧).
(٢) رواه البخاري (٦٠٣٢) ومسلم (٢٥٩١).

و گرفتەکانت چارەسەر دەکات و خەم و خەفەت دەڕەوێنێتەوە.

هەروەها گوتویانە: ڕووخۆشی و زەردەخەنە زۆر کاری گەورە و سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدات: ئەگەر ڕووخۆشی و زەردەخەنە دەربڕی بۆ دۆست و خۆشەویست هەست بە خۆشی و ئاسودەیی دەکات، ئەگەر بۆ ناحەز و دوژمن دەربڕی هەست بە پەشیمانی و شەرمەزاری دەکات، ئەگەر بۆ ئەوەی نایناسی دەربڕی بەخێر و چاکە بۆت دەنوسرێ.

هەروەها گوتویانە: ڕووخۆشی و زەردەخەنە زمانێکە پێویستی بە وەرگێڕ و لێکدانەوە نیە هەموو کەس تێی دەگات و لێی حاڵی دەبێت.

هەروەها گوتویانە: ڕووخۆشی و زەردەخەنە: هیچ تێچوو و خەرجییەکی تێناچێت بەڵام زۆر مانا و مەبەست دەگەێنێت.

زانایانی پێشینان گوتویانە: جوانی بە شێوە و ڕوخسار نیە، بەڵکو جوانی لە ڕووخۆشی و قسە خۆشی و ڕوو گەشی و دەم بە خەندەیی دایە.

هەروەها گوتویانە: ڕووخۆشی و زەردەخەنە کلیلی کردنەوەی دڵەکانە و هۆی گەیشتنە بە دڵەکان.

قالَ الشاعر:

إِبْني إنَّ البِرَّ شَئٌ هَيِّنٌ

وَجْهٌ طَليقٌ وَلِسَانٌ لَيِّنٌ

واتا شاعیر دەڵێ:

کوڕەکەم چاکەکـــــردن شتێکی زۆر ئاسانە

ڕووخۆشی و زمانێکی شیرین و نەرم و نیانە.

(عَنْ (أَنْسِ بْنَ مَالِك) (رضي اللهُ عنهُ) قالَ: كُنْتُ أَمْشِي مع النبيِّ (ﷺ) وعليه بُرْدٌ نَجْرَانِيٌّ غَلِيظُ الحَاشِيَةِ، فأدْرَكَهُ أَعْرَابِيٌّ فَجَذَبَهُ جَذْبَةً شَدِيدَةً، حتَّى

نَظَرْتُ إلى صَفْحَةِ عَاتِقِ النبيِّ (ﷺ) قدْ أثَّرَتْ به حَاشِيَةُ الرِّدَاءِ مِن شِدَّةِ جَذْبَتِهِ، ثُمَّ قالَ: مُرْ لي مِن مَالِ اللهِ الذي عِنْدَكَ، فَالْتَفَتَ إلَيْهِ فَضَحِكَ، ثُمَّ أمَرَ له بعَطَاءٍ)[1].

واتا: ئەنەسی کوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتم، جلوبەرگێکی بوردی نەجرانی لەبەردابوو ڕۆخی پۆشاکەکەی ئەستوور بوو، پیاوێکی دەشتەکی (أعرابی) بە پێغەمبەر گەیشت، بەرۆکی پێغەمبەری (ﷺ) گرت بە تووندی، تەماشام کرد ئەوەندە بەتوندی بەرۆکی پێغەمبەری (ﷺ) گرت شوێنەواری ڕۆخی پۆشاکەکە بە گەردەنی پێغەمبەر (ﷺ) دیار بوو، ئینجا گوتی: ئەی (محمد) (ﷺ) لەو مالّ و سامانەی خوای لەلاتە بەشم بدە، پێغەمبەر (ﷺ) بە پێکەنینەوە ڕووی لە پیاوەکە کرد و لێی تورە نەبوو، ئینجا فەرمووی بەشی ئەم پیاوە بدەن لە مالّی خوا.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ڕووخۆش و دەم بە خەندە بووە لەگەڵ ئەوانەی دڵڕەق و بێ ئەدەب و بێ ڕێزیان بەرامبەر کردووە، لە بەرامبەر خراپەی ئەوان پێغەمبەر (ﷺ) چاکە و هاوکاری کردوون.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (كلُّ معروفٍ صدقةٌ وإن من المعروفِ أن تَلْقَى أخاك بوجهٍ طَلْقٍ)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: هەموو کردەوەیەك و گوفتارێکی چاك خێر و پاداشتی هەیە، یەکێك لە کارە چاکەکان ئەوەیە لە کاتی گەیشتن بە برای ئاینیت ڕووت خۆش بێت و دەم بە خەندە بێت.

---

(١) رواه البخاري (٥٨٠٩) ومسلم (١٠٥٧).

(٢) رواه البُخاري (٦٠٢١) والترمذي (١٩٧٠) وأحمد (١٤٨٧٧).

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئەو کەسانەی ڕووخۆش و دەم بە خەندە و قسە خۆشن لەگەڵ خەڵکی، هەموو خەڵکی خۆشیان دەوێن و لێیان نزیك دەبنەوە، بەڵام ئەوانەی ڕوو گرژ و تاڵ و قسە ڕەقن لەلای خەڵکی خۆشەویست نین و خەڵك لێیان نزیك نابنەوە ئەگەر دیندار و خواپەرستیش بن، کەواتە لە هەموو شتێك زیاتر کە بتوانین دڵ و دەروونی خەڵکی پێ شاد بکەین ڕووخۆشی و قسەخۆشی و دەم بە خەندەی یە، دەسا بابەڵێین بدەین ڕووخۆش و قسە خۆش و دەم بە خەندە بین، بۆ ئەوەی خۆشەویست بین لەلای خوا و خەڵك.

ڕاوێژکردن
(المشاورة)

ڕاوێژکردن: واتا گەیشتن بە بیروڕایەك بە گەڕانەوەی هەندێك کەس بۆ هەندێکی تر[1].

ڕاوێژکردن ئەوەیە: گەڕان بە دوای بیروڕایەکی دروست لەلایەن کەسانی شارەزا، هەتا گەیشتن بەڕایەکی ڕاست و گونجاو[2].

پێویستە لەسەر هەموو کەسێك هیچ بڕیارێك نەدات هەتا ڕاوێژ بە کەسانی ژیر و شارەزا و تێگەیشتوو دەکات، چونکە خوا فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات ڕاوێژ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بکات: قال تعالى: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾[3].

واتا: ئەی محمد (ﷺ) لە کار و پێشهاتە گرنگەکان ڕاوێژ و پرس بە هاوەڵەکانت بکە (دوای پرس و ڕاوێژ) ئەگەر بڕیارتدا (کارەکە ئەنجام بدە)، پشت بە خوا ببەستە چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کە پشتی پێدەبەستن.

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ڕوونکردەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێ: خوا فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی موسڵمانان شوێنی پێغەمبەر (ﷺ)

---

(١) مفردات ألفاظ القُرآن، لِراغِب الأصفهاني (٤٧٠).

(٢) الشورى في الشريعة الإسلامية، لحسين بن محمد (٢٨) بەدەستکارییەوە.

(٣) سورة آل عمران، آية (١٥٩).

بکەوەن، بۆ هەموو کارێکی گرنگ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕایێکی ڕاست و دروست، لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێویستی بە پرس و ڕاوێژی هاوەڵەکانی نەبووە، چونکە خوا ڕێنمایی دەکرد[1].

إبن عطية (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ڕاوێژکردن یەکێکە لە بنچینەکانی ئایینی ئیسلام، بۆیە هەر بەرپرس و کاربەدەستێك ڕاوێژ و پرس بە کەسانی زانا و دانا و دیندار و شارەزا نەکات پێویستە دووربخرێتەوە لەو بەرپرسیاریەتیە، ئەمە ڕایێکی ڕاست و دروستە و جیاوازی تێدا نیە لە نێوان زانایاندا[2]. بۆیە خوا مەدحی ئیمانداران دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾[3].

واتا: ئەوانەی بەدەم بانگەوازی پەروەردگارییانەوەچوونو نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجامداوەو (ئەوانەی کاروباری نێوانیان هەردەم بە پرس و ڕاوێژەو لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێمان داون دەیبەخشن).

ئایینی ئیسلامدا زۆر گرنگی بەڕاوێژداوە چونکە سوودی هەیە بۆ تاك و کۆمەڵگا، لەبەر گرنگی ڕاوێژ خوای پەروەردگار سورەتێکی لە قورئاندا ناوناوە بە سورەتی (الشوری).

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٢/٥٩٨) وتفسير الطبراني (٣/١٨٥).
(٢) راجع تفسير، إبن عطية (٣/٣٩٧).
(٣) سورة الشورى، آية (٣٨).

مەرجەکانی ئەو کەسی پرس و ڕاوێژی پێ دەکرێت:

یەکەم: ئەقڵ و ژیرێکی چاك و تەواوی هەبێت و ئەزموونی هەبێت، چونکە ئەزموونی زۆر ناوەڕۆك و ڕاستی هەموو کارەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە.

دووەم: کەسێکی دیندار و لەخواترس بێت، چونکە دینداری و لەخواترسی کۆڵەگەی هەموو چاکەیەکەو کلیلی سەرکەوتنن.

سێیەم: کەسێکی دڵسۆز و ئەمین و خۆشەویست بێت، چونکە کەسی خۆشەویست و دڵسۆز بۆت ئەوەی ڕاست و چاکەیە ئەوەت پێ دەڵێت و خیانەت و ناپاکیت لەگەڵدا ناکات.

چوارەم: کەسێکی بیر و هۆش ساغ بێت و دوور بێت لە خەم و پەژارە وکێشە، چونکە کەسی غەمبارو کێشەدار بیروبۆچونی ڕاست و دروستی نابێت.

پێنجەم: نابێت ئەو کەسی ڕاوێژ و مەشوەرەتی پێ دەکرێت هیچ سود و مەبەستێکی لەم کارەدا هەبێت بۆ خۆی[1].

(يُرَوى عَنْ أبي هُريرة، قال: ما رأَيْتُ أَحَدًا أكثرَ مُشاوَرةً لأصحابِهِ مِن رسولِ اللهِ (ﷺ) [2].

واتا: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: هیچ کەسێکم نەبینیوە لە پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر پرس و ڕاوێژ بە هاوەڵەکانی بکات.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لە زۆربەی کارو پێشهاتەکان و بارودۆخەکان پرس و مەشوەرەت و ڕاوێژی بە هاوەڵەکان دەکرد، بەزۆری بیروڕای ئەوانی جێبەجێ دەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) پێش جەنگی (بەدر) پرس و مەشوەرەتی لەگەڵ هاوەڵەکانی کرد،

---

(١) أدب الدنيا، للماوردي (٣٦٦).

(٢) رواه الترمذي كتاب الجهاد باب ماجاء في المشورة (٣٧٤/٥) وأحمد في مسنده (١٩٢٣١).

گوتیان ئامادەبین جەنگ لەگەڵ (قوڕەیشیەکان) بکەین، سوپای موسڵمانان بەڕێکەوت هەتا گەیشتە نزیك ئاوی (بەدر) سوپاکە لەوێ دابەزین (حباب کوڕی منذر) ڕەزای خوای لێ بێت گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئەم شوێنە خوا بۆی دیاریکردوی لێی دابەزیت یان ڕا و بۆچونی خۆتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەمە ڕاوبۆچونی خۆمە و شەڕیش پیلان و فێڵە، (حەباب) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم شوێنە باش نیە، فەرمان بدە بچینە سەر ئاوی (بەدر) و ڕێگای ئاو بردنیان لێ بگرین بۆ ئەوەی ناڕەحەت بن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ڕاو بۆچوونێکی باشە، بە قسە و ڕای (حەباب) کرد و سوپاکەی گواستە و سەر ئاوی (بەدر)[1].

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی (ئوحود) ڕاوێژ و مەشوەرەتی لەگەڵ هاوەڵەکانی کرد، ئایا لەناو شاری مەدینە بمێننەوە، یان بچینە دەرەوەی مەدینە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێباوەڕان، ڕاوبۆچوونی پێغەمبەر (ﷺ) وابوو لەناو مەدینە بمێننەوە و خۆیان قایم بکەن، بەڵام زۆربەی هاوەڵەکان ئەوانەی بەشداریان لە جەنگی (بەدر) نەکردبوو گوتیان بۆیان دەچینە دەرەوەی مەدینە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ڕا و بۆچوونی ئەوان چووە دەرەوەی مەدینە[2].

لە کاتی جەنگی (الأحزاب) پێغەمبەر (ﷺ) سەرکردەکانی موسڵمانانی کۆکردەوە، دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی پیلان و مەترسییەکانی قوڕەیش و جولەکەکان، مەشوەرەت و ڕاوێژی پێ کردن، (سلمان الفارسی) ڕەزای خوای لێ بێت گوتی: پێشنیار دەکەم خەندەق و چاڵ هەڵبکەنین لە دەوری مەدینە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، (سلمان) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لە وڵاتی فارس ئەگەر ترسی هێرش کردنمان هەبوایە لە دوژمن خەندەقمان لە دەوری خۆمان لێ دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) سەرسام بوو بە ڕا وبۆچونی (سلمان) بۆیە فەرمانی

(١) البداية والنهاية، لإبن كثير (٢/٢٣٥).
(٢) السيرة النبوية، للدكتور علي محمد الصلابي (٤٧٤).

کـرد خەنـدەق لەلایـەکی مەدینـە لێبـدەن، خەنـدەقیان لێـدا و سـەرکەوتنیان بەدەستهێنا[1].

لە رووداوی ڕێکەوتنی (الحدیبیه) پێغەمبەر (ﷺ) کە لە نووسینی پەیمانەکە تەواو بوو، بە هاوەڵەکانی فەرموو: هەستن ئاژەڵەکانتان بکەنە قوربـانی و سـەرتان بتاشـن، دوای سێ جار دووبارەکردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کەس هەڵنەسـتان، بۆیـە پێغەمبـەر (ﷺ) ڕۆیشت بۆ لای (أم سلمه)ی خێزانی و باسەکەی بۆ گێڕایەوە، (ئوم سلمه) ڕەزای خوای لێ بێت گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەسـتە قوربانیەکـەت سـەر بـبڕە و سەرت بتاشە، پێغەمبەر (ﷺ) بە قسەی (أم سلمه)ی کرد، هاوەڵان کە ئەمەیان بینی هەموویان ئاژەڵەکانیان کردە قوربانیو سەریان تاشی[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (المُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ) [3].

واتا: ئەو کەسەی پرس و ڕاوێژی پێ دەکرێ ئایا کامـە کـار بەرژەوەنـدی چـاکی تێدایە، ئەو کەسە ئەمینداره دەبێ چی بە چاك دەزانی ئەوەی پێ بڵێت، نابێت درۆ و خیانەت لەگەڵ ئەو کەسە بکات کە پرس و ڕاوێژی پێ کردووە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِذَا اسْتَشَارَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُشِرْ عَلَيْهِ) [4].

واتا: ئەگەر یەکێك ڕاوێژ و مەشوەرەتی بە برای ئاینی خۆی کرد، با چی چاکە ئەوەی بۆ پێشنیار بکات، چی بەرژەوەندی بۆ ئەو تێدایە ئەوەی پێ بڵێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ومَنِ استشارهُ أخوهُ المسلِمُ، فأشارَ عليه بغيرِ رُشْدٍ، فقد خانَهُ) [5].

---

(١) أنظر المغازي، للواقدي (٢/٤٤٤).
(٢) رواه البخاري كتاب الشروط (٣/٢٤) رقم (٢٧٣٢).
(٣) رواه الترمذي (٢٨٢٣) وأبو داود (٥١٢٨) وإبن ماجة (٣٧٤٥).
(٤) رواه إبن ماجة (٣٧٣٧) وأحمد (١٥٤٥٥).
(٥) رواه أبو داود (٣٦٥٧) وإبن ماجة (٣٤) والنسائي (٥٩١٥).

واتا: هەر موسلمانێك ڕاوێژ و مەشوەرەتی بە موسڵمانێك كرد دەربارەی كار و بابەتێك ئەویش ڕێگای ڕاست و چاكی نیشان نەدات، ئەوە خیانەت و ناپاكی لەگەڵ ئەو موسڵمانە كردووە.

عبدالملك كوڕی مەروان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): دەڵێ: ئەگەر ڕاوێژ و مەشوەرەت بە موسڵمانان بكەم هەڵەش بكەم، پێم خۆشترە لەوەی كارێكی ڕاست و دروستم كردبێت بەڵام ڕاوێژ و مەشوەرەتم بە موسڵمانان نەكردبێت [1] .

(قال الأدباء: ما خَابَ مَنْ إستَخارَ ولا ندَمَ من إسْتَشارَ) [2]

واتا: زانایان و دانایان گوتویانە: ئەوەی داوا لە خوا بكات بۆ باشتر زەرەرمەند و نائومێد نابێت، ئەوەی ڕاوێژ و مەشوەرەت بكات پەشیمان و ژێوان نابێت.

عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: باشترین هاوكاری و پشتیوانی ڕاوێژو مەشوەرەتە، خراپترین ئامادەبوون زۆرداری و ستەم كردنە[3].

مامۆستا (محمد متولی الشعراوی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ:

(وَمَنْ إعْتَمَدَ على مَالِهِ قَلَّ، ومنْ إعتمد على عَقلِهِ ضلَّ، ومن اعتمد على جاهِهِ ذَلَ، وَمَنْ إعتمد على النَّاسِ، مَلَّ ومنْ إعتمد على الله فلا قَلَّ ولا ضلَّ ولاَ ذَلَّ ولا مَلَّ) .

واتا: ئەوەی پشت ببەستێت بە مالّ و سامانی كەم دەبێت، ئەوەی پشت ببەستێت تەنها بە ئەقڵی خۆی گومڕا دەبێت، ئەوەی پشت ببەستێت بە پلە و پایە و دەسەڵاتی زەلیل و ڕیسوا دەبێت، ئەوەی پشت بە خەڵكی ببەستێت خەڵك لێی وەڕەس و بێزار دەبێت.

---

(١) الآداب الشرعية، لإبن مفلح الحنبلي (٣٢٨/١).
(٢) أدب الدُنيا والدين، للماوردي (٣٦٦).
(٣) هەمان سەرچاوە (٣٥٩).

بەڵام ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت نە سامانی کەم دەبێت و نەگومڕا دەبێت و نەڕیسوا دەبێت نەخەڵك لێت بێزار دەبێت.

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: بۆ کاروبارت ڕاوێژ و مەشوەرەت بە کەسی لە خوا ترس و پارێزکار بکە[1].

زانا و دانایان گوتویانە: مەشوەرەت و ڕاوێژ بە کەسانی میهرەبان و زانا و تێگەیشتوو دەسکەوتەو سەرکەوتنە، مەشوەرەت و ڕاوێژ بە کەسانی دڵڕەق و نەزان و ناحاڵی کارەسات و مەترسییە[2].

میمون کوڕی مەهران (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: (أبو بكر الصديق) ڕەزای خوای لێ بێت ئەگەر بابەت و پێشهاتێکی بۆ هاتبایە تەماشای قورئانی دەکرد، ئەگەر ئەوەی دەیویست لە قورئاندا هەبایە بڕیاری پێ دەدا، ئەگەر لە سوننەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) زانیاری دەستکەوتبایە بڕیاری پێ دەدا، ئەگەر زانیاری دەسنەکەوتبایە، پرسیاری لە هاوەڵان دەکرد دەربارەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەگەر زانیاری دەستنەکەوتبایە گەورە هاوەڵان و زانایانی کۆدەکردەوە و ڕاوێژ و مەشوەرەتی پێ دەکردن[3].

قرطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ڕاوێژ و مەشوەرەت دامەزراوە لەسەر ڕاوبۆچونی جیاواز، ئەوەی ڕاوێژ و مەشوەرەت دەکات تەماشای ئەو ڕاوبۆچوونە جیاوازانە دەکات، کامە ڕا و بۆچوون نێزیکتر بوو لە قورئان و سوننەت ئەو هەڵدەبژێرێت[4].

شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پێویستە فەرمانڕەوا بە کاربەدەستانو

(١) الآداب الشرعية، لإبن مفلح الحنبلي (٣٢٧/١).
(٢) أدب الدنيا والدين، للماوردي (٣٠٢).
(٣) السنن الكبرى، للبيهقي (١٩٦/١٠) رقم (٢٠٣٤١).
(٤) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (١٦٢/٢).

دەسەڵاتداران بکرێت ڕاوێژ و مەشوەرەت بکەن بە کەسانی زانا و تێگەیشتوو، چونکە ڕاوێژ پێکراوان ئاگاداری دەسەڵاتداران دەکەنەوە لەوەی لێی بێئاگان، ئەو بەڵگانەیان نیشان دەدەن کە نایزانن، ئەم ڕاوێژکردنە بۆ ئەوە نییە فەرمانڕەوایان پەیڕەوی (تقلیدی) زاناکان بکەن ئەوەی کە دەیڵێن[1].

کۆتایی ئەم ڕەوشتە بەم وتەیە دێنم:

محمد کوڕی شەهاب الزهری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: کۆڕ و ئەنجومەنی (عومەری کوڕی خەتتاب) ڕەزای خوای لێ بێت پڕ بوو لە زانا و دانای گەنج و پیر، هەندێ جار ڕاوێژ و مەشوەرەتی پێ دەکردن و دەیگوت: بچوکی تەمەن کەستان قەدەغە نەکات لە دەربڕینی ڕاو بۆچونتان، چونکە زانایی و دانایی بە تەمەنی گەورە و بچووك نیە، بەڵکو دانایی و زانایی بەخششێکە ئەوەی خوا حەز بکات دەیداتە ئەو[2].

(١) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (٣٥٤/١٣).
(٢) جامع بيان العلم، لإبن عبدالبر (٦١٩/١) رقم (١٠٧٠).

ئاسانکاری -ئاسانکردن (التيسير)

ئاسانکاری: واتا ئەنجامدانی کردەوەیەك بە نەرم و نیانی و ئاسانی، یان هەڵگرتنی ناڕەحەتی و تەنگی لەسەر ئەوەی ڕاسپێردراوە بە ئەنجامدانی کارێك کە دەروونی مرۆڤ ماندووو دەکات و لەسەر جەستەش قورسو زەحمەت نییە[1].

پێویستە هەموومان ئەو ڕاستیە بزانین، کە ئاینی ئیسلام ئاسانکاری و چاوپۆشی و فراوانیە، ئاسانکاری مەبەستێکی گەورەیە لە ئاینی ئیسلامدا، ئەم ئاسانکارییە لە چەندەها دەقی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) ووتەی هاوەڵان و زانایان وەرگیراوە، ئەوەی نکولّی لەوە بکات ئەوە نەزانە و لە ئاینی ئیسلام تێنەگەیشتووە و حاڵی نەبووە، بۆیە پێویستە موسڵمانان ئاسانکاری ئیسلام بەکاربێنن بەو مەرجەی گوناهی تێدا نەبێت.

خوا دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾[2].

واتا: خوا ئاسانی و ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات.

---

(١) تفسير القاسمي، لمحمد جمال الدين القاسمي (٤٢٧/٣).

(٢) سورة البقرة، آية (١٨٥).

قتاده (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، کەواتە ئێوەش ئاسانکاری بۆ خۆتان بوێت هەروەك خوا بۆ ئێوەی دەوێت[1].

الشعبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر لەسەر کار و کردەوەیەك ڕاوبۆچونی جیاواز هەبوو، کامەیان ئاسانتر ئەوە هەڵبژێرە، ئەویان لە حەق نزیکترە، چونکە خوا دەفەرموێ:﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴾[2].

محمد راتب نابلسی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئاینی ئیسلام ئاسانکارییە، ئەوانەی ئاین لەسەر خۆیان قورس و گران دەکەن، ئەوانە لەسەر حەق نین، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگدا بوو لە مانگی ڕەمەزان، ڕۆژ زۆر گەرم بوو بەڕۆژوو بوو جامە ئاوێکی بەرزکردەوە و خواردیەوە لە بەرامبەر هاوەڵان بۆ ئەوەی هەموویان بزانن کە ڕۆژوەکەی شکاند، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) زانی هەندێك لە هاوەڵان ڕۆژوویان نەشکاندوە، بۆیە فەرمووی (ئەوانەی ڕۆژوویان نەشکاندوە لە فەرمان دەرچوانن و سەرپێچیان کردووە[3].

إبراهيم النخعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر شك و گومانت بۆ پەیدا بوو دەربارەی دوو ڕاوبۆچون لەسەر کار و کردەوەیەك ئەو گومانە ببە کامەیان ئاسانتر، ئەوە خۆشەویسترە لەلای خوا[4].

عَنْ عائشة (رضي اللهُ عنها) إنّها قالت: (ما خُيِّرَ رَسولُ اللهِ (ﷺ) بيْنَ

(١) تفسير الطبري، لمحمد بن جرير الطبري (٣/٧٦).
(٢) تفسير القاسمي، لمحمد جمال الدين القاسمي (٣/٤٢٧).
(٣) تفسير النابلسي، لمحمد راتب النابلسي (١/٤٤٥) كما في حديث الذي رواه مسلم برقم (١١١٤).
(٤) الآثار، لأبي يوسف الأنصاري (٢٨٥)

أمْرَيْنِ قَطُّ إلاأخَذَ أيْسَرَهُمَا، ما لَمْ يَكُنْ إثْمًا، فإنْ كانَ إثْمًا كانَ أبْعَدَ النَّاسِ منه) [1].

واتا: عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام هەڵوێستی وابوو ئەگەر دوو ڕا و بۆچون لە کار و فەرمانێکدا هەبان، کامەیان ئاسان بوایە ئەوەی هەڵدەبژارد و ئەنجامی دەدا ئەگەر گوناە نەبوایە، ئەگەر گوناە بوایە لە هەموو کەس زیاتر لێی دوور دەکەوتەوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٦﴾ [2].

واتا: بەڕاستی لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا خۆشی و ئاسانی دێت، بێگومان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا خۆشی و ئاسانی دێت.

خوا دەفەرموێ: ﴿سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ [3].

واتا: دڵنیا بن خوا دوای تەنگانە، خۆشی و ئاسانی دێنێت.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا﴾ [4].

واتا: ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت و بێ فەرمانی خوا نەکات، ئەوە خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

کەواتە با هەموومان لە خوا بترسێین و بێ فەرمانی خوا نەکەین، بۆ ئەوەی خوا کاری دونیا و دوارۆژمان بۆ ئاسان بکات.

---

(١) رواه البخاري، (٦١٢٦) ومسلم (٢٣٢٧).
(٢) سورة الشرح، آية (٥-٦).
(٣) سورة الطلاق، آية (٧).
(٤) سورة الطلاق، آية (٤).

خـوا دەفـەرموێ: ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ۝٧ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ۝٨ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ۝٩﴾ [1].

واتا: جا ئەوەی کە نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی، لـەڕۆژی دواییـدا لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت، بە دڵخۆشی دەگەڕێتەوە بۆ لای کـەس و کارە ئیماندارەکانی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إن خَيرَ دِينَكُمْ أَيْسَرَهُ) [2].

واتا: چاکترین کارو فەرمانی ئاینی ئەوەیانە کە ئاسـانە و گـران نیـە لـە ئـەنجام دانی.

لە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّكُمْ أُمَّةٌ أُرِيدَ بِكُمُ اليُسْرَ) [3].

واتە: ئێوە ئۆمەتێکن خوا کارو فەرمانی ئاسانی بۆ ئێوە دەوێت، کار و فـەرمانی قورسی لە ئێوە ناوێت، خوا نایەوێت ئێوە توشی ئازار و ناڕەحەتی بن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، ولَـنْ يُشَـادَّ الـدِّينَ أَحَـدٌ إلا غَلَبَـهُ، فَسَدِّدُوا وقَارِبُوا، وأَبْشِرُوا، واسْتَعِينُوا بالغَدْوَةِ والرَّوْحَةِ وشيءٍ مِنَ الدُّلْجَةِ) [4].

واتا: بێگومان ئاینی ئیسلام ئاینێکی ئاسانە، ئەوەی ئاین بە تونڈی و بە قورسی ئەنجام بدات، ئەوە ئاین زاڵ دەبێ بەسەریدا و خـۆی تووشـی مانـدووبوون و تیاچـوون دەکات، هەر کردەوەیەکتان کرد بە چاکی و بـە تـەواوی ئـەنجامی بـدەن، ئەگـەر بـە تەواوی پێتان ئەنجام نەدرا نزیکی بکەنەوە لە تەواوی، مـوژدە بـۆ ئێـوە لەسـەر ئـەو کردەوە چاکانەی ئەنجامتان داوە بە پاداشتی زۆر لەلایەن خواوە، پشت ببەستن بە خـوا

---

(١) سورة الإنشقاق، آية (٧-١٠).

(٢) رواه أحمد في مسنده (٤/٣٨٨)، (٢٠٣٤٩).

(٣) رواه أحمد في مسنده (٥/٣٢)، (٢٠٣٤٧).

(٤) رواه البخاري (٣٩) ومسلم (٢٨١٦) والنسائي (٥٠٤٩).

بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك لە سەرەتای ڕۆژ و کۆتـایی ڕۆژ و هەنـدێك لـە کۆتـایی شەودا (ئەم سێ کاتانە زۆر گرنگن بۆ پەرستن).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (يَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّروا، وَبَشِّروا وَلا تُنَفِّرُوا) [1].

واتا: کامە کار و کردەوە ئاسانە ئـەو ئـەنجام بـدەن، خۆتـان ئـازار و نارەحـەت مەکەن بە کردەوەی قورس و گران، مژدەبەخش بن بۆ خۆتان و بۆ خەڵکی، دڵی خۆتان و دڵی خەڵکی خۆش بکەن، خەڵکی دوور مەخەنەوە لە کردەوەی چاك، بـەڵکو هـانی خەڵکی بدەن بۆ کردەوەی چاك، بێ هیواو و نائومیدیان مەکەن.

(عَنْ أبي هُريرة (رضي اللهُ عنهُ) قالَ: أنَّ أعْرَابِيًّا بَالَ فِي المَسْجِدِ، فَثَـارَ إلَيْـهِ النَّاسُ ليَقَعُوا به، فَقالَ لهُمْ رَسولُ اللهِ (ﷺ): دَعُوهُ، وأهْرِيقُوا علَى بَوْلِهِ ذَنُوبًا مِن مَاءٍ -أوْ سَجْلا مِن مَاءٍ- فإنَّما بُعِثْتُمْ مُيَسِّرِينَ ولَمْ تُبْعَثُوا مُعَسِّرِينَ)[2].

واتا: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: عـەرەبێکی دەشـتەکی (أعرابـی) میزی لە ناو مزگەوت کرد، خەڵك بۆ هەستان بۆ ئەوەی لێی بدەن و تەمبێ ی بکەن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی وازی لێبێنن میزی پێ مەبڕن بـا میزەکـەی تـەواو بکـات، سەتڵێك ئاو بێنن بە شوێنی میزەکەدا بکەن شوێنەکە پاك دەبێتەوە، ئێـوە بـۆ ئـەوە ڕەوانە کراون ئاسانی و ئاسانکاری فێری خەڵك بکەن بۆ کار و کردەوەی ئاینیـان، بـۆ ئەوە ڕەوانە نەکراون خەڵکی فێری زەحمەت و کاری قورس و گران بکەن لە ئاینیان، لە ڕیوایەتی (موسلیمدا) پێغەمبەر (ﷺ) بە کابرای دەشتەکی فەرموو: ئـەم مزگەوتانـە نابێ میز و پیسایی لێ بکرێت، بەڵکو ئەم مزگەوتانە بـۆ نوێـژکردن و یـادی خـوا و خوێندنی قورئان و خواپەرستی دەبێت.

(١) رواه البخاري (٦٩) ومسلم (١٧٣٤) وأبي داود (٤٨٣٥).
(٢) رواه البخاري (٦١٢٨) ومسلم (٢٨٤) والنسائي (٥٥).

خوا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾[1].

واتا: خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بە قەدەر توانای خۆی نەبێت.

عمر کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پێم خۆشە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕا و بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی کردەوە و خواپەرستیەکان، چونکە ئەگەر یەك ڕا و بۆچوونیان هەبوایە، ئەوە خەڵکی توشی ئەزیەت و گرانی (زەیقەت) دەبوون لە هەندێك لە کار وکردەوەدا، بەڵام هاوەڵان پێشەوا و ڕێنیشاندەر و هیدایەت بەخشن، ئەگەر شوێنی (ئیقتیدا) بە کامەیان بکەیت دروستە، ئەمەش ڕەحمەت و فراوانییە بۆ خەڵکی[2].

(عَنْ جابر بن عبدالله) (رضي اللهُ عنهُ) قالَ: كانَ رَسولَ اللهِ في سَفرٍ، فرأى رَجُلاً قَدْ إجْتَمَعَ النَّاسُ عَلَيهِ، وقد ظُلِّلَ عَلَيهِ، فَقالَ مَالَهُ؟ قالوا: رَجلٌ صائِمٌ، فَقالَ رسولَ اللهِ (ﷺ) (لَيْسَ من الْبر أن تَصُومُوا فِي السّفر، وَعَلَيْكُم بِرُخْصَةِ الله الَّذي رخص لَكُم) [3].

جابر ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە گەشتێکدا بوو، کۆمەڵە کەسێکی بینی کۆبونەتەوە لە دەورەی پیاوێك، بە شتێك سێبەریان لێ کردبوو لەبەر گەرمی تیشکی خۆر، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ کردن ئەو هاوڕێیەتان چی بەسەر هاتووە؟ گوتیان لە گەرمان و لە تێنوان زۆر ماندوو و بێ هێز بووە چونکە بەڕۆژووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خێر و چاکە ئەوە نیە بەڕۆژوو بیت لە گەشتدا (لە سەفەردا) نەوەکو تووشی ناڕەحەتی و شەکەتی ببیت، بەڵکو لەسەرتان پێویستە

(١) سورة البقرة، آية (٢٨٦).
(٢) جامع بيان العلم وفضله، لإبن عبدالبر (٢/٨٠).
(٣) رواه البخاري (١٩٤٦) ومسلم (١١١٥).

ڕوخسەتی خوا جێبەجێ بکەن، چونکە خوا ڕوخسەتی داوە بەو کەسەی لە گەشت دایە ڕۆژوو بشکێنێت، پاشان ڕۆژووەکە بگرێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ، كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ) [1].

واتا: خوای گەورە پێی خۆشە و ڕازییە ڕوخسەتەکانی جێبەجێ بکەین، هەروەك چۆن پێی خۆشە فەرز و واجبەکانی جێبەجێ بکەی.

کەواتە پێویستە موسڵمان ڕوخسەتەکانی خوا وەربگرن و جێبەجێی بکەن، هەروەك چۆن فەرزەکانی جێبەجێ دەکەن، چونکە ڕوخسەت و فەرز هەردووکیان لەلایەن خواوە فەرمانمان پێکراوە، خوا کار و پەرستنی قورس و گرانی لە بەندەکانی داوا نەکردوە، بۆیە پێویست ناکات بەندەکان خۆیان ناڕەحەت و شەکەت بکەن لە پەرستن و کردەوەکاندا، چونکە خوا داوای ئەوەمان لێ دەکات کە دەتوانین ئەنجام بدەین.

ئاسانکاری لەپایەکانی ئاینی ئیسلامدا

*ئاسانکاری لە نوێژکردندا:

نوێژ بە پێوە بکە، ئەگەر نەتوانی بە پێوە بە دانیشتن ئەگەر نەتوانی لەسەر تەنیشت ئەگەر نەتتوانی لەسەر پشت، ئەگەر نەتوانی ئاو بە کارببێنی (تەیەموم) بکە بە خۆڵ، ئەگەر لە سەفەر بووین دەتوانی نوێژەکان کورت و کۆبکەیەوە (قصر وجمع) بکەیت، سوجدەی سەهو ئەنجام دەدەیت ئەگەر گومانت لە کەم و کورتی نوێژەکەت هەبوو.

(١) رواه إبن حبان (٣٥٤) والطبراني (١١٨٨٠).

***ئاسانکاری لە ڕۆژوو گرتندا:**

ئەگەر موسڵمانێك نەخۆش بوو یان بۆ گەشت (سەفەر) چوو توانـای ڕۆژوو گـرتنی نەبوو دەتوانی ڕۆژووەکە بشکێنێت پاشان ڕۆژووەکە بگرێتەوە، ئەوەی پیرە و نەخۆشـە و ئومێدی چاکبوونەوەی نەماوە، لە جیاتی هەر ڕۆژووەك فدیـە دەدات بـە هـەژاران، هەروەها ئەو ئافرەتانەی سکپڕ و منداڵی شیرەخۆرەیان هەیە، ئەگەر بەڕۆژوو بـن بـێ هێز و نازەحەت دەبوون، دەتوانن بەڕۆژوو نـەبن پاشـان ڕۆژووەکـان بگرنـەوە، ئەگـەر کەسێکی بەڕۆژوو لەبیری نـەبو و خـواردن و خواردنـەوەی خـوارد، ئـەوە ڕۆژووەکـەی ناشکێت.

***ئاسانکاری لە زەکات داندا:**

ئەگەر کەسێك ئەوەندە پارەو و زێـڕ و مـاڵات و کشـتوکاڵی نـەبوو بگاتـە ڕادەی زەکات دان، ئەوە زەکات دانی لەسەر نیـە، ئەگـەر کەسـێك هـەژار و پێویسـت بـوو دەتوانی زەکات وەربگرێت، ئەگەر کەسێك مەڕ و ماڵاتی بە پـووش و گیـای پـاوانی گشتی نەدەلەڕەواند، بەڵکو ئالیکی دەدانێ و دایبەستوون ئەوە زەکات دانـی لەسـەر نیە، چونکە ئەرکی بەخێوکردنیان قورس و نازەحەتە بۆ خاوەنەکەی، هەروەها ئەگـەر دانەوێڵەیەك و میوەیەك بە باران و ئاوی سروشتی ئاو نەدرا بێ، بەڵکو ئاودرانەکـەی بە دەرهێنانی ئاو لە ڕووبار و بـیر و نـاعورەوە ئاودرابـێ ئـەوە زەکـاتی دانەوێڵـە و میوەکە دەبێتە نیوە، واتا لە دە یەکـەوە دەبێتـە پێنجییـەك، چـونکە ئـەرکی زۆرتـر قورستڕە لەسەر خاوەنەکەی.

***ئاسانکاری لە حەج کردندا:**

حەج کردن لە تەمەندا جارێك واجبە، حەج لەسەر ئەو موسڵمانانە واجب نیـە کـە هەژارن و، هۆکـاری سـواریان دەسـتناکەوێت، یـان پەککەوتـەن، کەسـی پەککەوتـە دەتوانی کەسێك لە جیاتی ئەو حەجی بۆ ئەنجام بدات، دەبێ ڕێگای چوون و هاتن بـۆ حەج ئەمین بێت، ئەگەر ڕێگا ئـەمین نـەبوو، چـاوەڕوان دەکـات هـەتا ڕێگـا ئـەمین

دەبێت، ئەگەر کەموکوڕییەك لە حەجکردنی کەسێك هەبوو (جگە لە ڕاوەستانی عەرەفە) کوشتنەوەی ئاژەڵێك دەبێتە (فدیە) بۆ کەموکوڕییەکانی.

لە زۆربەی کردەوە و پەرستنەکاندا ئاسانکاری هەیە لە ئایینی ئیسلامدا، چونکە بنچینەیەکی شەرعیمان هەیە دەڵێ (المشقة تجلب التيسير) **واتا:** ئەگەر کەسێکی موسڵمان بە ئەنجامدانی واجبێکی شەرعی توشی ئازار و ناڕەحەتی دەبوو، ئایینی ئیسلام ئاسانکاری بۆ دەکات بۆ ئەنجامدانی واجبەکە بە شێوازێکی تر.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (حُرِّمَ على النَّار كُلُّ هَيِّنٍ لَيِّنٍ، سهلٍ، قَرِيبٍ من النّاسِ) [1].

واتا: ئاگری دۆزەخ قەدەغە دەکرێت یان پارێزراو دەبێت لە ئاگری دۆزەخ، ئەو موسڵمانەی هێمن و لەسەر خۆ و نەرم و نیانە و هەڵسوکەوتی ئاسان و خۆشە، لەگەڵ خەڵکی نزیك و تێکەڵە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (علَيْكُم بما تُطِيقُونَ، فَوَاللهِ لا يَمَلُّ اللهُ حتَّى تَمَلُّوا وكانَ أحَبَّ الدِّينِ إلَيْهِ مَادَاومَ عليه صَاحِبُهُ.) [2].

واتا: ئێوە ئەوەندە کردەوەی چاك و خواپەرستی بکەن چەندی لە تواناتاندا هەیە، خۆتان ئازار و ناڕحەت مەکەن بە ئەنجامدانی خواپەرستی، چونکە خواپەرستی و دینداری بە خۆماندووکردن نیە، بەڵکو بە شوێنکەوتنی ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ)، چەندی لە تواناتاندا هەیە ئەوەندە خواپەرستی بکەن، چونکە خوا بێ تاقەت نابێت لە پێدانی پاداشت پێتان هەتا ئێوە بێتاقەت دەبن لە ئەنجامدانی کردەوەی چاك، خۆشەویسترین دینداری و کردەوەی چاك بەلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە بەردەوام بیت لەسەری ئەگەر کەمیش بێت.

---

(١) رواه أحمد (٣٩٢٨) والترمذي (٢٤٨٨) حسن.

(٢) رواه البخاري (٤٣) ومسلم (١٨٣٤) وابن ماجة (٣٤٣٥).

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئاسانکاری واتا جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام بەڕاست و دروستی بەبێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی، ئاسانکاری ئەوە نیە پێشێلی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بکەیت، دەتوانین کردەوەی ئاسان ئەنجام بدەین بەو مەرجەی دوور بێت لە گوناح و بێ شەرعی.

ئاگالێبوون -گونجاو بوون (المداراة)

ئاگالێبوون: واتا بـاڵ دانوانـدن لەگـەڵ خەڵکیـدا، نـەرم و نیـانی و لێزانـی لـە قسەکردندا، وازهێنان لە توندی و قسە ڕەقی لەگەڵ خەڵکیدا[1].

إبن حجر (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەڵـێ: (مـداراة) **واتـا:** خراپـە لـە خـۆ دوورخستنەوە بە نەرم و نیانی و بە دانایی و لەسەرخۆیی[2].

پێویستە لەسەر کەسی ژیر و تێگەیشتوو گونجـاو بێـت لەگـەڵ خەڵکـدا، چـونکە خەڵک جیاوازن لە ڕەوشت و ڕەفتاردا، بۆیە ئەگەر واز لە خەڵکی بێنیت لەبەر خراپـە و کەم و کوڕیان ئەوە بە تەنها دەمێنێتـەوە، چـونکە زۆربـەی خـەڵکی کـەموکوڕیان هەیە، بۆیە شاعیرێك دەڵێ:

مَنْ لَمْ يُدارِ النَّاسَ مَلُّوهُ ومَنْ أكْرَمَ النَّاسَ أحَبُّوه

واتا

ئەوەی لەگەڵ خەڵکیدا گونجاو نەبێت خەڵك لێی بێزار دەبن
ئەوەی ڕێزی خەڵکی بگرێت خەڵکیش خۆشیان دەوێت

ئەگەر لە شەڕ و خراپەی کەسێك دەترسـای پێویسـتە لەسـەرت ئاگـات لێبێـت و لەگەڵی لێزان و گونجاو بیت بۆ ئەوەی پارێزراو بیت لێی، هەروەك شاعیرێك دەڵێ:

تَجَنَّبْ قَرِينَ السُّوءِ وأحْرِم حِبَالهُ
فإنْ لَمْ تَجِدْ عَنْهُ مِحيصاً فَدَارِهِ

(١) شرح صحيح البخاري، لإبن بطال (٢٩٤/٧).
(٢) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (٥٢٨/١٠).

واتا:

دوور بکەوە لە هاوڕێی خراپ و پەیوەندی
لەگەڵـــــــــدا بپچـــــــــڕێنە
ئەگەر نەتتوانی خۆی لێ ڕزگار بکـەیت
لەگـــەڵی بگونجـێ و ئاگـــات لێبێـــت.

جیـاوازی نێـوان گونجـاوبوون (المداراة) و مـەرایی کـردن (المداهنـة): (قـرطبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: گونجاو بوون (المدارة) دونیـا ببەخشـی بـۆ چـاککردنی دونیا یان بۆ چاککردنی ئاین یان بـۆ چـاککردنی هـەردوکیان، بـەڵام مـەرایی کـردن (المداهنة) واز لە ئاین هێنان بۆ چاککردنی دونیا[1].

إبن قیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: گونجاو بوون (المداراة) مرۆڤ نەرم و نیان و هێمن بێت لەگەڵ هاوڕێیەکەیدا بۆ ئەوەی حەق و ڕاسـتی لـێ وەربگرێـت، یـان لـە خراپە و کاری ناڕەوا بیگێڕێتـەوە، بـەڵام مـەرایی کـردن (المداهنـة) ئەوەیـە لەگـەڵ هاوڕێیەکەتدا نەرم و نیانو هێمن بێت، دان بە خراپەو ناڕەوایەکانیدا بهێنێت یـان لـە هاوڕێیەکەت بگەڕێت لەسەر حەز و ئارەزووە خراپەکانی بەردەوام بێت، گونجـاو بـوون (المداراة) پەیوەستە بە باوەڕداران، مەرایی کـردن (المداهنـة) پەیوەسـتە بـە دووڕوان (المنافقين)[2].

نمونەیەك لەسەر گونجاو بوون (المداراة) و مـەرایکردن (المداهنـة): کەسـێك نوێـژ ناکات تۆش لەبەر خاتری ئەو نوێژ نەکەی بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبێت، یـان کوفرێـك بکات تۆش بە ڕوویدا پێبکەنیت ئەوە مەرای کردنە (المداهنة)یـە، بـەڵام ئەگـەر لـە کڕین و فرۆشتندا لە بەشێك لە مافی خۆت خۆش بویت لـە کەسـی بەرامبەرتـدا یـان

(١) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (٤٥٤/١٠).
(٢) الروح لإبن، القيم الجوزية (٢٣١).

هاوکاری و دیارییەك بدەیتە کەسێکی خراپ بۆ ئەوەی بەرەو خێر و چاکەی بهێنیت ئەوە گونجاو بوونە (مداراة) و کارێکی ڕەوا و چاکە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾[1].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیماندار: بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت ولێزانی و دانایی (بۆ هەندێ کەس)، بەئامۆژگاری جوان و بەجێ (بۆ هەندێکی تر)، بەگفتوگۆی شیرین و موجادەلە بە جوانترین و چاکترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا)، بێگومان پەروەردگارت هەر خۆی زانایە کێ گومڕایە، هەر خۆیشی زانایە بە هیدایەت وەرگران.

خوای گەورە فەرمان بە دوو پێغەمبەر (موسا وهاڕوون) سەلامی خوایان لێ بێت دەکات بڕۆن بۆ لای فیرعەون بانگی بکەن بۆ وەرگرتنی حەق و ڕاستی بەڵکو هیدایەتی ببێت.

خوا دەفەرموێ:﴿ ٱذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِى وَلَا تَنِيَا فِى ذِكْرِى ﴿٤٢﴾ ٱذْهَبَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴾[2].

واتا: بڕۆ (موسا) خۆت و براکەت(هاڕوون) بەبەڵگە و موعجیزەکانمەوە، نەکەن لە گەیاندنی پەیامی منداسستی و خاوی بکەن، هەردووکتان بڕۆن بۆ لای فیرعەون، چونکە بەڕاستی ئەو لە سنور دەرچووە و یاخی بووە، هەردووکتان بە نەرم و نیانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن بەڵکو بیر بکاتەوە یان بترسێ لە سزای خوا.

---

(١) سورة النحل، آية (١٢٥).

(٢) سورة طه، آية (٤٢-٤٤).

ابن كثير (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئایەتی﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا ﴾. دەڵێت: لەم ئایەتەدا پەند و وانەی گەورەی تێدایە، بێگومان فیرعەون لەوپەڕی خۆ بەزل زانین و یاخیبوون بوو، موسی (سەلامی خوای لێبێت) هەڵبژاردەی خوا بوو لەناو هەموو خەڵکیدا و پێغەمبەری خوا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا خوا فەرمان بە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) دەکات، کە بە نەرم و نیانی گفتوگۆ لەگەڵ فیرعەون بکات[1].

قرطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر خوا فەرمان بە موسی (سەلامی خوای لێ بێت) بکات لەگەڵ فیرعەون بە نرم و نیانی گفتوگۆ بکات، پێویستە لەسەر ئەوەی پلەی لە موسی (سەلامی خوای لێبێت) نزمترە شوێنی موسی (سەلامی خوای لێ بێت) بکەوێت لە گفتوگۆکردنیدا لەگەڵ خەڵکیدا لە فەرمان بە چاکەیدا، بەم شێوەیە شایەن و شیاوترە[2].

(عائیشە) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: پیاوێك هات داوای ئیزنی کرد بچێتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بابێت، پێغەمبەر (ﷺ) کە چاوی بە پیاوەکە کەوت فەرمووی: خراپترین کەس هۆزەکەیەتی، کە پیاوەکە دانیشت پێغەمبەر (ﷺ) ڕووخۆش و دەم بە خەندە بوو لەگەڵیدا، کە پیاوەکە ڕۆیشت عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە پیاوەکە هات فەرموت خراپترین کەسی هۆزەکەیەتی، بەڵام کە دانیشت لەلات زۆر ڕووخۆش بووی لەگەڵیدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی عائیشە: قەت زانیوتە من قسەی ناشیرین و نابەجێ لەگەڵ کەسدا بکەم، ئینجا فەرمووی ئەی عائیشە: خراپترین کەس لەلای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە خەڵك لێی دوور دەکەونەوە لەبەر خراپە و بەدڕەوشتی، ئەم پیاوەکەش لە پیاوخراپان بوو[3].

---

(١) تفسير إبن كثير، لإبن كثير (٣/٢٠٦).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٦/١٨٢).
(٣) رواه البخاري (٦٠٣٢) ومسلم (٢٥٩١).

أبو يوسف (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پێنج کەس دەبێ لەگەڵیاندا گونجاو بیت و ئاگات لێیان بێت (مداراه) یان بکەیت:

یەکەم: لەگەڵ پاشایەکی زۆردار و خۆسەپێن.

دووەم: لەگەڵ دادوەرێك بە بۆچون دادگای بکات:

سێیەم: لەگەڵ نەخۆشدا.

چوارەم: لەگەڵ ئافرەتدا.

پێنجەم: لەگەڵ زانادا بۆ ئەوەی زانستی لێ فێر ببیت[1].

أبو درداء (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ: (إِنَّا لَنَكْشِرُ فِي وُجُوهِ أَقْوامٍ وأَنَّ قلوبنا لَتلعنَهمْ) [2].

واتا: ئێمە پیدەکەنین لە ڕووی هەندێك کەساندا بەڵام لە دڵماندا ڕقمان لێیانە.

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (زانایان و دانایان گوتیانە: گونجاوبوون و ئاگالێبوون (المداراة) نیوەی ئەقڵ و تێگەیشتنە، بەڵام من دەڵێم: گونجاو بوون المداراة لەگەڵ خەڵکیدا تەواوی ئەقڵ و تێگەیشتنە[3].

شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شیعرێکدا دەڵێ:

إِنِّي أحيِّي عَدوِي عِنْدَ رُؤْيَتِهِ ... لأدْفعَ الشَّرَّ عَنِّي بالتَّحياتِ

وأُظْهِرُ البِشْرَ للإنْسانِ أُبْغِضهُ ... كأنَّما قدْ حَشَى قَلْبِي مَحَبَّاتِ

النّاس داءٌ وَدواءُ النَّاس قُرْبُهُمْ ... وفي اعتزالِهِمْ قَطْعُ المَوَداتِ[4].

---

(١) الآداب الشرعية، لإبن المفلح (٣/٤٧٠).

(٢) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (١٠/٦٤٨).

(٣) الآداب الشرعية، لإبن المفلح (٣/٤٦٨).

(٤) أدب الدنيا والدين، للماوردي (٢٢٣).

واتا:

مـــن ســـلاّو لـــە دوژمـــنم دەکـــەم کـــە دەیبیـــنم
بـــەم ســـلاّوە شـــەڕ و خراپـــەی دوور دەخەمـــەوە لـــەخۆم
ڕووخۆشی نیشان دەدەم بـۆ کەســێك کـە ڕقـم لێیـەتی
وەکـــو ئـــەوەی دڵـــم پڕبوویـــێ لـــە خۆشەویســـتی
خەڵك دەردە و دەرمـانی خـەڵك لێیـان نزیـك ببیـەوە،
لە دوورکەوتنەوە لێیان پچڕاندنی دۆســـــــــتایەتیە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (مَدَاراةُ النَّاسِ صَدَقَةٌ) [1].

واتا: گونجاو بوون و ئاگالێبوون (مداراه) لەگەڵ خەڵکی خێر و چاکەیە، بەو مەرجەی بەشێوازێکی شەرعی ئەنجامی بدەیت و دوور بیت لە بێ فەرمانی خوا.

-پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (المؤمِنُ الذي يُخالِطُ الناسَ و يَصبِرُ على أذاهُمْ ، أعْظَمُ أجْراً من المؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ و لا يَصبرُ على أذاهُمْ)[2].

واتا: ئەو ئیماندارەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵە و ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکی دەژی گـوزەر دەکات، ئارامگر و خۆڕاگرە لەسەر ئەو ئازار و ناڕەحەتیانەی کە لـە خـەڵکی توشـی دەبێت، لێبوردەیە و چاوپۆشی لە هەڵە و خراپەکانیان دەکـەات، چـاکترە و پاداشـتی زۆر زیاترە لەو ئیماندارەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ نیە و دوورە پەرێزە لەگەڵیان، گوزەر ناکات و ئارامگر نیە لەسەر ئازار و ناڕحەتیەکانیان.

لەم فەرمودەیە بۆمان ڕوونـدەبێتەوە ئـەو ئیمانـدارەی لەگـەڵ خـەڵکی تێکەڵـە و

---

(١) رواه ابن حبان (٢/٢١٦) (٤٧١) وقال إبن حجر إنه ضعيف.
(٢) رواه إبن ماجة (٤٠٣٢) وأحمد (٥٠٢٢) والطبراني في الأوسط (٥٩٥٣) والترمذي (٢٥٠٧) والبيهقي (٢٠٦٦٩).

دەژیت، توشی ئازار و نارِحەتی و ناسۆری دەبێت، بەڵام لەسەر ئەم تێکەڵیە و نارِحەتییە پاداشتی زۆری دەستدەکەوێت ئەگەر ئارمگرێت.

ڕیوایەت دەکرێ جارێکیان پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لێ بێت) دانیشتبوو بە دڵتەنگی و بەتەنیایی، خوا سروشی (وەحی) بۆ داود کرد (سەلامی خوای لێبێت)و فەرموی: ئەوە بۆ بە دڵتەنگی و بە تەنیایی دەتبینم، داود (علیه السلام) گوتی: خەڵکی گوێڕایەڵی من ناکەن، و پەرستنی تۆ ناکەن منیش لەبەر تۆ لێیان تووڕەم و وازم لێهێناون، خوا فەرموی: ئەی داود شتێکت نیشان بدەم ئەگەر ئەنجامی بدەی ڕەزامەندی من بە دەست دێنیت، داود (سەلامی خوای لێ بێت) گوتی بەڵێ ئەی خوا پەروەردگار، خوا فەرمووی لەگەڵ خەڵکی هەڵسوکەوت بکە بە گوێرەی هەڵسوکەوت و ڕەشتی ئەوان، **واتا:** لەگەڵیان گونجا و دانا و لێزان بە لە نێوان من و تۆدا دەستگر بە بە ئیمان و کردەوەی چاک[1].

أصمعي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: باپیرم لە کاتی سەرەمەرگیدا کوڕ و کچەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: ئەی ڕۆڵەکانم لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت و ڕەفتارتان ئاوا بێت: ئەگەر لەگەڵیان بژین تێکەڵ و گونجاو بوون لەگەڵتان بەڕێز و بە سۆز دەبن، ئەگەر مردن بۆتان بگرێین، واتا چاکە بکەن و ئاگاتان لە خەڵکی بێت[2].

سوودەکانی گونجاویوون:

خۆپارستنە لە شەڕ و خراپەی خراپەکاران، بەڵگەیە لەسەر ئەقڵ و دانایی، نیشانەی ڕەوشت بەرزیە، نیشانەی ئیمان پتەوییە، خێر و پاداشت بەدەستدەهێنێت.

لەکۆتایی ئەم ڕەوشتە:

منیش دەڵێم: لەم دونیایەدا هەرکەسە و جۆرە ڕەفتار و خووڕەوشتێکی هەیە، ئەو کەسە دانایە بتوانی لەگەڵ هەموویان بژیتو ئارامگرییت لەسەر هەڵەکانیان..

---

(١) الآداب الشرعية لإبن المفلح (٣/٤٧٠).

(٢) فيض القدير شرح جامع الصغير للمناوي (٥/٤٦٣).

چاوداخستن-چاودانەواندن
(غض البصر)

چاوداخستن: واتا پێویستە موسڵمان چاوی دابخات لەوەی حەرامە و تەماشای نەکات، تەنها تەماشای ئەو شتانە بکات کە حەڵاڵ و دروستە تەماشای بکرێت، ئەگەر چاوی کەوت بە شتێکی حەرام و بە ئەنقەست نەبوو، با زوو چاوی لە حەرامەکە وەربگێڕێ[1].

قورتبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بینین گەورەترین دەرگایە بۆ دڵی مرۆڤ، لە هەموو ڕێگایەك هەستیارترە بۆ گەیشتن بە دڵ، زۆربەی هەڵە و گوناح و خلیسکان لەلایەن بینینەوەیە، بۆیە پێویستە ئاگاداری چاومان بین، داخستنی چاو لە هەموو جۆرەکانی حەرام پێویستە، لە هەموو ئەو شتانەی ترسی ئاژاوەی لێ دەکرێت پێویستە چاومان بپارێزین[2].

پیاوێك پرسیاری لە (جونەید بەغدادی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرد، گوتی: پشت بە چی ببەستم بۆ داخستنی چاوەکانم، گوتی: بیننی (خوا) بۆ تۆ نزیکتر و خێراترە لەوەی تۆ دەیبینیت و تەماشای دەکەیت[3].

---

(١) تفسير إبن كثير، لإبن كثير(٥٩٨/٢).
(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (١٤٨/٢).
(٣) إحياء علوم الدين ، للغزالي (٣٩٧/٤).

خوا دەفەرموێ:﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾[1].

واتا: خوای گەورە دەفەرموێ ئەی موحەمەد (ﷺ) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان داخەن و بپارێزن لە سەیرکردنی ئافرەتی نامەحەرەم، عەورەت و (دامێنیان) بپارێزن لە حەرام و (داوێنپیسی)، بێگومان ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ ئەوان، بێگومان خوا ئاگاداراە بەو هەڵسوکەوتە و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.

فخر الرازی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر پرسیار بکرێت بۆ لەم ئایەتەدا چاوداخستنی پێش پاراستنی عەورەت و دامێن خستووە، دەڵێین: چونکە تەماشاکردنی حەرام نامەبەری زینا و داوێن پیسیە، پێشەنگە بۆ کردەوەی خراپ، بەڵا و کارەساتی زۆرترە، پاراستنی ناڕەحەت و زەحمەتە[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إِيَّاكُمْ وَالجُلُوسَ فِي الطُّرُقَاتِ، فَقالوا: يَا رَسُولَ اللهِ، ما لَنَا بُدٌّ، مِنْ مَجَالِسِنَا نَتَحَدَّثُ فيها، قالَ: فَإِذَا أَبَيْتُمْ إِلاّ المَجْلِسَ، فأعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهُ، قالوا: وَما حَقُّ الطَّرِيقِ يارَسُولَ اللهِ ؟ قالَ: غَضُّ البَصَرِ، وَكَفُّ الأذَى، وَرَدُّ السَّلامِ، وَألامْرٌ بالمَعروفِ، وَالنَهْيِ عَنِ المُنْكَرِ)[3].

واتا: ئامان نەکەن لەسەر ڕێگاکان دانیشن، گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لەسەر ڕێگاکان دادەنیشین و گفتوگۆ دەکەین و بە یەکتری شاد دەبین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر هەر دادەنیشن لەسەر ڕێگاکان، ئەوە مافی ڕێگا جێبەجێ بکەن، گوتیان مافی ڕێگا چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرمووی: چاوتان بپارێزن لە حەرام لەو کەسانەی بە ڕێگادا دەڕۆن، کەس ئازار و

---

(١) سورة النور، آية ٣٠.

(٢) التفسير الكبير، لفخر الرازي(٣/٢٠٥).

(٣) رواه البخاري (٦٢٢٩) ومسلم (٢١٢١) وابن داود (٤٨١٥) وابن حبان (٥٩٥).

ناڕەحەت مەکەن نە بەقسە و نە بـە کـردەوە، وەلّامـی سـلّاو کـردن بدەنـەوە ئەگـەر کەسێك سلّاوی لێکردن، فەرمان بە چاکە بکەن ئەگەر هەلّەیەکتان بینی، قەدەغە لـە کاری خراپ و ناڕەوا بکەن ئەگەر کەسێکتان بینی کاری خراپ دەکات.

لەم فەرمودیە پێغەمبـەر (ﷺ) ئاگادارمـان دەکاتـەوە هـەتا دەکرێـت لەسـەر ڕێگاکان دانەنیشین، چـونکە لەسـەر ڕێگـا دانیشـتن شـوێنیکی چـاك و شـیاو نیـە، هەروەها دەفەرموێ ئەگەر هەر دانیشتن لەسەر ڕێگا، ئەم پێنج شتانە جێبەجێ بکەن، چاوتان بپارێزن لە حەڕام، کەس ئازار مەدەن نە بە گوفتار و نـە بـە کـردار، وەلّامـی سلّاوکردن بدەنەوە، فەرمان بە چاکە و قەدەغە لە خراپە بکەن بە گوێرەی تاواناتان.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (اضْمَنُوا لِي سِتّاً مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَضْمَنْ لَكُمُ الْجَنَّةَ: اصْدُقُوا إِذَا حَدَّثْتُمْ، وَ أَوْفُوا إِذَا وَعَدْتُمْ، وَ أَدُّوا إِذَا ائْتُمِنْتُمْ، وَ احْفَظُوا فُرُوجَكُمْ، وَ غُضُّوا أَبْصَارَكُمْ، وَ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ) (١).

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: شەش خوو ڕەوشتم بۆ زامن بکەن لـە خـودی خۆتان، بەردەوامیش بن لەسەر ئەنجامدانیان، من چوونە بەهەشتتان بۆ زامن دەکەم:

یەکەم: ئەگەر قسەتان کرد ڕاست بڵێن و درۆ مەکەن.

دووەم: ئەگەر پەیمانتان دا بیبەنە سەر و مەیشکێنن.

سێیەم: ئەگەر سپاردە و ئەمانەتێکتان پێ سـپێردرا بپـارێزن و بیگەڕێنـەوە بـۆ خاوەنەکەی.

چوارەم: عەورەت و دامێنتان لە حرام بپارێزن.

پێنجەم: چاوتان لە تەماشاکردنی حەڕام بپارێزن.

شەشەم: دەستان هەلّبگرن لە خراپە و حەرام و ستەم.

---

(١) رواه أحمد (٥/٣٢٣) والحاكم (٤/٣٥٨) صحيح.

جریر کوڕی عبدالله (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد دەربارەی چاوپێکەوتنی کتوپڕ، فەرمانی پێکردم ڕووم وەرگێڕم لە چاولێکردن و تەماشاکردنی حەرام[1].

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەگەر چاومان بە شتێکی حەرام کەوت خێرا چاومان وەرگێڕین لە تەماشاکردنی، نابێت چاومان بەردەوام بێت لە بینینی حەرام و لێی وردببینەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) بە (عەلی) (ﷺ) دەفەرموێ:

(يا عليُّ! لا تُتْبِعِ النَّظرةَ النَّظرةَ، فإنّ لَكَ الأُولى، ولَيسَتْ لَكَ الآخِرَةُ)[2].

واتا: ئەی عەلی ئەگەر چاوت بە شتێکی حەرام کەوت خێرا چاوت وەرگێڕە لە تەماشاکردنی، بە دوای یەکدا چاو لە حەرامەکە مەکە، چونکە بینینی جاری یەکەم لەسەرت نانوسرێ چونکە بە ئەنقەست نەبووە، بەڵام ئەگەر دووەم جار تەماشای بکەیتەوە لەسەرت دەنوسرێ و گوناهبار دەبیت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنكُم الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)[3].

واتا: ئەی کۆمەڵی گەنج و لاوان، ئەوەی لە ئێوە توانای جەستەیی دارایی هەیە و حەزی لە ژن هێنانە با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان دەبێتە مایەی پاراستنی چاو لە حەرام، دەبێتە مایەی داوێن پاکی، ئەو گەنجەی حەزی لە ژن هێنانە و بەڵام توانای دارایی نیە بۆ ژنهێنان با بەڕۆژوو بێت، چونکە بەڕۆژوو بوون بۆی دەبێتە دامرکاندنەوەی ئارەزوو (شهوة)، دەیارێزێت لەحەرام.

---

(١) رواه مسلم (٢١٥٩) والنسائي (٩٢٣٣).

(٢) رواه أبو داود (٢١٤٩) والترمذي (٢٧٧٧).

(٣) رواه البخاري (١٩٠٥) ومسلم (١٤٠٠).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووی: (لا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إلى عَوْرَةِ الرَّجُلِ، ولا المَرْأَةُ إلى عَوْرَةِ المَرْأَةِ.....) [1].

واتا: حەرامە پیاو تەماشای ئەندامانی شەرمی (عورة) پیاوێکی تر بکات، هەروەها حەرامە ئافرەت تەماشای ئەندامانی شەرمی (عورة)ی ئافرەتێکی تر بکات.

ئەندامی شەرمی (عورة)ی پیاو بۆ پیاوان (نێوان ناوك و ئەژنۆیە) هەروەها ئەندامانی شەرمی (عورة)ی ئافرەت بۆ ئافرەتان (نێوان ناوك و ئەژنۆیە)، بەڵام ئەندامانی شەرمی (عورة)ی ئافرەتان بۆ پیاوان هەموو لاشەیی تەنها ڕوخسارو هەردوو لەپەدەستەکانی نەبێت.

عبدالله کوڕی مەسعود (ﷺ) دەڵێ: (حِفْظٌ البَصَرِ أَشَدُّ مِنْ حِفْظِ اللِّسانِ)[2].

واتا پاراستنی چاو زەحمەتر و قورسترە لە پاراستنی زمان، چونکە چاو لە هەموو ئەندامەکان زیاتر بەکاردێت، بۆیە پاراستنیشی قورسترە.

هەروەها (عبدالله کوڕی مەسعود) (ﷺ) دەڵێ:

(وما مِن نَظرَةٍ إلا ولِلشَّيطانِ فيها مَطمَعٌ)[3].

واتا: هەر تەماشاکردنێك بۆ حەرام ئیلا شەیتان تەماع و چاوچنۆکی تێدایە. واتە شەیتان دەتخاتە داوی گوناح و بەرەو لای خۆی ڕاتدەکێشێت.

ئەنەسی کوڕی مالیك (ﷺ)دەڵێ: ئەگەر ئافرەتێك بەلاتدا تێپەڕی، خێرا چاوت داخە هەتا ئافرەتەکە لێت تێپەڕ دەبێت[4].

---

(١) رواه مسلم (٣٣٨) وأبو داود (٤٠١٨) والنسائي (٩٢٢٩).
(٢) الورع، لابن أبي الدُنيا (٦٦).
(٣) الترغيب والترهيب، للمنذري (٨١/٢).
(٤) الورع، لابن أبي الدُنيا (٦٦).

پێویستە زۆر ئاگاداری چاومان بین و لە تەماشاکردنی حەرام قەدەغەی بکەین، نەکەوینە داوی شەیتان و فریومان بدا و هەڵمان بخەڵەتێنێت و گوناح و خەراپەمان پێ ئەنجام بدات و شەرمەزاری خوا و خەڵکمان بکات.

علاء کوڕی زیادی العدوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: (لاتُتْبِعْ بَصَرَكَ حُسْنَ رِدْفِ الْمَرْأَةِ، فَإِنَّ النَّظَرَ يَجْعَلُ الشَّهْوَةَ فِي الْقَلْبِ) [1].

واتا: لە دوای یەکتری چاو لە باڵا و سمتی ئافرەت مەکە، چونکە تەماشکردنی جەستە و باڵای ئافرەت دەبێتە هۆی جوڵاندنی ئارەزوو (شهوة) لەناو دڵدا، دەبێتە هۆی کاری خراپ و بەدڕەوشتی.

شجاع کوڕی شیاه (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هەر کەسێك ڕوالەت و دەرەوەی چاك بکات بە خواپەرستی و شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ، ناوەڕۆك و ناوەوەی چاك بکات بە چاودێری خوا بەسەریەوە، چاوی دابخات لە حەرام، نەفسی خۆی دوور خاتەوە لە ئارەزوو و (شەهوات) و خۆی بپارێزێت لە خواردنی حەرام، ئەوە هەر زانیاری و دووربینێك پێشبینی بکات هەڵە ناکات و پێشبینییەکەی ڕاست دەردەچێت[2].

کەواتە ئەوەی دەیەوێ خوا زانیاری و دووربینی (فراسە)ی پێ ببەخشێت، با ئەم پێنج کردەوانەی (شجاع) گوتی: ئەنجام بدات، پێشبنییەکانی ڕاست دەردەچێت.

ابن دقیق (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: (إِنَّ تقْوَى اللهِ سَبَبٌ لِغَضِّ البَصَرِ وتَحْصِينِ الفَرْجِ) [3].

واتا: لە خواترسان و پارێزکاری هۆکاری چاوداخستنە لە حەرام و هۆکاری داوێن

---

(١) الورع، لابن ابي دنيا (٦٨).

(٢) مجموع الفتاوى، لإبن تيمية (١٥/٤٢٥).

(٣) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (٩/١٠٩).

پاکییە، چونکە لە خواترسان مرۆڤ قەدەغە دەکات لە هەموو کردەوەیەکی خراپ.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ خوا دەفەرموێ: (النَّظْرَةُ سَهْمٌ مَسْمُومٌ مِنْ سِهَامِ إِبْلِيسَ، مَنْ تَرَكَهَا مِنْ مَخَافَتِي أَبْدَلْتُهُ إِيمَانًا يَجِدُ حَلاوَتَهُ فِي قَلْبِهِ)[1].

واتا: خوا دەفەرموێ تەماشاکردنی حەرام تیرێکە لە تیرە ژەهراوییەکانی شەیتان، ئەوەی واز لە تەماشاکردنی حەرام بهێنێت لە ترسی من، بۆی دەگۆڕم بە ئیمان و باوەڕێك تامی شیرنییەکەی لە دڵیدا هەستی پێ بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بامْرَأَةٍ إِلاَّ معَ ذِي مَحْرَمٍ)[2] وَفِي رِوايةٍ أُخرى (ألاَ لاَيَخلوَنَّ رَجُلٌ بِامْرأةٍ إلاّ كَانَ ثَالِثهُما الشَّيطانُ) [3].

واتا: با هیچ پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بە تەنیا کۆنەبێتەوە ئیلا با کەسێکی مەحرەمی لەگەڵدا بێت.

لە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (سوێند بەو خوای گیانی منی بە دەستە، هەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بە تەنیا کۆببێتەوە ئیلا شەیتان دەچێتە نێوانیان خوتخوتەی (وەسوەسە) خراپیان دەخاتە دڵ و دەروونیان.

شاعیر دەڵێ:

كُلُّ الحَوادِث مَبْدَأُها النَّظَرُ
وَمُعْظَمُ النَّارِ مِنَ مُستَصْغَرِ الشَّرَرِ[4].

واتا:

---

(١) رواه الطبراني (١٠٣٦٢) والحاكم (٣١٣/٤) ضعيف.
(٢) رواه البُخاري (٥٢٣٣) ومسلم (١٣٤١).
(٣) رواه الترمذي (٢١٦٥) والنسائي (٩٢١٩).
(٤) الجواب الكافي، لإبن القيم الجوزية (١٦٤).

هـــەموو ڕووداوەکـــان لـــە تەماشـــاکردنی حـــەڕام دەســـتپێدەکات
زۆربـــەی ئـــاگرە گـــەورەکان لـــە پریشـــکە ئـــاگرێکی بچـــووک دەکەوێتـــەوە

بێگومان زۆربەی ڕووداوە ناخۆشەکان و کارەساتە گەورەکان لە شتێکی بچـووکەوە دەستپێدەکات، بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە پێش لە هەموو خراپە و گوناهێك بگرین، ئەگەرنا پەشیمان دەبینەوە.

(أحمد شوقی) دەڵێ:

نَظْرَةٌ فَابْتِسامَةٌ فَسَلامٌ
فَكَلامٌ فَمَوْعِدٌ فَلِـقاءٌ

واتا: سەرەتای هەموو شتێك دەستپێدەکات لە:

تەماشاکردنێك، زەردەخەنەیەك،
ئینجـــا ســـلاّو کردنێـــك
ئینجا گفتوگۆیەك، ئینجا بەڵێن
وەرگرتنێك، ئینجا بەیەکگەیشتن

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (ثَلاَثَةٌ لاَ تَرَى أَعْيُنُهُمُ النَّارَ: عَيْنٌ حَرَسَتْ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَعَيْنٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ، وَعَيْنٌ غَضَّتْ عَنْ مَحَارِمِ اللهِ)[1].

واتا: سێ کەس چاویان ئاگری دۆزەخ نابینن، واتا ئاگری دۆزەخ ئەم چاوانە ناسوتێنێت:

یەکەم: چاوێك پاسەوانی کردبێت لە پێناوی خوای گەورە.

دووەم: چاوێك گریابێت لە ترسی خوای پەروەردگار.

---

(١) رواه أبو يعلى (٢١٥) والطبراني (١٠٠٣).

سێیەم: چاوێك پارێزراو بوویێت لە تەماشاکردنی حەڕام.

الزهری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: دروست نییە تەماشاکردنی هیچ شوێنێکی ئافرەتان، کە بەبینینی ببێتە هۆی ئارەزوو (الشهوة) ئەگەر ئەو ئافرەتە بچووك و منداڵیش بێت[1].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

تەماشاکردن و سەرنجدان و ڕوانین لە حەڕام، زۆر زیان و سزای خراپی هەیە وەکو:

دڵڕەقی، لە دەستدانی تامی شیرینی ئیمان، لە بیرچوونەوەی زانست و زانیاری، نەمانی بیرتیژی، کەم خواپەرستی و دینداری، ڕێگا ئاسان بوون بۆ شەیتان بۆ گەیشتن بە دڵ و دەروون.

(١) فتح الباري، لابن حجر العسقلاني (١١/٩).

دەستەبەری هەتیو -کەفالەتی هەتیو (كفالة اليتيم)

هەتیو: ئەو منداڵە بچوکەیە کە باوکی نەماوە[1].

مەبەست لە منداڵی بچووک: ئەو منداڵەیە کە تەمەنی نەگەیشتبێتە هەزرەکاری و بلوغ بوون لە کورِانداو لەکچاندا.

کەفالەتی هەتیو:

ئەو کەسەیە سەرپەرشت و چاودێری کاروبار و بەرژەوەندی هەتیو لە ئەستۆ دەگرێت[2].

خاوەنی (القاموس الفقهی) دەڵێ: کەفالەتی هەتیو ئەو کەسەیە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاروباری هەتیو و سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی[3].

خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ ۚ﴾[4].

واتا: پرسیارت لێ دەکەن ئەی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە هەتیوان ئاخۆ چۆن ژەفتاریان لەگەڵ بکەین، پێیان بڵێ: چاکەکاری و چاکسازی و پەروەردەکردنیان لە هەموو شت چاکتر و پەسەندترە بۆیان، خۆ ئەگەر ئاگاتان لێیان بێت و تێکەڵاویان بن

(١) القاموس الفقهي، لسعدي أبو جيب (٣٢٢).
(٢) فتح الباري، لإبن حجر العسقلاني (٤٥١/١٠).
(٣) القاموس الفقهي، لسعدي أبو جيب (٣٢٢).
(٤) سورة البقرة، آية (٢٢٠).

و بیانهێنە مالّتان کارێکی باشە، ئەوانە خوشك و براتانن، دەبێت بە چاکی چاودێری خۆیان و مالّ و سامانیان بکەن، خوایش کەسانی خراپەکار و بەدکار لە کەسانی چاکساز و چاکەکار جیادەکاتەوە و دەیاناسێت.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾[1].

واتا: ئەی خەڵکینە تەنها خوا بپەرستن، هیچ شەریك هاوبەشێك بۆ خوا بڕیار مەدەن، چاکەکارین لەگەڵ دایك و باوکتان، قسەخۆش و شیرین بن لەگەڵیان، دڵیان زوێر مەکەن و پێویستیەکانیان جێبەجێ بکەن و ئەوەی لە تواناتدا هەیە بۆیان ئەنجام بدەن، هەروەها چاکە لەگەڵ خزمەکانتان و هەتیوان و هەژاران و بێنەوایان ئەنجام بدەن.

ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی بە هەتیوان دەدات لە هەموو ڕوویّکەوە، لە ڕووی بەخێوکردنی و پەروەردەکردنی و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی و چاودێری و چاکە لەگەڵ کردنی، ڕێزی لێ بگیرێت، ئەم گرنگییەو بایەخە بە هەتیوان خوا باسی کردووە لە قورئاندا.

پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندەها فەرمودە جەختی لێ کردۆتەوە، هاوەڵان و پێشینە چاکەکان بە کردەوە گرینگیدانیان بە هەتیوان و کەفالەت کردنیان ئەنجام داوە.

---

(١) سورة النساء، آية (٣٦).

خـوا دەفـەرموێ:﴿ فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ۝٩ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ۝١٠ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ۝١١ ﴾[1].

واتـا: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەی ئیمانـدار هـەتیو مەچەوسـێنەوە و دڵـی مەڕەنجێنە، هەرگیز هەڵمەشاخێ و ڕووگرژ و ڕووشکێن مەبە بەرامبەر هەژار و دامـا و سوالکەراندا، بەڵکو بەردەوام باسی ناز و نیعمەتەکانی خوای پـەروەردگار بکـە بـۆ خەڵکی، چونکە باسکردنی ناز و نیعمەتەکانی خوا سوپاسگوزارییە بۆ خوا.

ئەگەر تەماشای ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین، ئەم سێ کارانـەی زۆر لا گـرنگ بوو، بۆیە زۆر چاکەی لەگەڵ هەتیواندا دەکرد، زۆر هاوکاری و ئاسانکاری بۆ هەژاران و سوالکەران دەکرد، زۆر باسی ناز و نیعمەتەکانی خوای پەروەردگاری دەکرد.

لە ئایەتێکی تردا خـوا دەفـەرموێ: ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ۝٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ۝٣ ﴾[2].

واتا: ئایا سەرنجت نەداوە لەو کەسی ئاینی خوا و ڕۆژی قیامەت بە درۆ دەزانێت؟ ئەو کەسە بێبڕوایە کە سیفەتی وایە/ پاڵ بە هەتیوەوە دەنێـت و پیـا هەڵدەشـاخێت، هانی کەسیش نادات لەسەر بەخشین و خواردەمەنی دان بە هەژاران و نەداران.

الماوردی (ڕەحمەتی خوای لێبێـت) دەڵـێ: هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتانـە دەربارەی (أبو جهـل) بـوو، (أبـو جهـل) سەروەسـیەتی هـەتیوێك بـوو، ڕۆژێکیـان هەتیوەکە بەبێ بەرگی هاتە لای (أبو جهل) بۆ ئەوەی شتێك لە مالەکەی خـۆی پـێ بدات (أبو جهل) گوێی پێنەدا و هیچی پێ نەدا و دەریکرد، هەتیوەکە بێ ئومێد بوو

(١) سورة الضحى، آية (٩-١١).
(٢) سورة الماعون، آية (١-٣).

و ڕۆیشت، هەندێك لە گەورەكانی قوڕەیش بەگاڵتە پێكردن بە هەتیوەكەیان گوت برۆ بۆ لای (محمد) (ﷺ) با ئەو تكات بۆ بكات لەلای (أبو جهل)، هەتیوەكەش نەیزانی گاڵتەی پێ دەكەن، یەكسەر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ، بەسەرهاتی خۆی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ هەتیوەكە ڕۆیشت، كە (أبو جهل) پێغەمبەری بینی لەگەڵ هەتیوەكەدا زۆر ڕێز و بەخێرهاتنی لێ كرد، ئەوەی هەتیوەكە دەیویست پێی دا، گەورەكانی قوڕەیش گاڵتەیان بە (أبو جهل) كرد و پێیان گوت ئەوە هەڵگەڕایەوە لە ئاینەكەت، گوتی نەخێر هەڵنەگەڕاومەتەوە بەڵام دوو كەسم بینی ڕمیان پێ بوو لەلای ڕاست و چەپی (محمد) (ﷺ) بوون، ترسام ئەگەر داوایەكەی جێبەجێ نەكەم ڕمم تێبگرن[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أنا وكافِلُ اليَتِيمِ في الجَنَّةِ هَكَذا، وأشارَ بالسَّبَّابَةِ والوُسْطَى، وفَرَّجَ بيْنَهُما شيئًا)[2].

واتا: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (من و ئەوەی كەفالەتی هەتیو دەكات (ئەوەی سەرپەرشت و چاودێری و پەروەردە و مشوری كاروبار و بەرژەوەندی هەتیو دەكات) لە بەهەشتدا ئاوەهاین، ئاماژەی بە پەنجەی شادە نوێژ و پەنجەی باڵابەرزەی ناوەڕاست كرد، ئەم دوو پەنجەیەی كەمێك لێك جیاكردەوە).

لەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەبێتەوە: ئەو موسڵمانانەی كەفالەت و چاودێر و پەروەردە و بەرژەوەندی هەتیوان لە ئەستۆ دەگرن پاداشتێكی زۆر گەورەیان هەیە و پلەیان زۆر بەرزە لە قیامەتدا، زۆر نزیكن لە پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو بەهەشتدا، هەروەك چۆن ئەم دوو پەنجەیە (شادە نوێژو باڵابەرزە) لێك نزیكن، ئاوەها كەفالەتكەرانی هەتیو لە پێغەمبەر (ﷺ) نزیكن و پلەیان بەرزە لە بەهەشتدا.

---

(١) تفسير الكبير، لفخرالدين الرازي (٣١/١٦٠).

(٢) رواه البخاري (٥٣٠٤) والترمذي (١٩١٨) وأبو داود (٥١٥٠) وأحمد (٢٢٣١٣) والبيهقي (١١٠٢٦) والطبراني (٥٩٠٥) صحيح.

ابن بطال (ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەڵێ: پێویستە لەسەر ئەو کەسەی گوێی لەم فەرموودەیە بوو کار بەم فەرموودەیە بکات و کەفالەتی هەتیو بکات بۆ ئەوەی ببێتە هاوڕێی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدا، هیچ پلە و پایەک گەورەتر و چاکتر نییە لەوەی ببێتە هاوڕێی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدا[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ قَبَضَ يَتِيمًا مِنْ بَيْنِ الْمُسْلِمِينَ إِلَى طَعَامِهِ وَشَرَابِهِ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ الْبَتَّةَ إِلاَّ أَنْ يَعْمَلَ ذَنْبًا لاَ يُغْفَرُ لَهُ)[2].

واتا: هەر موسڵمانێك هەتیوێكی موسڵمان بگرێتە خۆی و دایکەی بدات و لە ئەستۆی بگرێت و چاودێری و سەرپەرشتی بکات، خواردن خواردنەوە و پێویستیەکانی بۆ دابین بکات، چاکەی لەگەڵ بکات، دین و ژین و مااڵ و سامانی بپارێزێت، ئەوە خوا دەیخاتە بەهەشت بەبێ شك و گومان، مەگەر گوناح و تاوانێك ئەنجام بدات کە خوا لێی خۆش نەبێت (مەبەست لە شیرك و هاوبەش دانانە بۆ خوا).

هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾[3].

واتا: بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت بێجگە لەوە لەهەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت.

داوا لە منداڵ و هەرزەکارانی هەتیو دەکەم خۆیان خەمبار و دڵتەنگ نەکەن، بەڵکو خۆیان دڵخۆش و ئاسوودە بکەن بە پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ) ، ئەو بکەنە سەرمەشق و مامۆستایان، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کە لە دایك بوو باوکی نەمابوو، واتە بە هەتیوی لە دایك بوو، کە تەمەنی گەیشتە شەش ساڵ دایکیشی وەفاتی کرد، باپیری (عەبدولموتەڵیب) بەخێوی کرد و سەرپەرشتی کرد، کە تەمەنی گەیشتە هەشت

(١) فتح الباري، لابن حجر العسقلاني (٥٣٦/١٠).
(٢) رواه الترمذي (١٩١٧) والطبراني (٧٥٨) ضعيف.
(٣) سورة النساء، آية (٤٨).

سالّ باپیریشی وەفاتی کرد، مامی (ئەبو تالّیب) بەخێوی کرد و سەرپەرشتی کرد هەتا گەیشتە قۆناغی گەنجی و ژنی هێنا و بوو بە خاوەن مالّ و خێزان[1] .

کەواتە پێغەمبەر (ﷺ) لە تەمەنو ژیانیدا چەند جارێك هەتیو بووە و بێناز بووە، بۆیە پێویستە لەسەر هەتیوان ئارامگر و خۆڕاگر و بەهیمەت بن، نەهێڵن هەتیوی ببێتە لەمپەر و بێ ئومێدی بەڵکو متمانەیان بەخۆ هەبێت (انشاء الله) ئاواتیان بەدەست دێنن.

بۆیە خوای پەروەردگار هەندێك لە بەخششەکانی خۆی وەبیر پێغەمبەر (ﷺ) دێنێتەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ ۝٦ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ۝٧ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ ۝٨﴾[2].

واتا: ئایا خوای پەروەدگارت بە هەتیوی نەیبینیت و خێرا دەرووی لێکردیتەوە و لانەی بۆ سازاندیت و دالّدەی دای و حەواندیتیەوە؟!، ئەی سەرگەردان و نەشارەزا نەبوویت خوا شارەزا و هیدایەت و ڕێنموویی کردیت؟!، ئەی نەیبینیت کە هەژار و نەداریت، جا مالّ و سامانی پێبەخشیت و دەولّەمەندی کردیت و بێنازی کردیت.

لەم ئایەتانەدا ئەوە فێردەبین: ئەوەی هەتیوە خوا دەروی خێری لێ دەکاتەوە و لە بیری ناکات، ئەوەی نەشارەزا و نەزانە با هەوڵ بدات فێری زانیاری و شارەزایی دەبێت، ئەوەی هەژار و نەداڕە کاروکاسبییەك بکات خوا مالّ و سامانی پێدەبەخشێت.

عَن أبي الدَرداء (ﷺ) قال: (أتَى النَّبيُّ (ﷺ) رجلٌ يشكو قسوةَ قلبِه، قال: أتحِبُّ أن يلينَ قلبُك وتُدرِكُ حاجتَك؟ ارحَمِ اليتيمَ وامسَحْ رأسَه وأطعِمه من طعامِك، يلِنْ قلبُك وتُدرِكْ حاجتَك)[3].

---

(١) السيرة النبوية، لابن هشام(١/ ١٥٦، ١٥٨، ١٦٨، ١٦٩).

(٢) سورة الضحى، آية (٦- ٨).

(٣) ذكره المنذري في (الترغيب والترهيب) (٢/٢٨٨) وقال رواه الطبراني وصححه الألباني.

واتا: أبو درداء (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سكالاّ و شكایەتی دڵڕەقی و بێبەزەیی خۆی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) كرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوەكەی فەرموو، ئایا پێت خۆشە دڵنەرم و بەبەزەیی بیت و بگەیتە ئاوات و داواكارییەكانت؟ پیاوەكە گوتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) . فەرمووی: بەبەزەیی بە لەگەڵ هەتیوان و دەست بەسەریاندا بهێنە و دڵیان خۆش بكە و خواردنیان بدەرێ لەو خواردنەی بە خۆت و منداڵەكانت دەیخۆن و پێیان ببەخشە، ئەگەر واتكرد دڵت نەرم دەبێت و دەگەیتە ئاوات و داواكارییەكانت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (خَيْرُ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ بَيْتٌ فِيهِ يَتِيمٌ يُحْسَنُ إِلَيْهِ، وَشَرُّ بَيْتٍ فِي الْمُسْلِمِينَ بَيْتٌ فِيهِ يَتِيمٌ يُسَاءُ إِلَيْهِ) [1].

واتا: باشترین ماڵ لەناو موسڵمانانداماڵێكە هەتیوی تێدایە و ڕێز و چاكەی لەگەڵ دەكرێ، خراپترین ماڵ لەناو موسڵمانانداماڵێكە هەتیوی تێدایە و خراپە و ستەمی لەگەڵ دەكرێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَنْ مسَحَ علی رأسِ يتيمٍ، لَمْ يمسَحْهُ إلا للّٰه، كانَ لهُ في كُلّ شَعْرَةٍ مَرَّتْ عليْها يدُهُ حسناتٌ) [2].

واتا: هەر موسڵمانێك دەستی بەسەری هەتیوێكدا بهێنێت تەنها لە پێناوی خوادا، بۆ دڵخۆشكردنی هەتیوەكە، ئەوە بەقەدەر هەموو ئەو تاڵە مووانەی دەستی بەسەریدا هێناوە چاكەی بۆ دەنووسرێت.

كەواتە با هەموومان هەتیوان دڵخۆش بكەین ئەگەر بە قسەیەكی خۆشیش بێت، یان دەست بەسەرداهێنانێكدا بێت، یان بە خواردن بێت، یان بە پۆشاكێك بێت، یان بە دیارییەك بێت، یان بە دابینكردنی پێویستییەكانی بێت، یان بەهەر شێوازێك

---

(١) رواه إبن ماجة (٣٦٧٩) والطبراني (٤٧٨٥) ضعيف.

(٢) ذكره المنذري في (الترغيب والترهيب) (٢/٢٨٨) ضعيف.

بێت، بەڵام ئەگەر کەفالەتی هەتیوێك یان زیاتر بکەیت و مانگانە خەرجی بکێشیت و هاوکاری بکەیت ئەوە پاداشتی زیاتر و گەورەترە.

ئەگەر تەماشای ڕابردوو بکەین دەبینین پێشینە چاکەکان زۆر گرنگی و چاودێری و هاوکاری هەتیوانیان کردووە، چونکە دەیانزانی چاکە لەگەڵ هەتیوان پاداشتی گەورەیە لە دونیا و دوارۆژدا، وەکو نموونە (عبدالله)ی کوڕی عومەر (ﷺ) لە کاتی نانخواردنی نێوەڕۆ یان ئێوارە هەتیوەکانی دەورووبەری بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی خواردنی لەگەڵ بخۆن[1].

جارێکیان منداڵێکی (عمر کوڕی عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لێبێت یاری دەکرد لەگەڵ منداڵان، یەکێك لە منداڵەکان سەری شکاند، منداڵەکەیان هێنا بۆ مامۆستا (عمر)، دەنگە دەنگ بەرزبۆوە (عمر) چوو و گوتی ئەمە چییە؟ گوتیان ئەم منداڵە سەری کوڕی تۆی شکاندووە، دایکی منداڵەکە دەپارایەوە و دەیگوت لێی ببورن هەتیوە، (عمر) بە دایکی هەتیوەکەی گوت خۆت ناڕەحەت مەکە، ئایا ئەم هەتیوە موچەی بۆ دابینکراوە لە (بیت المال)، دایکی گوتی نەخێر، گوتی موچەی بۆ بڕنەوە لە (بیت المال)، خێزانی (عمر) گوتی سەری کوڕت دەشکێنێت و موچەی بۆ دەبڕیەوە، (عمر) گوتی قوڕتان بەسەر ئەم منداڵەتان ترساندووە هێناوتانە بۆ ئێرە ئەی نازانن ئەمە هەتیووە[2].

بەڕاستی لەدەستدانی باوك و هەتیوو بوون کارەسات و ئازارێکی گەورەیە، بەڵام نابێت لەدەستدانی باوك ببێتەهۆی (دەستەوەستان و پەکخەری ژیان و دانیشتن و ئەنجامەنەدانی کار و زانست و خۆی بڕوخێنی و بێ ئومێد بێت).

بەڵکو لەسەر هەتیو پێویستە هەوڵ و کۆشش بکات و خۆڕاگر بێت بەرامبەر هەموو ناخۆشی و قورسی ژیان، پێویستە پەند و وانە لە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان

(١) حلية الأولياء، لأبو نعيم (٢٩٩/١).
(٢) البداية والنهاية، لإبن كثير (٢٠٢/٩).

و زاناو پیاوچاکانی کە (هەتیو بوون بە منـدالّی) وەربگرێـت، کـە گـەورەبوون کەلّـە پیاوی ناوداریان لێ دەرچوون، وەکو نموونە:

ئەبو هوەیرە (ﷺ): هاوەلێکی گەورە و (حافظ) زانـا و شـارەزا بـوو، هـەتیو و هەژار و نەدار و بێ نەوا بوو بە نان و سك کاری بۆ خەلّکی دەکرد، پاشان بوو بە زانـا و پێشەوا[1].

عبدالله ذوالبجادین (ﷺ): یەکێك لە هاوەلّە گەورەکان بوو، هەتیو بوو لـەلای مامی بوو، مامی کە موسلّمان نەبوو، مامی هەموو مـالّ و مولّـك و سـامانی لـێ سەند هەتا جلوبەرگی لێ داکەناند، ئینجا دایکـی پارچـە قوماشـێکی کـرد بـە دوو کەرت بۆ ئەوەی بە یەکێکیان لای سەرەوەی لاشەی پێ داپۆشێت ئـەوی تریـان لای خوارەوەی لاشەی پێ دابپۆشێت، بـەلّام لـە پاشـاندا بـوو بـە هـاوەلێکی پایەبـەرزی پێغەمبەر (ﷺ) ، زۆر جیهادی کرد بۆ ئیسلام[2].

قاسم کوڕی محمد کوڕی أبو بکر الصدیق (ڕەحمەتی خوایان لێبێت): بـاوکی قاسـم کوژرا و قاسم هەتیو بوو، پوری عائیشـە (ﷺ) بـەخێوی کـرد و سەرپەرشـتی کـرد، پاشان بوو بە زانایەکی زۆر گەورە، (أبو الزناد) ڕەحمەتی خـوای لێبێـت دەلّـێ: هـیچ شەرعزانێکم (فقیه) نەدیتوە لە قاسم زاناتر بێت، (إبن عینیه) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەلّێ: قاسم زاناترین کەس بوو لە سەردەمی خۆیدا[3].

الاوزاعی (ڕەحمەتی خـوای لێبێـت): هـەتیو بـوو دایکـی بـەخێو و سەرپەرشـتی دەکرد، دایکی لەم شار بۆ ئەم شار و لەو زانا بۆ ئەو زانا دەیبرد هەتا بوو بە زانا و لە خواترس و شارەزا و لێزان، وێنەی (أوزاعی) کەم بوو[4].

---

(١) حلية الأولياء، لأبو نعيم (٣٧٩/١).
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، لإبن حجر العسقلاني (١٦٢/٤).
(٣) تذكرة الحفاظ، للذهبي (٩٦/١).
(٤) ألبداية والنهاية، لإبن كثير (١١٥/١٠).

شافعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) هەتیو بوو دایکی سەرپەرشتی دەکرد، زۆر هەژار بوون بەڵام هەتیوی و هەژاری نەبووە کۆسپ لە ژیانیدا، بە پشتیوانی خـواو هاوکـاری دایکی و بە کۆشش و هەوڵ و زیرەکی خۆی بوو بـە پێشـەوا و زانایـەکی نـاودار لـە هەموو جیهانی ئیسلامیدا[1].

بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێبێت): هەتیو بوو بەڵام هـەتیوی ڕێگـر نـەبوو لـەوەی فێری زانست ببێت، هەوڵی داو خۆی ماندوو کـرد هـەتا بـوو بـە زانایـەکی نـاوداری ئیسلام، زۆر خزمەتی فەرموودەی پێغەمبەری کرد (ﷺ) لە ژیانیدا[2].

ئەمانەی باسمان کردن وەکو نموونە بوون ئەگەرنا سەدان هەتیوی تر بوونەتە زانـا و ناودار و سەرکردە و دەسەڵاتدار کە لە مێـژووی کـۆن و نوێـدا باسـیان کـراون، بۆیـە پێویستە هەموو هەتیوان ئەو زانا پایە بەرزانە بکەنە سەرمەشق و مامۆستای خۆیـان و شوێنیان بکەون وەکو ئەوان هەوڵ و کۆشـش بکـەن بـۆ ئـەوەی سـەربەزی دوینـا و دواڕۆژ بۆ خۆیان تۆمار بکەن، خزمەتی دین و ژینیان بکەن.

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا :

ئەم فەرموودەیە بـە بـیر خـۆم و ئێـوە دێنمـەوە، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێ: (السَّـاعِي علَـى الأَرْمَلَـةِ والمِسْـكِينِ، كالْمُجاهِـدِ فِي سَـبيلِ اللهِ، أوِ القـائِمِ اللَّيْـلَ الصَّائِمِ النَّهارَ) [3].

واتا: ئەو موسڵمانانەی یارمەتی و هاوکاری و پێویستییەکانی هەژاران و بێوەژنان و دایکە هەتیوان دابین دەکەن و ژیان و بەرژوەندیان دەپارێزن، وەکو ئەوانەن کە جیهاد و تێکۆشان دەکەن لە پێناوی خوادا، یان وەکو ئەوانـەن شـەو زینـدوو دەکەنـەوە بـە شەونوێژ و یادی خوا، وەکو ئەوانەی بە ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن لە پێناوی خوادا.

---

(١) تأريخ دمشق، لابن عساكر (٥١/٢٨٢).
(٢) تذكرة الحفاظ للذهبي (٤/١٤٣٩).
(٣) رواه البخاري (٥٣٥٣) ومسلم (٢٩٨٢).

لێپرسینەوەی نەفس
(محاسبة النفس)

لێپرسینەوەی نەفس: واتا مرۆڤ لە شەودا تەماشا و وردبینی لەو گوفتار و کردەوانەی بکات ئەوەی بە ڕۆژ ئەنجامی داوە، ئەگەر چاك و شایستە بوون لە سەری بەردەوام بێت، ئەگەر گوفتار و کردەوەکانی خراپ و لۆمەکراو بوو واز بهێنێت لەو هەڵە و خراپانەی کردوونی، هەوڵی چاککردنی هەڵە و کەمتەرخەمییەکانی بدات[1].

غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هەروەك چۆن بارزگان پشت دەبەستێت بە شەریك و هاوبەشەکەی، مالّ و سامانی دەخاتە بەردەستی بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات و قازانجی دەسکەوێت، پاشان لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، هەروەها ئەقڵیش (العقل) ئەو بازرگانیە بۆ ڕۆژی دوایی دەکات، بێگومان ئەم کارە بۆ قازانج و پاککردنەوە دڵ و دەروونە، چونکە بە پاککردنەوەی دڵ و دەروون مرۆڤ سەرفراز و سەرکەوتوو دەبێت[2].

(١) أدب الدُنيا والدين، للماوردي (٣٤٢).
(٢) إحياء علوم الدين ،للغزالي (٣٩٤/٤).

بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا﴾[1].

واتا: بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی خۆی پاك و پوختە کردووەو ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندوە، بێگومان ئەو کەسەش نائومێد بوو کە نەفسی خۆی ناپوخت کرد و تاڵودەی گوناە و تاوانو خراپەی کرد.

إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: لێپرسینەوەی نەفس دوو جۆرە[2]:

یەکەم: لێپرسینەوەی نەفس پێش ئەنجامدانی هەر کارێك:

واتا: ئەگەر ویستت و مەبەستت بوو هەر کارێك ئەنجام بدەی ڕابوەستی و سەرنج بدەیو بیربکەیەوە پێش ئەنجامدانی هەر کارێك، هەتا بۆت ڕوونەبێتەوە ئایا کردنی کارە چاکترە بیکەیت یان نەکردنی باشترە.

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: ڕەحمەتی خوای لەو بەندەیە بێت ئەگەر ویستی هەر قسە و کردەوەیەك بکات سەرنج دەدات و بیردەکاتەوە، ئەگەر ئەم قسە و کردەوەیەیی بۆ خوا و لە پێناوی خوا بوو دەیکات، ئەگەر ئەم قسە و کردەوەیەیی بۆ خوا و لە پێناوی خوا نەبوو نایکات و وازی لێدێنێت[3].

دووەم: لێپرسینەوەی نەفس پاش ئەنجامدانی هەر کارێك:

ئەم جۆرە لێپرسینەوەش دەبێتە سێ جۆر:

یەکەم: لێپرسینەوە لە نەفسی لەسەر سستی و کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی پەرستن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا، بەشێوەیەك کە شایستەی خوای پەروەردگار بێت.

---

(١) سورة الشمس، آية (٩-١٠).

(٢) إغاثة اللهفان، لإبن القيم الجوزية (٩٧/١) بەدەستکارییەوە.

(٣) مختصر منهاج القاصدين، لإبن قدامة المقدسي (٣٥٤).

دووەم: لێپرسینەوە لە نەفسی لەسەر هەر کردەوەیەك کە نەیکردووە چاکتر بوو بۆی ئەگەر ئەنجامی دابا.

سێیەم: لێپرسینەوە لە نەفسی لەسەر کردنی کردەوەیەکی ڕێپێدراو (مُباح) بۆ ئەم کارەت کرد؟ ئایا مەبەستت لەم کارە بۆ خواو ڕۆژی دوایی بوو بۆ ئەوەی قازانج بکەی لەو ڕۆژەدا، یان مەبەستت لەم کارەدا بۆ دونیا بوو، ئەو کاتە قازانجەکە دەبێتە زەرەر، ئامانجەکەت بەدەست ناهێنیت.

بەڕێزان: ئەوەی خۆی بە کەسێکی ئاقڵ و تێگەیشتوو دەزانێت پێویستە نەفسی خۆی بەڕەڵاّ نەکات و بە ئارەزووی نەفسی هەڵسوکەوت نەکات، بەڵکو پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی بکات لە دونیادا پێش ئەوەی خوا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات لە دواڕۆژدا، ئەگەر لێپرسینەوە لە نەفسمان بکەین لە دونیادا بەختەوەر و ئاسوودە دەبین و ڕێزدار دەبین لەلای خوا و خەڵك، بەڵام ئەگەر نەفسمان بەرەڵاّ کرد و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا نەکرد ئەوە ئەنجامەکەی ئاخ و داخ و پەشیمانییە و شەرمەزاری خوا و خەڵك دەبین و لە دواڕۆژیشدا بەرەو سزای دۆزەخ دەچین.

خوا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾[1].

واتا: ڕۆژێك دێت هەموو کەس، کاروکردەوەکانی خۆی دەبینێت ئامادەکراون بە خێر و شەڕیەوە، تاوانبار ئاوات دەخوازێت کە لە نێوان خۆی و کردەوە خراپەکانیدا مەودایەکی دوورودرێژ هەبوایە و چاوی بە خراپەکانی نەکەوتبایە، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بە سیفەتی تۆڵە سەندنەوەی خۆی دەتان ترسێنێت (ئەگەر کاری ناڕەوا بکەن)، خوا میهرەبان و بە سۆزە بەرامبەر بەندەکانی.

---

(١) سورة آل عمران، آية (٣٠).

هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (١).

واتا: ئێمە پێوەر و تەرازووەکانی دادپەروەری دادەنێین لە ڕۆژی قیامەتدا، جا هیچ کەس بە هیچ شێوەیەك ستەمی لێ ناکرێت، ئەگەر بە ئەندازەی سەنگی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێت (کە زۆر بچووك و وردە، کارێکی چاك یان خراپی ئەنجام دابێت) دەیهێنینەوە مەیدان، جا ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە ئاوا بە وردی حیساب و لێپرسینەوە ئەنجام بدەین.

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴾(٢).

واتا: نامەی کاروکردەوەی هەموو کەس دەهێندرێ و دادەندرێ، (ئیماندارانی دڵخۆشن بە نامەکەیان) بەڵام تاوانباران دەبینیت دڵە لەرزە و دڵەڕاوکێیانە لە کارو کردەوەی ناپەسەندی تۆمار کراویان، بۆیە دەڵێن هاوار لە ئێمە! ئەمە چ نامەیەکە؟ هەموو شتێکی گەورە و بچووك و ورد و درشتی تێدا تۆمار کراوە، ئەو خەڵکە هەرچیان کردووە (بە دەنگ و ڕەنگ) ئامادەیە، ئەوسا پاداشتی کردەوەکانی خۆیان بە حازری دەبینن و وەریدەگرن، بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ کەس ناکات بە ناهەق سزای کەس نادات، پاداشتی چاکەکارانیش کەم ناکاتەوە.

---

(١) سورة الأنبياء، آية (٤٧).

(٢) سورة الكهف، آية (٤٩).

لە ئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێ:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾[1].

واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خوا بترسن و پارێزکار بن و سنورەکانی خوا مەبەزێنن، با هەموو کەسێك سەرنج بدات بزانێت چی بۆ سبەی (قیامەت) پێش خستووە لە کردەوەی چاك، هەوڵ بدەن هەمیشە پارێزکار و دیندار و خواناس بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر ئاگایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

لەم ئایەتانەدا و چەندەها ئایەتی تر خوا ئاگارمان دەکاتەوە لەوەی کە ڕۆژی قیامەت بە وردی حیساب و لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکات، جا ئەوەی کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت پاداشت وەردەگرێت، ئەوەی کردەوەی خراپی ئەنجام دابێت سزا وەردەگرێت، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە هەوڵ بدەین نامەی کردەوەکانمان بە چاکە پڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لە لێپرسینەوەی ئەو ڕۆژە سەختە کە کەس فریای کەس ناکەوێت تەنها کردەوە چاکەکان فریامان دەکەون و ڕزگارمان دەکەن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الكَيِّسُ مَن دان نفسَه وعمِل لما بعدَ الموتِ والعاجِزُ مَن أتبَع نفسَه هَواها وتمنَّى على اللهِ الأمانِيَّ) [2].

واتا: مرۆڤی ئاقڵ و دانا و تێگەیشتوو لێپرسینەوە و حیساب لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات (ئایا فەرمانەکانی خوات جێبەجێ کردووە، وازت لە قەدەغەکانی خوا هێناوە)، کردەوەی چاکت ئەنجام داوە بۆ دوای مردن، مرۆڤی بێ دەسەڵات و نەفام و نەزانیش شوێنی نەفس و ئارەزووەکانی دەکەوێت و خۆی لە گوناح و حەرام و بێ فەرمانی خوا ناپارێزێت، لەگەڵ ئەوەی بێ فەرمانی خوا دەکات و ئارەزووەکانی

(١) سورة الحشر، آية (١٨).

(٢) رواه أحمد (١٦٦٧٤) والترمذي (٢٤٥٩) وابن ماجة (٤٢٦٠) والحاكم (١٩١) والبيهقي (٦٦١١) ضعيف.

نەفسی جێبەجێ دەکات و تەوبە ناکات و بەردەوامە لەسەر گوناح، هیوا و ئومێدی بە خوایە لێی خۆشبێت و بیباتە بەهەشت، ئەم کەسە بێ ئەقڵ و نەفامە.

نەفس دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر:

یەکەم: (النفس الأمارة بالسوء): نەفسی فەرماندەر بە خراپە.

هەروەک خوای گەورە لەسەر زمانی خێزانی عەزیزی میسر دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ﴾[1].

واتا: بەڕاستی نەفس و دەروون هەمیشە فەرمان بە خراپە دەدا، مەگەر کەسێ خوای پەروەردگارم خۆی ڕەحم و بەزەیی پێ بکات.

دووەم: النفس اللوامة: نەفسی لۆمەکراو، ئەو نەفسەی ئەگەر هەڵە و گوناحێکی ئەنجامدا لۆمە و سەرزەنشت و ڕەخنە لە خۆی دەگرێ.

خوا دەفەرموێ:﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢﴾[2].

واتا: سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، سوێند دەخۆم بە نەفسی ڕەخنە لەخۆگر کە لۆمەی خۆی دەکات لەسەر خراپە و گوناح.

سێیەم: نەفسی ئارام و ئاسوودە و دڵنیا.

دەربارە ئەم نەفسە خوا دەفەرموێ:﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ۝٢٨ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ۝٢٩ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ۝٣٠﴾[3].

واتا: (لەسەرە مەرگدا بە ئیماندار دەگوترێت) ئەی خاوەنی دڵ و نەفسی پڕ لە

(١) سورة يوسف، آية (٥٣).
(٢) سورة القيامة، آية (١-٢).
(٣) سورة الفجر، آية (٢٧-٣٠).

ئارام و ئاسودەیی (کە لە تەمەنی کۆتایی دونیادا پەروەردگارت ناسی و بە جوانی دەتپەرست) بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ لەو ڕازیت و ئەویش لە تۆ ڕازییە، دەبچۆرە ڕێزی بەندە چاکو بەڕێزەکانمەوە، بچۆرە بەهەشتە خۆشە ڕازاوەکەمەوە.

عمر کوڕی خەتتاب (ﷺ)دەڵێ: (حاسِبوا أنفسَكم قبل أن تُحاسَبوا، وزِنوا أنفسَكم قبل أن تُوزنوا)[1].

واتا: لێپرسینەوە لە نەفسی خۆتان بکەن پێش ئەوەی لە دوا ڕۆژدا لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکرێت، کار و کردەوەی خۆتان بکێشن پێش ئەوەی کردەوەکانتان بکێشن لە دواڕۆژدا، چونکە لێپرسینەوەی دواڕۆژ ناخۆشو قورسە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (المُجاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ)[2].

واتا: تێکۆشەر ئەو کەسەیە کە تێکۆشان لەگەڵ نەفس و دەروونیدا دەکات، بەسەر نەفسیدا زاڵ بێت.

مانای وایە ئەوەی تێکۆشان لەگەڵ نەفسیدا نەکات و بەسەر نەفسیدا زاڵ نەبێت ناتوانی جەنگ و تێکۆشان بکات لە پێناوی خوادا، چونکە ئەوەی گوناح و خراپە بە مرۆڤ دەکات نەفس و ئارەزووەکانە، ئەگەر بمانەوێ بچینە ڕێزی پیاوچاکان و لە خوا ترسان پێویستە بەسەر نەفساندا زاڵ بێت.

بۆیە (إبراهيم کوڕی علقەمە) (ڕەحمەتی خوای لێبێت): کۆمەڵە پیاوێکی بینی لە جەنگ و تێکۆشان دەگەڕانەوە، پێی گوتن: لە تێکۆشانی بچووك گەڕانەوە، ئەی چیتان کردەوە بۆ تێکۆشانی گەورە؟ گوتیان تێکۆشانی گەورە چیە؟: گوتی تێکۆشانە لەگەڵ نەفس و دەروونداً[3].

---

(١) مدارج السالكين، لإبن قيم الجوزية (١/١٤٨).
(٢) رواه الترمذي (١٦٢١) وأبو داود (٢٥٠٠).
(٣) جامع العلوم والحكم، لإبن رجب الحنبلي (١٧١).

عەلی کوڕی ئەبی تالێب (ﷺ) دەڵێ: یەکەم جەنگ و تێکۆشان کە لەبیری دەکەن ئەنجامی بدەن تێکۆشانە لەگەڵ نەفس و دەرونتان[1].

سفيان الثوري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هیچ شتێکم چارەسەر نەکردووە قورسْتر و زەحمەتر بووبێت لە چارەسەر و چاکردنی نەفس و دەروونم[2].

حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هیچ وڵاخێکی یاخی و سەرکێش پێویستی بە لێغاوکردنێکی زۆر نیە وەکو نەفس، چونکە نەفس زۆر یاخی و سەرکێشە[3].

أبو بكر الصديق (ﷺ) ڕاسپاردەو وەسیەتی (عمر کوڕی خەتتاب)ی کرد (ﷺ) لە کاتی سەرمەرگدا پێی گووت: یەکەم شت ئاگاداری بە و وریابە لێی: نەفسی خۆتە، زاڵبە بەسەریدا سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ دەبیت[4].

يحيى كوڕی معاذ الرازي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: دوژمنی مرۆڤ سێ شتن ئاگادارياں بن:

یەکەم: دونیا.

دووەم: شەیتان.

سێیەم: نەفس و دەروون)[5].

ماليك كوڕی دينار (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: ڕەحمەتی خوا لەو بەندەیە بێت لێپرسینەوە لە نەفسی خۆی دەکات و پێی دەڵێت: ئەی نەفس ئەم خراپەیەت کرد، ئەی نەفس ئەم گوناحەت کرد، ئینجا لۆمە و سەرزەنشتی دەکات، ئینجا دەمکوتی

---

(١)جامع العلوم والحكم، لإبن رجب الحنبلي (١٧١).
(٢) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/٧١).
(٣) **هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.**
(٤) جامع العلوم والحكم، لإبن رجب الحنبلي (١٧٢).
(٥) إحياء علوم الدين، للغزالي (٣/٧١).

دەکات، ئینجا ناچاری دەکا ملکەچی قورئان بێت، دەبێتە ڕێنیشاندەر و دەسەڵاتدار بەسەر نەفسیدا[1].

توبە کوڕی الصمة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەردەوام حیساب و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەفسی خۆیدا دەکرد، تەمەنی خۆی ژمارد (شێست) ساڵ بوو، ڕۆژەکانی تەمەنی ژمارد (٢١٥٠٠) ڕۆژ بوو، هاواری کرد و گوتی قوڕ بەسەرم ئەگەڕێمەوە لای خوا بە (٢١٥٠٠) گوناح ئەگەر ڕۆژی یەك گوناح ئەنجام بدەم، ئەی ئەگەر ڕۆژانە سەدان گوناح ئەنجام بدەم؟ بەربویەوە بێ هۆش کەوت لەم بێ هۆشیە هەڵنەستایەوە و مرد، گوێبیستی دەنگێك بوو دەیگووت: ئەی خۆشی بۆ خۆت لەم ڕاکردنە خێرایەِ بۆ بەهەشتی فیردەوس[2].

إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هەر کەسێك گومانی باش بە نەفسی خۆی ببات، ئەو کەسە لە هەموو کەس نەزانتر و نەفامترە[3].

غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: بێگومان نەفسی خۆت دوژمنێکی ناکۆك و سەرسەختە، پێویستە هەموومان بەربەرەکانی و تێکۆشانی لەگەڵ بکەین، بەسەریدا زاڵ بین[4].

عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) ڕۆژێکیان چوو بۆ ناو باغ و بێستانەکەی، هەتا گەڕایەوە خەڵکی نوێژی عەسریان کردبوو بە جەماعەت، گوتی: ڕۆیشتم بۆ ناو باغەکەم هەتا گەڕامەوە نوێژی عەسر بە جەماعەت ئەنجام درابوو، گوتی باغ و

(١) محاسبة النفس، لإبن أبي الدُنيا (٢٤).
(٢) هەمان سەرچاوە (٦٧).
(٣) مدارج السالكين، لإبن قيم الجوزية (١٩١/١).
(٤) إحياء علوم الدين، للغزالي (٦٥/٣).

بێستانەکەم خێر و سەدەقە بێت بۆ هەژار و نەداران لە تۆڵەی لەدەستدانی نوێژێکی بەجەماعەت[1].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

هەر کەسێك لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆی بکات لە دونیادا، لێپرسینەوەی لەگەڵدا ئاسان دەبێت لە دواڕۆژدا، ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆی نەکات خەجاڵەت و شەرمەزاری خوا و خەڵك دەبێت..

(١) مختصر منهاج القاصدين، لإبن قدامة المقدسي (٣٥٥).

هیمەت بەرزی
(علو الهمة)

واتای هیمەت بەرزی بە گشتی: ئەوەیە ڕازی نەبێت بـە ژیـانێکی ناڕەلّیانـە و نەبێتە بەندەی ورگ و دامێن چەندی دەتوانی، بەڵکو هەوڵ و تێکۆشان بدەی و خـۆت تایبەتمەند و یەکلابکەیەوە بۆ بەرز ڕاگرتنی یاسا و فەرمانەکانی خوای پەروەردگار[1].

هیمەت بەرزی: کارێکی زۆر گرنگ و پیرۆزە، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك هەوڵ و تێکۆشانی بۆ بدات، لە هەر تەمەن و ڕەگەز و پلەیەك دابێت، خەڵکی جیاوازن لـە هیمەت بەرزیدا، هەیە هەوڵ و هیمەتی بـۆ بەدەسـتهێنانی دونیایـە، هەیـە هـەوڵ و هیمەتی بۆ بەدەستهێنانی دواڕۆژ و بەهەشتە، هەروەها هەندێ کەس هەوڵ و هیمەتی بۆ کار و کردەوەی خراپە، هەیە هەوڵ و هیمەتی بۆ کار و کردەوەی چاك و بەسوودە.

بۆیە خوا دەفـەرموێ:﴿مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْآخِرَةَ﴾[2].

واتا: هەندێك لە ئێوە دەسکەوتی دونیـای دەوێـت، هەنـدێکتان پاداشـتی ڕۆژی دوایی دەوێت.

---

(١) الذريعة إلى مكارم الشريعة، لِراغِب الأصفهاني (٢٩١).

(٢) سورة آل عمران، آية(١٥٢).

هەروەها خـــوا دەفەرمـــــــــوێ:﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴾[1].

واتا: ئەوەی بەرهەمی قیامەتی دەوێت و لـە دونیـادا کـار و کـردەوەی چـاک دەچێنێت، ئێمە پاداشتی هەوڵ و کۆششەکەی بە زیادەوە پێ دەبەخشین، ئـەوەش کـە بەرهەمی دونیای دەوێت، هەندێك لە دونیای پێ دەبەخشین، بەڵام لە قیامەتـدا هـیچ بەشێکی نیە.

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هـەموو هـەوڵ و هیمـەتمان هـەر بـۆ ژیانی دونیا نەبێت، بەڵکو گرنگی بە هـەوڵ و هیمـەتی دوارۆژمـان بـدەین، چـونکە ئەگەر گرینگیمان بە ڕۆژی دوایی دا ئەوە پاداشـت و بەرهـەمی دونیـا و دوارۆژمـان دەستدەکەوێت.

خـــوا دەفـــەرموێ ﴿ وَسَارِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴾[2].

واتا: پێشبڕکێ بکەن بۆ لێبوردنێکی گەورە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، بۆ چـوونە بەهەشتێك کە پانییەکەی بە ئەنـدازەی ئاسمانـەکان و زەویـیـە، کـە ئامـادەکراوە بـۆ لەخواترسان.

مانای وایە ئەوەی دەیەوێ بگاتە سەرکەوتن و پلەبەرزی دەبێت هیمەت بەرز بێـت و هەوڵ و کۆشش بدات و خۆی ماندوو بکات بۆ ئـەوەی ئـاوات و ئامـانجی بەدەسـت بێنێت.

---

(١) سورة الشورى، آية (٢٠).

(٢) سورة آل عمران، آية (١٣٣).

خوا دەفەرموێ:﴿ فَٱسْتَبِقُواْ ٱلْخَيْرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا ﴾[1].

واتا: پەلە بکەن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەك، دڵنیاش بن کە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ اللهَ كريمٌ يُحبُّ الكُرَماءَ، جوادٌ يُحبُّ الجَوَدَةَ، يُحبُّ معاليَ الأخلاقِ، و يكرَهُ سَفْسافَها)[2].

واتا: بەڕاستی خوای پەروەردگار بەخشندە و میهرەبانە کەسانی میهرەبان و بەخشندەی خۆش دەوێ، کار و کردەوە و ڕەوشت و ڕەفتارەبەرز و جوانەکانی خۆش دەوێ، ڕقی لە کار و کردەوەو ڕەوشت و ڕەفتاری سوك و پوچ و بێ ڕێز دەبێتەوە.

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان هەرزەکار و گەنجانی ئێستا و گەنجانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ، گەنجانی ئێستا هەندێکیان کات و تەمەنیان بە یاری تۆپێن و وەرزش و ئاتاری و پۆپجی و یارییە ئەلکترۆنییەکان و نوستن بەسەر دەبەن، گەنج و لاوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) زۆربەی کات و تەمەنیان بە فێربوونی زانست و کار و کردەوەی چاك و بەسوود و بانگەواز و تێکۆشان و خزمەتکردن و بەرگری کردن بوو لە ئاینی ئیسلام.

وەك نمونە:

باسی هاوەڵێکی گەنجی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم، کە زۆر هیمەت بەرز و هەوڵ و کۆششی دەدا بۆ سەرکەوتن و پایەبەرزی ئاینی ئیسلام، ئەم هاوەڵە گەنجە (عمیر کوڕی ابی وەقاص)ە (رەزای خوای لێبێت)، برای هاوەڵی پایەبەرز (سعد کوڕی أبی وقاص)ە (ﷺ)، (سعد) دەڵێ (عمیر)ی برام بینی پێش دەستپێکردنی جەنگی (بەدر) خۆی دەشاردەوە لە ڕێز ڕاوەستانی جەنگاوەکان لە کاتی نمایش، گوتم ئەی (عمیر) بۆ خۆت دەشاریەوە، گوتی دەترسم پێغەمبەر (ﷺ) بمبینێت و بە بچووکم بزانێت و

---

(١) سورة المائدة، آية (٤٨).

(٢) ذكره الهيثمي في مجمع الزوائد (٣٤٤/٨) والطبراني في الكبير (١٨١/٦) ورجاله ثقات.

بگێڕێتەوە و نەهێڵێت لەم جەنگە بەشداربم، منیش پێم خۆشە بەشداربم بەڵکو خوا شەهیدیم پێ ببەخشێت، دەڵێ (عمیر) یان نیشان و نمایشی پێغەمبەر (ﷺ) دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بیگێڕنەوە تەمەنی بچووکە، (عمیر) دەستی بە گریان کرد لە پەرۆشیان، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەی پێدا بەشدار بێت (سعد) دەڵێ پەتی کالانی شمشێرەکەم بۆ گرێ دەدا بۆ ئەوەی کەمێك کورت بێت چونکە تەمەنی بچووك بوو، (سعد) دەڵێ لەم جەنگەدا (عمیر) شەهید بوو تەمەنی شازدە ساڵ بوو[1].

هەروەها لە کاتی ڕۆیشتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ جەنگی (بەدر) (سعد کوڕی خیثمة و باوکی) هەردووکیان دەیانویست لەم جەنگەدا بەشدار بن، ئەمەیان بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند، فەرمووی با یەکێکیان بەشداری بکات، (سعد) بە باوکی گوت تۆ بگەڕێوە باوکیشی بە (سعدی) دەگوت تۆ بگەڕێوە، هیچیان ڕازی نەبوون بگڕێنەوە، باوکی (سعد) گوتی کوڕم پێویستە یەکێکمان بگەڕێنەوە تۆش بگەڕێوە بۆ لای خێزانت، (سعد) گوتی بابە گیان ئەگەر جگە لە دەستکەوتنی بەهەشت بوایە قسەم نەدەشکاندی و پێش خۆم دەخستی، ئومێدم وایە خوا شەهیدیم پێ ببەخشێت لەم جەنگەدا، بۆیە تیروپکشیان ئەنجامدا، ناوی (سعد) دەرچوو باوکی گەڕایەوە، سعد لەم جەنگەدا بەشداری کرد و ئازایانە جەنگی هەتا شەهید بوو[2].

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕضي الله عنه) دەڵێ: هەوڵ و هیمەتی خۆتان بچووك مەکەن، بەڕاستی من کەسم نەبینیوە دابنیشی لە ئەنجامدانی کار و کردەوەی چاك جگە لەو کەسانەی بێ هیمەتن و هیمەتیان بچووکە[3].

سەعیدی کوڕی عەمری کوڕی عاص (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، پیاوێکی شکۆدار و هیمەت بەرزبوو، نەخۆش کەوت پێیان گوت نەخۆش بە نالە نالێ و باسکردنی ئێش و ئازاری کەمێك دەحەسێتەوە، تۆ نە نالەت دێ و نە باسی ئازاری نەخۆشیەکەت

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، لإبن حجر العسقلاني (١٣٥/٣) والطبقات الكبرى، لإبن سعد (١٤٩/٣).

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، لإبن حجر العسقلاني (٢٥/٢).

(٣) أدب الدنيا والدين، للماوردي (٣٢٧).

دەکەیت، گوتی: نالّە نالّ شورەیی و بێ ئارامییە، سوێند بە خوا نابێ کەس گوێی لـە نالّە نالّی من بێت، بۆ ئەوەی لەلای خوا بەبێ ئارام هەژمار نەکرێم، تەنها باسی ئازار و ئێشم بۆ دکتۆر دەکەم، سوێند بە خوا هیچ بڕیارێك بـەبێ ویسـتی خـوا نادرێـت و نابێت، ئەگەر خوا حەز بکات شیفا دەنێرێ و ئەگەر حەز بکات گیان دەکێشێت[1].

بەڕێزان هەندێك کەس بێ هیمەتە، هیچ هەوڵ و کۆششی نیە، تـەنها تەمبـەڵی و خواردن و نوستن پێشەیەتی، هەبوون و نـەبونی و ژیـان و مردنـی وەکـو یـەك وایـە، هەندێك کەسیش هیمەت بەرزن و هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ گەیشـتن بـە مەبەسـت و ئامانجیان، با ئێمەش لەو کەسانە بین کە هەوڵ و هیمەت دەدەن بۆ بەدەستهێنانی پلە بەرزەکانی دونیا و دوارۆژ، با خۆمان لە تەمبـەڵی و بێکـاری و بـێ سـوودی ڕزگـار بکەین.

گرنگی هیمەت بەرزی:

یەکەم: بەدەستهێنانی زۆر کاری گەورە، چاکترین نموونە پێغەمبەر (ﷺ) لەماوەی (٢٣) ساڵدا توانی بە هیمەت بەرزی خۆی و هاوەڵانی ژیـانی خـەڵکی بـەرەو خێـر و خۆشی و هیدایەت و دادپەروەری و بەختەوەری ببات، کە مێژوو و دۆسـت و دوژمـن شاهیدی بۆ دەدەن.

دووەم: گەیشتن بە پلەی بەرز لە خواپەرستی و دونیا نەویستی.

وەك نموونـە باسـی هـاوەڵێکی پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـەم کـە بەڵگەیـە لەسـەر خواپەرستی و دونیا نەویستی معاز کوڕی جەبەل (رضي الله عنه) لە سەرەمەرگدا دەپارایـەوە و دەیگوت:

ئەی خوای گەورە تۆ چاك دەزانـی مـن مانـەوەم لـە دونیـادا پێخـۆش نییـە بـۆ کۆکردنەوەی مالّ و سامان و چاندنی ڕەز و باغ و ڕاکێشانی جۆگەی ئـاو، بـەڵام پـێم خۆشە بمێنم بۆ زیندوکردنـەوەی شـەوە درێـژەکان بـە شـەونوێژ و بـەڕۆژووبم لـە ڕۆژە

(١) المستطرف، للأبشيهي (١٤٢/١٠).

گەرمەکانو لە خزمەت زانایاندا بم لە کۆڕی زانست و یادی خوادا[1].

سێیەم: دوورکەوتنەوە لە کاری پووچ و نابەجێ.

کەسێ هیمەتبەرز ڕازی نابێت نەفسی بە کار و کردەوەی پووچ و نابەجێ ناشیرین بکات، بۆیە بەردەوام خۆی دەپارێزێت لە شوێن و کۆڕ و دانیشتنی خراپ و ناشیاو، کاتی خۆی بەفیڕۆ نادات.

چوارەم: کەسی هیمەتبەرز پێشەنگ و ڕابەرە بۆ خەڵکی، کەسانی تەمبەڵ و کەمتەرخەم چاوی لێ دەکەن، دەبێتە هێما و دروشم بۆ زۆربەی خەڵکی.

یەکێك لە هیمەتبەرزان (أبو هریرە)یە.

أبو هریرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوتم ئەوە بۆ تۆش وەکو هاوڕێیەکانت داوای مافی خۆت لەو دەستکەوتانە ناکەیت، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من داوای ئەوە دەکەم فێری ئەو زانستەم بکەیت کە خوا فێری کردویت، دەڵێ پەشتەمالێکی پەڵەڕەش و سپی بە پشتم دادا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هێنایە خوارێ و ڕایخست لە نێوان من و ئەودا، دوعای بۆ کردم و فەرموودەی بۆ خوێندم هەتا فەرموودەکانم لەبەر کرد و تێگەیشتم، لەسەر پەشتەمالەکەم لەپێش چاوی من وام دەبینی کە مێرولە جولە و هاتووچۆ دەکەن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

پەشتەمالەکەت کۆبکەوە و هەڵی بگرەوە، دەڵێ: وام لێهات یەك پیتم لەبیر نەدەکرد ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو[2].

بۆیە (أبو هریرە) لە هەموو هاوەڵەکان فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) زیاتر لەبەربوو، هاوەڵەکان زۆر سودیان لە زانست و زانیارییەکانی وەردەگرت.

یەکێکی تر لە هیمەتبەرزان (ربیعە کوڕی کەعب الاسلمی)یە (ڕەزای خوای لێبێت)، ربیعە (ﷺ) دەڵێ: (كُنْتُ أَبِيتُ مع رَسولِ اللهِ (ﷺ) فأَتَيْتُهُ بوَضُوئِهِ

(١) حُلية الأولياء، لأبي نعيم (١/٢٣٩).

(٢) حلية الأولياء، لأبي نعيم (١/٣٨١).

وحَاجَتِهِ فَقالَ لِي: سَلْ فَقُلتُ: أسْأَلُكَ مُرَافَقَتَكَ فِي الجَنَّةِ. قالَ: أوْ غيرَ ذلكَ قُلتُ: هو ذَاكَ. قالَ: فأعِنِّي علَى نَفْسِكَ بكَثْرَةِ السُّجُودِ)[1].

واتا: ڕەبیعە (ﷺ) دەڵێ: من لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) شەوانە دەمامەوە، ئاوی دەستنوێژ و ئەوەی پێویستی بوایە بۆم ئامادە دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم چ پێویستیەك و داواکارییەکت هەیە داوام لێ بکە، گوتم: داواکاریم ئەوەیە هاوڕێی تۆ بم لە بەهەشتداو لە تۆ نزیك بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچ داواکارییەکت هەیە جگە لەمە لە پێویستیەکانی دونیا و دوارۆژت پێغەمبەر (ﷺ) لێی دووپاتکردەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ئایا پێداگرە لەسەر داوایەکەی، ڕەبیعە دەڵێ گوتم تەنها ئەو داواکاریەم هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: یارمەتیم بدە بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکەت، زۆر کڕنۆش ببە بۆ خوا لە نوێژەکان، لە نوێژە فەرز و سوننەتەکان، بۆ ئەوەی خوا داواکاریەکەت بۆ بهێنیتەدی چونکە زۆر کوڕنوش بردن و زۆر نوێژ کردن هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت.

ربیع کوڕی خثیم توشی ئیفلیجی بوو، نیوەی جەستەی لە کار کەوتبوو، بەڵام هیمەت بەرز بوو دەیگوت بمبەن بۆ مزگەوت بۆ نوێژی بەکۆمەڵ، پێیان دەگوت تۆ ڕوخسەتت پێدراوە بۆ نەهاتن، دەیگوت دەزانم بەڵام گوێم لە بانگبێژە دەڵێ: وەرن بۆ سەرفرازی و سەرکەوتن و ڕزگاربوون[2].

پێویستە موسڵمان لە هەر سەردەم و ڕۆژگار و بارودۆخێکدا بوو هیمەت بەرز و خۆڕاگر و گەشبین بێت و هەوڵ و کۆشش بدات، نابێ بێ ئومێد و ڕەشبین و ڕوخا و داماوبێت، چونکە ئێمە لە دونیاین، دونیاش شوێنی تاقیکردنەوەیە: بە خەم و کێشە و نەخۆشی و ناخۆشی و هەژاری و مەینەتی و بەڵا و کارەسات و نەهامەتی، بۆیە

(١) رواه مسلم (٤٨٩) وأحمد (١١٦٢٩).
(٢) حلية الأولياء، لأبي نعيم (١١٤/٤).

دەبێ خۆبەدەست نەدەین، بەڵکو بەرهەڵستی هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان بکەین، هیمەت بەرز بین و زاڵ بین بەسەر کێشە و گرفتەکان.

هەروەك خوا لەسەر زمانی پێغەمبەر یەعقوب (علیه السلام) دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَاْيْـَٔسُواْ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ (١).

واتا: یەعقوب (علیه السلام) بە کوڕەکانی گوت: کوڕەکانم هەرگیز نائومێد مەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوا، چونکە کەس نائومێد نابێت لە ڕەحم و میهرەبانی خوا جگە لە خوانەناسان و بێباوەڕان.

بۆیە هیوا و ئومێدی (یعقوب) (علیه السلام) هاتەدی و پاش چل ساڵ بە (یوسف) (علیه السلام) شادبوویەوە.

ئەوەی جێی داخە هەندێك لە پیاو ئافرەتی بێ هیمەت و بێ ئومێد و ناحاڵی ئەگەر توشی کێشە و گرفت و بەڵایەك بوون، ڕوو لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن و خۆخنکاندن دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەستچوونی دونیا و دواڕۆژ، پێویستە لە جیاتی خۆکوشتن زوو چارەسەرێکی گونجاو بۆ هەر کێشەیەك بدۆزێتەوە.

پێویستە بڕوانینە هیمەت بەرزی پێغەمبەران و هاوەڵان و پیاوچاکان، بۆ ئەوەی لەوان فێری هیمەتبەرزی بین.

هیمەتبەرزی (نوح) (علیه السلام): (نۆ سەد و پەنجا) ساڵ بانگەوازی گەلەکەی کرد بۆ خواپەرستی، بەڵام کەمێك لە گەلەکەی باوەڕیان پێ هێنا، وەکو خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ (٢).

واتا ژمارەیەکی کەم نەبێت لەگەڵیا باوەڕیان نەهێنا.

عبدالله کوڕی عەباس (رضی الله عنه) دەڵێ: لەگەڵ ئەوەدا کە (نوح) (علیه السلام) (نۆسەد و

(١) سورة یوسف، آیة (٨٧).

(٢) سورة هود آیة (٤٠).

پەنجا) سالّ بانگەوازی کرد لەناویاندا تەنها هەشتا کەس باوەڕیان پێ هێنا[1].

هیمەتبەرزی لە بەدەستهێنانی عیلم و زانست: زۆربەی هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) کە موسڵمان بوون و باوەڕیان هێنا لە تەمەنێکی گەورەردا بوون، بەڵام تەمەن گەورەیی نەبووە ڕێگر لە بەدەستهێنانی عیلم و زانست أبوبکر الصدیق (ڕضی الله عنه) لە تەمەنی چل سالّیدا عیلم و زانستی شەرعی بەدەست هێنا.

عمر کوڕی خەتتاب (ڕضی الله عنه) لە تەمەنی سی سالّیدا عیلم و زانستی شەرعی بەدەستهێنا.

أبو القفال (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەمەنی سی سالّی دەستی کرد بە فێربوونی زانست، بوو بە زانایەکی پێشەوا، زۆر کەس لە خەڵکی (خوراسان) لەسەر دەستی ئەو زانایە گەورەیە فێری عیلم و زانست بوون، زۆر شارەزا بوو لە زۆربەی زانستە شەرعییەکان[2].

بەڕێزان: هەر کەسێك متمانەی بە خۆی هەبێت و هەوڵ و کۆشش بدات و ئیرادەی هەبێت و لێبڕوا بێتن ئەوە هەر دەگاتە مەبەست و ئامانجەکەی، چونکە هیچ شتێك ئەستەم و مەحاڵ نیە، بۆیە کەسی هیمەتبەرز ئەگەر لە کارێکدا سەرنەکەوت نالێت شکست و نوشوستم هێنا، بەڵکو دەڵێت ئەمجارە سەرنەکەوتم جارێکی تر سەردەکەوم، پێویستە مرۆڤ گەشبین بێت و خۆی بە ڕووخاو بێ دەسەڵات نەزانێت، بەڵکو توانای خۆی بخاتەگەڕ و پشت بە خوا ببەستێت، هەروەکو خوا دەفەرموێ:﴿ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ﴾[3].

واتا: ئەگەر بڕیارتدا کارێك ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدە و پشت بە خوا ببەستە.

إبن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: خوا دەفەرموێ: من تەماشای

(١) تفسیر إبن کثیر، لإبن کثیر(٢/٢١٨)
(٢) طبقات الشافعیة (٥/٥٤).
(٣) سورة آل عمران آیة (١٥٩).

قسەکانی زاناو دانایان ناکەم، بەڵکو من تەماشای هیمەت بەرزیان دەکەم[1].

إبن قیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: زانست و کارکردن دوو کۆرپەی ساوان دایکیان هیمەت بەزرییە[2].

لە کۆتایی ئەم ڕەوشتەدا:

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە هیمەت بەرزی هەموو کارو کردەوە ئەستەم و مەحاڵەکان ئاسان دەبن، بۆیە با هەموومان بڕیار بدەین ئەم هیمەت بەرزیە لە خۆماندا بەرجەستە بکەین.

(١) الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح، لأبن تيمية (٦/٣٥).
(٢) بدائع الفوائد، لإبن قيم الجوزية (٣/٧٤٧).

برادەرایەتی و دۆستایەتی
(الصداقة والأخوة)

برادەرایەتی یان دۆستایەتی واتا: پەیوەندێکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، ئەم پەیوەندیە دامەزراوە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و برایەتی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و وەفا و متمانە بوون هەریەکە و بۆ ئەوی تر، مەبەست لەم برادەرایەتییە و دۆستایەتیە قازانج و بەرژەوەندی دونیا نەبێت، پەیوەستن بە ڕێزگرتن و ئامۆژگاری و هاوکاری یەکتری، بەشدارن لەخۆشی و ناخۆشی و هەبوون نەبوونی یەکتردا.

ئاینی ئیسلام زۆر گرنگی بە برادەرایەتی و دۆستایەتی دەدات، لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە بە چەمکی (الخلة/ الأخوة/ الصحبة/ والجليس الصالح) کە هاوتایە لەگەڵ مانای برایەتی و برادەرایەتی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی).

لە ئایەتێکدا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ (١).

واتا: لەراستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن.

لە تەفسیری (قورتبیدا) هاتووە: برایەتی ئاین و ئیمان جێگیرتر و پتەوترە لە برایەتی ڕەچەڵەك و خزمایەتی (نسب) چونکە برایەتی ڕەچەڵەك و خزمایەتی دەپچڕێت و نامێنێت ئەگەر ئاینیان جیاواز بوو، بەڵام برایەتی ئاین و ئیمان ناپچڕێت بەجیاوازی ڕەچەڵەك و خزمایەتی(٢).

---

(١) سورة الحجرات، آية (١٠).

(٢) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (٨/ ٥٩٠).

(نابلسی) دەڵێ: هەروەك چۆن برای دایك و باوكی برای تۆیە و بەردەوامە هەتا مردن، ئاواش برایەتی ئاین و ئیمان بەردەوامە هەتا مردن، ئەگەر لەسەر ئیمانداری بەردەوام بوو، هەموو ئیماندارێك بە برای خۆت بزانی لە هەر نەتەوە و وڵاتێك بوو[1].

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴾[2].

واتا: دۆستان و برادەران لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو دەبنە دوژمنی یەکتری و ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە، جگە لەو کەسانەی لەسەر بنچینەی ئیمان و تەقوا کۆبونەتەوە و برایەتی و دۆستایەتیان لە پێناوی خوادا بەرپاکردووە.

إبن كثير (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێ: هەر برادەرایەتیەك و دۆستایەتیەك لە دونیادا لە پێناوی خودا ئەنجام نەدرابێت ئەوە ئەم برادەرایەتییە دەبێتە دۆژمنایەتی لە ڕۆژی قیامەتدا، بەڵام برادەرایەتی و دۆستایەتی لە پێناو خوادا لە دونیادا، لە ڕۆژی قیامەتیش ئەم برادەرایەتیە هەر بەردەوام دەبێت[3].

کەواتە هەر برادەرایەتیەك لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی و دەستکەوتێکی دونیابێت، هەر کاتێك بەرژەوەندیەکە نەما دۆستایەتیەکەش نامێنێت و پەیوەندییان دەپچڕێت و ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی برایەتی و دۆستایەتی یەکتریان کردوە لە پێناوی خوادا لە دونیادا، ئەم دۆستایەتییە دەمێنێت و بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات، لە ڕۆژی قیامەتیش هەر برادەر و دۆست دەبن.

بۆیە ئەوانەی برادەرایەتی کەسانی خراپ و بەدڕەوشتیان کردووە لە دونیادا، لە ڕۆژی قیامەتدا زۆر پەشیمان و خەمبارن لەم برادەرایەتیە، هەروەك خوا لە قورئاندا

(١) تفسير النابلسي، لمحمد راتب النابلسي (٥٦٦/٨).
(٢) سورة الزخرف، آية (٦٧).
(٣) تفسير إبن كثير، لإبن كثير (١٧١/٤).

بۆمان باس دەکات:﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِيۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴾[1].

واتا: ڕۆژی قیامەت ستەمکار هەردوو دەستی خۆی دەگەزی (لە حەسرەت و پەشیمانی، کە لە دونیادا گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نەبووە)، دەڵێت: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) ڕێگای ئیمانم بگرتایە، تیاچوون بۆ خۆم، خۆزگە فلانە کەسم نەکردبایە دۆست و هاوەڵی خۆم، بەڕاستی گومڕا و وێڵی کردم لە ئاین و بەرنامەی خوا، دوای ئەوەی کە پێم ڕاگەیاندرابوو، بێگومان شەیتان هەمیشە هانی مرۆڤ دەدات بۆ گوناه و تاوان، شەرمەزارکەرە و لە کاتی تەنگانەدا پشتت بەردەدات.

ئیمانداران: هەموومان شوێنکەوتەی پێغەمبەر (ﷺ) بین، ستەم لە خۆمان نەکەین بە ئەنجامدانی گوناح و تاوان، دۆستایەتی کەسانی چاك و لەخوا ترس بکەین، و دۆستایەتی کەسانی خراپ و خوانەناس نەکەین چونکە هۆکارن بۆ گومڕایی و گوناه و تاوان، نەهێڵین شەیتان هەڵمان خەڵەتێنێت، پاشان پەشیمان ببینەوە، چونکە لە قیامەتدا پەشیمانی و حەسرەت سوود ینیە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (مَنْ أرادَ اللهُ بِهِ خيراً رَزَقَهُ خليلاً صالِحاً، إنْ نسيَ ذَكَّرَهُ وإن ذكر أعَانَهُ) [2].

واتا: ئەگەر خوا بیەوێت خێر و چاکە ببەخشێتە کەسێك، ئەوە برادەر و دۆستێکی چاکی پێدەبەخشێت، ئەگەر لە یادی چوو کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدات ئەوە بە بیری دێنێتەوە، ئەگەر لە یادی بوو کار و کردەوەی چاك ئەنجام بدات یارمەتی دەدات و پشتگیری دەکات.

---

(١) سورة الفرقان، آية (٢٧-٢٩).

(٢) أوردهُ السُبكي في طبقات الشافعية الكبرى (٦/٣١٥).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (خَيْرُ الأَصْحابِ عَنْدَ اللهِ خَيْرُهُمْ لِصَاحِبِهِ)[1].

واتا: ئەو دۆست و برادەرە پاداشتی زۆرە لەلای خوا کە چاکەی زۆرە بۆ برادەرەکەی.

واتا: ئەو برادەرە لەلای خوا ڕێزدار و پاداشتی زۆرە کە لە بۆ برادەرەکەی چاکە و بەسوودە و یارمەتی و ئامۆژگاری چاکی دەکات، لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا هاوکاری دەکات و جێی ناهێلێت و پشتی دەگرێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (لا تُصَاحِبْ إلاّ مُؤْمِناً ولاَ يأْكُلْ طَعَامَكَ إلاّ تَقِيٌّ)[2].

واتا: تەنها برادەرایەتی و دۆستایەتی ئیماندار بکە، چونکە برادەری ئیماندار ئامۆژگاری و ڕێنموی چاکەت دەکات، لێی سودمەند دەبێت، بەلاّم برادەری خراپ تەنها لێی زایانمەند دەبێت، ئەوەی خواردنت دەخوا و دێتە سەر سفرە و خوانت با لە خوا ترس و پارێزکار بێت، ئەگەر پارێزکار بوو ناپاکیت لەگەلّدا ناکات و کەم و کوڕیەکانت دادەپۆشێت.

پێغەمبەر (ﷺ) پێشەنگ و مامۆستایە لە برایەتی و برادەرایەتی و دۆستایەتی، چونکە ئەو برایەتییە و دۆستایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوان موسلّمانانی دروست کرد لە شاری مەککە و مەدینەدا لە نێوان هاوەلاّن لە کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوس و خەزرەج و هەموو تۆڕەکان، دۆستایەتیان ئەوەندە بە هێز بوو وەکو برایەتی دایک و باوکی وابوو، ئەو برایەتیە و دۆستایەتییەی لە نێوان هاوەلاّندا هەبوو دوبارە نابێتەوە، بۆیە خوا سەری خستن و هاوکاریان بوو ڕێزداری کردن لە دونیا و دوارۆژدا،

---

(١) رواه الترمذي (١٩٤٤) وابن خزيمة (٢٥٣٩)، وابن حبان (٥١٩) والحاكم (١٦٢٠) قال أبو عيسى حسن غريب.

(٢) رواه أبو داود (٤٨٣٢) والترمذي (٢٣٩٥) وحسنه الألباني.

بەتایبەتی برایەتی و دۆستایەتی نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکر (رضي الله عنه) گەورەترین و چاکترین دۆستایەتی بوو لە مێژوودا، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەرباڕەی ئەبو بەکر (رضي الله عنه) دەڵێ (لو كُنْتُ متّخِذًا خليلاً لاتّخَذْتُ أبا بكرٍ خليلاً ولكنّه أخي وصاحبي وقد اتّخَذ اللهُ صاحبَكم خليلاً) [1].

واتا: ئەگەر یەکێکم لە ئۆمەتی خۆم بکردایە خۆشەویست و دۆستی تایبەتی خۆم ئەوە ئەبوبەکرم دەکردە خۆشەویست و دۆستی تایبەتی خۆم، بەڵام ئەبو بەکر برا و هاوەڵ و هاوڕێی منە، بەڕاستی خوای پەروەردگار منی هەڵبژاردووە بە دۆست و خۆشەویست بۆ خۆی.

(خلَّةَ **يان خليل**) خۆشەویستیەك و دۆستایەتیەکی تایبەتە لە نێوان خوا و پێغەمبەراندا، دڵی مرۆڤ تەنها جێگای یەك (خلیل)ی تێدا دەبێتەوە، بەڵام خۆشەویستی و دۆستایەتی لە دڵی مرۆڤدا شوێنی زۆر کەسی تێدا دەبێتەوە.

لە ڕیوایەتی بوخاریدا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ مِنْ أمَنِّ النّاسِ عَلَيَّ في صُحْبَتِهِ ومالِهِ أبا بكرٍ)[2].

واتا: لە هەموو کەس زیاتر چاکە و پیاوەتی و هاوکاری و بەخشین و بەرگری و یارمەتی دایم بە خۆی و مانڵ و منداڵ و بە سامانی ئەبو بەکر بووە.

بۆیە هەموو زانایانی (أهل السنه) یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت) لە ئۆمەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کەس گەورەتر و چاکترە.

عمر کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) دەڵێ: (عَلَيْكَ بإخْوَانِ الصِّدْقِ فَعِشْ فِي أَكْنَافِهِمْ فَإِنَّهُمْ زَيْنٌ فِي الرَّخَاءِ وَعُدَّةٌ فِي الْبَلاءِ) [3].

واتا: پێویستە دۆست و برادەری ڕاست و چاکت هەبێت، لەگەڵ ئەواندا ژیان بە

---

(١) رواه مسلم (٢٣٨٣) والبخاري (٣٩٠٤) وغيرها.
(٢) رواه البخاري (٣٩٠٤) وغيره.
(٣) إحياء علوم الدين، للغزالي (١٧١/٢).

سەربەری، چونکە ئەوان دڵخۆشکەرن لە کاتی خۆشگوزەرانیدا و لە کاتی بەڵاو کارەسات و ناخۆشیدا دەبنە هاوکار و پشتیوان بۆت.

هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) دەڵێ:

(ولاَ تُصْحَبْ الفَاجِر فَتَتَعلَّم مِنْ فُجُورهُ، ولاَ تُطلِعْهُ عَلى سِرِّكَ، وإسْتَشِرْ في أمْرِكَ الذّينَ يَخْشَونَ اللهَ) [1].

واتا: برادەرایەتی کەسانی خراپەکار و بەدڕەوشت مەکە، با لەوان فێری خراپە و بەدڕەوشتی نەبێت، نهێنییەکانی خۆت لەلای ئەوان باس مەکە، بۆ کاروکردەوەکانت پرس و ڕاوێژ بە کەسانی دیندار و لە خواترس بکە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّما مَثَلُ الجلِيس الصَّالِح وَجَلِيسِ السُّوءِ: كَحَامِلِ المِسْكِ، وَنَافِخِ الْكِيرِ، فَحامِلُ المِسْكِ إمَّا أنْ يُحْذِيَكَ، وَإمَّا أنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ، وَإمَّا أنْ تَجِدَ رِيحًا طيِّبةً، ونَافِخُ الكِيرِ إمَّا أن يَحْرِقَ ثِيابَكَ، وإمَّا أنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً) [2].

واتا: نمونەی برادەر و دۆستی چاك و برادەر و دۆستی خراپ، وەکو فرۆشیاری میسك و ئاسنگەری کورەچین، میسك فرۆش: یان میسکت پی دەبەخشێ، یان میسکی لێ دەکڕی، یان بۆنێکی خۆشی لێ دەکەیت، برادەری چاکیش هەروایە یان ئامۆژارێکی چاکت دەکات سودی لێ دەبینیت، یان لێی فێری کار وڕەوشتێکی چاك دەبیت، یان هەتا لەلای ئەوبیت قسە و ئامۆژگاری چاکی لێ دەبیستی، لەلای ئاسنگەری کورەچی یان پۆشاکت دەسوتێت بەهۆی پڕۆشکە ئاگری کورەکەی، یان بۆنێك و دەنگێکی ناخۆشت بۆ دێت، برادەری خراپیش هەر وایە یان ئامۆژگاری خراپ و ڕەوشتی خراپت فێردەکات، یان هەتا لەلای بیت بە قسەی خراپ و ناشیرن و

(١) منهاج القاصدين، لإبن الجوزي البغدادي (١٠٨).
(٢) رواه البخاري (٥٥٣٤) ومسلم (٢٦٢٨).

نابەجێ ئازارت دەدا، واتا جگە لە خراپە هیچ سوودێکی نییە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ) [1].

واتا: مرۆڤ لەسەر ڕەوشت و ڕەفتار و ڕێبازی برادەر و هاوەڵەکەیەتی، با هەر یەکێکیتان تەماشا بکا و بیربکاتەوە و بزانێ برادەرایەتی و دۆستایەتی کێ دەکا.

پێویستە برادەرایەتی کەسی دیندار و ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوان بکەین، چونکە دین و ڕەوشت و ڕەفتاری برادەر کاریگەری هەیە لەسەر برادەر، هەم بۆ چاکی و هەم بۆ خراپی، هەروەک گوتوویانە **(الصاحب ساحب) واتا:** برادەر و هاوڕێ ڕاکێشەرە بۆ لایەنی چاکە و بۆ لایەنی خراپە، کەواتە پێویستە بۆ منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاو برادەری چاك و دیندار و ڕەوشت جوان هەڵبژێرین، چونکە ژیان بەبێ برادەر و هاوڕێ ناگونجێت و ناچێتە سەر.

لقمان (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و پێی دەڵێ:

(يَا بُنَيَّ مَنْ لاَ يَمْلِكْ لِسَانَهُ يَنْدَمْ، ومَنْ يُكثر المَراءَ يُشْتَمْ، ومَنْ يُصاحِبْ صَاحِبَ السُّوءِ لاَيَسْلَمْ، ومَنْ يُصاحِب الصَّالِحَ يَغْنَمْ)[2].

واتا: ئەی کوڕی شیرینم ئەوەی زمانی نەگرێت پەشیمان دەبێتەوە، ئەوەی زۆر مشت و مڕ و دەمەقاڵێ بکات بێ ڕێز و قسەی نەشیاوی پێ دەگوترێت، ئەوەی برادەرایەتی هاوڕێی خراپ بکات کێشەو زیانی پێ دەگات، ئەوەی برادەرایەتی هاوڕێی چاك بکات ئەوە سوود و دەستکەوت بەدەست دێنێت.

بەم وتەیە کۆتایی بەم ڕەوشتە دێنم:

---

(١) رواه أبو داود (٤٨٣٣) والترمذي (٢٣٧٨) وأحمد (٨٣٩٨).

(٢) مكارم الأخلاق، لأبي بكر الخرائطي (٤٠٨).

سود و بەرهەمی ڕەز و باغ ساڵی یەك جار دەستت دەکەوێت، بەڵام سود و بەرهەمی برادەر و دۆستی چاك و ڕەوشت بەرز هەموو ڕۆژێك دەستت دەکەوێت، تکام وایە برادەری چاك هەڵبژێرن و لە برادەری خراپ دوور بکەونەوە.

ڕێزگرتنی میوان
(إكرام الضيف)

ڕێزگرتنی میوان: یەکێکە لە ڕەوشت و ڕەفتار و داب و نەرێتە جوان و پەسندەکان، هۆکارە بۆ ڕێز و خۆشەویستی و بەهێزبوونی پەیوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی، هۆکارە بۆ نەهێشتنی ڕق و کینە و ئیرەیی لە نێوان خەڵکیدا، دەبێتە مایەی خێر و بەرەکەت و بەرهەم و پاداشت لە دونیاو دواڕۆژدا، بۆیە پێویستە هەموو تاك و خێزانێك گرنگی و بایەخ بەم ڕەوشتەو نەریتە جوانە بدەن، بە ئەندازەی توانایان ڕێز و مافەکانی میوان بە جێبهێنن.

ڕێزگرتنی میوان سیفەت و ڕەوشتی پێغەمبەران و (سەلامی خوایان لێ بێت) هاوەڵان و پیاوچاکان بووە، بۆیە پێویستە ئێمەش پەیڕەوی ئەوان بکەین و میوان دۆست بین، بۆ ئەوەی وەکو ئەوان پایەدار و ڕێزدار و خۆشەویستبین لەلای خوا و خەڵك.

ئەگەر تەماشای ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین دەبینین هەموو ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی زۆر جوانو بەرزبوون، یەکێك لە ڕەوشتە بەرز و جوانەکانی ڕێزگرتنی میوان بووە، هەروەك دایکە خەدیجە (ڕضی الله عنها) باسی ڕەوشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات دەڵێ: (فَوَاللَّهِ لا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا" إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وتَصْدُقُ الحَدِيثَ، وتَحْمِلُ الكَلَّ، وتَقْرِي الضَّيْفَ، وتُعِينُ علَى نَوَائِبِ الحَقِّ) [1].

(١) رواه البخاري (٣) ومسلم (١٦٠).

واتا: سوێند بە خوا هەرگیز خوا کاری خراپت بەسەردا ناهێنێت، ڕیسوا و شەرمەزارت ناکات، سوێند بە خوا بەڕاستی تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەندی خزمایەتی جێبەجێ دەکەیت و چاکە لەگەڵ خزمەکانت ئەنجام دەدەیت، کەسێکی ڕاستگۆی لەگەڵ هەموو خەڵکیدا، ، خواردن و پێویستیەکانی هەژاران و هەتیوان و بێکەسان لە ئەستۆی خۆت دەگری، مالّ و سامانی خۆت دەبەخشیە کەسانی هەژار و پێویست و پەککەوتە، ڕێزی میوان دەگری بە جوانترین شێوە، یارمەتی و هاوکاری کەسانی لێقەوماو و ئەوانەی بەڵاو کارەساتیان بەسەردا هاتووە دەکەیت.

خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) دەکات کە زۆر میوان دۆست بووە و زۆر ڕێزی میوانی گرتووە دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْمُكْرَمِينَ ﴿٢٤﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا ۖ قَالَ سَلَٰمٌ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ ﴿٢٥﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ ﴿٢٦﴾﴾[1].

واتا: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا هەواڵی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیمت پێنەگەیشتووە، کاتێك چوون بۆ سەردانی و گوتیان سڵاوت لێ بێت، ئیبراهیمیش گوتی: سڵاو لە ئێوەش بێت، ئێوە لای من خەڵکێکی نەناسراون، نازانم ئێوە کێن، ئینجا زۆر بە نهێنی و بە پەلە (هەتا میوانەکان پێی نەزانن) چوو بە هاوکاری خێزانەکەی گوێرەکەیەکی قەڵەوەی (سەربڕ و سووریانکردەوە)و بۆی هێنان.

عبدالله کوڕی عەببباس (رضي الله عنهما) دەڵێ: (میوانەکانی ئیبراهیم (عليه السلام) (جبرائیل و میکائیل و إسرافیل) بوون[2].

پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) بە باوکی میوانان ناوبانگی دەکردبوو، خانوو و

(١) سورة الذاريات، آية (٢٤-٢٦).
(٢) تفسير إبن كثير، لإبن كثير (٤/٣٠٥).

کۆشکەکەی چوار دەرگای هەبوو بۆ ئەوەی هەر کەسێك بەلایدا تێپەڕێت بانگهێشت و میوانداری بکات[1].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، جائِزَتُهُ يَوْمٌ ولَيْلَةٌ، والضِّيافَةُ ثَلاثَةُ أيَّامٍ، فَما بَعْدَ ذلكَ فَهو صَدَقَةٌ، ولا يَحِلُّ له أنْ يَثْوِيَ عِنْدَهُ حتَّى يُحْرِجَهُ)[2].

واتا: هەر کەسێك ئیمان و باوەڕی تەواوی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێزی میوانی بگرێت، خەلاّت و بەخششی میوان شەو و ڕۆژێکە، واتا لەو شەو و ڕۆژەدا زۆر گرنگی و خزمەتی میوان دەکات، لە ڕۆژی دووەم و سێیەم ئەو خواردنە دەداتە میوان کە ڕۆژانە داب و نەریتی خۆیەتی و زیادە ئەرك ناخاتە سەرخۆی، لە دوای سێ ڕۆژ ڕێزی میوان خێر و چاکەیە ئەگەر خاوەن مالّ حەز بکات ئەنجامی بدات، ئەگەر حەزنەکات ئەنجامی نادات، دروست نیە بۆ میوان بمێنێتەوە لەلای خاوەن مالّ لەسێ ڕۆژ زیاتر نەوەکو توشی گوناهی بکات، وەك غەیبەتکردنی لەبەر زۆر مانەوەی یان لە کار و کاسبی بکات یا ببێتە مایەی ئازار و بارگرانی بۆ خاوەن مالّ یان وەك پێویست خواردنی نەبێت بۆ میوان.

ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی بە ڕێزگرتنی میوان داوە، زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر میوانداری و ڕێزی میوان، بۆیە (شافعی و مالیك و ئەبو حەنیفە) ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەڵێن: ڕێزگرتنی میوان سوننەتە واجب نیە، (أحمد) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: ڕێزی میوان شەو و ڕۆژێك واجبە لەسەر خەڵکی بیابان و ڕەشماڵنشینان و خەڵکی گوندەکان، بەڵام لەسەر خەڵکی شارەکان واجب نیە[3]. (چونکە شارەکان میوانخانەو چێشتخانە و هەمو پێداویستییەکانی لێ هەیە).

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي (١٠/٣٩٥).

(٢) رواه البخاري (٦١٣٥) ومسلم (٤٨).

(٣) شرح صحيح مسلم، للنووي (١٢/٢٥٦).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (وَإِنَّ لِزَوْرِكَ عَلَيْكَ حَقاً)[1].

واتا: بەڕاستی میوانەکەت مافی هەیە لەسەرت، دەبێت مافی میوان بدەیت، لە ڕێزگرتنی و خواردن پێدانی و خزمەتکردنی و ڕووخۆشی لەگەڵیدا.

هەر موسڵمانێك ڕێزی میوان بگرێت و بە قەدەر توانای خزمەت و خواردن پێشکەش بە میوان بکات، ئەوە خواش ڕێزی دەگریت و پلە و پایەی بەرز دەکاتەوەو پاداشتی دەداتەوە، وەکو ئەو هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) کە ناوی أبو طلحة (ﷺ)، لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێن ناوی (ثابت کوڕی قەیس) (ﷺ) بوو، زۆر ڕێز و خزمەتی میوانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد، هەروەك ئەبو هوڕەیرە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: زۆر برسی و شەکەتم، پێغەمبەر (ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای خێزانەکانی بۆ ئەوەی پێیان بڵێت هیچ خواردنێکمان هەیە، هەموو خێزانەکانی یەك لە دوای یەك گوتیان: سوێند بەو خوایەی تۆی بە حەق ناردووە هیچمان نییە تەنیا ئاو نەبێت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵەکانی فەرموو: کێ ئەم پیاوە دەکاتە میوانی خۆی و خواردنی دەداتێ و ڕێزی دەگرێت، پیاوێك لە پیشتوانان ناوی (أبو طلحة یان ثابت) (ﷺ)بوو گوتی: من ئەم پیاوە میواندارى دەکەم، میوانەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵەوە، کە گەیشتە ماڵەوە بە خێزانەکەی گوت: ئەم پیاوە میوانی پێغەمبەرە (ﷺ) زۆر ڕێزی بگرە، چیمان هەیە خواردن بیدەینە میوانەکە، خێزانەکەی گوتی تەنها کەمێك خواردمان هەیە تەنها بەشی منداڵەکامان دەکات، بە خێزانەکەی گوت خواردنەکە بۆ میوانەکە ئامادە بکە و چرایەکەش دابگرسێنە، منداڵەکانیش زوو بنوێنە با داوای خواردن نەکەن، لەو کاتەی خواردنەکەت هێنا بۆ میوانەکە خەریکی چرایەکە ببە گوایە چاکی دەکەیت، ئینجا چرایەکە بوکژێنەوە بۆ ئەوەی تاریك دابێت بۆ ئەوەی میوانەکە

(١) رواه البخاري (٦١٣٤) ومسلم (١١٥٩).

وابزانێ خاوەن مالّ لەگەلّیدا خواردن دەخوات، خاوەن مالّیش وای نیشان دەدا کە خواردن لەگەلّ میوانەکەدا دەخوات، دەستی دەبرد بۆ خواردنەکە و دەم و لێوی دەجولّاند، بۆ ئەوەی میوانەکە هەست نەکات خواردنەکە کەمە و هەموو خواردنەکە بخواتن، کە خواردنەکە تەواو بوو چرایەکەیان داگیرساندەوە، هەموویان بە سکی برسی ڕۆژیان کردەوە، بەیانی أبو طلحة یان ثابت (ﷺ) هاتەوە لای پێغەمبەر (ﷺ ، پێغەمبەر (ﷺ) کە چاوی پێکەوت فەرمووی: ئەم شەو خوا -پێکەنی -یان سەری سوڕما لەو کارەی ئێوە ئەنجامتان داوە بۆ میوانەکە، خوا ئەم ئایەتی دابەزاند: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾[1].

واتا: خۆنەویست بوون فەزلی کەسانی تر بەسەرخۆیاندا دەدەن هەر چەندە بەخۆیان هەژارو پێویست بن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلیو ڕزگاری بپارێزێتو زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا، ئا ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتوون.

ئەم ئایەتە دەربارەی ئێوە دابەزیوە بۆ ئەو کارەی ئەم شەو ئەنجامتان داوە بۆ میوانەکەتان[2].

لەم فەرموودەیە ئەوە مان بۆ ڕوون دەبێتەوە نابێ بە میوان قەڵس و دڵگران بین و دەبێ زۆر ڕێز لە میوان بگرین، دەبێ هەموو ژن و پیاوێك وەکو ئەو ژن و پیاوە بن بۆ ئەوەی لەلای خواو خەڵك ڕێزدار بن.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصَلُّوا باللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيامٌ، تَدخُلُوا الجَنَّةَ بِسَلامٍ)[3].

---

(١) سورة الحشر، آية (٩).

(٢) رواه البخاري (٣٧٩٨) ومسلم (٢٠٥٤).

(٣) رواه إبن ماجة (١٣٣٤) والترمذي (٢٤٨٥).

واتە: ئەی خەڵکینە: زۆر سڵاو لە یەکتری بکەن، ئەوەی دەیناسن و ئەوەی ناینناسن، دەبێتە هۆی ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان موسڵمانان، خواردن بدەنە میوان و هەژار و نەدار و هەتیوان، پەیوەندی خزمایەتی جێبەجێ بکەن و چاکەیان لەگەڵ بکەن، نوێژی سوننەت بکە لە شەودا لەو کاتەی خەڵك نوستوە و بێ ئاگایە و کەس ناتبینێت، ئەوە بە هەشت دەبێتە پاداشتی ئەم کردەوانەی ئەنجامت داون لە پێناوی خوا، دەچیتە ناو بەهەشت بە ئاسودەیی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (إنَّ أحبَّ الطَّعامِ إلى اللهِ ما كثُرَتْ عليهِ الأيْدي) [1].

واتا: بەڕاستی خۆشەویسترین خواردن لەلای خوا ئەو خواردنەیە کە زۆر دەستی لەسەر بێت، واتا زۆر دەست بەشدار بن لە خواردن لەسەر سفرەو خوان لەگەڵ میوان و ڕێبوار.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (فإجتَمعوا عَلى طَعَامِكُمْ، وأذْكُروا إسْمَ اللهِ عَلَيْهِ يُبارِكْ لَكُمْ فِيهِ)[2].

واتا: کۆببنەوە لەسەر خواردنەکانتان،وە ناوی خوا بێنن لە کاتی خواردندا (بسم الله) بکەن، دەبێتە مایەی بەرەکەت و بە هرەوەری لە خواردنەکانتان.

لەم فەرموودانەی ڕابردوودا بۆمان ڕوون دەبێتەوە خوای پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆشدەوێ کە میوان دۆستن و میوانداری خەڵکی دەکەن و خەڵك کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی خواردنیان پێشکەش بکەن، ئەم میوان دۆستانە خوا بەرەکەت دەخاتە ڕزق و ڕۆزیان و پاداشتی زۆریان دەداتەوە.

---

(١) رواه الطبراني (٢١٧/٧) وأبو يعلى (١٣٤/٣) ضعيف.

(٢) رواه أبو داود (٣٢٧٢) وابن ماجة (٣٢٧٧) ضعيف.

هەندێك لە ئادابەکانی میواندارى:

یەکەم: پێشوازی کردنی لەبەر دەرگا پێش هاتنی میوان.

دووەم: دەربڕینی خۆشحاڵی بە هاتنی میوان بە ڕوو خۆشی و قسە خۆشی و دڵخۆشکردنی.

سێیەم: بە خۆت خزمەتی میوان بکەی ئەمە زیادەڕێزییە بۆ ڕێزگرتنی میوان.

چوارەم: خۆشترین و چاکترین خواردن بدەیتە میوان.

پێنجەم: ئەگەر بگونجێت چەند جۆرە خواردنێك بۆ میوان دابنرێت و زیادەڕەوی نەکرێت.

شەشەم: چاودێری و تەماشای میوان نەکات لە کاتی نان خواردن بۆ ئەوەی شەرم نەکات.

حەوتەم: پێشی میوان دەست هەڵنەگرێ لە خواردن، بەڵکو بەردەوام بێت لە خواردن هەتا میوان دەست هەڵدەگرێت.

هەشتەم: ئەگەر خاوەن ماڵ بەڕۆژوو بوو لە ڕۆژی سوننەت با ڕۆژەکەی بشکێنێت و خواردن لەگەڵ میوانەکە بخوات لە پاشان ڕۆژوەکە بگرێتەوە.

نۆیەم: ئەگەر میوانەکە ڕۆیشت بە ڕێزەوە بەڕێی بکات و هەتا بەردەم دەرگا لەگەڵی بڕوات و ڕابوەستێ هەتا میوانەکە دەڕوات.

-شاعیر دەڵێ:

اللهُ يَعْـــــــــلَمُ إنَّني ما سَرَّني شَيٌّ كَطارِقَة الضُّيوفِ النُزَّلِ

ما زِلْتُ بِالتَرحيب حتّى خِلْتُني ضَيْفاً لَهُ والضَّيفُ رَبَّ المَنزِلِ

واتا:

خـوا دەزانـی هـیچ شـتێك دڵخۆشـی نەکردوومـە وەکو ئەو کەسەی لە دەرگا دەدات و دەبێتـە میـوانم بەردەوام خۆشحاڵی و ڕێز و بـەخێرهاتنم لـێ دەکـرد هەتا من بوومە میوانی ئەو، ئەو بوو بە خاوەن ماڵ.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (لاَ خَيْرَ فمَن لاَ يُضيفُ) [1]

واتا: کەسێکی بێ خێرو چاکەیەو خێرومەند و پیاوچاك نییە ئەگەر میوان دۆست و میواندارى خەڵك نەکات و ڕێزى میوان نەگرێت.

لەکۆتاییدا ئەم ڕەوشتەدا دەڵێم:

ئـەو کـەس‌و خانەوادانـەی میـوان دۆست و خزمـەتی میـوان دەکـەن، نیشـانەی مەردایەتی‌و خانەدانی‌و سەخاوەتیانە، نابـێ ڕۆڵـی گـەورەو گرنگـی ئافرەتـان لـەیاد بکەین، چونکە ئەرکی خزمەت و خواردن ئامادەکردن بۆ میـوان لەئەسـتۆی ئەوانـە، ئەگەر ئافرەتان هاوکاری پیـاوان نـەبن پیـاوان بەتـەنیا نـاتوانن وەك پێویسـت ڕێـزو خزمەتی میوان بکەن.

بۆیە منیش دەست خۆشی‌و دوعای خێر بۆ ئـەو شـێرە ژنـە مەردانـە دەکـەم کـە هاوکـاری پیـاوانن لەهـەموو کاتێکـدا بـۆ خزمـەت و ڕێـزی میـوان.

(١) رواه أحمد في مسندة (١٧٤١٩) وصححه الألباني.

کۆتایی

لە کۆتاییدا: سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار دەکەم بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە، لەم کتێبەدا هەندێك لە ڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکانم نوسیون، ئەگەرنا ڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکان زۆرن، بەڵام من هەندێکم گوڵبژێر کردوون.

ئەرکی هەموو موسڵمانانە زۆر گرنگ و بایەخ بە ڕەوشت بەرزی بدەن، چونکە ڕەوشت بەرزی و ڕەفتارجوانی و ئاداب و ئاکارە پەسەند و ڕەسەنەکان بەشێکی گرنگن لە ئاینی ئیسلامدا.

داوا دەکەم ئەوەی سودی لەم کتێبە کردووە هەوڵبدات، کەسانی تریش لێی سوودمەند بکات و بیخوێننەوە، دوعای خێرمان بۆ بکەن بە ئومێدی ئەوەی خوا لەمن و لە ئێوە خۆشبێت.

پێویستە هەموومان زیاتر پابەند بین بە ڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکان، بۆ ئەوەی لەلای خوا و خەڵك خۆشەویست بین، سەرفرازی دونیا و دوارۆژ بەدەست بێنین.

داوا دەکەم لە خوای پەروەردگار ئەم کتێبە بکاتە مایەی سود گەیاندن بۆ هەموو موسڵمانان، بیکاتە هۆی خێر و چاکە و پاداشت بۆ من و دایك و باوکم و خۆشەویستانم.

وصلى الله على حَبِيبِنَا محمد (ﷺ) وعَلَىَ آلِه وصَحْبَه وسَلَمْ

سەرچاوەکان

ز	سەرچاوە	دانەر
١.	القرآن العظيم	
٢.	تفسير القرآن العظيم	إبن كثير
٣.	الجامع لأحكام القرآن	القرطبي
٤.	محاسن التأويل	القاسمي
٥.	التفسير الكبير	الفخر الرازي
٦.	جامع البيان في تأويل القرآن	الطبري
٧.	تفسير فتح القدير	الشوكاني
٨.	تفسير إبن عطية	ابن عطية الأندلسي
٩.	تفسير النابلسي	محمد راتب النابلسي
١٠.	تفسير ڕامان	أحمد كاكه محمود
١١.	تفسير ئاسان	برهان محمد أمين
١٢.	پوختەی تفسیری قورئان	محمد ملا صالح
١٣.	حاشية الصاوي على تفسير الجلالين	أحمد الصاوي
١٤.	الدر المنثور	السيوطي

ز	سەرچاوە	دانەر
١٥.	مفردات ألفاظ القرآن	راغب الأصفهاني
١٦.	أسباب النزول	الواحدي
١٧.	صحيح البخاري	بشرح ابن حجر العسقلاني
١٨.	صحيح مسلم	بشرح النووي
١٩.	سنن الترمذي	محمد بن عيسى الترمذي
٢٠.	سنن أبو داود	سليمان بن الأشعث السجستاني
٢١.	إبن ماجة	محمد بن يزيد بن ماجه
٢٢.	سنن النسائي	أحمد بن شعيب النسائي
٢٣.	سنن الدار قطني	علي بن عمر (الدار قطني)
٢٤.	مسند أحمد بن حنبل	احمد بن حنبل الشيباني
٢٥.	سنن الدارمي	عبدالله بن عبدالرحمن (الدارمي)
٢٦.	السنن الكبرى	البيهقي
٢٧.	المستدرك	الحاكم النيسابوري
٢٨.	منسد أبو يعلى	أحمد بن علي الموصلي
٢٩.	الأدب المفرد	البخاري
٣٠.	المعجم الكبير	الطبراني

ز	سەرچاوە	دانەر
٣١.	صحيح إبن حبان	محمد بن حبان التميمي
٣٢.	مصنف ابن أبي شيبة	عبدالله بن محمد بن أبي شيبه
٣٣.	مسند البزار	احمد بن عمرو (البزار)
٣٤.	صحيح جامع الصغير	ألالباني
٣٥.	فيض القدير	المناوي
٣٦.	جامع الأصول في احاديث الرسول	ابن أثير الجزري
٣٧.	الترغيب والترهيب	عبدالعظيم المنذري
٣٨.	مجمع الزوائد ومنبع الفوائد	الهيثمي
٣٩.	فتح الباري شرح صحيح البخاري	ابن حجر العسقلاني
٤٠.	شرح صحيح مسلم	النووي
٤١.	صحيح إبن خزيمة	محمدبن اسحاق بن خزيمة
٤٢.	موطأ الإمام مالك	مالك بن أنس
٤٣.	نيل الأوطار	الشوكاني
٤٤.	الأحاديث المختارة	ضياء الدين المقدسي
٤٥.	الزهد	أحمد بن حنبل
٤٦.	الزهد الكبير	البيهقي

ز	سەرچاوە	دانەر
٤٧.	الزهد	ابن مبارك
٤٨.	الزهد	هناد بن السري
٤٩.	الزهد	وكيع بن الجراح
٥٠.	فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب	محمد نصر الدين
٥١.	الصبر والثواب عليه	إبن أبي الدُنيا
٥٢.	التوكل على الله	إبن أبي الدُنيا
٥٣.	الشكر	إبن أبي الدُنيا
٥٤.	محاسبة النفس	إبن أبي الدُنيا
٥٥.	الصمت	إبن أبي الدُنيا
٥٦.	الرقة والبكاء	إبن أبي الدُنيا
٥٧.	الورع	إبن أبي الدُنيا
٥٨.	ذم الدنيا	إبن أبي الدُنيا
٥٩.	الإخوان	إبن أبي الدُنيا
٦٠.	مكارم الأخلاق	إبن أبي الدُنيا
٦١.	مكارم الأخلاق	الخرائطي
٦٢.	الأخلاق والسير	ابن حزم الاندلسي

ز	سەرچاوە	دانەر
٦٣.	موسوعة الأخلاق الإسلامية	سعد يوسف
٦٤.	تهذيب الأخلاق	الجاحظ
٦٥.	أدب الدنيا والدين	الماوردي
٦٦.	حلية الأولياء	أبو نعيم
٦٧.	روضة العقلاء ونزهة الفضلاء	محمد بن حبان البستي
٦٨.	مختصر منهاج القاصدين	إبن قدامة المقدسي
٦٩.	تنبيه المغترين	عبدالوهاب الشعراني
٧٠.	إحياء علوم الدين	الغزالي
٧١.	منهاج القاصدين	إبن الجوزي
٧٢.	القناعة	إبن السني
٧٣.	تسلية أهل المصائب	محمد المنبجي
٧٤.	جامع بيان العلم وفضله	إبن عبدالبر
٧٥.	الداء والدواء	إبن قَيم الجَوزيةَ
٧٦.	مدارج السالكين	إبن قَيم الجَوزيةَ
٧٧.	الفوائد	إبن قَيم الجَوزيةَ
٧٨.	الوابل الصيب	إبن قَيم الجَوزيةَ

ز	سەرچاوە	دانەر
٧٩.	إغاثة اللهفان	إبن قَيم الجَوزيةَ
٨٠.	عدة الصابرين وذخيرة الشاكرين	إبن قَيم الجَوزيةَ
٨١.	الروح	إبن قَيم الجَوزيةَ
٨٢.	الجواب الكافي	إبن قَيم الجَوزيةَ
٨٣.	العلل المتناهية	إبن الجوزي
٨٤.	صفة الصفوة	إبن الجوزي
٨٥.	البروالصلة	إبن الجوزي
٨٦.	المنتظم	إبن الجوزي
٨٧.	مناقب أمير المؤمنين (عمر بن الخطاب)	إبن الجوزي
٨٨.	المدهش	إبن الجوزي
٨٩.	لطائف المعارف	إبن رجب الحنبلي
٩٠.	جامع العلوم والحكم	ابن رجب الحنبلي
٩١.	الخشوع في الصلاة	ابن رجب الحنبلي
٩٢.	تذكرة الحفاظ	الذهبي
٩٣.	الكبائر	الذهبي
٩٤.	سير اعلام النبلاء	الذهبي

ز	سەرچاوە	دانەر
٩٥.	بهجة المجالس	إبن عبدالبر
٩٦.	المستطرف	الأبشيهي
٩٧.	كنز الفوائد	أبو فتح الكراجكي
٩٨.	تنبيه الغافلين	أبو الليث السمرقندي
٩٩.	مجموعة الفتاوى	ابن تيمية
١٠٠	الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر	ابن تيمية
١٠١	الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح	ابن تيمية
١٠٢	الإجابة في تمييز الصحابة	ابن حجر العسقلاني
١٠٣	الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة	ابن حجر العسقلاني
١٠٤	الآمالي المطلقة	ابن حجر العسقلاني
١٠٥	الزواجر عن اقتراف الكبائر	ابن حجر الهيتمي
١٠٦	شرح السنة	البغوي
١٠٧	شرح صحيح البخاري	ابن بطال
١٠٨	اخلاق الوزيرين	أبو حيان التوحيدي
١٠٩	نضرة النعيم في اخلاق الرسول الكريم	عدد من العلماء المختصين
١١٠	صحيح وصايا الرسول	سعد يوسف

ز	سەرچاوە	دانەر
١١١	رهبان الليل	سيد بن حسين العفاني
١١٢	فضل الصلاة على النبي	إسماعيل بن إسحاق
١١٣	منهاج الصالحين	محمد عبدالعاطي البحيري
١١٤	تبنيه الغافلين	ابن النحاس
١١٥	الذريعة الى مكارم الشريعة	راغب الأصفهاني
١١٦	التذكرة الحمدونية	محمد بن الحسن
١١٧	نهاية الأرب في فنون الأدب	شهاب الدين النويري
١١٨	غرر الحكم ودرر الكلم	عبدالواحد الآمدي
١١٩	المقصد الأسنى	الغزالي
١٢٠	المقاصد الحسنة	محمد السخاوي
١٢١	خلاصة الأحكام في مهمات السنن وقواعد الإسلام	النووي
١٢٢	السيرة النبوية	ابن هشام
١٢٣	السيرة النبوية	على محمد الصلابي
١٢٤	الطبقات الكبرى	ابن سعد
١٢٥	السير	إبو إسحاق الفزاري
١٢٦	البداية والنهاية	ابن كثير

ز	سەرچاوە	دانەر
١٢٧	المغازي	الواقدي
١٢٨	تأريخ بغداد	الخطيب البغدادي
١٢٩	الآثار	أبو يوسف الأنصاري
١٣٠	طبقات الشافعية	السبكي
١٣١	مناقب الشافعي	البيهقي
١٣٢	آداب الشافعي ومناقبه	إبن ابي حاتم الرازي
١٣٣	الرسالة القشيرية	عبدالكريم بن هوزان
١٣٤	لسان العرب	ابن منظور
١٣٥	القاموس الفقهي	سعدي أبو حبيب
١٣٦	الفروق اللغوية	أبو هلال العسكري
١٣٧	بصائر ذوي التمييز	فيروز آبادي
١٣٨	التعريفات	الجرجاني
١٣٩	معاني القرآن وأعرابه	أبو إسحاق الزجاج
١٤٠	مشارق الأنوار على صحاح الآثار	عياض بن موسى السبتي
١٤١	شرح نهج البلاغة	إبن أبي الحديد
١٤٢	المروءة	أبو بكر محمد المرزبان

ز	سەرچاوە	دانەر
١٤٣	المروءة وخوارمها	أبو عبيدة مشهور آل سلمان
١٤٤	من آداب المروءة وخوارمها	صالح بن علي أبو عرّاد
١٤٥	سلسلة اعلام المسلمين	مجموعة من العلماء والباحثين
١٤٦	الفقه الإسلامي وادلته	د. وهبة الزحيلي
١٤٧	صحيح فقه السنة	أبو مالك
١٤٨	الموسوعة الفهقية الكويتية	وزارة الاوقـــــاف والشـــــؤون الاسلامية- الكويت
١٤٩	الوقت في حياة المسلم	يوسف القرضاوي
١٥٠	الخشوع في الصلاة	محمد لطفي الصباغ
١٥١	سمير الصالحين وأنيس المتقين	احمد الشهاوي
١٥٢	ديوان الشافعي –جمع وتعليق	أحمد شتيوي
١٥٣	ديوان أبي العتاهة	أبو العتاهية
١٥٤	الكليات	أبو البقاء الكوفي
١٥٥	تحفة الطالبين	إبن العطار
١٥٦	الشورى في الشريعة الإسلامية	حسين بن محمد
١٥٧	موسوعة الحقوق الإسلامية	محمود المصري
١٥٨	الآداب الشرعية	ابن مفلح الحنليي

ناوەڕۆک

پێشەکی:..... ۷

ڕەوشت بەرزی - ڕەوشت جوانی (حسن الخلق) ۱۳

دڵسۆزی (الاخلاص) ۲۱

ڕاستگۆیی- ڕاستی (الصدق)..... ۲۸

دەستپاکی- سپاردەپارێزی- ئەمانەت (الأمانة) ۳٦

دادگەری - دادپەروەری (العدل):..... ٤۲

بەوەفایی- وەفاداری (الوفاء)..... ٤۸

پشت بەستن بە خوا (التوكل على الله) ٥۷

هێمنی - نەرم و نیانی (الحلم)..... ٦٥

لێبوردەیی- چاوپۆشی (العفو) ۷۳

بەزەیی- میهرەبانی (الرحمة)..... ۸۰

بێ فیزی- خۆ بە بچوک زان (التواضع)..... ۸۷

شەرم- ئابڕوو (الحياء)..... ٩٥

ئارامگرتن- دان بەخۆداگرتن (الصبر)..... ١٠٢

سوپاسکردن- ستایش کردن (الشكر)..... ١١١

قایلبوون- ڕازیبوون (القناعة)..... ١١٨

بەخشندەیی- سەخی بوون (السخاء)..... ١٢٦

دونیا نەویستی-دونیا بەکەم زانین (الزُهد)..... ١٣٤

ئامۆژگاری (النصيحة)..... ١٤٢

خۆپارێزی لە حەڕام و گوناح (الورع)..... ١٤٩

لەخواترسان (الخشية)..... ١٥٦

گریان لە ترسی خوا (البُكاءُ مِنْ خَشْيةِ الله)..... ١٦٤

ملکەچی-گەردەن کەچی (الخشُوع)..... ١٧٠

یادی خوا –ستایشی خوا (ذكر الله)..... ١٧٧

درووود و فەڕ لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) (الصلاةُ على النبيّ)..... ١٨٤

پاراستنی زوبان –زمان پاراستن (حفظ اللسان)..... ١٩١

نوێژی بە کۆمەڵ (صلاةُ الجَمَاعَةَ)..... ١٩٩

شەونوێژ- شەو زیندوکردنەوە (قيام الليل- التهجد)..... ٢٠٨

سەردانی نەخۆش (عيادة المريض) ٢١٥

پەیوەندی خزمایەتی (صلة الرحم)..... ٢٢٣

ئومێد – هیوا-ئاوات (الرجاء)..... ٢٣٠

خۆنەویستی–خۆنەپەرستی (الإيثار) ٢٣٧

شکۆداری- پایەبەرزی (العزة)..... ٢٤٥

پیاوەتی–مەردایەتی–مرۆوەتی (المروءة)..... ٢٥٣

فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردن لە خراپە (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر).. ٢٦٠

بەدەستهێنانی زانست و زانیاری (طلب العلم)..... ٢٧١

گرنگی کات – سوود وەرگرتن لە کات (أهمية الوقت)..... ٢٨٠

چاکە کردن لەگەڵ دایک و باوک (برّ الوالدين)..... ٢٨٩

چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ (الاحسان مع الجار)..... ٣٠٠

ڕووخۆشی (البشاشة) ٣٠٨

ڕاوێژکردن (المشاورة) ٣١٦

ئاسانکاری –ئاسانکردن (التيسير)..... ٣٢٤

ئاگالێبون –گونجاو بوون (المداراة)..... ٣٣٤

چاوداخستن-چاوداندان (غض البصر) ٣٤١

دەستەبەری هەتیو -کەفالەتی هەتیو (كفالة اليتيم)..... ٣٥٠

لێپرسینەوەی نەفس (محاسبة النفس)..... ٣٦٠

هیمەت بەرزی (علو الهمة)..... ٣٧٠

برادەرایەتی و دۆستایەتی (الصداقة والأُخوة)..... ٣٨٠

ڕێزگرتنی میوان (إكرام الضيف)..... ٣٨٨

کۆتایی..... ٣٩٦

سەرچاوەکان..... ٣٩٧

ناوەڕۆک..... ٤٠٧